حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە - فاکەڵتیی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

# ڕۆڵی مۆرفۆلۆجی لە پرۆسەی وەرگرتن و فێربوونی زماندا

نامەیەکە

ساهر سەباح عەلی

پێشکەشی ئەنجومەنی فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیەی کردووە، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

بەسەرپەرشتی

پ. ی. د. عومەر مەحمود کەریم

(۲۷۲۳ )ی کوردی (۲۰۲۳)ی زایینی

# بەڵێننامە

من کەناوم و واژووم لەخوارەوە هاتووە، بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیە بەناونیشانی (**ڕۆڵی مۆرفۆلۆجی لە پرۆسەی وەرگرتن و فێربوونی زماندا**)، هەموو کاری ڕەسەنی خۆمە و جگە لەو جێگایانەی کە بەئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نوسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لەهیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە، بۆ ئەوەی بڕوانامەی پێوەربگرم، هەروەها پابەندم بەوەی ئەگەر لەهەر شوێنێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی نەکردبێت.

واژوو

ناوی خوێندکار: ساهر سەباح عەلی

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

من کە ناو و واژووم لەخوارەوە هاتووە، پشتگیری ئەوە دەکەم، کە ئەم ماستەرنامەیە لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری من لە فاکەڵتیی پەروەردەی کۆیە ئامادەکراوە و نوسراوە، پشتگیری دەکەم ڕازیدەبم بەم شێوەیە پێشکەشی لیژنەی گفتوگۆبکرێت.

واژوو:

ناو: پ.ی.د عومەر مەحمود کەریم

ڕێکەوت: ٧ /١٠/ ٢٠٢٣

پشتگیری ئەوەدەکەم، کە ئەم ماستەر نامەیە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێکراوە، هەروەها پاڵپشت بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتی نامەکە، من ئەم نامەیە بۆلیژنەی گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو

ناو:پ.د. دەریا جمال حوێزی

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت:٧ /١٠/ ٢٠٢٣

پشتگیری ئەوە دەکەم، کە ئەم ماستەر نامەیە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێکراوە، بۆیە ڕازیم ئەم نامەیە بەم شێوەیە بۆ لیژنەی گفتوگۆ بنێردرێت.

واژوو

ناو: پ.ی.د. دلێر عزیز

بەرپرسی هۆبەی خوێندنی باڵا

ڕێکەوت: ٧ /١٠/ ٢٠٢٣

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندنی ئەم ماستەرنامەیە، بەناونیشانی (**ڕۆڵی مۆرفۆلۆجی لە پڕۆسەی وەرگرتن و فێربوونی زماندا**)، خوێندکار (**ساهر سەباح عەلی**) پێشکەشیکردووە، بۆ بە دەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان کرد، دەربارەی ناوەڕۆکی نامەکە و لایەنەکانی دیکەی، بڕیارماندا بە پەسەندکردنی نامەکە بە پلەی (                    )

واژوو
ناو: پ.د. شهاب طیب تاهیر
سەرۆکی لیژنە :
ڕێکەوت: ٣٠/ ١١/ ٢٠٢٣

واژوو
ناو: پ.ی.د. سیروان سمین احمد
ئەندام:
ڕێکەوت: ٣٠/١١/٢٠٢٣

واژوو
ناو: پ.ی.د. نوزاد انور عمر
ئەندام
ڕێکەوت: ٣٠/ ١١ / ٢٠٢٣

واژوو
ناو: پ.ی.د. عمر محمود کریم
ئەندام
ڕێکەوت: ٣٠/ ١١/ ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجوومەنی فاکەڵتیی پەروەردەی، زانکۆی کۆیەوە پەسەندکراوە.

واژوو
ناو: پ.د. سەفین جلال فتح الله
ڕاگری فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

# پێشکەشنامە

ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- دایک و باوکم ئەو دوو مهرەبانەی، بون و پێگەیاندن و پەروەردەم بەرهەمی ڕەنج و قوربانیدانەکانیانە، خۆشەویستی ژیانیان پێبەخشیم و لە هەر هەنگاوێکدا پەرۆشی سەرکەوتنم بون.
- هاوژینی خۆشەویستم و منداڵەکانم .
- خوشک و برا خۆشەویستەکانم .
- بە هەمو خوێنەرێک، وێڵی زانست و زانینی زیاتر بێت.

## سوپاس و پێزانین

**سوپاس پێزانین بۆ:**

- بەڕێز ( **پ.ی.د. عمر محمود كريم** )، كە بەوپەڕی دڵسۆزیی و لەخۆبوردوییەوە ئەركی سەرپەرشتیكردنی ئەم نامەیەی گرتەئەستۆ و هەنگاو بە هەنگاو ڕێنمایی زانستی كردووم و لەگەڵمدا ماندوبووە.

- سەرۆكایەتیی زانكۆی كۆیە - فاكەڵتیی پەروەردە - بەشی زمانی كوردی، كەوا دەرفەتی خوێندنی ماستەری بۆ ڕەخساندین.

- مامۆستای بەڕێز ( **پ.د. سەباح ڕەشید قادر** ) هەموو كات ئامادەی وەڵامدانەوەی پرسیارەكانم بووە، وەک مامۆستایەک لە بواری زانستدا هەمیشە ڕێنیشاندەربووە.

- هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ماوەی خوێندنی ماستەرەكەمدا هاوكاریان كردوم.

# ليستی زاراوەكان

| به ئینگلیزی | به كوردی |
|---|---|
| Ajective | ئاوەڵناو |
| Adverb | ئاوەڵكردار |
| Possessive | ئامرازی خاوەنداریێتی |
| Language Acquisition | وەرگرتنی زمان |
| Erroes | هەڵەكان |
| Clties | نوسەك |
| Noum | ناو |
| Free morpheme | مۆرفێمی سەربەخۆ |
| Derivational Affixe | گیرەكی وشەداڕێژ |
| Inflectional Affixe | گیرەكی ڕێزمانی |
| Morphology Constraints | كۆتبەندی مۆرفۆلۆجی |
| Verb | كردار |
| Stem | قەد |
| Babbling Stage | قۆناغی گڕوگاڵ |
| Mental Lexicon | فەرهەنگی ئاوەزیی |
| Language Learning | فێربوونی زمان |
| Analysis | شیكار |
| Head | سەرە |
| Learning Strategy | ستراتیژی فێربوون |
| First Language | زمانی یەكەم |
| Second Language | زمانی دووەم |
| Mother Language | زمانی دایك |
| Root | ڕەگ |
| Lexical entry | دەروازەی فەرهەنگی |
| Derivation | داڕشتن |
| performance | چالاكی |
| Pronoun | جێناو |
| Biological Theory | تیۆرە بایۆلۆجییەكان |
| Competence | توانست |

# کورتکراوەکان

| کورتکراوەکان و هێماکان | واتاکەی |
|---|---|
| L١ | زمانی یەکەم |
| L٢ | زمانی دووەم |
| BSM | پێوانی ڕستەسازیی جووتزمانزانی |
| SLA | فێربوونی زمانی دووەم |
| FLAT | بیردۆزەکانی فێربوونی زمانی دایک |
| NS | ئاخێوەری ڕەسەن |
| NNS | ئاخێوەری بێگانە |
| LAD | میکانیزمی بەدەستهێنانی زمان |
| IL | بنچینەیەک بۆ پێکهێنانی ڕێزمانی ناوەکی |
| UG | ڕێزمانی سەراپا |
| PP | مۆدێلی بنەماو پارامیتەرەکان |

# پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**ڕۆڵی مۆرفۆلۆجی لە پرۆسەی وەرگرتن و فێربوونی زماندا** ) کردەی وەرگرتن و فێربوون بابەتێکی گرنگ و بایەخداری، بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ کردەی فێربوونی زمانی چەندین توێژینەوە لەسەر ئاستەکانی زمان کراوە لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو دیاریکردنی پێواژە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانی کوردی و دەستنیشانکردنی هەڵەزمانیەکان لە فێربوونی زماندا خراوەتە ڕوو.

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختەو پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت.

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی ( چەمکە سەرەکییەکان و بنەما تیۆرییەکان )یە، باس لە ئاستەکانی زمان و چەمک و زاراوەی مۆرفۆلۆجی و گرنگی مۆرفۆلۆجی لە فێربوونی زماندا کراوە، هەروەها باس لە توانایی مرۆڤ بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمانی یەکەم و دووەم کراوە، لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی منداڵ و قۆناغەکانی زمانی دووەم و ستراتیژیەتەکانی فێربوونی زمانی دووەم کراوە.

بەشی دووەم: بە ناونیشانی ( فەرهەنگ و دەروازە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا )یە باس لە فەرهەنگی ئاوەزیی و زانیارییە زمانیە مۆرفۆلۆجییەکان لە فەرهەنگدا و ڕێگاکانی داڕشتنی وشە کراوە هەروەها باس لە کۆتبەندییەکانی سەرداڕشتنی وشەکراوە هەروەها باس لە بەشەکانی ئاخاوتن پەیوەست بە کۆتبەند کراوە ئاماژە بە ڕۆڵی مۆرفیمەکان لە گۆڕینی واتای وشە کراوە.

بەشی سێ یەم: بەناونیشانی ( فێربوون و وەرگرتنی زمان لە نێوان هەڵە و فۆڕمە دروستەکاندا )یە باس لە هەڵەکردن لە نێوان وەرگرتن و فێربوونی زماندا و شیکردنەوەی هەڵەکان کراوە، هەروەها باس لە هۆکاری ڕوودانی هەڵەکان و جیاوازی نێوان هەڵەکان کراوە، لەگەڵ جۆرەکانی گەشەسەندنی فێربوونی زمانی دووەم کراوە، هەروەها باس لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی زمانی دووەم کراوە، لەگەڵ سادەکردنی بنیادی واتایی فێربوونی ڕێزبەندی مۆرفیمەکان.

## ناوەڕۆک


| ناونیشان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی: | ١ – ٣ |
| ١/٠ ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٢/٠ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە | ١ |
| ٣/٠ سنوور و کەرستەی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٤/٠ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٥/٠ گرفت و پرسیاری لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٦/٠ گرنگی و بایەخی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٧/٠ ناوەرۆک و بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٢-٣ |
| **بەشی یەکەم: چەمکە سەرەکییەکان و بنەما تیۆرییەکان** | ٤-٤٤ |
| ١. دەروازە | ٤ |
| ١.١.ئاستی مۆرفۆلۆجی | ٥-٢٢ |
| ١.١.١.چەمک و زاراوەی مۆرفۆلۆجی | ٥-٧ |
| ١.١.٢.گرنگی مۆرفۆلۆجی لە فێربوونی زماندا | ٧-٩ |
| ١-١-٣.پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستەکانی تری زمانەوە | ٩-١٠ |
| ١-١-٣-١.پەیوەندی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجییەوە | ١٠-١١ |
| ١.١.٣-٢.پەیوەندی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی واتاسازییەوە | ١١-١٢ |
| ١.١.٣.٣.پەیوەندی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی ڕستەسازییەوە | ١٢-١٣ |
| ١.١.٤.چەمک و پێناسەی مۆرفێم | ١٣-١٥ |
| ١.١.٥.جۆرەکانی مۆرفێم | ١٦-٢٢ |
| ١-١-٥-١.مۆرفێمی سەربەخۆ | ١٦ |
| ١-١-٥-١-١.مۆرفێمی لێکسیکی | ١٧ |
| ١-١-٥-١-٢.مۆرفێمی ئەرکی | ١٧ |
| ١-١-٥-٢.مۆرفێمی بەند | ١٧ |
| ١-١-٥-٢-١. گیرەک | ١٧ |
| ١-١-٥-٢-١-١.گیرەکی ڕێزمانی | ١٨ |
| ١-١-٥-٢-١-٢.گیرەکی وشەداڕێژ | ١٨ |
| ١-١-٥-٢-٢.نووسەک | ١٩ |
| ١-١-٥-٢-٣.مۆرفێمی بنکەی بەند | ٢١ |
| ١-١-٥-٢-٣-١.ڕەگ | ٢١ |
| ١-١-٥-٢-٣-٢.قەد | ٢٢ |

| | |
|---|---|
| ١-١-٥-٢-٣-٣.بنج | ٢٢ |
| **١-٢.توانای مرۆڤ بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمان** | ٢٢-٤٤ |
| ١-٢-١.وەرگرتنی زمان | ٢٣-٢٥ |
| ١-٢-٢.فێربوونی زمان | ٢٥-٢٧ |
| ١-٢-٣.توانست | ٢٨-٢٩ |
| ١-٢-٤.چالاکی | ٢٩-٣٠ |
| ١-٢-٥.تیۆرەکانی فێربوون | ٣١ |
| ١-٢-٥-١.تیۆرە بایەلۆجییەکان | ٣١-٣٢ |
| ١-٢-٦.قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی منداڵ | ٣٤ |
| ١-٢-٦-١.قۆناغی پێش لەدایکبوون | ٣٤ |
| ١-٢-٦-٢.قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان، قۆناغی دوای لەدایکبوون | ٣٤-٣٧ |
| ١-٢-٦-٢-١.قۆناغی هاوارکردن | ٣٤ |
| ١-٢-٦-٢-٢.قۆناغی گرۆگاڵ کردن | ٣٥ |
| ١-٢-٦-٢-٣.قۆناغی لاسایی کردنەوەی دەنگە بیستراوەکان | ٣٦ |
| ١-٢-٦-٢-٢.قۆناغی فێربوونی زمان | ٣٦ |
| ١-٢-٦-٢-٢-١.قۆناغی فێربوونی وشە | ٣٦-٣٨ |
| ١-٢-٧.فێربوونی زمانی دووەم | ٣٨-٣٩ |
| ١-٢-٧-١. بارودۆخەکانی فێربوونی زمانی دووەم | ٣٩ |
| ١-٢-٧-٢.ستراتیژیەتی فێربوونی زمانی دووەم | ٤٠ |
| ١-٢-٧-٢-١.گرنگی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم | ٤٠-٤١ |
| ١-٢-٧-٣. قۆناغەکانی فێربوونی زمانی دووەم | ٤١ |
| ١-٢-٧-٣-١.قۆناغی ڕێزمان و وەرگێڕانی وشە | ٤١-٤٢ |
| ١-٢-٧-٣-٢.قۆناغی بینین و بیستن | ٤٢-٤٣ |
| ١-٢-٧-٣-٣.قۆناغی ڕێزمانی گشتی | ٤٣-٤٤ |
| **بەشی دووەم: فەرهەنگ و دەروازە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا** | ٤٥-٨١ |
| ٢-١.فەرهەنگ و نواندنی فۆرمە مۆرفۆلۆجییەکان: | ٤٥ |
| ٢-١-١.فەرهەنگی ئاوەزیی | ٤٥-٤٦ |
| ٢-١-٢.زانیارییە مۆرفۆلۆجییەکان لە فەرهەنگدا | ٤٦-٤٧ |
| ٢-٢.وشە چییە | ٤٧-٤٨ |
| ٢-٢-١.داڕشتنی وشە | ٤٨ |
| ٢-٢-٢.ڕێگاکانی وشە داڕشتن | ٤٩ |
| ٢-٢-٣.داڕشتن | ٥٠ |
| ٢-٣.سەرە لە مۆرفۆلۆجیدا | ٥١ |

| | |
|---|---|
| ٢-٣-١.گیرەک و سەرەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی | ٥١-٥٤ |
| ٢-٤.کۆتبەندەکانی سەرداڕشتنی وشە | ٥٤-٥٧ |
| ٢-٥. بەشەکانی ئاخاوتن | ٥٨-٦٢ |
| ٢-٦.کۆتبەندی داڕشتنی بەشەکانی ئاخاوتنەکان | ٦٣-٧٨ |
| ٢-٦-١.ناو | ٦٣-٧١ |
| ٢-٦-٢. ئاوەڵناو | ٧١-٧٢ |
| ٢-٦-٣.کردار | ٧٢-٧٨ |
| ٢-٧.ڕۆڵی واتا لە داڕشتنی وشەدا | ٧٨-٧٩ |
| ٢-٨.ڕۆڵی مۆرفۆلۆجی لە گۆڕینی واتای وشەدا | ٧٩-٨١ |
| **بەشی سێیەم: فێربوون و وەرگرتنی زمان لە نێوان هەڵە و فۆڕمە دروستەکاندا** | ٨٢-١٣٢ |
| ٣-١.سەرەتا | ٨٢ |
| ٣-٢.هەڵەکردن لە نێوان وەرگرتن و فێربوونی زماندا | ٨٢ |
| ٣-٣.شیکاری هەڵەکان | ٨٤ |
| ٣-٤.قۆناغەکانی شیکاری هەڵەکان | ٨٦ |
| ٣-٤-١.شیکردنەوەی نموونەیەک لە زمانی فێرخواز | ٨٦ |
| ٣-٤-٢.دەستنیشانکردنی هەڵەکان | ٨٩ |
| ٣-٤-٣.پەسنکردنی هەڵەکان | ٩٢ |
| ٣-٤-٤.ڕوونکردنەوەی هەڵەکان | ٩٦ |
| ٣-٤-٥.هۆکارەکانی ڕوودانی هەڵەکان | ٩٦ |
| ٣-٤-٦.جیاوازیی نێوان هەڵەکان | ٩٧ |
| ٣-٤-٧.جۆرەکانی هەڵەی ناوخۆی زمان | ١٠٠ |
| ٣-٤-٨.هەڵسەنگاندنی هەڵەکان | ١٠٤ |
| ٣-٥.جۆرەکانی گەشەسەندنی ڕیزبەندی و زنجیرەی فێربوونی زمانی دووەم | ١٠٦ |
| ٣-٥-١.سەرەتا | ١٠٦ |
| ٣-٥-٢.ڕێگاکانی کۆڵینەوە لە جۆرەکانی گەشەسەندن | ١٠٧ |
| ٣-٦.جۆرەکانی گەشەسەندن لە فێربوونی زمانی دایکدا | ١٠٩ |
| ٣-٧.فێربوون و وەرگرتنی زمانی دایک لە نێوان بۆچوونی ڕەفتارگەراکاندا و دەرونزانەکاندا | ١١٦ |
| ٣-٨.قۆناغەکانی گەشەسەندن لە فێربوونی زمانی دووەمدا | ١١٧ |
| ٣-٨-١.ماوەی بێدەنگی | ١١٧ |
| ٣-٨-٢.ماوەی دەربڕینی جێگیر | ١١٩ |
| ٣-٨-٣.سادەکردنەوەی بونیادی و واتایی | ١٢١ |
| ٣-٩.فێربوونی مۆرفیمەکان: ڕیزبەندی و زنجیرە | ١٢٢ |

| | |
|---|---|
| ٣-٩-١.توێژینەوەکانی مۆرفیم | ١٢٣ |
| ٣-٩-٢.فێربوونی مۆرفیمەکان: جێناو | ١٢٩-١٣١ |
| ئەنجام | ١٣٢ |
| سەرچاوەکان | ١٣٤-١٤٣ |
| الملخص | ١٤٤ |
| Abstract | ١٤٥ |

حكومة اقليم كوردستان – العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة تعليم العالي والبحث العلمي
جامعة كوية – فاكلتي التربية
قسم اللغة الكردية

# دور علم الصرف في عملية اكتساب اللغة وتعلمها

رسالة تقدم بها الطالب

ساهر صباح على

الى مجلس فاكلتي التربية – جامعةكوية، وذلك كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكوردية.

باشراف

أ.م.د عمر محمود كريم

(٢٧٢٣)الكوردية
(٢٠٢٣) الميلادية

Kurdistan Regional Government – Iraq
Presidency of Ministers Council
Ministry of Higher & Education and Scientific Research
Koya University - Faculty of Education
Kurdish Language Department

**The Role of Morphology in the Process of Language Acquisition and Learning**

BY
Sahir Sabah Ali

A Thesis Submitted to the Council of Faculty of Education – KOYA University in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Language.

Supervised by
Asst. Prof. Dr. Omar Mahmood Karim

(٢٠٢٣) AD (٢٧٢٣) K

## پێشەکی

### ٠ / ١ ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی **(ڕۆڵی مۆرفۆلۆجی لە پرۆسەی وەرگرتن و فێربوونی زماندا)**یە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی پێڕەو بنەما مۆرفۆلۆجییەکانی زمانی کوردی و ڕۆڵیان لە وەرگرتن و فێربوونی زماندا، هەروەها دەستنیشانکردنی هەڵە زمانییەکان لە فێربوونی زماندا دەخەینەڕو.

### ٠ / ٢ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ڕۆڵ و گرنگی مۆرفیمەکان لە پرۆسەی وەرگرتن و فێربوونی زمان و دیاریکردنی هەڵە زمانییەکان لەکاتی فێربووندا، هۆکارێکی سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوو، ئەمە بابەتێکی نوێیە، بۆیە بە گرنگ زانرا بە نامەیەکی سەربەخۆ کار لەسەر چۆنییەتی ئەم پرۆسەیە بکەین، لە پێشوتردا بەم شێوازە بابەتی سەربەخۆ لە زمانی کوردیدا بەدیناکەین ئەمەش هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەمانە.

### ٠ / ٣ سنور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

سنوری کارەکە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی ئاستی مۆرفۆلۆجیدایە پەیوەست بەوەرگرتن و فێربوونی زمان، کە ئاستی مۆرفۆلۆجی و هەندێکجار ئاستی سینتاکسی زمانەکەمان دەگرێتەوە، سنوری جوگرافی زاری کرمانجیی ناوەڕاست سنور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەیە.

### ٠ / ٤ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەوکراوە، واتە زانیارییەکان پاش وەرگرتن و خستنەڕویان شیکردنەوەیان بۆ کراوە، بەڵگەی پێویستییان بۆ هێنراوەتەوە و داتاکانیش لە زمانی ئاخاوتنی خەڵکەوە وەرگیراون.

### ٠ / ٥ گرفت و پرسیاری لێکۆڵینەوەکە:

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکە، نەبوونی داتایەکی تەواو لە دیاریکردنی هەڵە زمانییەکانە لە قۆناغەکانی فێربوونی زماندا. لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانەمان دەست بکەوێت، ئایا لاگرەکان چ ڕۆڵێکیان لە فێربوونی زماندا هەیە؟ هەروەها ئەو هەڵە زمانیانە چین،

که له کاتی فێربوونی زماندا دەکرێت ؟ دەمانەوێت له کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارانەمان دەستکەوێت.

## ٠ / ٦ گرنگی و بایەخی لێکۆڵینەوەکە:

کردەی وەرگرتن و فێربوونی زمان بابەتێکی گرنگی زمانە، لەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵی مۆرفۆلۆجی له پڕۆسەکانی وەرگرتن و فێربوون خراوەتەڕو، ئەمەش کردەی فێربوون و وەرگرتنی زمان ئاسان دەکات.

## ٠ / ٧ ناوەڕۆک و بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکەمان جگه له پێشەکی و ئەنجام و کورتەی باسەکه بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان له سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:** بەشێکی تیۆرییه و به ناونیشانی (چەمکه سەرەکییەکان و بنەما تیۆرییەکان) بۆ دوو تەوەری سەرەکی دابەشبووە، لەتەوەری یەکەمدا باس له ئاستەکانی زمان و چەمک و زاراوەی مۆرفۆلۆجی له فێربوونی زماندا کراوە، هەروەها مۆرفیم و جۆرەکانی خراوەتەڕوو. تەوەری دووەم بەناونیشانی (توانای مرۆڤ بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمان)ە، لەم تەوەرەدا هەوڵدراوە باس له توانایی مرۆڤ بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمانی یەکەم و دووەم لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی منداڵ و قۆناغەکان و ستراتیژیەتی فێربوونی زمانی دووەم کراوە، هەموو ئەمانه به وردی و به پوختی و به پشت بەستن به سەرچاوەی زانستی نوێ و باوەڕپێکراو، هێنانەوەی نموونەی دروست شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

**بەشی دووەم:** ئەم بەشه بەناونیشانی (فەرهەنگ و دەروازە فەرهەنگییەکان له زمانی کوردیدا)یە، لەم بەشەدا باس له فەرهەنگی ئاوەزیی و زانیارییە زمانیە مۆرفۆلۆجییەکان له فەرهەنگدا و ڕێگاکانی داڕشتنی وشه کراوە، هەروەها باس له کۆتبەندییەکانی سەر داڕشتنی وشەکراوە پەیوەست به بەشەکانی ئاخاوتنەوە، ئاماژە به ڕۆڵی مۆرفیمەکان له گۆڕینی واتای وشه کراوە. به شێوەیەکی زانستی و هێنانەوەی نمونەی پێویست ڕۆشناییان خراوەتە سەر و شرۆڤه کراون.

**بەشی سێیەم:** ئەم بەشه بەناونیشانی (فێربوون و وەرگرتنی زمان له نێوان هەڵەو فۆڕمه دروستەکاندا )یە، لەم بەشەدا باس له هەڵەکردن له نێوان وەرگرتن و فێربوونی زماندا شیکردنەوەی هەڵەکان کراوە، هەروەها باس له هۆکارەکانی ڕوودانی هەڵەکان و جیاوازی نێوان هەڵەکان کراوە، لەگەڵ جۆرەکانی گەشەسەندنی فێربوونی زمانی دووەم کراوە، هەروەها باس له قۆناغەکانی

گەشەسەندنی زمانی دووەم کراوە، لەگەڵ سادەکردنی بنیادی واتایی فێربوونی ڕێزبەندی مۆرفێمەکان، هەموو ئەمانە بەوردی و زانستیانە باسمان لێوە کردوون و نمونەی بۆ هێنراوەتەوە.

# بەشی یەکەم

# چەمکە سەرەکییەکان و بنەما تیۆرییەکان

## ١) دەروازە:

لەبەر ئەوەی زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ، لە ژیاندا شتێکی سەیر نییە، کە لەچەند ڕوانگەیەکی جیاجیاوە سەیر بکرێ و لێی بکۆڵرێتەوە، چونکە"زمان دیاردەیەکی یەکجار ئاڵۆزە شیکردنەوەی کارێکی ئاسان نییە و بەجارێک لێکبدرێتەوە، بۆیە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان نەیانتوانیوە بە تەواوەتی و گشتگیرییەوە لە زمان بڕوانن و هەموو تایبەتمەندییەکانی بخەنە ڕوو، ئەمەش وایکردووە زمانەوانان بە ئامانجی ئاسانی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی گەشەو گۆڕانەکانی، زمان بۆ چەند ئاستێک دابەشبکەن" ( حەمید، ٢٠١٥: ٥ ) هۆرەکانی جیاکردنەوەی ئاستەکان تەنها بۆ مەبەستی ئاسانی شیکردنەوە و لێکدانەوەی زمانە و ( یەکێکە لەو کارە گرنگانەی کە زانستی زمان توانیویەتی دیاریان بکات، هەر ئاستێکیش لەوانە سروشت و پەیڕەو و ڕێگە و تەکنیکی تایبەتی خۆی بۆ شیکردنەوەی هەیە. ئەوەی کە پێویستە لە چوارچێوەی جیاکردنەوەی ئاستەکاندا بوترێ، ئەو هەوڵەیە کە بۆ جیاکردنەوە و لێکترازاندنیان بە مەبەستی ڕێخۆشکردن و ئاسانکردن و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەکەیەتی ) ( طیب، ٢٠١٤: ٥٣ ) بۆیە" دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئاستەکان و شیکردنەوەی بە یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی بواری زمانەوانی دادەنرێت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا" ( ئەمین، ٢٠١١: ١١ ). زمانەوانان لە دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئاستەکانی زمان هاوڕانین و بۆچوونەکان جیاوازن "هەندێک زمانەوان ئاستی سەرەکی و لاوەکی جیادەکەنەوە، ( ئاستی ڕستەسازی و ئاستی وشەسازی و ئاستی دەنگ سازی ) بە ئاستی سەرەکی دادەنێن و ( فۆنەتیک و ئاستی واتاسازی ) بە ئاستی لاوەکی دادەنێن، هەموو زمانەوانەکان لەسەر ئاستەکانی زمان و ژمارەیان ڕێک ناکەون هەندێک زمانەوان ئاستی سەرەکی و ناسەرەکی جیاناکەنەوە و ڕایان وایە کە زمان لە سێ ئاست پێک دێت" ( فتاح، ٢٠١١: ٥٤ ) ئەوانیش "بریتیین لە ئاستەکانی ( دەنگ، ڕێزمان، واتا ) هەریەک لەم ئاستانە لەو یاسا و ڕێسایانە دەکۆڵێتەوە کە بەشداری دەکەن لە دروستکردنی" ( طیب، ٢٠١٤: ٥٣ ) وەک دەردەکەوێت ( زمانەوانان لەسەر دیاریکردن و جیاکردنەوەی ئاستەکانی زمان هاوڕانین و بۆچوونەکانیان جیاوازە ، بەڵام ئەو دابەشکردنەی کە ئێستا باوە، ئەوەیە، کە زمان بۆ سێ ئاست دابەشدەکرێت و هەر ئاستێک دوو پێکهێنەری هەیە ) ( حەمید، ٢٠١٥: ٦ ) واتە ئاستەکانی زمان بەم شێوەیە دابەش کراوە:




(هێڵکاری ژمارە١، هێڵکاری باوی دابەشکردنی و شیکردنەوەی ئاستەکانی زمان )

## ١/١)ئاستی مۆرفۆلۆجی:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە، لایەنێکی گرنگ و ئاستێکی سەرەکی لە زمانی کوردیدا بخەینەڕو، کە ئەویش ئاستی مۆرفۆلۆجییە ، وەکو ئاستێکی سەرەکی زمان، ڕۆڵێکی چالاک لە دروستکردنی پەیوەندی بە ئاستەکانی تری زمانەوە دەبینێت، چونکە گەلێک دیاردەی زمانی تێدەکەوێ، بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ئاستی فۆنۆلۆجی کەرەسەی مۆرفۆفۆنێمی و لەگەڵ ئاستی سینتاکس کەرستەی مۆرفۆسینتاکس دروستدەکات، هەروەها مۆرفۆلۆجی لێکۆڵینەوە لەو دەستورانەی تایبەتن بە داڕشتنی وشەکان و گەردانکردنیان و گۆڕینی بنیاتی بە گۆڕینی واتا و ئەوانەی پەیوەندیان پێوە هەیە ( محێددین، ٢٠١٣: ١٩ ). هەروەها لێکۆڵینەوە لە ڕوکارە جیاوازەکانی وشە، لە ڕوی ( واتا، پێکهاتە، بەکارهێنان، کەتیگۆری وشە ...هتد ) دەکات. واتە "ئەو زانستەیە کە لە پێکهاتەی ناوەکی وشەکان و ئەو یاسایانەی، کە وشەکانی لێدروستبووە دەکۆڵێتەوە" ( مستەفا، ٢٠٢١: ٦ ) جگە لەوە یارمەتی پێکهێنانی ڕستە دەدات و بەشداری لە ڕونکردنەوە و شیکردنەوەی کێشەکانی ڕستەسازی دەکات.

## **١/١-١)چەمک و پێناسەی مۆرفۆلۆجی:**

ڕۆنانکارەکان لە بواری مۆرفۆلۆجیدا جێپەنجەیان دیارە، گرنگترین دەستکەوتیان دۆزینەوەی ئەو ڕاستیەیە، کە وشە خاوەنی ڕۆنانێکی ناوخۆییە. واتە ئەو ڕاستیەیان سەلماند کە وشە کەرت دەکرێ بۆ پارچەی وردتر، کە واتا یان ئەرکێکی ڕێزمانی هەبێت ( فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٧ )، کەواتە "چەمکی وشە چەمکێکی بنەڕەتی مۆرفۆلۆجییە" ( مەحوی، ٢٠٢١: ١ ) دروستەی مۆرفۆلۆجی "ئەو یاساو پرۆسەو تەرزە مۆرفۆلۆجییە گشگیرو یاسابەندانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر تێبینیان دەکات و کاریگەرییەکەی لە زانیارییە زمانیە شاراوەو نادیارەکەیدا دەردەکەوێت" ( حسەین، ٢٠١١: ١٣ ) و ( بەرهەمی مۆرفۆلۆجی بەشێکە لە زانستی زمانی بەرهەمهێنان و بە لایەنێکی مۆدولارێتی و توانست و توانای قسەپێکەرانی زمانەوە لە بەرهەمهێنانی وشە و دەربڕاوی نوێدا پەیوەستە. ئامانجی سەرەکی

زانستی زمانی بەرهەمهێنان، تێگەشتنە لە سروشتی زانیاریی ( معریفە )ی زمان و چۆنیەتی بەدەستهێنانی، بە بۆچوونی چۆمسکی زانینی زمانێک بەسادەیی ئەوەنییە توانات هەبێت لیستێکی درێژ لە ڕستە بەکاربهێنێت، کە پێشتر بیستراون، بەڵکو زانینی زمانێک پێویستی بە هەبوونی توانستە بۆ داهێنان و تێگەشتن لە ژمارەیەکی گەورە لە دەربڕاو لەو زمانەدا، کە ڕەنگە هەندێکیان پێشتر نەبیسترابن یا نەبووبن ) ( ئەحمەد، ٢٠١٠: ٣ ) بۆ فێربوونی هەر زمانێک دەبێت زانیاری دەربارەی ئەم وشانە هەبێت، بۆ ئەوەی لە گوتندا بەکاریانبهێنێت. بۆیە لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجی وەسفکردن و ڕونکردنەوەی تەرزە مۆرفۆلۆجییەکانی زمان و زانیاری تاک پێشاندەدات لە بارەی پێکهاتەی مۆرفیمی وشەکان و بەرهەمهێنانیان، توانایەکی گرنگی هۆشیاری زمانەوانییە، کە شایەنی سەرەنجێکی زۆرە لە فێربوونی زماندا ( Aronoff and Fudeman,٢٠١١: ١).

هەر لەکۆنەوە مۆرفۆلۆجی بابەتێکی گرنگ بووە، لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا و لێکۆڵەرەوان لە ڕوانگەی جیاواز و بە میتۆدو ڕێبازی جیاواز شرۆڤەیانکردووە، کۆمەڵێک پێناسەی جیایان خستۆتە ڕوو. وەک:

– "مۆرفۆلۆجی بریتییە لە لێکۆڵینەوە دەربارەی پەیوەندی یاسایەکانی نێوان فۆرم و واتای وشەکانی زمان" (Haspelmath, ٢٠١٠: ٢ ) وشە ( فۆرمێکی زمانە و واتا ناوەڕۆکییەتی و بە هەردووکیان هێما دروست دەکەن، بەڵام لە وشە سادەکاندا هیچ پیوەندییەک لە نێوان فۆڕم و واتادا بەدی ناکرێت ) ( دزەیی، ٢٠١٤، ٢٨ ) بۆ نمونە مۆرفیمی ( ( کوڕ / مرۆڤێکی نێری کەم تەمەن، کچ / مرۆڤێکی مێی کەم تەمەن ) ئەم وشانە لە زانستی زماندا بە وشەی تاریک دادەنرێن، لەبەر ئەوەی واتاکانیان لە فۆرمەکانیانەوە پێش بینی ناکرێت ، بەڵام کە دەڵێین ( کوڕەکە/ مرۆڤێکی نێری کەم تەمەن، کچەکە / مرۆڤێکی مێی کەم تەمەن ) ئێستا دەتوانین بڵێین هەریەک لەم وشانە لە دوو مۆرفێم پێکهاتووە و هەر مۆرفیمێکش ئاماژە بۆ واتایەک دەکات، مۆرفیمی دووەم ( ەکە )ی ناسراوییە کە چۆتە سەر وشە سادەکە لە نێوانیاندا پەیوەندیەک پەیدابووە، کە بەهۆی سیما جیاکەرەوەکانی وشەوە کۆمەڵێک فۆرمی ناوەڕۆک و واتا لەیەکچوو بەرامبەر یەک دەهێنرێت و جیدەکرێتەوە ) ( فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٤١ ).

– "مۆرفۆلۆجی لێکۆڵینەوەیە لە ڕۆنانی ناوەوەی وشە دەکات" ( Aronoff and Fudeman, ٢٠١١: ٢ )

( ئەمە ڕەنگە لەلای هەندێ جێی سەرسوڕمان بێت بەتایبەتی ، چونکە قسەکەر ئاسایی وشە وەک یەکەیەکی واتایی تێکچڕژاو و سەربەخۆ دەبینێ، لەبەرئەوەی زۆر وشە لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە سادەن، واتە کەرت ناکرێن بۆ پارچەی واتاداری دیکە. بۆ نمونە وشەیەکی وەک ( دایک )و ( باوک ) کەرت ناکرێن بۆ پارچەی وەها، کە بەهای واتاییان هەبێت، هەرچەندە لە ڕوی فۆنۆلۆجییەوە لە دوو

برگە ( دا، یک / با، وک ) یان لە چەند فۆنمێک پێکهاتوون ( د.ا.ی.ک، ب.ا.و.ک ) هیچ واتایەک، یان ئەرکێکی ڕێزمانیان نادرێتە پاڵ ) ( فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٧ ).

- "مۆرفۆلۆجی بریتییە لە دروستکردن و بونیادنانی بەشەکانی وشە و دەستنیشانکردنی بەشە پێکهێنەرەکانی، دیاریکردنی بچوکترین پێکهاتەی واتاداری وشەکە" ( Bloomfield, ١٩٣٣: ٢٠٧ ) واتە ئەرکی مۆرفۆلۆجی ( دەستنیشانکردنی کەرەستە خاوەکانی ( دانە سەرەکییەکان ) مۆرفۆلۆجی، کە مۆرفیمەکانە، دەستنیشانکردنی چۆنیەتی ڕیزبوون و لێکدانی ئەم مۆرفیمانە لە داڕشتنی گەورەتردا (وشە ...هتد )، دەستنیشانکردنی مۆرفیمەکانی هەر مۆرفیمێک واتا بەستنی مۆرفۆلۆجی بەفۆنۆلۆجییەوە کاتێک توێژینەوە لە مۆرفۆلۆجی زمانێک دەکەین پێویستە بچوکترین کەرەستەی ئەو ئاستە کە مۆرفیمەکانییەتی دەستنیشان بکەین. پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی لە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا خۆی دەنوێنێت. یەکە مۆرفۆلۆجییەکان لە وشە و پرۆسەکانی وشەدروستکردندا ( لەیەکدان و داڕشتن ) و فرێز و ڕستەیشدا لە پرۆسەکانی ڕێزمانی (گەردانکردن) ( خستنەتەکیەکی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان و ڕێزمانییەکان ( فۆرمداڕشتن )) بەدیدەکرێن، بۆ نموونە لێکدان ( گوڵەگەنم ) داڕشتن ( ئاسنگەر ) ڕێزمانی ( کوڕەکان ) ( ئەمین، ٢٠٠٩: ٢١٦ ).

## ١/١-٢)گرنگی مۆرفۆلۆجی لە فێربوونی زماندا:

یەکێک لە مەبەستەکانی مۆرفۆلۆجی دروستکردنی وشەکانە، بەڵام پێش ئەمە مۆرفۆلۆجی دەبێت ئامانجێکی گشتی هەبێت کە دەبێتە هۆی تێگەشتن و فێربوونی زمان، ئاگای تاک لەبارەی زمانەکەیەوە، لەو مەعریفە قووڵە زمانییەوە سەرچاوەدەگرێت، کە ئاخێوەر هەیەتی و لە تەواوی دەربڕینەکانیدا بەرجەستەیدەکات، هەر ئەمەشە ڕێگە لە بەکارهێنانی هەرەمەکییانەی زمان دەگرێت و وادەکات، زمان سروشتییانە بەکارببرێت و زۆرینەی ڕەهای دروستەی بەرهەمهاتووەکانی بەپێی مۆرفۆلۆجی ڕاست و دروست بن. بۆیە لەم ڕووەوە بایەخ و گرنگی مۆرفۆلۆجی لەم چەند خاڵەدا دەخەینەڕوو.

١- مۆرفۆلۆجی هەردوو پرۆسەی داڕشتن و ڕێزمانی ( هەڵگواستن و شکانەوە) لە خۆدەگرێت، واتە دەتوانین بە هۆی مۆرفۆلۆجییەوە وشەی نوێ لە زماندا بە ڕێگای داڕشتن و گەردانی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی زمان دروستبکەین ( Joaquin, ١٩٩١: ٣٧ ) داڕشتن بریتییە لە دروستکردن، یان داهێنانی وشەی نوێ بۆ چەمکی نوێ. وەک : مۆرفیمی ( شا ) لە وشەکانی ( شاژن، شاکار، شاگوڵ، شاکێو...هتد )، بەڵام گەردانکردن بریتییە لە هەندێک جۆری وشە لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە بە فۆرمی جۆراو جۆرەوە بەرجەستە دەکرێت ، کە یاسا بەندانە گۆکردنی سینتاکسی – سیمانتیکی جیاوازیان پێدەردەبڕێن بەپێی تایبەتمەندی خۆی لە بەرجەستە بوونی قەدە- وشەکەیدا

دەکرێن / دەبن بە نیشانەی ( توخمی نێر و مێ، دۆخی ڕێزمانیی، ژمارە، کەس ). ( مەحوی، ٢٠٢١ : ١٥٧ – ٢٠١ ). وەک : ( کوڕ، کوڕەکە، کوڕێک، کوڕەکان ).

٢- مۆرفۆلۆجی ئەو ستراتیژیانە لە خۆدەگرێت کە ئاخێوەر بۆ فراوانکردنی توانای فەرهەنگ بەکاریدەهێنێت، کەواتە یەکە فەرهەنگییە نوێییەکان لە زماندا هەر بەهۆی یاساکانی مۆرفۆلۆجییەوە بەرهەمدێن بەتایبەتی لە ڕێگەی پرۆسەکانی داڕشتن و لێکدانەوە. هەروەها دەتوانرێت واتای وشە فەرهەنگییەکان بەدەست بخەین، بەهۆی پارچە بچوکەکانی وشەکانەوە، کە کلیلی واتای وشەکانن. وەک: لە واتای مۆرفیمی ( پاک ) دەتوانین واتای وشەی ( دەست پاک، دڵپاک، ڕوپاک، ...هتد ) بزانین و دروستبکەین، واتە لە ئەنجامی دەستکەوتنی واتای یەکێک لەو مۆرفیمانەی کە وشەی لێکدراوی لێ دروستکراوە واتای وشە لێکدراوەکە بەدەست بێنین وفێرببین( Joaquin, ١٩٩١: ٣٨).

٣- بایەخی مۆرفۆلۆجی لەوەدایە، کە هیچ تیۆرێکی تەواو لە زماندا ناتوانێت بەرەوەو پێش بچێت بەبێ پشتبەستن بە تیۆری وشە دروستکردن.

٤- مۆرفۆلۆجی ئەو یاسایانە لە خۆدەگرێت، کە ڕێگە بە ئاخێوەر دەدات بۆ فراوانکردنی توانستی زمانی competence، هەروەها دەستنیشانکردنی لایەنی جیاوازی مۆرفۆلۆجی چالاکی بەکارهێنانی زمان لە قسەکردن و نوسیندا و هێمای زمانی لەسەر چەند یاساو ڕێسایەک سنوردارو دیاریکراون پێشکەوتنی هزرو بیری مرۆڤ پێداویستی ژیان هەمیشە پێویستیان بە پەیدابوون و هاتنەکایەی وشەی نوێ هەیە، زمانەوانان توانیویانە بە هۆی یاسا مۆرفۆلۆجییەکان وشەی نوێ بەرهەمبهێنن (Crystal, ١٩٩٢: ٢١٤ ).

٥- هەر لە ڕێگەی مۆرفۆلۆجییەوە، کە ئاخێوەر لە ژیانی ڕۆژانەیدا پەنادەباتەبەر دروستکردنی وشەی نوێ بۆ دەربڕینی بیرەکانی، کەواتە یەکە فەرهەنگییە نوێیەکان لە زماندا هەر بەهۆی یاساکانی مۆرفۆلۆجییەوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی پرۆسەکانی داڕشتن و لێکدانەوە بەرهەمدێن.

٦- زانینی مۆرفۆلۆجی گرنگ و پێویستە بۆ ئەوەی بزانرێت، کە چۆن مێشکی مرۆڤ کاردەکات و پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی زمان چۆن ڕودەدات؟ هەروەها ئەمە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی ڕێگەی تر بدۆزینەوە و بەکاریبهێنین بۆ فێربوونی زمانەکانی تر، ئەمەیش هەوڵدانێکی کەمتر و کاتێکی کەمتری پێویستە (Joaquinm ١٩٩١: ٣٩).

٧- شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجیانە یارمەتیدەرە بۆ هەڵهێنجان و دۆزینەوەی واتای هەندێک وشە، هەروەها فێربوونی وشە نوێیەکان ئاسانتردەکات، کە بەهۆی ( پێشگر یان ناوگر یان پاشگر ) دەتوانین تاڕادەیەک پێشبینی شیکردنەوەی وشەکان بکەین مۆرفۆلۆجی دەتوانێت یارمەتی هەر تاکێک بدات، بۆ ئەوەی واتای هەندێک لە وشەکان دیاریبکات و لە هەمان کاتدا بۆ فێربوونی وشەی نوێ ئاسانترە، واتە لەڕێگەی مۆرفۆلۆجییەوە دەتوانین فێری وشەیەک یان وشە نزیکەکانی و واتاکانیان بزانین، بۆ نمونە لە ڕێگەی ( چالاک ) ەوە دەزانین واتای ( ناچالاک ) و ( چالاکی ) چییە، واتە پێشگر

و پاشگرەکان لە مۆرفۆلۆجیدا ئەو توانایە بە ئاخێوەر دەدات کەواتای تەواو یان نزیک لەوەوە بزانێت، بۆ نمونە: ( چالاک / ناچالاک، دیار / نادیار ) (Joaquin, ١٩٩١: ٤٠ ).

٨- هەرلەڕێگەی مۆرفۆلۆجییەوەیە ئێمە دەزانین هەر وشەیەک ئەگەر پێشتریش گوێمان لێی نەبووبێت، بەڵام لەبەرئەوەی پێشگری وەکو ( نە / نا ) ی وەرگرت، ئەوە واتاکەی نەرێنییە، بۆ نمونە: ( نەخۆش، ناساغ، نایاسایی، نەبوونی، نەهات،...هتد ).

یان هەندێک جار کاتێک کەسێک فێری زمانی کوردی دەبێت دەتوانرێت ( ناو ) بەوە لە بەشەکانی تری ئاخاوتن جیابکاتەوە، کە تایبەتییەکانی ناو وەردەگرێت وەکو مۆرفیمی ناسراوی ( ەکە )، نموونە: ( کوڕەکە، کچەکە،...)

٩- ( بایەخی مۆرفۆلۆجی لەنوسیندا بەتایبەتی لە فێربوونی زمانی دووەمدا ئەوەیە، کە فێرخوازی زمانەکە لە ڕێگەی مۆرفۆلۆجییەوە درک بە وشە ڕاست و دروستەکان دەکات و لە وشە هەڵەکان جیایدەکاتەوە، هەروەها لێکچوون و جیاوازی یاسا مۆرفۆلۆجییەکانی نێوان زمانەکان یارمەتی فێرخوازان دەدات لە فێربوونی زمانی تردا هەمیشە لێکچوون لە یاساکانی دروستکردنی وشەکانی زمانی دووەمدا هەیە. کە بەشدارە لە دروستکردنی ( L١ & L٢ ) ئەم ڕاستیە فێرخواز بەتوانا دەکات، بۆ گواستنەوەی ئاگایی لە زمانی دایک ( L١ ) بۆ دەستخستنوو وەرگرتنی زمانی دووەم ( L٢ )، پێویستە ئەوەبزانین هەر زمانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەمیشە جیاوازە یان لێکچوونی هەر زمانێک لەگەڵ زمانەکانی تر، نمونە ئەو جیاوازیەی، کە لە نێوان یاسا مۆرفۆلۆجیەکانی نێوان دوو زماندا هەیە، لێرەدا ڕۆشنایی دەخرێتە سەر ئەو لێکچوون و جیاوازیانەی کە لە نێوان پێکهاتە مۆرفۆلۆجیەکانی دوو زمانەکە هەن، ئایا کێشەکە ئەرێنیە یان نەرێنیە بۆ فێربوونی زمان، چونکە پێکهاتن و پێکهاتە مۆرفۆلۆجیەکان گرنگن لە پرۆسەی فێربونی زماندا ئەمەش یارمەتی دەردەبێت لە دەستنیشانکردنی پۆل و بەشەکانی ئاخاوتن ) (John, ٢٠٠٧: ١٥)، بۆ نمونە ئەگەر لێکچوون و جیاوازی لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی لە ڕوی بەشەکانی ئاخاوتن بە نمونە ( ئاوەڵناو ) وەربگرین، ئەوا لە زمانی کوردی پلەی بەراورد و باڵا بەهۆی ( تر )و ( ترین ) دروست دەبێت. هەروەها لە زمانی ئینگلیزی بە هەمان شێوە بە پاشگری ( er , est ) .

١٠- لەڕێگەی مۆرفۆلۆجییەوە، کە ڕەگی وشەکانی زمانێک بزانین و پەیوەندی و هاوبەشی بە زمانێکی ترەوە دەزانین ( Joaquin, ١٩٩١: ٣٩)، بۆ نمونە ڕەگی وشە هاوبەشەکانی نێوان زمانە هیند و ئەوروپییەکان .

## ٣-١/١)پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستەکانی دیکەی زمانەوە:

زمان بە شێوەیەکی گشتی لە چەند ئاستێک پێکدێت، وەک: ( دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی )، هیچ ئاستێکیش ناتوانێت بە تەنیا زمان بەڕێوەببات، ( چونکە زمان دەزگایەکە سەرتاپاو

لە هەموو یەکەکانیدا یەکێتی و پەیوەندیەکی بەهێز و پتەو لە نێوانیاندا هەیە و هەموویان پێکەوە لەناو دەزگای زماندا بەپێی یاسا و سیستەم کاردەکەن، واتە زمان پەیڕەوە و ئەم پەیڕەوە لە پەیڕەوەی بچوکتر پێکهاتووە و تۆڕێکە لە پیوەندی کە پێکەوە پیڕەوەکەیان پێکهێناوە ) ( حەمید، ٢٠١٥: ٨ ) هەرئاستێک خاوەنی کەرەسە و تایبەتمەندێتی خۆیەتی.

## ١/١-٣-١)پەیوەندیی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجییەوە:

ئاخاوتنی مرۆڤ لە دەنگ پێکهاتووە و دروست بووە، دەنگ بچوکترین دانەی زمانەو بناغە و هەڵگری واتای وشەکانی زمانە بەهۆی بیستنەوە هەستی پێدەکەین هەموو زمانێک کۆمەڵە دەنگێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەپێی دەستەیەک یاسای تایبەت بە خۆی ئەو دەنگانە لێکدەدات، هەر دەنگێکیش لەو دەنگانە سیفەتی تایبەت بە خۆی هەیە بە چەند شێوەیەکی جیا دەردەکەوێت، کە دەتوانرێ بەکاربێت بۆ لەیەکتر گەیشتن و پۆلکردنی شت و ڕوداوەکانی دەوروبەر ( عبدالله، ٢٠١٥: ٣٥ ) قۆناغی ئاستی وەرگرتنی زمان خۆی لە بیستن و خوێندنەوە کۆدەکاتەوە، بۆیە پێویستە فێرخواز خۆیان لەگەڵ ئەو دەنگانە ڕابهێنن، کە مەبەستیانە لە قۆناغ و ئاستی دەربڕین و نوسیندا. ( مرۆڤ لە تەمەنی ١٨ مانگیەوە زانیارییەکانی لە ڕێگای تاکە دەنگەکانەوە دەستەبەر دەکات و خانە و جۆگە دەماری و یادگەکانی مێشکی لەگەڵ ئەو دەنگانە ئاشنا دەبێت، منداڵ وەریاندەگرێت و لە مێشکیدا گەنجینەیاندەکات، سەرەتا منداڵ دەنگە گەنجینەکراوەکانی مێشکی تەنیا دوبارە دەکاتەوە، بەڵام کاتێک بۆ هەر دەنگێک یان زنجیرە دەنگێک بەهایەکی واتایی هەیە و کۆمەڵی قسەپێکەرانی زمانێک لەسەری ڕێککەوتوون و منداڵەکە لە ڕازیبوونی وەڵامی دەورووبەرەوە بەها واتاییەکە، لەگەڵ زنجیرە دەنگەکە بەیەکەوە دەبەستێت و ئەم بەیەکەوە بەستنە کۆد و ئاماژەیەک لە مێشکیدا جێگیر دەکات ) ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٧٧ ) منداڵ کەتوانی دەنگە بنەڕەتییەکانی زمانەکەی بەرهەمبهێنێت، ڕاستەوخۆ بەرهەمهێنانی وشە دەستپێدەکات.

(فۆنۆلۆجی لە زمانی دووەم، پێڕەوی فۆنۆلۆجی هەر زمانێک، پەسنکردنی پێڕەوی دەنگەکان و تەرزەی دەنگەکان چەشن و جۆرەکانی خستنەتەکیەکەکان )ەو پەیوەست بە پیڕەوکردنی ژمارەیەک دەستور و یاسای دیاریکراوەوە کاردەکات، کە ڕێگە بە دروستی یەکگرتنی کەرەستە فۆنۆلۆجییەکانی وەک فۆنێم و بڕگەکان دەدات پەیوەندییە دەنگییەکانی نێوانیشیان ڕێکدەخات ) ( سەعید، ٢٠١٩: ١١ ) ( پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بەهۆی کۆمەڵێک لە سیما فۆنێمەکان ( subphonemic )ەوە دەنوێنرێن، بۆ ئەم سیمایانەش وا گریمانە دەکرێت، کە خۆیان لە ناو سیستەمی دەماری ناوەندی مرۆڤدا هەبن و بەهۆی هەندێک ڕێنمایی ئاراستەکراوەوە لە مێشکی مرۆڤەوە بە هۆی خانە و دەمارە گەیاندنەوە ئاراستەی ماسولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن دەکرێن و هەر دەنگێک بە هۆی ئەو سیما تایبەتانەیەوە سازگەیەکی درکاندنی دەبێت. هەندێکجار تێبینی ئەوە دەکرێت، کە لە فێربوونی زمانی

دووەمدا ئاخێوەر ناتوانێت هەندێک دەنگ، کە لە زمانی دایکیدا نەبوە وەک ئاخێوەری زمانی دووەم دەرببڕدرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە، کە ماسولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن هەمان هەماهەنگییان نییە، لەگەڵ خانە و جۆگەلە دەمارییەکانی مێشکییدا. بۆ نمونە کاتێک کوردێک فێری زمانی عەرەبی دەبێت ناتوانێت وەک ئاخێوەرانی عەرەب دەنگەکانی ( ط، ث، ذ، ظ،... ) دەرببڕێت، چونکە ماسولکەکانی زار و زمان پێویستییان بە کاتی زیاتر هەیە، تاوەکو ئاخێوەرانی زمانەکە توانای دربڕینیان هەبێت، بۆیە تا چەند دەنگەکانی زمانی دووەم هاوشێوەی زمانی یەکەم بێت پڕۆسەی فێربوونی زمانی دووەم ئاسانتر دەبێت. ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٨٢ ) جگە لەمە لەکاتی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا زۆرێک لە وشەکان نوسین و گۆکردنیان وەک یەک نین، بۆ نمونە ( chain ) لەم وشەیەدا ( ch ) بە /ts/ گۆدەکرێت.

## ٢-٣-١/١)پەیوەندیی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی واتاسازییەوە:

ئاستی واتاسازی یەکێکە لە ئاستە گرنگەکانی فێربوونی زمانی، ئەم ئاستە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەکارهێنانی واتای وشەی زمان دەکات، هەروەها وەک زانستێک لە زمانەوانیدا بایەخ بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی واتای وشە دەدات، واتە بابەتی واتاسازی بریتییە لە واتای زمانی، واتای زمانیش، لە واتای تاکی وشەکە لەڕوی دۆخی فەرهەنگی و بەدواداچوونی گەشەی واتایی و ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر وشەدا دێت، ڕۆڵێکی بنجی دەبینێت لە دەستنیشانکردنی یاسای ڕێکخەر بۆ واتای وشەکان لە ناو خۆیاندا ( کلۆد و ریمۆ، ٢٠٠٦: ٩ )، کەواتە "واتاسازی بەشێکی سەرەکییە لە زانستی وشە و لە گشت ئەو مەسەلە و کێشانە دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەندییان بە مانای وشەوە هەیە" ( مارف، ٢٠١٤: ٣٠٩ ) بۆیە لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا فێرخواز ( پەنا بۆ بەکارهێنانی واتای وشەی زمانەکە دەبات، واتا یەکێکە لە بنەماکانی فێربوونی زمانی دووەم لەبەرئەوەی لە فێربوونی زمانی دووەمدا بەکارهێنانی واتای وشەیە لە زمانێکی دیاریکراودا بۆ زمانێکی نزیک لەم زمانە، یان بەکارهێنانی واتای وشەی زمانەکەیە لە لایەن فێرخوازەوە، کاتێک فێرخوازانی زمانی دووەم لە کاتی دەربڕیندا دووچاری هەڵوێستەیەک دەبنەوە و وشەیەکی گونجاو لە زمانی دووەمدا نادۆزنەوە، کە پڕواتا، یان واتاداربێت، ئەوا بەناچاری پەنا دەباتە بەر زمانی یەکەم و وشەیەکی گونجاوی لێهەڵدەچنن و بەکاریاندەهێنن ) ( کریم، ٢٠١٩: ٩٧ ).

(هنری سویت) "دوو جۆرە وشە لە یەک جیادەکاتەوە وشەی تەواو و وشەی ئەرکی، وشەی تەواو ئەو وشانەن دەتوانین لە فەرهەنگدا بەکاریان بێنین ، بەڵام وشەی شێوەیی مۆرفیمە بەندەکان دەگرێتەوە و پەیوەندیان زیاتر بە ڕێزمانەوە هەیە" ( دزەیی، ٢٠١٥: ٢٧ ) لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا ( بەشێوەیەکی بەرچاو ئەوەی تائێستا لە زمانەوانیدا بایەخی پێدراوە ( مۆرفیم )ە، واتە مۆرفیم بچوکترین فۆرمە، کە دەتوانێت لە زنجیرەی وتندا بە تەنهایی بێت و واتادار بێت، بەمپێیە مۆرفیم

دەتوانێت یەکێک بێت لەو یەکانەی، کە واتاسازی کاری پێدەکات ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەگەر واتای مۆرفیمەکان بزانین دەتوانین لەو ڕێگەیەوە واتای وشەکان بەدەست بهێنین بۆ نمونە واتای هەردوو مۆرفیمی ( گۆشت ) و ( فرۆش ) بزانین دەتوانین واتای وشەی ( گۆشتفرۆش ) بەدەست بهێنین، هەروەها دەتوانین بە ئاسانی لە وشەکانی ( کوتاڵفرۆش ، کۆنەفرۆش ، پاچەفرۆش،...هتد ) تێبگەین ) ( محەمەد، ٢٠١٦: ١٠ ). جگە لەزمانی کوردی لە زمانەکانی تریش هەمان نمونەمان هەیە، وەک: لە زمانی ئینگلیزی نمونەکانی ( headache, stomach , toothache, ... )

## ١/١-٣-٣)پەیوەندی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی ڕستەسازییەوە:

ڕستە بایەخێکی گەورەی لە زماندا هەیە و جێگایەکی گرنگی گرتووە، بە گەورەترین و ئاڵۆزترین دانە لە ( ڕێزمان )ی زمان دادەنرێ ( ئەمین، ٢٠٠٩: ١٤٨ ) ( ئەو بەشەی لە ڕستە و پەیوەندی سینتاکسی نێوان وشەکان دەکۆڵێتەوە پێیدەڵێن سینتاکس. واتە ئەو ئاستەی زمانە، کە لە چۆنیەتی ڕێزبوون و دانەپاڵی وشە و مۆرفیمەکانی زمان دەکۆڵێتەوە لە چوارچێوەی یەکەی لەخۆیان گەورەتر، کە ڕستەیە. هەر زمانێک بۆ ڕێزبوونی کەرەستەکانی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یاسای ڕستەسازی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم ڕیزبوونەیش گۆڕانی بەسەرا دێت، مەبەست لەوەیە ئەم ڕێزبوونە لە نێوان زمانەکاندا هاوبەشە یان نزیکە لەیەکترەوە، هەندێک جاریش جیاوازن. لە ڕێبازی بەراوردییدا کار لەسەر خالە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان زمانەکان دەکرێت بەمەبەستی سوودوەرگرتن لێیان بۆ فێربوونی زمانی دووەم ) ( ئەحمەد و مجید، ٢٠٢٠: ٢٤٨ ) ( لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە یاسا هاوبەشی زمانەکان فێرخواز بە ئاسانی وەریدەگرێ و بە کاتێکی کەم و بەبێ هیچ زەحمەتێک کۆنترۆڵی دەکا، بە بەراورد بەو یاسایانەی کە لە نێوان زمانەکاندا جیاوازی زۆریان هەیە، هەربۆیە ئاستی ڕستەسازی و یاسا ڕێزمانیەکان بە هەردوو لایەندا ( ئەرێنی و نەرێنی ) کاریگەری زۆر لەسەر فێربوونی زمانی دووەم دروستدەکات ( حەمەدەمین، ٢٠١٧: ٢٤ ) بۆ نمونە ( زمانی کوردی سیستەمەکەی پێکدێت لە ( بکەر(کارا)+ بەرکار+ کردار) S+O+V ، بەلام زمانی ئینگلیزی سیستەمەکەی پێکدێت لە ( بکەر+ کردار+ بەرکار) S+V+O هەریەک لە زمانەکان بە سیستەمی تایبەتمەندی ڕێگا پێدراوی خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ وشە دەکات و پەیوەندییەکانی وشەکە دەخاتەڕوو. وشەڕیزبوون لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا بە سیستەمی زمانەکەیانەوە پەیوەستن، بە جۆرێک وشەڕیزبوون لە زمانی کوردیدا، کە ڕۆنانی سەرەکی ( بکەر(کارا)+ بەرکار+کردار S+O+V لە خۆدەگرێت و لە زمانی ئینگلیزیشدا شێوەی جیاوازی ڕیزبوونی کەرستەی ( بکەر+ کردار )ی زمانی کوردیە، کە پێکهاتووە لە ( بکەر+ کردار+ بەرکار )S+O+V بۆیە لە فێربوونی زمان و زمانی دووەمدا گرنگیدان بە ڕێزبوونی کەرەستەکان پێویستە، چونکە بەهۆی ئەم

یاسایانەوە لە ڕستەی زمانکە دەگەین، ئەگەر بمانەوێت واتای ڕستە بگۆڕین ئەوا تەنیا بەهۆی گۆڕینی شوێنی وشەکانەوە دەبێت، واتە لە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی دووەمدا بە گۆڕینی شوێنی کەرەستەکانی ڕستە دەبێت بەپێی یاسا و سیستەمی زمانەکە بێت، نەک لەسەر سیستەمی زمانی یەکەم(دایک) بێت ) ( کریم، ٢٠١٩: ٨٩ ) وەک: من نامەکە دەنوسم. I write the letter.

## ١/١-٤)چەمک و پێناسەی مۆرفێم:

مەبەست لە زاراوەی مۆرفێم ئەو دانە ئەبستراکتەی زمانە، کە لە هەموو زمانەکاندا هەست بە بوونی دەکرێت و خاوەنی چەمکێکە، مۆرفێم یەکێکە لەو هۆیانەی کە حاڵەتی ڕێزمانی لە مۆرفۆلۆجی، هەروەها لە سینتاکسدا پێکدێنێ، بەڵام دەربڕینی حاڵەتی ڕێزمانی تاکە دەوری مۆرفێم نییە، دەورێکی دیکەی زۆر گرنگی هەیە، کە ئەویش ڕۆنانی وشەیە ( مارف ، ١٩٧٧: ٢٤ ) هەر وەکو دەبینن ( وشە دروستەی Structures هەیە و ژمارەیەکیش لە وشەکان لەیەکچونی کەمەکیی فۆرم – واتا نیشاندەدەن ، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پەیوەندی فۆڕم و واتا ڕاستوڕەوان و ڕاستەڕێییە و بەش، یان سەگمێنتەکانی بە ئاسانیی بۆ بەشە پرواتاکانی لەیەکجیادەکرێنەوەو لەیەکدەترازێنرێن، ئەو بەشانەی وشە ناونراون ( مۆرفێم ) ) ( مەحوی، ٢٠٢١: ٦ ) مۆرفیمەکانیش "یەکەی ئەبستراکتن و لە قسەکردندا جیادەکرێنەوە بە مۆرف ناودەبرێت" (Crystal, ١٩٩٢: ٢٨٥) هەر لە سەرهەڵدان و ئاشکراکردنی بیری مۆرفیمەوە ، تاکو ئێستا چەندین پێناسەی بۆ کراوە:

– "مۆرفێم بە بچوکترین یەکەی واتاداری زمانیی دادەنرێت، کە فۆنێمێک یان چەند فۆنێمێک دەینوێنن، کە لەڕووی فۆنەتیک و سیمانتییکەوە لە هیچ فۆرمێکی تر ناچێت" ( Bloomfield, ١٩٣٣: ١٦٢-١٦١ )، مەبەست لە مۆرفێم ( بچوکترین دانەی واتاداری زمانە، ئەوەیەکە ناتوانرێ بچووکتر بکرێتەوە بە مەرجێ واتای نەفەوتێ ) ( مارف، ٢٠٠٤: ٣٤١ ) ، چونکە یەکەمین ڕەگەزی سەرەکی، کە پێویستە ئاماژەی پێبدەین لە مۆرفۆلۆجیدا ڕەگەزی واتایە. ئەمەش بووە بە بنایەغە بۆ ناساندنی چەمکی مۆرفێم لە هەموو کارە مۆرفۆلۆجییەکان و کراوە بە بنەماییەک، ئەو چەمک و واتایە دەکرێتە پێوەر، کە مۆرفێمەکان هەڵیانگرتووە، بە شێوەیەکی گشتیش، دەکرێت بە دوو جۆرەوە، یەکەمیان مۆرفێمی ئازاد، کە واتایەکی فەرهەنگیان هەیەو بەشداری لە داڕشتنی چەمک و واتای نوێدا دەکەن. دووەمیان مۆرفێمی بەند، کە واتای مۆرفێمێک لە ناو وشەیەکدا دەبێ پەیوەندی بە واتای گشتی وشەکەوەیە، چونکە لە دەرەوەی وشەکە بە تەنیا نەئەرکێکی ڕێزمانی و نە بەهایەکی واتای هەیە ( خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٩ )، بۆ نمونە ( مۆرفێم ناتوانێت هەڵبوەشێنرێتەوە بۆ یەکەی بچوکتر کە خۆیان واتاداربن، وەک مۆرفێمی ( گوڵ ) کەرتبکەین ، چونکە تەنها لە یەک مۆرفێم پێکهاتووە هەموو کات خاوەنی واتان

-        "مۆرفێم بچوکترین دانەی زمانییە کە واتای هەبێت و دابەش نەبێت بۆ دانەی بچوکتر، توانای دووبارەبوونەوەی هەبێت" ( Stageberg, ١٩٨١: ٨٣) مەبەست لە دووبارەبوونەوە ئەوەیە ( بۆ ئەوەی هەر فۆنیمێک یان چەند فۆنیمێک بە مۆرفیم هەژماربکرێت، پێویستە توانای دووبارەبوونەوەی لە ژینگەی دیکەدا هەبێت، بەجۆرێک پێویستە لە دەقی جیاوازدا، بە واتاو ئەرکی تەواو یەکسان دەرکەوێت، ئەم خاسیەتەی مۆرفیم لە هەندێ چەشندا زۆر ڕون و بەرچاوە، بەتایبەتی لە مۆرفێمی ئەرکی و ( سینتاکسی )دا، بەڵام لە مۆرفێمی فەرهەنگیدا ئەمە کەمتر دەبێتەوە ) ( خۆشناو، ٢٠١٦: ٣٨ ) بۆ نمونە مۆرفێمی / نا / لە وشەکانی ( ناخوێنێت، ناڕوات، ناکرێ،...هتد ) بە مۆرفیم دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا "دووبارەبوونەوە بە هەمان واتا ناکرێ بە تەواوی پشتی پێ ببەسترێ ، چونکە هەندێ جار بە ناچاری دەبێ فەرامۆش بکرێت لەبەر ئەوەی کە دووبارەبوونەوە سنوری بۆ دانانرێت" ( فتاح و قادر، ٢٠٠٦: ١٠ )، بۆ نمونە ( نا ) بە مۆرفیم دانانرێت لە وشەکانی ( نایاب، ناسک، ناوێزە،...هتد ) ، چونکە هیچ نرخێکی ڕێزمانی یان سیمانتیکی دیاریکراوی نییە، جگە لەوە مۆرفێمێک لەوانەیە تەنها لە تاکە وشەیەکدا هەبێت. وەک مۆرفێمی ( فسە ) تەنها لە وشەی ( فسەزمان )دا دەبینرێت. یان مۆرفێمی ( یلکە ) تەنها لە ناوی ئامێردا وەک: ( چاویلکە، جامیلکە )دا دەبینرێت ( محمد، ٢٠١٩: ٥٣ ) بۆیە دووبارەبوونەوە بنەمای هەرە گرنگ نییە لە هەڵاوێرکردنی مۆرفێمدا، ناشێت بکرێتە مەرجێکی بنەڕەتی و نەگۆڕ بۆ هەموو مۆرفێمێک.

- "مۆرفێم بچوکترین دانەی پێکهاتەی ڕێزمانە ناتوانرێت بچوکتر بکرێتەوە بەمەرجێک واتا، یان ئەرکە ڕێزمانیەکەی لە دەست نەدات" ( Trask, ٢٠٠٧: ١٧٦ ) یەکێک لە سیماکانی ناسینەوەی مۆرفێم بریتییە لە کەرت نەبوون، واتە "مۆرفێم بە بچوکترین دانەی دابەش نەکراوی زمانە" ( Katamba, ٢٠٠٦: ٢٠ ) ( لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک مۆرفێم بەشوەیەک دێنە پێش چاو، کە وەک یەک فۆڕم دەردەکەوێت، بەڵام دەشێت ببنە دوو مۆرفێم، بۆ نمونە وشەیەکی وەک ( هونەرمەند ) بە دوو مۆرف دادەنرێ نەک هەر لەبەر ئەوەی ( هونەر ) و ( – مەند ) واتایان هەیە و لە دەوروووبەری تردا دووبارە دەبنەوە، وەک: ( هونەری ڕادیۆ، هونەری وێنە، هونەرە جوانەکان،...هتد یان بەهرەمەند، دەوڵەمەند،...هتد ) بەڵکو لەبەرئەوەیش، کە ئەم دووکەرتە نابن بە پارچەی وردترەوە بەبێ تێکچوونی واتاکایان واتە: هونەر لە ( هون ) و ( –ەر ) دروست نەبووە، هەرچەندە پاشگری ( –ەر ) لە دەورووبەری تردا بەرچاو دەکەوێ دووبارەبۆتەوە وەک ( خوێنەر، نوسەر، برژێنەر ) ) ( فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ١٠ )  هیچ کام لەم سیمایانەی، کە لەسەرەوە باسمان کرد بە ئاکامێکی زانستیمان ناگەیەنێت، چونکە هەریەک لەم سیمایانە ناتوانێت بەتەواوی پشتی پێ ببەسترێت.

-        "مۆرفێم بچوکترین پارچەی زمانە" ( Aronoff and Fudeman, ٢٠٠١: ٢) ئەوەش لە دووبارەبوونەوەی "فۆنیمێ یان زیاتر پێکدێت و قاڵبێکی فیزیکی هەیە"( ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٢٢ ) لەبارەی تایبەتمەندی ( قاڵبی فیزیکی مۆرفێم سەرەتا سور بوونێک هەبوو، کە مۆرفێم دەبێ بوونێکی

بەرجەستە و لەبەر چاوی هەبێت، تەنانەت هەندێک زمانەوان، دەرکەوتنی فیزیاوی مۆرفیم دەکەن بە مەرج ) ( خۆشناو، ٢٠١٦: ٣٦ )، بۆ نمونە ( کوڕ ) لە زمانی کوردیدا مۆرفیمە، چونکە قاڵبێکی فیزیاوی هەیە، پێکهاتووە لە فۆنیمەکانی (ک، و، ڕ)، کە لە قسەکردندا بە دەنگ دەبینرێت، لە ڕاستیدا دەبێ بوترێ زۆربەی  هەرە زۆری مۆرفیمەکانی زمان ئەم مەرجەیان تێدا هەیە و بوون و نەبوونی کار ناکاتە بیرۆکەی مۆرفیم ، چونکە مۆرفیم نییە کە شێوەی نەبێت، واتە مۆرفیم هەرگیز لە شێوەی سفردا نابێت، بەڵام دەشێ یەکێک لەو فۆرمانەی کە بیرۆکەی مۆرفیم پێشاندەدەن ( یەکێک لە ئەلۆمۆرفەکانی ) لە شێوەی سفردا دەبێت ( فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ١١ ) واتە ( لە شیکردنەوەی هەندێ کەرستەی زماندا، بە زۆری لە چوارچێوەی مۆرفیمە بەند ئەرکییەکان و بەتایبەتیش کلیتیکەکان، زمانەوانەکان ناچار دەبن تەنانەت ( سفر ) یان ( هیچ ) بە ئەڵۆمۆرف دابنێن. لە زمانی کوردیدا ئاسایی لەچەند شوێنێکدا توشی ئەلۆمۆرفی وا دەبین  بۆ نمونە ( لەگەڵ کاری ڕابردوی تێنەپەڕدا، جێناوە لکاوی کەسی سێیەمی تاک دەرناکەوێت. وەک ( هاتم / هاتین، هاتیت / هاتن، هاتO / هاتن ) کەچی ( لەڕاستیدا لە چوارچێوەی  هەردوو چەشنی مۆرفیمی بەند ( فەرهەنگی و ئەرکی ) دا بوونی هەیە. کەواتە دەشێت ( سفر ) شێوەیەک بێت لە شێوەکانی پێشاندانی مۆرفیم، بەڵام مۆرفیمی ( سفر ) لە ئارادا نییە ) بەم پێیە ناکرێ پێ داگرتن لەسەر ئەوەی، کە مۆرفیم شێوەیەکی فیزیکی هەبێت ، چونکە دەشێ ( ئەلۆمۆرفێک ) لە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمێک لە شێوەی ( سفر )دا بێت ) ( ئەحمەد، ١٩٩٠: ٥٠ ).

 بە شێوەیەکی گشتی زمانەوانان جگە لەم بنەمایانەی سەرەوە پەنادەبەنەبەر جیاوازی و پێیانوایە بچوکترین جیاوازی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو جیاوازییە وەک مۆرفیم تەماشا بکرێت. لەم ڕووەوە ( کاتامبا ) دەڵێت: مۆرفیم بچوکترین جیاوازییە لە شێوەی وشەدا، کە بتوانێ بچوکترین جیاوازی لە واتای وشە ، یاخود ڕستە دروست بکات. هەر لەسەر ئەم بۆچوونە ( سۆسێر ) دەڵێت: مۆرفیم بریتییە لە بچووکترین جیاوازی لە فۆرمدا دروست بکات، جا مۆرفیم خۆی واتای هەبێت ( وەک هەندێک جار هەیەتی )، یان نەیبێت لە بارەکە ناگۆڕێت. کەواتە خاڵی گرنگی لە دەستنیشانکردن و دیاریکردنی مۆرفیم بوونی جیاوازیە لە شێوەی وشە و ڕستە و ڕۆنانەکاندا ) ( فتاح و قادر، ٢٠٠٦: ١١ )بە شێوەیەکی گشتی مۆرفیم هەڵگری ئەو سیمایەیە، کە لەڕێگەیانەوە مۆرفیم دەناسرێتەوە و سنوری دیاریدەکەن، بەپێی پلەبەندیان.

## ٥-١/١)جۆرەکانی مۆڕفێم:

مۆرفیمەکان بە چەندین ڕێگە یان چەندین بنەما پۆل دەکرێن، لە ڕوی داڕشتن و پێکەوەهاتنیان لە فۆرمێکدا. دەکرێت لێرەدا مۆرفیمەکان بەسەر دوو جۆرو جۆرو هەرجۆرە بەسەر چەند جۆرێکی تردا دابەشبکرێن .

هێڵکاری ژمارە٢، بەپێی ئەم هێڵکاریەی خوارەوە:




( فەتاح و قادر ، ٢٠٠٦ : ٢٩ )

مۆرفێمەکان بەپێی پێکهاتنیان دەکرێن بەم چەند جۆرەوە:

### ١-٥-١/١)مۆڕفێمی سەربەخۆ (ئازاد ):

مۆرفێمی سەربەخۆ "ئەو جۆرە مۆڕفێمانە دەگرێتەوە، کە وەک وشەیەکی ئازاد و سەربەخۆی واتادار لە زماندا بەکاردەهێنرێن" ( McCarthy, ٢٠٠٢: ٢٠ ) وەک: ( دار، بەر، گوڵ، ...هتد ) هەندێک جار لەگەڵ فۆرمێکی تردا یەک دەگرن و وشەی نوێ دروستدەکەن، ئەرکێکی ڕێزمانی دەگێڕن،

مۆرفیمی سەربەخۆ ناتوانرێت زیاتر بچوک بکرێتەوە. مۆڕفیمە سەربەخۆکان لە ڕوانگەی ئەرکەوە بۆ دوو جۆر دابەش دەبن مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکی مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی.

### ١/١-٥-١-١)مۆڕفیمی لێکسیکی ( فەرهەنگی ):

ئەو مۆڕفیمانە دەگرێتەوە، کە چەمک و واتایەکی فەرهەنگی سەربەخۆیان هەیە، لە چوارچێوەی مۆرفیمی سەربەخۆدا، کە بەزۆری لەم ڕووەوە بەرامبەر وشەی سادە دەوەستن. یاخود هەر ڕەگەزێکی واتایی کە شێوەی وشەیەکی سەربەخۆ وەردەگرێت ( مستەفاB، ٢٠٢١: ٢٧ ) بۆ نمونە ( پۆلەڕەگەزەکانی / کەتیگۆرییەکانی ( ناو، ئاوەڵناو، کردار،...هتد ) وەک کەرستەیەکی فەرهەنگی لە پرۆسەکانی لەیەکدان و لکاندندا بەشداری لەدروستکردنی وشەی نوێ ( وشە لێکدراو و وشە داڕشتن )دا دەکەن، ناوی پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی / کاتیگۆری لیکسیکی Lexical Categories یان لێنراوە ) ( ڕەمەزان، ٢٠١٥: ١٦ ) لە فەرهەنگی زماندا تۆمارکراون:

### ١/١-٥-١-٢)مۆڕفیمی ئەرکی:

مۆرفیمە ئەرکییەکان ئەو جۆرە مۆرفیمانەن، کە لە واتادا بەندن و لە دەرکەوتندا سەربەخۆ ئەرکی سەرەکیان گێڕانی پەیوەندیە سینتاکسیەکانی نێوان وشەکانی ڕستەیە، ئەم جۆرە مۆرفیمانە پۆلێکی داخراون، واتە لەزماندا ژمارەکانیان سنوردارو دیاریکراون، بەشێوەیەکی گشتی لە ناوپێکهاتەی سینتاکسدا بەکاردەهێنرێن و لە فەرهەنگیشدا تۆمارناکرێن ئەرکیان تەنها ڕاپەڕاندن و پیشاندانی چەمکی ڕێزمانیە ( خدر، ٢٠١٠: ١٠٠ ). وەک : ( بە، بۆ، لە، ...هتد ).

### ١/١-٥-٢)مۆرفیمی بەند:

مۆرفیمی بەند ئەو مۆرفیمەیە کە بە تەنیا مانا نابەخشێت، ناتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەربکەون، بەڵکو پێویستە بەردەوام بە مۆرفیمی ترەوە بلکێن، بەپێی یاساکانی وشە داڕشتن. واتە بەسەربەخۆیی هیچ واتایەک نابەخشن بۆ گێڕانی ئەرکێکی ڕێزمانی یان دروستکردنی وشەیەکی فەرهەنگی، مانای ئەم جۆرە مۆرفیمانە پەیوەستە بەو وشەیەی کە دروستی دەکەن، دەیانکەن بە خاوەن ئەرک و واتا (Fromkin, ٢٠١٤: ٤٣-٤٤) واتە مۆرفیمی بەند "کۆمەڵە مۆرفیمێکن، هەریەکەیان چەمک و واتای تایبەت بەخۆیان هەیە ، بەڵام ئەو چەمک و واتایە دەرناکەوێت، تاوەکو بە بنکەیەکەوە نەلکێن" ( محەمەد، ٢٠١٦: ٥٩ ) بە مۆڕفیمە بەندە ڕێزمانی و وشەداڕێژەکان دەوترێت گیرەک.

### ١/١-٥-٢-١)گیرەک:

بریتییە لەو جۆرانەی مۆرفیمی بەند، کە ئەرکێکی ڕێزمانی واتە فۆرمێکی گراماتیکی، یان ئەرکێکی فەرهەنگی ( دروستکردنی وشەی نوێ ) دەبەخشن بە وشەکان، هەروەها ( سەرپاکی گیرەکەکان

مۆرفێمی بەندن کە بەدوو جۆر لە گیرەکی وشەدارێژو گیرەکی ڕێزمانی بەپێی ئەرک و واتاکانیان دابەش کراون ) ( قادر، ٢٠٠٠: ٥١ ).

### أ- گیرەکەکان بەپێی ئەرکەکانیان دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:

### ١/١-٥-٢-١-١)گیرەکی ڕێزمانی:

ئەو مۆرفێمە بەندانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ بەشەکانی ئاخاوتن بەکاردێن، چەند فۆرمێکی جیاواز دروستدەکەن، بە پێیی بەکارهێنانی لەگەڵ مۆرفێمە ڕێزمانیەکان دەگۆڕێن (McCarthy, ٢٠٠٢: ٣٠ ). ئەم گیرەکانە ئەرکەکانیان ئاماژەکردنە بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، واتە لە زماندا چەمکێکی ڕێزمانی دەردەبڕن، حاڵەتی ڕێزمانی جیاجیا نیشاندەدەن، ئەو شەوانەی فرێز و ڕستە پێکدێنن پەیوەندی ئاشکرا و دیاریکراویان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، وشەکان بەگوێرەی یاساکانی ئەو زمانە دەچنە پاڵ یەکترو فۆرمی خۆیان وەردەگرن و مەبەستی دیاریکراو دەگەیەنن ( باخەوان، ٢٠٢١: ٥٣ ) بۆ نمونە چەند گیرەکێکی ڕێزمانی هەیە کە بە تایبەتی لە گەڵ ناودا دێن لە زمانی کوردیدا، واتە ئەو وشانە بەناو دادەنرێن، ئەگەر گیرەکی ڕێزمانی ( ەکە، ێک، ان ) لەگەڵدا هات ( ئەحمەد، ١٩٩٠: ٨٣ ) ئەرکیان ئاماژە کردنە بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی وشە. سیما تایبەتەکانی ئەم جۆرە گیرەکە ( پۆلی وشە ناگۆڕن، خاوەنی ئەرکن نەک واتا، کۆتایەکی داخراویان هەیە، لەڕەگ دور دەکەونەوە ) ( محێددین، ٢٠١٣: ٣٧ ) واتە ( جێکەوتەی پەیوەست بەبنجەوە گیرەکە ڕێزمانییەکانە یاسابەندەکان لەسەر چێوەی وشەکانەوە دەردەبڕێن، دارِشتە یاسابەندەکان لەنزیک ڕەگەوە دەردەبڕێن، ئەم تایبەتمەندییە دەتوانرێت وەک پێوەرێکی جیاکەرەوە بەکاربهێنرێت بەشێوەیەکی ئاسایی گیرەکە ڕێزمانییەکان دەکەونە دوای هەموو گیرەکە وشەدارِێژەکان، واتە گیرەکە وشەدارِێژەکان زیاتر لە گیرەکە ڕێزمانییەکان نزیکتر لە ڕەگەکەوە بەدەردەکەون ) ( محمد، ٢٠١٩: ٨٧ ).

بۆ نموونە: ئاسنگەرەکە ← . ئاسن ( م. ڕەگ ) – گەر ( م. دارِشتن ) – ەکە ( م. ڕێزمانی )

### ١/١-٥-٢-١-٢) گیرەکی وشەدارِێژ:

ئەو مۆرفێمەیە، کە دەچنە سەر مۆرفێمێکی تر بۆ دروستکردنی وشەکی نوێ، یان گۆڕینی بەشە ئاخاوتنی وشەیەک یان داتاشینی وشەیەکی تر بەواتایەکی جیاواز ( ئەحمەد،١٩٩٠: ٢٨ )، واتە ( کاتی ئەو مۆرفێمانە دەنووسێن بە مۆرفێم یان وشەی ترەوە، وشەی نوێ دادەڕێژن. وشە دارێژراوەکە لەوانەیە لەپۆلی ڕێزمانی جیاوازبن ) ( فەتاح و قادر ، ٢٠٠٦: ٥٧ ) بۆ نموونە کاتێک دەچنەسەر وشەو پۆلی ڕێزمانی وشەکە دەگۆڕێت، وەک: ( جوان/ جوانی، ئازاد / ئازادی، پیاو/ پیاوانە،...هتد ).

## ب- گیرەکەکان لە ڕوانگەی شوێنی دەرکەوتنیان:

مۆرفیمە بەندەکان لەڕوی دەرکەوتنەوە، لە زمانی کوردیدا بەشێوەی ( پێشگر و پاشگر ) دەردەکەون، لە هەندێ زمانیشدا، ( ناوگر ) باس دەکرێت، بەڵام ئەم دابەشبوونە لە هەموو زمانێکدا، وەک یەک نییە، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی تەنیا بە شێوەی پاشگر دەردەکەوێت .

١- پێشگرprefix: چەمکی پێشگر لە زانستی زماندا، بەشێوەیەکی گشتی بەو مۆرفیمە بەندە دەوترێت کە بەسەرەتای بناغەوە دەلکێن، واتە ئەو مۆرفیمەیە کە دەکەوێتە بەشی پێشەوەی وشەو دەبێتە هۆی گۆڕینی وشەکە لە ڕوی فۆڕم و واتاوە، واتە مۆرفیمە بەندەکان، کاتێک لە پێشی بناغە، یان ڕەگی وشەوە دەبن، وشەیەکی نوێ دادەڕێژن ( عبدوڵلا، ٢٠١٣: ٢٧ ).

٢- پاشگرsuffix: بەو مۆرفیمە بەندانە دەوترێت، کە بە کۆتای بناغەی وشەوە دەنوسێ و ڕواڵەت و ناوەڕۆکی وشە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ بەمپێیە لەڕوی شوێنەوە هەردەم دواوەی بناغە دەلکێت، دەبێتە هۆی گۆڕینی وشە لەڕووی فۆڕم و واتاوە ( مارف، ١٩٧٧: ٣٦ ).

٣- ناوگرinfix: ئەو مۆرفیمە بەندانەن یان ئەو ئەفێکسەیە کە لە ناو ڕەگدا دەردەکەوێ ڕەگی وشەکە دەسمن، بەڵام لە زمانی کوردییدا ئەم چەشنە گیرەکە نابینرێت ( ئەمین، ٢٠٠٩: ١١٩ ).

### ١/١-٥-٢-٢)نوسەک:

١- جۆرێکە لە مۆرفیمە بەندەکان بە تەنها بەکارناهێنرێت ، چونکە "نوسەک زاراوەیەکە لە زمانەوانیدا بەکاردێت، بۆ ئاماژەکردن بە فۆرمێک، کە لە وشە دەچێت ، بەڵام ناتوانێت بە شێوەی سەربەخۆ دەربکەوێت" (Crystal, ٢٠٠٨: ٨٠) لە زماندا کاتێک بەکاردێت بە " شێوەی بەند دەدرێتە پاڵ وشەو پێکەوە دەردەبڕێن، بەڵام لە ڕوانگەی سینتاکسیەوە بە جیا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت" (Trask, ٢٠٠٧: ٣٨ )، نوسەکەکان بەوە لەگیرەکەکان جیادەکرێنەوە بە زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەلکێن، هەندێک لە نوسەکەکان لە یەک جێ دەرناکەون و بەپێی هەلومەرجی تایبەت جێگۆڕکێ دەکەن، نووسەک لە ڕێزبەندی مۆرفیمەکاندا دەکەوێتە پەراوێزەوە ( کەریمی، ١٣٩٦ :٧٠ ) بۆ نموونە جێناوە لکاوەکان دەتوانن ئەرکی جیاواز لە ڕستەدا ببینن، نوسەکەکان بەپێی شوێنی هاتنیان بە شێوەی بەرگرو دواگر دێن.

وەک: نوسەکی کەسی یەکەم ( م ): ( بردم، دەمبرد، بۆم برد، نامەکەم برد،...هتد ).

نوسەکەکان بەم تایبەتمەندیانە لە گیرەکەکان جیادەکرێتەوە.

- نوسەک گوێ بە وشە نادات و بنکە هەڵنابژێرێ، بەڵکو بە گرێوە یان بە کەرتێکی تری ڕستەوە دەلکێن ( فتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٣٢ )

وەک: ( کردم، دەم کرد، نەم دەکرد،...هتد ).

- نوسەکەکان توانای کەرەسە هەڵبژاردنی نییە بەپێی بەشەکانی ئاخاوتن، واتە نووسەکەکان سەربەستانە بەشەکانی ئاخاوتن هەڵدەبژێرن، بەزۆربەی بەشەئاخاوتنەکانەوە دەنووسێن ( کەرەمی، ١٣٩٦: ٧٠ )

وەک : جێناوە لکاوەکان ( م، مان / ت، تان / ی، یان ) بۆ نموونە : ( کچم، برتان، ئێمەتان،...هتد )

- نوسەکەکان بە زۆری خاوەندی دوو مۆرفە یان لە دوو شێوەیان زیاتردا دەبینرێ: فۆرمێکی پڕ و فۆرمێکی کورتکراو ( فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٣٣ )

وەک : من هاتم . هاتم

- نوسەکەکان هەموویان ڕێککەوتن نیشان دەدەن، یان هەموویان دەتوانن ببن بە بکەر یان بەرکار، بوونیان لە ڕستەیەکدا پێویستە ( محێدین، ٢٠١٣: ٥٢ )

وەک : بردمان.

هەروەها لە نوسەکەکاندا ناوێزەی نابینرێ، واتاکانیان هەمیشە بەشێوەیەکی ڕون پێشبینی دەکرێت.

- نوسەکەکان دەتوانن بە بنکەیەکەوە بنووسێن کە نوسەکێکی تری تێدابێت، واتە لەیەک پێکهاتەدا دەکرێ چەند نوسەکێک هەبێت ( فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٣٣ ).

وەک: ( بردمانیان ).

- نوسەکەکان لە یەک جێ سەقام ناگرن و بە پێی هەلومەرجی تایبەت جێگۆڕکێ دەکەن ( کەرەمی، ١٣٩٦: ٧٠ )

وەک: ( گرتیان، دەیانگرت، نەیاندەگرت، دایانەدەگرت،...هتد )

### ٣-٢-٥-١/١)مۆرفێمی بنکەی بەند:

وشەکان پێکهاتەی بنکەیان هەیە، ئەم جۆرە مۆرفێمانە کە بە مۆرفێمی بنکەی بەند ناسراون توانای وەرگرتنی هەر جۆرە مۆرفێمێکی ( ڕێزمانی یان فەرهەنگی )یان هەیە، دەتوانن لە پێکهاتەو دروستکردنی وشە بەکاربهێنرێن، دەشێت سەربەخۆ یان بەند بێت، وەک : مۆرفێمی ( گوڵ ) مۆرفێمی بنکەی سەربەخۆیە دەتوانێت مۆرفێمی تر لەخۆبگرێت ، ( گوڵدان، گوڵەکە، گوڵەگەنم، ...هتد )، بەڵام مۆرفێمی ( نووس ) دەبێتە مۆرفێمی بنکەی بەند لە وشەکانی، ( نوسراو، نوسراوەکە، نوسەر، ... هتد ) (Katamba, ٢٠٠٦: ٤٢)مۆرفێمی بنکەی بەند لەم جۆرانە پێکهاتووە :

١-٣-٢-٥-١/١)ڕەگ:

ڕەگ بریتییە لە بچوکترین بناغەی وشە، واتە کرۆکی نەگۆڕی وشەیە کە هیچ مۆرفێمێکی تری پێوە نەنوسابێ (Katamba, ٢٠٠٦: ٤٢)، هەروەها ناتوانرێت بۆ پێکهاتەی بچوکتری ( مۆرفۆلۆجیانە ) دابەشبکرێت "یان ئەو بەشەی وشەیە کە دەمێنێتەوە دوای لابردنی هەموو گیرەکەکانی ( ڕێزمانی وشەدارێژ )" ( Fromkin, ٢٠١٤ :٤٢)، واتە ( ڕەگ کرۆکی وشەیە، کەچیتر بچوک ناکرێتەوە ومانای سەرەکی وشە هەڵدەگرێت. بەواتایەکی تر، ئەو بەشەی وشەیە، کە دوای لابردنی هەموو گیرەکەکان دەمێنێتەوە و لە هەموو شێوە جۆربەجۆرەکانی لێکسیمێکدا دەردەکەوێت. مۆرفێمی ڕەگەکە، کە گشت گیرەکەکانی لێکراوەتەوە و مانای کرۆکیی وشەکەی هەڵگرتووە و لەلایەن گیرەکەکانەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان وەسفکراوە و واتاکەی ڕونکراوەتەوە، لە زمانی کوردیدا بەشێوەی سەربەست و بەند دەردەکەون ) ( محمد، ٢٠١٩: ٦٧ )

وەک : وشەی ( سەر ) لەم نمونانەدا ( ڕەگە )ە. { سەردار، سەرباز، سەرۆک، سەرانە، سەرین، سەرکار، ...هتد ) واتە ڕەگ: وشەی نسادە هەموو مۆرفێمە ڕێزمانی و وشەدارێژەکانی لێکرابێتەوە.

بۆنمونە: ئاسنگەرەکان – ەکە- ان

م. ڕێزمانی

ئاسنگەر – گەر————— ئاسن

م. دارشتن ڕەگ

کەواتە ( ئاسن ) بچوکترین پارچەی وشەکەیە، پاش لێکردنەوەی مۆرفێمی ڕێزمانی و مۆرفێمی دارشتن کە ماوەتەوە.

ڕەگەکان بەپێیی دەرکەوتنیان بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشدەکرێن .

أ- ئەو ڕەگانەی، کە دەتوانن بە تەنها و بە شێوەی سەربەخۆ دەربکەون مۆرفێمی ئازادن، بۆ نمونە ( لەرز، ترس، خەو، پرس، ناز )دا مۆرفێمی ڕەگە و کرۆکی وشەکەیە، ناتوانرێت بچوکتر بکرێنەوە ( محمد، ٢٠١٩، ٦٨ ).

ب- ئەو ڕەگانەی، کە ناتوانن بە تەنها و بە شێوەی سەربەخۆ دەربکەون مۆرفیمی بەندن، واتە "هەندێکجار ناتوانین ڕەگ وەک وشەیەکی ئازاد بەکاربهێنین چونکە بەتەنها واتا نابەخشن" ( مستەفاB، ٢٠٢١: ٢٨ ) بەڵکو بە مۆرفیمی ترەوە بەندە و بەیاریدە و هاوکاری ئەوان واتا دەبەخشن، چونکە بەتەنیا لە واتا سیمانتیکییەکەی ناگەین بۆ نمونە ڕەگی کردارەکانی وەک: ( نوس، بڕ، کوش، چێن...هتد ).

١/١-٥-٢-٣-٢)قەد:

ئەو بەشەی وشەیە کە پێش ئەوەی هەر گیرەکێکی گەردانی ( ڕێزمانیی ) بچێتە سەر یان پێوەی بلکێت، واتە "قەد ئەو مۆرفیمەیە، کە توانای وەرگرتن و پێوەلکانی گیرەکی ڕێزمانی هەیە" ( Trask, ٢٠٠٧: ٢٧٤)، مەبەست لەو گیرەکانەیە، کە بوونیان بەهۆی داواکردنێکی سینتاکسیەوەیە، وەکو نیشانەکانی ( کۆ، ناسیاوی، نەناسیاوی، ...هتد ).

بۆ نموونە: وشەی ( کوڕەکە ) دوای لێکردنەوەی مۆرفیمی ڕێزمانی ( ەکە ) ئەوی دەمێنێتەوە قەدە، کەواتە ( کوڕ ) قەدە، دەشێت قەد بەم شێوانە بێت، بە شێوەی سادە بێت. ( گوڵ ) لە وشەی ( گوڵەکە )، لە ڕەگی لاگرێکی دارشتنی وشە پێکهاتبێت ( محمد، ٢٠١٩: ٦٩ ) وەکو ( خوێن ) لە وشەی (خوێنەر) . + / - ەر/ پێکهاتووە، لە دوو ڕەگ یان زیاتر پێکهاتبێت، ( باڵا بەرز ).

١/١-٥-٢-٣-٣)بنج:

ئەو یەکە زمانیانە دەگرێتەوە، بە زیادکردنی مۆرفیمە داڕێژە فەرهەنگییەکان، یاخود مۆرفیمە ڕێزمانییەکان بۆ سەر بناغەکە دەستمان دەکەوێت، یان دەتوانین بڵێین بنج ئەو بەشەی وشەیە کە بتوانێت هەریەکە لە گیرەکەکانی ڕێزمانی داڕشتن وەربگرێت ( Katamba, ٢٠٠٦: ٤٦ )، واتە ( ئەو مۆرفیمەی کە پێش ئەوەی گیرەکەکانی ( ڕێزمانی یان داڕشتن ) بۆزیاد بکرێت. ئەو گیرەکانەی کە بەڕەگێکەوە دەلکێن، لەوانەیە گیرەکێکی ڕێزمانی بێت کە بۆ مەبەستێکی سینتاکتیکیی هەڵبژێردرابێت یان گیرەکێکی داڕشتن بێت، کە واتای، یان جۆری کاتیگۆرییە ڕێزمانییەکەی بنجەکە بگۆڕێت ( محمد، ٢٠١٩: ٧٠ )

بۆ نمونە : زاناکە - ەکە ⟵ زانا

م. ڕێزمانی

زانا - ا ⟵ زان

م. داڕشتن بنج

کەواتە بنج ئەو یەکە زمانییە دەگرێتەوە، کاتێک مۆرفێمە ڕێزمانییەکان یان داڕشتنەکانی لێکرابێتەوە.

## ٢/١)توانای مرۆڤ بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمان:

قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان لای منداڵ لە لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات، وەرگرتن پێش فێربوون دەکەوێت، (( کراشن ) پێیوایە فێربوون و وەرگرتنی زمان بە دوو پڕۆسەی جیاواز بەڕێوەدەچێت ( ئاراستەکردن، ڕاستکردنەوە )و پڕۆسەی فێربوون لەوکاتە ڕوودەدات، کە هەوڵ بۆ گۆڕانکاری لە شێوەی چالاکی دەدرێت دوای بەرهەمهێنانی ( production ) لەوکاتەی وەرگرتنی زمان بەرپرسیارە لە بەرهەمهێنانی (Initiate ) ئاخاوتن و ڕەوانی ( Fluency ) زمانی ئاخێوەر و ( کراشن ) مۆدێلی ئاراستەکراو ( Monitor Model ) بە دەرهاویشتە دادەنێت پێش بەرهەمهێنانی زمان ) ( دزەیی، ٢٠٢١: ١٧٨ ) واتە منداڵ پێش ئەوەی قسەبکات وشەکان وەردەگرێت ( چونکە هەر لەگەڵ لەدایکبونییەوە توانای پەیبردن و سیستەمێکی دەنگی هەیە، بەڵام بەهۆی پێنەگەشتنی تەواوەوە توانای قسەکردنی نییە. ئەم توانایە کاتێک بەرنامەڕێژی و تایبەتمەندی بۆ کارکردن وەردەگرێت، کە کۆئەندامی سەرەکی دەمار پێگەیشت و ژینگەی لەباریش فەراهەم بوو، واتە لە کۆمەڵگایەکی زمانیدا، زمانێکی تایبەت بۆ وەرگرتن هەبێت ) ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٢٣ ).

( چۆمسکی لە لێکۆڵینەوەی فێربوونی زماندا دوو بیرۆکەی جیادەکردەوە، بیری توانست، کە ئەو توانا و سەلیقە زمانییانە دەگرێتەوە، کە لە مێشکی قسەکەرێکی نمونەییدا هەڵگیراوە و بیری چالاکیش بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو توانستە، توانست زانینە زمانییە هەڵگیراوەکانی ناو مێشکە و قسەکەر لەکاتی بەجێهێنانیدا پەنایان بۆ دەبات، بەڵام چالاکی بریتییە لە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی زمان ) (عبدالله، ٢٠١٥: ١٨ ).

## ١-٢/١)وەرگرتنی زمان:

یەکێک لەو بابەتە زۆر گرنگانەی زمانەوانیی دەرونی لە سەدەی بیستەمدا زۆر بایەخیان پێداوە، بابەتی وەرگرتنی زمان و ئەو تیۆرانەیە، کە شرۆڤەی ئەو دیاردەیە دەکەن، جا زمانەکە زمانی دایک بێت، یان زمانی بێگانە، واتە منداڵ کە لە دایک دەبێت توانای وەرگرتنی زمانی هەیە، تەنانەت جگە لە زمانەکەی خۆی ئەو توانایەی بۆ زمانی دیکەش هەیە ، بەڵام دەبێت هەلومەرجی لەباری بۆ بڕەخسێت و لەم بارەیەوە یارمەتی دەربێت ( خۆشناو، ٢٠١٦: ٤٠ ) ( لێکۆڵینەوە لە بەدەستهێنانی زمان، بە واتای ئەوەی پڕۆسەی دەستخستنی زمانی دایک و چۆنییەتی کۆنترۆڵکردنی بەشێوەیەکی کاریگەر، لەلایەن منداڵەوە، زۆر جار پرسیار لەو باریەوە کراوە، کە ئاخۆ کام زمان وەردەگرێت، یان بەدەستدەهێنرێت؟ وەڵامەکەی ئەوەیە، کە وادەردەکەوێت، منداڵ لاسایی گەورەکانی دەوروبەری دەکاتەوە و دواتر وردە وردە لەگەڵیدا کارامەتر و وردتر دەبێت. واتە منداڵ کاتێک گوێی لە دەنگێک

یاخود وشەیەکی نوێ دەبێت، ئەوا ڕاستەوخۆ هەوڵدەدات دووبارەی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە مەبەستی دەوروبەری تێبگات، ئەوا ڕاستەوخۆ هەوڵدەدات دووبارەی بکاتەوە ) ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٤٧).

( چۆمسکی باوەڕی وایە کە عەقڵی مرۆڤ چەند زانیاری یەکی خۆڕسکی لە بارەی زمانەکەی خۆیەوە پێ بەخشراوە، خاوەنی ڕێزمانێکی سەراپایی بۆماوەییە، کە غەریزەیەکە و کاری وەرگرتنی زمانە) ( ناوخۆش، ٢٠٠٥: ٥٩ ) ( توانایەکی بۆماوەییەی زمان و پشت بە کۆمەڵێک ئەندامی بایۆلۆجی زۆر ورد و خاوەنکار و فرمانی تایبەتی دەبەستێت ، بەڵام گومان لەوەدا نییە بەدەستهێنانی زمان لە ڕێگەی فێربوونەوە دەبێت، نەک شتێکی بۆماوەیی بێت و لە زگماکەوە بۆمان مابێتەوە. بەم پێیەش منداڵ زمان وەردەگرێت لە ئەنجامی بیستنی ئاخاوتنی ناو کۆمەڵگە، واتە هەر منداڵێک تەندروستی باشبێت، ئەوا توانایەکی زگماکی بۆ فێربوونی قسەکردن هەیە، ئەم وەرگرتن و فێربوونەش لە لەدیکبوونەوە دەسپێدەکات، لە کاتێکی دیاریکراودا ناوەستێت، بەڵکو بەردەوامدەبێت، بەڵام منداڵ لە سالانی سەرەتای تەمەنیدا خێراتر زمان فێردەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژایی ژیانی ڕاناوەستێت و بەردەوامدەبێت لە وەرگرتنی زمان، واتە وەرگرتنی زمان لە لایەن منداڵەوە لە قۆناغێکی دیاریکراودا ناوەستێت، منداڵ بێ ئەوەی بزانێت، میکانیزمی بەدەستهێنانی زمانی لە تەمەنی دیاریکراودا چالاک دەبێت و دەستدەکات بەناسینەوە و گەنجینەکردنی ئەو دەنگانەی لە زمانی کەسانی دەوروبەرییەوە دەیانبیستێت ) ( کەریم، ٢٠٢٢: ٩٨ ).

( گەشەکردن دوای زمان وەرگرتن دێت و لە وەرگرتنی زانیاریی زمانییەوە ( Information ) دەستپێدەکات، تادەگاتە گەشەکردنی کۆزانیاریی ( Knowledge )، کۆزانیارییەکەی دەربارەی وەرگرتنی زمانی یەکەم ( First Language Acquisition ) لە داتاکانی دەوروبەرییەوە وەردەگرێت، بۆیە زانیارییەکان دەبن بە کۆزانیاریی. کۆزانیارییەکە لەوەرگرتنی ئەو داتایانە خەزندەکرێت، کە لەزمانی دایکییەوە وەریاندەگرێت، کە لەڕێگای داتاکانی وەک فۆنیم و مۆرفێم و وشەوە کۆزانیارییەکان لە بارەی ڕێزمان و واتاوە خەزندەکات. واتە منداڵ ئەو کۆزانیارییانە لە هەنگاوی یەکەمدا بۆ دامەزراندنی بنەمای ڕێزمانیی دەخاتەگەڕ، کە پەیکاڵی ڕێزمانە گشتییەکەن ) ( مەعرووف، ٢٠٢٠: ٨٣ ) ، ( بۆیە توێژەران هەوڵیاندا هەنگاوبنێن بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی وەرگرتن و گەشەکردنی زمان لای منداڵ، بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی دیاریکردنی چۆنیەتی سەرهەڵدانی زمان لای مرۆڤ ) ( خلیل، ١٩٨٧: ٥٧ ) هەندێک لە توێژەرانی بواری فێربوونی زمان وایان داناوە، کە منداڵان زمان وەردەگرن، لە کاتێکدا تازە پێگەیشتوان تەنیا توانای فێربوونیان هەیە، واتە منداڵان کاتێک کە گوێبیستی قسەکردنی دەوروپشتی دەبێت، هەوڵدەدات لەو ڕستەو پێکهاتە زمانییانە بگات، کە گوێی لێیان دەبێت، پاشان هەڵدەستێت بەلاساییکردنەوە و وتنەوەیان. ئەمیش مانای وایە کە هێزی ئاوەزی بەکارهێناوە بۆ تێگەشتن و درکپێکردن پێش ئەوەی فرمان بدات بۆ گۆکردنییان ( شطناوی،

٢٠١١: ١٢٣ ) پرۆسەی وەرگرتن لە ژیانی مرۆڤایەتیدا پرۆسەیەکی گرنگە، وەرگرتن پێش درکاندنە، واتە منداڵ پێش ئەوەی قسەبکات تێدەگات، بۆ نموونە ئاریاس کە تەمەنی ساڵ و نیوێکە ناتوانێت قسە بکات، تەنها چەند وشەیەک دەزانێت، وەک: ( دایە، باوە، ئاو )، بەڵام کە پێی دەڵێین برۆ دەرگاکە دابخە. دەڕوات دەرگاکە دادەخات، واتە تێگەشتنی بۆ زمانەکە هەیە ، بەڵام هێشتا ناتوانێت گۆیان بکات، ( هەروەها گریمانەی فێربوون و وەرگرتن دەڵێت: تازە پێگەشتووانیش زمان وەردەگرن و توانای وەرگرتنی زمانەکان لە قۆناغی تازە پێگەشتوواندا لەناو ناچێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە تازە پێگەشتووان هەمیشە توانای ئەوەیان هەیە، کە زمانی دووەم بە شێوەی ئاستی زمانی یەکەم وەربگرن، بەڵکو ئەمە مانای وایە، کە تازە پێگەیشتووان دەتوانن بگەن بە هەمان ئامێری سروشتی وەرگرتنی زمان، کە منداڵ بەکاری دێنن ) ( عبدالله، ٢٠١٥: ٢٢ ) وەک : تاکەکانی ئەو ناوچانەی، کە بە چەند زمانێک قسە دەکەن ئەگەر فێری زمانەکەش نەبووبن، بەڵام لەیەکتر تێدەگەن، واتە وەرگرتن پێش فێربوونە. بۆ نموونە لە کەرکوک کورد و عەرەب و تورکمان دەژین، لەگەڵ ئەوەشدا هەرتاکێکی سەردانی هەرشوێنێکی گشتی بکات توشی هیچ کێشەیەک زمانی نابێت.

## ٢-٢/١)فێربوونی زمان:

پرسی فێربوون پێگەیەکی گرنگی زمان و دەرونزانییە، پرۆسەیەکی پەروەردەیی سەردەمیانەیە، تاک لە ڕێگەی فێربوون زۆربەی شارەزایی و کارامەییەکان بەدەست دەهێنێت، واتە فێربوون گۆڕانە لە ڕەفتار، وا دەبینێ کە فێربوونی ڕاستەقینە ڕوودەدات لای تاک کاتێک توانای دەبێت بۆ جێ بەجێکردنی ڕەفتاری نوێ کە جیاوازە بۆ ڕەفتارەکانی تر کە لەڕەفتارێکدا وابەستەبووە ( عزیز و عزیز، ٢٠٢١: ٩٤ ) ( ئارەزوی فێربوون لەگەڵ مرۆڤدا خوڵقاوە، بۆیە بەردەوام هەوڵدەدات بۆ ئەوەی فێربێت، فێربوون لە وەڵامدانەوەی ڕەفتاری سادە دەست پێدەکات، کە منداڵ لە یەکەم ڕۆژانی ژیانی ئەنجامی دەدات، تاکو تەمەن گەورەتر دەبێت وەڵامی ڕەفتاری زۆر سەخت و ئاڵۆزتر دەبێت ، چونکە توانستی وەرگرتن و فێربوون ئەگەر لە ماوەی ( ١٠ تا ١٣ )ساڵدا یارمەتی لە دەوروبەرەوە وەرنەگرێت، دەپوکێتەوە، و ئیتر ئەو کەسە هەرگیز فێری زمان نابێت ) ( محمد، ٢٠١٢: ١٨ ).

چۆمسکی ( لەو بڕوایە دایە، کە یەکێک لە مەبەست و ئامانجە سەرەکییەکانی زمانەوانی گەیشتنە بە میکانیزمی فێربوونی زمان لای منداڵ، واتە فێربوون چییە و منداڵ چۆن فێری زمان دەبێت ؟ وەڵام فێربوون بریتییە لە گۆڕانی توانستی مرۆڤ کە لە ئەنجامی پەیڕەوکردن یان مەشقکردن بەرجەستە دەبێت، یان گۆڕانی ڕێژەیی بەردەوامە تاک یان توانستی فێربوون کارامەیی یان مەعریفی یان هەڵچوونەکانە ) ( قادر، ٢٠٢٠: ٢٧ ) یان فێربوون ( بریتییە لە کۆی ئەو گۆڕانکارییە ناوەکیانەی لە فێرخوازدا ڕوودەدەن، بە واتای گۆڕانی ڕەفتاردێت، بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەفتار و کۆزانیارییەکی دیاریکراو، ئەم وەرگرتنەش بە هۆی بارێکی تایبەتی و لە ڕێگەی کارلێکی نێوان تاکی فێربوو و

بابەتی فێرکردن و کەسی فێرکەر بە شێوەیەکی زانستییانەی پسپۆریی دێتەکایەوە ) ( کەریم، ٢٠٢٢: ٩٥ )، واتە فێربوون پرۆسەیەکی عەقڵی زۆر ئاڵۆزە و هەمەلایەنە ، ژمارەیەکی زۆر پرۆسەو چالاکی و توانستی تر لە خۆدەگرێت، کە لە وەرگرتن و هەستپێکردنی ڕژێنەکان لە لایەن هەستەوەرەکانەوە دەستپێدەکات و دواتر گەیاندنیان بە مێشک و کۆگاکردن و لێکدانەوە و درکپێکردن و وەڵامدانەوە لە ڕێگەی ماسولکە و گڵاندەکان کۆتایی دێت" ( کریم، ٢٠١٩: ٨ )، ئەم پرۆسەیەش بە بوونی ژینگەیەکی گونجاو، لەبار ڕودەدات، واتە منداڵ کە فێری زمانێک دەبێت و قسەی پێدەکات، کاریگەری ژینگە و کلتوری لەسەرە ( چەمکی فێربوون لە ژیانی منداڵدا زۆر گرنگە، چونکە لە ڕێگەیەوە بونیادی کەسێتی منداڵ دیاریدەکات، زۆر بەڵگەی زیندوش دەیسەلمێنن، کە گفتوگۆ و قسەکردن لەگەڵ منداڵدا خێراتر فێری زمانی دەکات لەوەی تەنها هەر گوێبیستی زمان ببێت و ئەو بەشداری تێدا نەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جگە لەلاسایکردنەوە، مێشک ئەو توانایەشی تێدایە کە لەنەبوونەوە داهێنان بکات، واتە شتێک بڵێ، کە پێشتر نەیبیستووە، پیکنەر ئەوەی بە بواری داهێنانی مرۆڤ داناوە ) ( قەرەچەتانی، ٢٠١٥: ٣٢ )

(فیدباکی باوان و کەسانی دیکەی دەوروبەر کاریگەری لەسەر چۆنییەتی و چەندێتی فێربوونی زمان دادەنێن، چونکە ئاخاوتنی مرۆڤ بنیات دەنرێن لەسەر ڕێسای گرێدانی ژمارەیەکی سنوردار لە دەنگ بۆ ژمارەیەکی بێسنور لە پەیام، لە زمانێکی نمونەییدا، نزیکەی سی تا چل دەنگە زمانی جیاواز هەیە، دەکرێت ئەم دەنگانە زنجیرە ئاسا پێکەوە گرێبدرێن بۆ پێکهێنانی ژمارەیەکی بێشومار لە وشە ) ( کەریم، ٢٠٢٢: ٩٧ ).

چۆمسکی ( ئەوە دەخاتەڕو، کە منداڵ بۆ فێربونی زمان و گەشەکردنی لایەنی زمانی بەشێوەیەکی خێرا ئامادەباشییەکی زگماکیتێدایە. ئەو پێیوایە مرۆڤ کە لەدایک دەبێت میکانیزمێکی زگماکی بۆماوەیی بۆ فێربونی زمانی لەگەڵدا لەدایکدەبێت. ئەم میکانیزمە پێیدەگوترێت ئامرازی بەدەستهێنانی زمان، کە هاوکاری مرۆڤ دەکات لە زاڵبوون بەسەر ئاماژە دەنگییەکان و پێدانی واتایەکی تایبەت بەو دەنگانە. ئەم میکانیزمە لە توانایدا هەیە، چالاک بێت بەرامبەر ئەو بونیادە زمانییەی لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا هەیە، واتە منداڵ بێ ئەوەی بزانێت میکانزمی بەدەستهێنانی زمانی لە تەمەنێکی دیاریکراودا چالاک دەبێت و دەستدەکات بە ناسینەوە و گەنجینەکردنی ئەو دەنگانەی لە زمانی کەسانی دەوروبەرییەوە گوێبیستیان دەبێت ) ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٢٥ ) هەروەها ( زانایان منداڵ وەک تۆڕێکی ئاڵۆز و گەورەی ئەو خانانە وێنا دەکەن، کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ پەرەیان سەندووە تا گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی هاوکاری مرۆڤ بکەن لە فێربوونی زمان ) ( کریستاڵ، ٢٠٢٠: ٢٥ ). لەدوای لەدایک بوون بەبێ ئاگایی فێربوون ڕودەدات، چونکە منداڵ لە زمانپژانەکەیدا پێش وەرگرتنی داتای زمانی دایک تاکگەرایی خۆی لە داڕشتنی داتای زمانیدا دەخاتە گەڕ.

( گومانی تێدانییە کە قسەکردن فێربوونە، نەک زگماکە، چونکە ئەگەر قسەکردن زگماک بوایە ئەم هەموو زمانانە پەیدا نەدەبوون، قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان بە گوێرەی هەموو منداڵان یەکە و هیچ جیاوازی لە نێوان قۆناغەکان نییە با ئەو زمانە هەر چۆنێک بێت لە ژینگەدا فێری دەبێت بەم جۆرە کاتێک کە مرۆڤ فێری زمانێک دەبێت ئەو زمانە لە بارودۆخێکی گونجاودا بەکاردەهێنێت و هەوڵ دەدات وەکو تاکێک ڕفتارەکانی ملکەچی داب و نەریتی کۆمەڵگاکەی بێت ) ( شطناوی، ٢٠١١: ٢٠ ). بەو مانایەی هەموو چالاکیەکانی مروڤ و سەراپای ژیانی دەگرنەوە و بە جۆرێک لە دروستکردنی کەسایەتی تاکدا ڕەنگدەداتەوە.

( منداڵ چۆن فێری زمان دەبێت ؟ فێربوون ژمارەیەکی زۆر پرۆسە و چالاکی لە خۆدەگرێت. ( When one) پێیوایە منداڵ سێ هۆکار هەیە، کە وای لێ دەکات فێری زمان ببێت:

یەکەمیان مەرجەکانی دروست بوونی و توانستێکی باشی هەیە، کە دەتوانێت وشەکان دروست بکات کە لەگەڵ یاساکانی ڕێزمان دەگونجێت.

دووەم لایەنی ئاماژەکردن بۆ مەبەستێک، سەرەڕای ئەوەش، کە منداڵ وشەی ڕێزمانی بەکاردێنێ هەندێک جار زەحمەتە لێک بدرێتەوە ، چونکە نازانرێت دەربڕینەکە ئاگادارکردنەوەیە، یان ئاماژەیە بۆ شتێک یان داواکاریە ... .

سێیەم لایەنی ئەرکەکەی یان پەیوەندی خوازراو، یان چۆنیەتی بەدەستهێنانی شتەکان بە وشەکان ) ( Bruner, ١٩٨٣: ١٧ ) ( لەگەڵ ئەمەش فێربوون و زانیاری تەنیا شت نییە، ئەوەی منداڵ فێری دەبێت، بەڵکو ڕێکوپێکی و ڕێکخستنیش دەگرێتەوە. جگە لەوەش ئەو وشانەی منداڵ فێری بووە لەکاتی پێویستدا بیری دێتەوە. هەروەها منداڵ پێویستی بەوە نییە یارمەتی بدرێت بۆ فێربوون، ئەمە پەیوەندی بە چۆنیەتی کارکردنی مێشک و چۆنییەتی مانەوەی زانیارییەکانەوە هەیە، ڕاستیەکە، ناتوانرێ ڕاستەوخۆ تێبینی بکرێت، بەڵکو ئاسەوارە بەرهەم هاتووەکانی لە ڕەوشتی کەسەکە تێبینی دەکرێت، فێربوونی چاکسازی ڕەفتارییە، کە لە ڕێگەی دوبارەکردنەوە و بەکارهێنانەوەدا فێردەبێت ) ( عبدالله، ٢٠١٥: ٥ )، ( بەر لە تەمەنی شەش ساڵیش هەمو بنچینەکانی زمانەکەی وەک یاسای ڕێزمانی و چۆنییەتیی کارکردنیان فێردەبێت. هەروەها منداڵ لە تەمەنی شەش ساڵان دەتوانێت جیاوازی لە نێوان واتای ئەو وشانە بکات، کە زیاتر لە واتایەکییان هەیە ئەو کاتەی کە گوێت لەیەکێک دەبێ قسە دەکات فێری زمانی شیرینی دایکی دەبێت واتە چالاکی زمانی دەستپێدەکات ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٤٨).

## ٣-٢/١)توانست:

ڕێبازی بەرهەمهێنان لەو گریمانەیەوە دەستپێدەکات، کە چۆن توانستی فێربوونی زمان بەلایەنی بایۆلۆجی دەبەستێتەوە، بەپێی ئەو بەهرە زگماکییەی لە مرۆڤدا دەردەکەوێ، ئاواش ئاماژە بە ڕێزمانی سەراپا دەکات. ئەو زانیارییە زمانییانەی بەردەوام دەخرێنەڕو، دەبنە بنچینەیەک بۆ پێکهێنانی ڕێزمانی ناوەکی (Internal Language ( IL، کە دواتر زمان بەرهەم دێنێ ( رسول، ٢٠١٣: ٧٠ ) ( ئەوەش ئەوەمان پێ دەڵێ، مرۆڤ کە لە دایک دەبێ ئەندامێکی تایبەتی بۆ بەکارهێنانی زمان و لێکدانەوەی هەیە ) ( عبدالباری، ٢٠١١: ٥٧ ) "بە شێوەیەکی زگماکی ئارەزویەک و تواناکارییەکی تایبەت بە زمانی هەیەو لە گەڵ لەدایکبونیدا ئەو توانایە بەرکارە" ( Chomsky, ٢٠٠٧: ٢٢٤ ) چۆمسکی بانگەشەی ئەوە دەکات کە توانای زمانیی مرۆڤ زگماکە و کارەکتەری گشتی زانیاری زمانیی بە هۆی سروشتی عقڵەوە دیاریدەکرێت کە فاکەڵتییکی تایبەتیی زمانیی پێبەخشراوە هەروەها بە واتای ئەو زانیارییە کەسییە شاراوەیەیە دەربارەی یاساکانی ئەو زمانەی کە وایلێدەکات کە بتوانێ ژمارەیەکی گەورەی دیارینەکراو گوتنە نوێیەکان بەرهەمبهێنێت و تێیان بگات ( محمد، ٢٠١٩: ٢١ ) کە لەلای فێربوونی زمانێک – قسەکەری زمانەکە هەڵگیراوە، یاخود وەرگیراوە و هەر ئەو زانیاریانەش کە وەریگرتووە، بە شێوەیەکی بێ ئاگایانە لە تێگەشتن و بەرهەمهێنانی زماندا بەکاریاندەهێنێت ( مینە، ٢٠١٣: ٥ ) ئەمەش لەڕێگەی ئەو یاسایانە دەبێت کە قسەکەر لە بارەی زمانەکەیەوە کۆنترۆڵی کردووە، هەر بە هۆی ئەو یاسایانەوە دەتوانێ ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕستە پێکبهێنێ و لێیان بگات. هەر بەهۆی ئەو یاسایانەوە دەتوانێ ڕستەی دروست لە ڕستەی نادروست ( لەڕووی واتا و ڕێزماندا) لێک جیابکاتەوە. چونکە زانیاریی زمانەوانی و توانست و ڕێزمان هاوتای یەکترن ( ناوخۆش، ٢٠٠٥: ٩٥ ).

( ئاخێوەری زمانێک بە هۆی توانستە زمانییەکان کە لە مێشکدا هەڵگیراون چالاکیان دەکات و دەیانهێنێتە باری دەربڕین، چونکە چۆمسکی پێیوایە منداڵ پێش ئەوەی لە دایک ببێت ،توانستێکی لەبن نەهاتووی بۆ فێربوونی زمان هەیە، ئەم توانستەی منداڵ بۆ بەرهەمهێنانی زمان و تێگەیشتن یەکێکە لە خاسێتە بۆماوەیەکانی زمان و منداڵانی جیهان بەپێی یەک شێوازو یاسای ڕێزمانی هاوبەش فێری زمان دەبن ) ( قەرەچەتانی، ٢٠١٥: ٣٢ )، واتە توانست بریتییە لەو زانیاری و مەعریفەیەی، کە قسەکەر لەسەر یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکەی هەیەتی یان توانست بەواتای شارەزاییەکانی ناوەوەی مرۆڤ بە یاساکانی زمانەکە، کە کردەی قسەکردن بەڕێوەدەبا، یان ( بریتییە لە توانای قسەکەر و گوێگری نمونەیی لە هەموو دەنگەکانی زمان و گونجاندنی واتای تەواوی ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ یاساکانی زمانەکەی، کە لەلای وەرگری زمانێک یان قسەکەری زمانەکە هەڵیگرتووە. دەتوانێت وشەی ڕێزمانی زمانەکەی دروستبکات و لێیان تێبگات، هەموو یاسا ڕێزمانییەکان لە توانستدا هەڵگیراون کە

یەکە زمانییەکانییان تێدا دەنوێنرێت و کەرەستەی ڕێزمانیان لێوە بەرهەمبهێنرێت، کە لە کۆمەڵگا زمانیەکەوە وەریگرتووە ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٥٢ ).

تاک لە ژینگەی ئەو زمانەدا گەشەدەکات و توانستی خۆی دەخاتە گەڕ، توانست ناکەوێتە ژێر کاریگەری دیاردە کۆمەڵایەتی و ژینگە و بارە دەرونیەکان، هەموو منداڵێک ئیتر لە هەرچ کات و شوێنێک بن، ئەوا لە ڕێگەی ژمارەیەک دەنگی دیاریکراوەوە بەپێی ڕێساو ڕێزمانێکی نیمچە هاوبەش فێری زمان دەبێت و لەڕێگەی ئەو کۆمەڵە دەنگە بێ مانایەوە، ژمارەیەک وشەی لەبن نەهاتووی واتادار دروستدەکات ( قەرەچەتانی، ٢٠١٥: ٣٣ ) ( جگە لەمە دەتوانن فێری چەندین یاسای ڕێزمانی زۆر ئاڵۆزببن، هەروەها تێگەشتن پێش فێربوونە، واتە تاک پێش ئەوەی قسە بکات تێدەگات، کەواتە توانست دیاردەیەکی بۆماوەییە، پێویستی بەگەشەکردنە، لەڕێی یارمەتییەوە کە لە دەوروبەر وەریدەگرێت، توانست لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، هەموو ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت، کە مرۆڤ سەبارەت بە زمانەکەی دەیزانێت بەبێ ئاگایی، لە توانستدا مەودای هەڵەکردن نییە، ناکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵایەتی ) ( محمد، ٢٠١٢: ١٨) توانست دەمانگەیەنێتە ڕاستیی ئەدگاری داهێنان و بەبەرهەمی زمان بەگشتیی و مۆرفۆلۆجی بەتایبەتی.

## ٤-٢/١)چالاکی

چالاکی، ئاخاوتن بەکارهێنانی ئێستایی زمانە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، واتە دیاردەیەکی بەدەستهێنراو، واتە بۆماوەیی نییە، مرۆڤ لە دەوروبەرەوە بەدەستی دەهێنێت، بەکارهێنانی زمان بەپێی پێویست و ئەوهەڵوێستەی قسەکەری تێدایە، لەژێر دەسەڵاتی تاکەکەسدایە، مرۆڤ لە دەورووبەرەوە بەدەستی دەهێنێت، دەکەونە ژێر کاریگەری باری دەرونی و دیاردەکۆمەڵایەتییەکان، بۆیە لەچالاکیدا هەڵە دەکرێت ( محمد، ٢٠١٤: ١١٣ ) لە بەکارهێنانی زمان لە هەڵوێستێکی ڕاستەقینەدا ، کە قسەکەر بە شێوەیەکی سروشتی بگەڕێتەوە بۆ ئەو یاسا شاراوانەی لەناو توانستی زمانەکەدایە، کە کردەی قسەکردن بەڕێوەدەبات. یان پراکتیزەکردنی توانست لە ئاخاوتندا، بە واتایەکی تر بەرهەمهێنانی قسەیە، لەو توانستەی کە لە مێشکدا هەیە ( دزەیی، ٢٠١٣: ٩٦ ) یان ( چالاکی بریتییە لەدەرککردن یان پەیپێبردن بەو کۆدەی لە بارودۆخی ڕاستەقینەی زماندا بەکاردێت، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە کاتی کارکردنیدا، هەروەها بریتییە لە بەکارهێنانی زمان لە دۆخێکی ڕاستەقینەدا، یان چالاکی شێوازی چۆنیەتی بەکارهێنانی توانستە لە کرداری ئاخاوتندا، واتە لەکردارێکی پراکتیکی هەستپێکراو، کەبەهۆی توانستی مرۆڤەوە بەردەست دەبێت ) ( عبدالله، ٢٠١٥: ١٩ ) ( لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چالاکی ڕەنگدانەوەی ناڕاستەوخۆی توانستە بەو پێیەی منداڵ لە کاتی قسەکردنی سروشتیدا هەندێ برگە و وشەی هەڵە دەردکێنێت کە لە دەربڕین و ڕێزمانی زمانەکە بەدەرن ) ( مینە، ٢٠١٣: ٨ ) بۆ نمونە ( لەکاتی قسەکردندا زۆرجار قسەکەر توشی هەڵەیەک دەبێت لە قسەکانیدا،

چونکە بەکارهێنانی کەرەستەکان مەودای هەڵەکردنیان تێدایە جا بەهۆی خێرایی قسەکردن بێت، یان هەردۆخێکی تر، ئەمە واتای ئەوە نییە کە ئێمە زمانی زگماکی خۆمان نازانین یان توانستمان نییە، بەهەڵە بەرهەمهێنان و بەهەڵە لێکدانەوە هەڵەی چالاکییە، کە دەدرێتە پاڵ چەند هۆکارێکی جۆراوجۆری وەکو ماندویەتی، بێزاربوون، سەرخۆشی ترس ... واتە، چالاکی دیاردەیەکی بۆماوەی نییە بریتییە لە بەکارهێنانی زمان بەپێی پێویست و ئەوهەڵوێستەی قسەکەری تێدایە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری باری دەرونی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە ) ( محمد، ٢٠١٩: ٢١ ) "زانینی زمانێک بەو واتایە دێت، کە وشەکانی ئەو زمانە دەزانێت، واتە ئەو یەکانەی کە لە دەنگ پێکهاتوون واتایەکی تایبەتیان هەیە" (حەمەکەریم، ٢٠١٥: ٧٣ ) چالاکی، تیۆرێکی مەعریفییە لای منداڵ جێگیر نەبووە بەر لەدایکبوونی، بەڵکو لەسەرەتای لەدایکبوونیدا دەستپێدەکات.

کەواتە: بیری توانست کە ئەو توانا و سەلیقە زمانییانە دەگرێتەوە کە لە مێشکی قسەکەرێکی نمونەییدا هەڵگیراوە و بیری چالاکیش بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو توانستە. توانست زانینە زمانییە هەڵگیراوەکانی ناو مێشکە و قسەکەر لە کاتی بەکارهێنانی و کارکردنی پەنایان بۆ دەبات، بەڵام چالاکی بریتییە لە بەکارهێنانی زانستی زمان ( فەرهادی، ٢٠٠٨: ٤٢ ).

### ١-٢-٥) تیۆرەکانی فێربوون:

**لە بارەی فێربوون بەگشتی و فێربوونی زمان بە تایبەتی کۆمەڵێک تیۆر لە ئارادایە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، ئاماژە بە تیۆری بایۆلۆجی دەکەین:**

### ١/٢-٥-١)تیۆرە بایەلۆجییەکان:

تیۆری شیکردنەوەی زانیارییەکان و تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەش دەگرێتەوە. لە بەرانبەر ڕەفتارگەرەکان، ئەقڵگەراکان بانگەشەی ئەوەیان کرد، کە فێربونی زمان بریتییە لە پرۆسەیەکی مەعریفی ڕێسابەند. پێشنیازی ئەوەیان کرد، کە فێربوون بەستراوە، بە کۆزانیاری، داهێنان، توانای بۆماوەیی. لایەنگرانی ئەم تیۆرە باوەڕیان وایە، کە منداڵ پێش ئەوەی لەدایک ببێت خاوەن بەرنامەی پێشوەخت و ئامادەکراوی زمانە، توانستێکی خۆرسکی لەگەڵدایە بۆ فێربوونی زمان. هەر مرۆڤێک لەگەڵ لەدایکبوونیدا، ئامێرێکی لەگەڵدایە بە هۆیەوە زمان وەردەگرێت. توانای بەرهەمهێنانی وشەی نوێی هەیە، کە بیری نویێ دەردەبڕێت ( العزیز و اسعد، ٢٠٠٩: ٧ )، هەروەها ڕێزمانی بەرهەمهێنانی پێشتر لە ڕونکردنەوەی دوو ڕاستیدا دەگەڕا: هەموو منداڵێک توانای وەرگرتنی زمانی هەیە، بەهۆی ئەوەی جیاوازییەکی یەکجار زۆر لەنێون زمانەکانی جیهاندا بەدی دەکریێ. ئەم جییاوازییانە پابەندی وەسفی تەواوdescriptive adequacye و لێکدانەوەی تەواون adequacy explanatory بۆ دەستەبەرکردنی ڕونکردنەوەی تەواو بۆ هەموو زمانەکان. دەبێ ئەو تیۆرە لەڕوی تواناوە لەو ئاستەدا بێت، کەمنداڵ بتوانێت لە چوارچێوەی ڕێزمانی سەراپادا ( UG ) ( Grammar Universal) فێری زمان ببێت لەوەدا بیری ڕێزمانی سەراپا وەک چارەسەرێکی بەهێز بۆ ئەم دوو ڕاستییە پەسەنددەکرێت. زمانەوانیی بەرهەمهێنان هەوڵدەدات، وێنەیەکی زانیاری زمانی ناوەکی قسەکەری دایک ( دەرونی و بە زگماکی زانین ) ئامادەبکات. بەشێک لەم زانیارییە زمانییە ناوەکییانە باسی زگماکی ڕەگەزی مرۆڤ دەکات، کە پێی دەوتریێ ڕێزمانی سەراپا. لەبر ئەوە UG ئەو سیستەمەیە کە ئەو بنەماو یاسایانە پێکدەهێنێ، کە هەموو زمانێکی مرۆڤ وەک یەکە، واتە بنەما ڕێزمانییەکان تایبەت و یاساکان گشتین، بۆیە مێشکی منداڵ سەرەتا بەڕوی هەموو زمانێکی مرۆڤایەتیدا کراوەیە ( رسول، ٢٠١٣: ١ ) واتە ( یاسا ڕێزمانییەکان بۆ ماوەیی نین، بەڵکو توانایی داڕشتن و ڕێککاری یاساکان بۆماوەیین. بە واتای ئەوەی یاساکان بەرهەمی پێویستی بەکارهێنانی زمانەکەن، بەڵام توانای کارپێکردنی و دروستکردنی ئەم یاسایانە بۆ ماوەیین( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٥٣ ) ( هەموو منداڵێک ئیتر لە هەر کات و شوێنێکدا بێت، ئەوا لە ڕێگەی ژمارەیەک دەنگی دیاریکراوەوە بەپێی یەک شێواز و یاسا و ڕێزمانێکی گشتی فێری زمان دەبن، یەک ئاستیش لەخۆدەگرێت، هەرچەندە ژینگە و بارودۆخی ژیانیان جیاوازە، ڕێزمانی گشتی چەند بنەمایەکی ئەبستراکتن یارمەتی

بەکارهێنانی زمان دەدەن لە ڕێزمانێکی تایبەتدا بە زمانێکی دیاریکراو پێکهاتووە لەگەڵ ڕێزمانێکی گشتی کە هەموو زمانەکانی مرۆڤایەتی تیایدا هاوبەشن ) ( دزەیی، ٢٠٢١: ١٧٧ ).

( کە ئەمەش لەڕێگەی توانا جیاوازەکان دەبێت کە لایەنی بایۆلۆجی لە دەماخی مرۆڤ کە بەرپرسە لە وەرگرتنی پێکهاتەکانی زمان، لەوانەش کۆئەندامی قسەکردن و مەڵبەندەکانی مێشک و کۆئەندامی بیستن و بینین. بە هۆی چەند تایبەتمەندیەکی سروشتی کەڕاڤەی توانای منداڵ دەکات لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی زمان لەماوەیەکی کورتدا، زمان لە ژێر سێبەری هۆشدا خاوەن ڕێکخستنێکی سیستەماتیکە، بەهۆیەوە منداڵ دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەو هێمایانە بکات، کە ئاراستەی دەکرێت و مانای پێبدات و توانای وەڵامدانەوەی هەبێت کە یاساکانی زمانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەخاتە بەردەستی ) ( النوايسە و القطاونة، ٢٠١٠: ٤٤ ).

منداڵ لەگەڵ لە دایکبوونیدا بنەما و یاساکانی زمان فێربوون لەگەڵ خۆیدایە، چۆمسکی ( پێکهاتەی بۆماوەییەکەی ناوناوە میکانیزمی بەدەستهێنانی زمان ( "Language Acquisition Device " LAD ). ئەم میکانیزمە LAD چۆن کار دەکات؟ چۆمسکی لە کتێبەکەیدا ( The problem of knowledge and freedom ) بانگەشەی ئەوە دەکات، کە کاری لەسەر پەیوەندی دەنگ و واتا کردووە، کە ئەمەش بە یارمەتی کۆمەڵێک یاسای ناوەکییەوە کاردەکات، واتە ڕێزمانی عەقڵی ( Mental Grammar ) هەروەها ئەوەشی خستەڕو، کە ڕێزمان دەربڕی مەعریفەی زمانی قسەکەر و گوێگرە. سیستەمەکە توانای تێگەیشتنی هەیە بۆ شیکردنەوە زمانییەکان و هەموو حاڵەتە زمانییە نەزانراوەکان. ئەم میکانیزمە دەنگ وەردەگرێت، گریمانە دەکات، هەندێک جاریش واز لە دەنگەکان دەهێنێت، تا کۆمەڵێک یاسای زمانی گونجاوی بۆ کۆدەکاتەوە. گومان لەوەدانییە کە هەندێک بنەمای گەردونی لە مێشکدا هەیە، کە سنور و چوارچێوەی بۆ هەر زمانێکی مرۆڤ دادەنێت ) ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٥٢ )، ( وەرگرتنی زمان بەپێی ئەم تیۆرە تەنها کردەیەکی ئاخاوتنی نییە، بەڵکو دەتوانرێت بگوترێت مێشکی منداڵ لە لەدایکبوونەوە بەرنامەکراوە بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمان و زانیارییەکانی تر. ئەمەش زیاتر لەو ڕۆڵانەدا دەردەکەوێت، کە منداڵ وەکو داهێنەرێک دەبینێت، چونکە منداڵان کاردانەوەیان بۆ فێربوونی شتەکان وەک یەک نییە. بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کاتێک منداڵ زمان وەردەگرێت، دەتوانێ وشەی ڕێزمانی وا دەرببڕێ، کە پێشتر دەری نەبڕیوە و گوێبیستی نەبووە ) ( عارف، ٢٠١١: ١١ ) ( ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچونەی چۆمسکی کە دەڵێت: منداڵ کە لە دایک دەبێت (توانستێک) هەیە بۆ گەشەسەندنی زمانەکەی، کە بریتییە لە هەندێک بنەما لە خودا بەرجەستەکراوە، ئەم بنەمایانە پێکهاتەی نەگۆڕ لە تێگەشتن و بیرکردنەوە و فێربووندا دابیندەکەن، ئەو زانایە وای بۆدەچێت کە مرۆڤ لەگەڵ هاتنە دنیاوەی کۆمەڵێ زانیاری باشی سەبارەت بەزمان لە مێشکدایە ئەو زانیارییە خۆڕسکانە پێویستیان بە گەشەکردن هەیە و منداڵ ئەو گەشەکردنە لەدەوروبەرەوە وەردەگرێت ) ( عطية، ١٩٩٥: ٢٤ ).

### ٦-٢/١)قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی منداڵ:

زمان ئەو توانست و ئامادە باشیەیە، کە مرۆڤ لە بونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە. ئەو سەروەری و تایبەتمەندییەی پێ دەبەخشێت و لە ئەنجامی بوونی بنەمای جەستەیی و فیسیۆلۆژی پێشکەوتن. وەک ئامێرێکی پەیوەندیکردنە، کە مرۆڤ خاوەنیەتی، کاتێ ئەو دەنگانەی کە لە ژینگەدا بیستراوە بەدەست دێنێت ( العتوم، ٢٠٠٤: ٢٦٨ ) هەنگاوەکانی فێربوونی زمان لای منداڵ ( بەپێی سیستەمێکی ڕێکوپێک کاردەکات، هەر لەسەرەتای لەدایکبوونییەوە هەست بە دەنگ دەکات، چونکە هەر لەگەڵ لەدایکبونییەوە توانای پەیبردن و سیستەمێکی دەنگی هەیە، بەڵام بەهۆی پێنەگەیشتنی تەواوەوە توانای قسەکردنی نییە. گومانی تێدانییە سەرەتا منداڵ زمانی دایک و باوکی وەردەگرێت، قسەکردن و فۆنێمەکانی ئەم قسەکردنە لە دەوروبەرەکەیەوە بەدەست دەهێنێت. ئەرکە دەرونییەکانی مێشک ئەوەیە بەشێوەیەکی ئاسایی چۆن کۆنترۆڵی جوڵەی دەم و قورگ دەکات و هەستەکان دەگۆرێت بۆ واتا و ئاماژە. بۆیە دەبێت دایک و باوک دەوروبەری منداڵەکە ڕەچاوی پێشکەشکردنی شێوازی قسەکردنی دروست و ورد و ڕونبێ بەبێ هیچ نارونی و ئاڵۆزیەک ) ( عطیة، ١٩٩٥: ٣٢ ) ( پاشان ئەو چالاکییە زمانیانەی کە دایکەکە ئەنجامی دەدات، دەتوانێ کارامەیی زمانی منداڵ زیادبکات، واتە منداڵ زمانی یەکەمی ڕاستەوخۆ لەدایکی و باوکی و ژینگەی نزیک منداڵەکە بەدەست دێنێت، بەمشێوەیە تاک بە پرۆسەی فێربووندا تێدەپەڕێت، منداڵ هەمیشە سەرەنج و کاریگەری جۆراوجۆری ژینگە ڕای دەکێشێت، وەڵامەکەی لەسەر جۆری کاریگەرییە دەرەکییەکان و هێزەکانیان لەلایەک و تواناکانیان دەخاتە ئامادە باشییەوە، ئارەزوەخۆیەکان زمان وەک کەرەسیەکی پێشکەوتوو دانسقەی بۆ خۆی پاوان کردووە، هەروەها دوو فەرمان و کاری سەرەکی هەیە، یەکەمیان تێگەیشتن و کارلێکردنی کۆمەڵایەتییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، دووەمیان کەرستەیەکە بۆ دەرهێنان و دەربڕینی بیر وبۆچوونەکانی مرۆڤ ) ( قەرەچەتانی، ٢٠١٥: ٤٣ )، واتە ( ئەگەر زمان نەبوایە تاک نەیدەتوانی بەو شێوەیەی ئێستای لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگەکەی لێکتێبگەن و کار لەیەکتر بکەن، هەروەها بیروبۆچونەکان هەر لە کاسەی سەردەمایەوەو مرۆڤ نەیدەتوانی گوزارشتیان لێ بکات و بیانهێنێتە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زمان یەکێکە لە هۆکارەکانی ناساندنی شوناس، چونکە زاراوە زمانییەکان شوناسی مرۆڤ دەردەخات ) ( کریستاڵ، ٢٠٢٠: ٢٧٢ ) کە سەر بە چ گەل و نەتەوەیەکە، ( جگە لەمە گەورەترین بەهای زمان لەوەدایە، کە هۆکاری بیرکردنەوەمانە. قۆناغەکانی گەشەی زمان لە لەدایک بوونەوە دەستپێناکات، بەڵکو پێش هاتنە دەرەوەی کۆرپەلە لە سکی دایک دەستپێدەکات ، بەڵام بەڕونی دوای لەدایکبوونی بەدەردەکەوێت. ئەوکاتە دەبێتە شتێکی بەرجەستە و دەتوانرێت بە ئاسانی تێبینی بکرێت، دیارە لەشساغی و تەندروستی تەواو پاراستنی شیرە خۆرە لەنەخۆشی و خواردنی پێویست و بەردەوام، یەکێکە لە هۆکارە سەرەتاییە گرنگەکان، کە یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی لەوبارەدا نەمێنێتەوە ڕۆژبەڕۆژ گەشەبکات، دەرکەوتووە ئاگالێبوونی شیرەخۆرە لەم تەمەنەدا

کاریگەری بەسەر قۆناغەکانی تری تەمەنی منداڵەوە هەیە، لەگەشەکردنی لایەنی جەستەیی و مەعریفی دەبێت، وەک جوڵە و هەڵسوکەوت و پێگرتن، هەروەها بەهێزبوونی بیرو هۆش و لێکدانەوە ) ( عەبدولوەهاب، ٢٠١٥: ١٨ ) فێربوونی زمان ، وەرگرتن و فێربوونی زمانی کۆرپەلە لە دوای لەدایکبوون، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشەدەکات لەش دەکەوێتە جوڵەو ڕاهێنان، توێژەران لە ئەنجامی توێژینەوەکانیان گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە گەشەکردنی زمانی منداڵ بە چەند قۆناغێک تێپەڕدەبێت:

## ٢/١-٦-١)قۆناغی پێش لەدایکبوون:

سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی منداڵ پێش لەدایکبوون دەستپێدەکات، چونکە بە تێپەڕبوونی کات و پێشکەوتنی زانست ئەوە زانراوە، کە سەرەتای ڕاستەقینەی دروستبوون و پەیدابوونی منداڵ لەو کاتەوە دەستپێدەکات و گەشەدەکات، کە سپێرم و هێلکۆکە لەوێدا یەکدەگرن و دەپیتێن، یەکەم خانەی زیندوی لەش ( زایگۆت ) دروستدەکەن. بۆماوە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان، کە لە ڕێگەی هەریەکە لە سپێرمی باوک و هێلکۆکەی دایکەوە بۆ منداڵەکان دەگوێزرێتەوە . وەک دەوترێت منداڵ دەچێتەوە سەر خاڵوانی یان باوانی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە منداڵ کتومت دایک یان باوکێتی ( عەبدولوەهاب، ٢٠١٥: ١٨ ).

## ٢/١-٦-٢)قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان، قۆناغی دوای لەدایکبوون:

زمانی منداڵی شیرەخۆرە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت، زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان ئەو قۆناغەیان بەسەر سێ قۆناغی سەرەکیدا دابەشکردووە:

### ٢/١-٦-٢-١)قۆناغی هاوارکردن:

قۆناغی تازە لەدایکبوون، کۆرپەلە لە گرنگترین خەسڵەتە، کانی ئەم قۆناغە بەرجەستەی دەکات و کاردەکاتە سەر توانای منداڵ بۆ بەدەستهێنانی زمان، چونکە منداڵ لە لەدایکبونییەوە توانای پەیبردن و سیستەمێکی دەنگی هەیە، لەگەڵ ئەوەی منداڵ بەتوانستی دەربڕین لە دایک دەبێت، بەڵام بەهۆی پێنەگەیشتنی تەواوەوە توانای قسەکردنی نییە ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٢٣ )، واتە ناتوانێت ئەم ئەرکە ئەنجام بدات.

( منداڵی ساوا لەگەڵ لەدایکبووندا چەند دەنگێک لە شێوەی هاوارکردن بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بێ مانا...گریان دەردەبڕێت، یەکەم هاوارکردنیشی بەڵگەیە لەسەر دروستیی دەنگەژێکان و کۆئەندامی هەناسەدانی کە وەک وەڵامدانەوەیەکی هەڵچوونی گشتگیر دەریدەبڕێت، دواتر دەگرێت و گریان وەک ئامرازی یەکەمی زمان بۆ گوزارشتکردن لە برسێتی و ناڕەحەتی و هەستکردن بە ئازار بەکاردێنێت،

بەڵام هەندێ لە توێژەران ڕەتیان کردۆتەوە کە هاوارکردن و گریانی منداڵ لە سەرەتای قۆناغی شیرەخۆریدا بنەما و دەسپێکی زمان بن، چونکە ئەو دەنگانە دەنگی گشتین پەیوەندییان بە زمانێکی دیاریکراو نییە و هەموو منداڵانی جیهان بە یەک جۆر و یەک ڕیتم دەریدەبڕن، بەڵکو تەنها وەڵامدانەوەیەکن بەرامبەر بە برسێتی و تەنهایی و نائاسودەیی کە بەشێوەیەکی دینامیکی و خۆنەویست لە منداڵدا ڕوودەدەن. سەبارەت بە ماوەی قۆناغی هاوارکردن ئاماژە بە چەند کاتێکی جیاواز و لەیەک نزیک کراوە، هەندێ لە توێژەران ئەو ماوەیان بە دوومانگ دیاری کردووە، هەندێکی تریان لە ناویاندا کاڕل بوهلەر بە چوار مانگ دیاریان کردووە ) ( عولا و کاکەمند، ٢٠٢١: ٥٩١ ).

## ٢/١-٦-٢-٢)قۆناغی گڕوگاڵ کردن:

منداڵ لە قۆناغی هاوارکردنەوە کە قۆناغێکی کاردانەوەی خۆنەویستی ڕوتە، کە ئامادە نین بۆ قسەکردن و ئاخاوتن، دەچێتە ناو قۆناغی گڕوگاڵ کردنەوە کە بەندە لەسەر گۆکردنی خۆنەویستی، واتە لەم قۆناغەدا منداڵ هەندێک دەنگ قیژە ئاسا دەردەبڕێت، خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە ئامانجەکانی منداڵ، کە مەبەستی نییە هیچ شتێکی پێ دەرببڕێت، تەنها مەبەستی دووبارەکردنەوەو وتنەوەیەتی، وەکو بڵێی دەیەوێت دڵی خۆی پێ خۆش بکات ( شطناوی، ٢٠١١: ٢٦ )، بەڵام ( منداڵ لە مانگی یەکەمی تەمەنیدا دەنگەکان لە یەکدی جیادەکاتەوە، بە جۆرێک دەنگی مرۆڤ لە دەنگی دیکە جیادەکاتەوە. لە مانگی دووەمی تەمەندا، منداڵ وەڵامی جیاوازی دەبێت بۆ دەنگی دایکی و دەنگی کەسانی دیکەی نەناسراو لەلای ئەو. لە ناوەڕاستی مانگی دووەمدا هەندێک دەنگ دەردەکات) ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٢٤ ) ( لە تەمەنی دوو بۆ سێ مانگیش دەتوانێت هەندێ دەنگ لە ناو دەنگە جیاوازەکان بناسێتەوە، لە نێوان تەمەنی سێ مانگ بۆ شەش مانگەش گرنگی زیاتر بە دەنگ و ناسینی دەنگ و یاریکردن و وەڵامدانەوە بە دەنگەکان دەدات، هەر لەو ماوەیەدا پێ دەنێتە قۆناغی گڕوگاڵ، کە تێیدا کۆمەڵێک دەنگ لە شێوەی (غ،غ،غ،غ) دەردەبڕێت، ئەو گڕوگاڵکردنەش هێندەی پەیوەستە بە گەشەی بایەلۆژیی منداڵەکەوە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە پاداشت و بیستنی دەنگی دایک و کارلێک لەگەڵ دەنگەکاندا نییە، چونکە ئەو منداڵانەی کە کێشەی بیستنیان هەیە بە هەمان پرۆسەدا تێپەڕ دەبن، ئامانجی سەرەکیش لە گڕوگاڵدا ڕاکێشانی سەرنجی کەسانی ترە بۆ لای خۆی و لە زۆربەی کاتدا بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی بە باوانی یان کەسانی تر پەنا دەباتە بەر جوڵەی چاوەکان و دەنگەدەنگ و هەندێ کردە و جوڵە و ئاماژەی جەستەیی کە ناودەبرێت بە پراگماتیکی زمانی ) ( عولا و کاکەمند، ٢٠٢١: ٥٩٢ ).

### ٢/١-٦-٢-٣)قۆناغی لاساییکردنەوەی دەنگە بیستراوەکان:

لەم قۆناغەدا منداڵ هەوڵی لاسایی کردنەوەی ئەو دەنگانە دەدات، کە دەیبیستێت بە تایبەتی دەنگی ئادەمیزاد، تام و چێژ لەو دەنگانەی دەبینێت، لە لایەکی تریشەوە لاسایی قسە و ئاخاوتنی کەسانی چواردەورەی دەکاتەوە، بەم کارەش بۆ خۆی وشەی نوێ دروستدەکات، گەورەش سەرنج دەداتە وشە نوێیەکانی و دەیەوێت بە هەمان وشە بیدوێنێت، واتە گەورە دادەبەزێتە ئاستی زمانی ئەو منداڵە و لاسایی زمانی منداڵەکە دەکاتەوە، بەڵام ئەم لاساییکردنەوەیەش زۆر ناخایەنێت تاکو ئاراستەکەی سەرەو ژێر دەبێتەوە ( شطناوی، ٢٠١١: ٣١ ).

قۆناغی لاساییکردنەوە لە مانگی نۆیەمی تەمەنی منداڵدا دەستپێدەکات، فێری دەربڕینی یەکەم وشەدەبێت کە تێیدا لاسایی دەنگی کەسانی تر دەکاتەوە، لە تەمەنی یەک ساڵەشدا فێری دوبارەکردنەوەی وشەکان و داواکاریی کەسانی دەوربەری دەبێت هەروەها پێویستە ئاگاداری ئەوەبین، کە گۆڕان لە قۆناغی گڕوگاڵکردنەوە بۆ لاساییکردنەوە کتوپڕ ڕو نادات، چونکە لە ڕاستیدا قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان تێکهەڵکێشن ( عولا و کاکەمند، ٢٠٢١: ٥٩٢ ).

( بیستن ڕێگەیەکە بۆ ناسینەوە و لێک جیاکردنەوەی دەنگەکان ( فۆنێمەکان )ی زمان، ئەم قۆناغەی بیستن، دەبێتە هۆی تێگەشتنی منداڵ لە پەیوەندی نێوان ئەو چەپکە فۆنێمە و واتاکەی، کە لە کەسانی دەوروپشتییەوە گوێی لێدەبێت، لێرەدا ڕۆڵی لاسایکردنەوە دەردەکەوێت بۆ وەرگرتنی وشەکانی زمان و لێتێگەیشتنیان لە لایەن منداڵەوە. دوای بیستن و تێگەشتن، منداڵ هەوڵدەدات ئەوەی بیستویەتی و تێگەشتووە، خۆی بەرهەمی بهێنێت و بە دەنگ دووبارەی بکاتەوە ) ( عەبدولوەهاب، ٢٠١٥: ٦٩ ).

### ٢/١-٧)قۆناغی فێربوونی زمان:

### ٢/١-٧-١)قۆناغی فێربوونی وشە:

منداڵ لەم قۆناغەدا فێری وشە دەبێت، وەڵامدانەوەی مێشکی منداڵ لە کاتی لەدایکبوونیدا بۆ دەنگە درکێنراوەکانی، کە پارچە دەنگی هەماهەنگن، لە بۆتەی مۆرفێم و وشەدا، ئاماژەیە بۆ بوونی ڕێککاری فێربوونی زمان و بەشێکە لە بونیادی دەماری، کە منداڵ لەگەڵ بوونیدا هەیەتی. منداڵی ساوا هەر لە سەرەتاوە دەست دەکات بە فێربوونی یاسا ڕێزمانییەکان ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ١٦٨ ) ( ئەمەش ڕاستییەکی گرنگە لە پاڵپشتیکردنی بابەتی هەبوونی شێوازێکی دیاریکراو لە داڕشتن و بونیادی مێشکی مرۆڤ، زانایان سەرەتای قۆناغی وشە بەگشتی دەگەڕێننەوە بۆساڵی یەکەم لە تەمەنی زۆربەی منداڵان دەستنیشان دەکەن و نزیکەی نۆ مانگی بۆ بەشێک لە منداڵە وریاکان دادەنێن، بە دوبارەکردنەوەی هەر گوتنێک، یان لاسایکردنەوەیی دەنگەکانی زمان و توانای

گەشەسەندنی بیرو هزری منداڵ و ڕادەی وەرگرتنی وشە وهێماکان و چەسپاندنیان لە بیری منداڵدا و توانای گوتنەوەیان جاریکیتر زیاددەکات ) ( حمد، ٢٠١٤: ٤٣ ) ( بێگومان دیاریکردن و دەستنیشانکردنی تەمەنی دەستپێکردنی یەکەم وشە لای منداڵ بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکایەتی لای منداڵ و چەندین هۆکاری دیکە دیاریدەکرێت، وەک گەشەی ئەندامەکانی ئاخاوتن، کە لە دروستکردنی دەنگەکاندا ڕۆڵ دەگێڕن، بۆماوە، گەشەی مێشکی منداڵ، چونکە گشت کردارێکی ئاخاوتن و درکاندن دەبێت لە ژێر کاریگەری و کۆنترۆڵی تەواوی مێشکدا ئەنجام بدرێت. دیاریکردنی دەربڕینی یەکەم وشە لای منداڵ کارێکی ئەستەمە. توێژینەوەکان تێکڕای ساڵێک بۆ ساڵ و نیوێک دیاریدەکەن بۆبەرەو پێش چوون وفێربوونی زمان و بەکارهێنانی یەکەم وشە ) ( مینە، ٢٠١٣: ٦٠ ). ( سەرچاوەی فێربوونی و گەشەکردنی وشەکان لای منداڵ سات لە دوای سات لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا لە کارلێکی بەردەوامدایە، ئەم بەردەوامیەش پشت بە پێویستی هێزی لاسایکردنەوە دەبەستێت، کە پێکەوە یارمەتی دەدەن، بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر بۆ فێربوونی وشەکانی زمان ) ( عبدولوهاب، ٢٠١٥: ٧٥ )، ( بۆیە دایک ڕۆڵێکی کاریگەر لە گەشەکردنی زمانی منداڵدا دەبینێت، دەبێت بەزمانێکی سادە و دور لە گرێ و گۆڵ قسە لەگەڵ منداڵدا بکات و ئەو وشانە بەکاربهێنێت کە منداڵ تێیان دەگات. ئەرکی سەرەکی دایکە بەپێی تواناو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵەکانی بۆ ڕاست بکاتەوە، بەردەوام قسە لەگەڵ منداڵدا بکات بۆ ئەوەی فێری زۆرترین وشە ببن ) ( قەرەچەتانی، ٢٠١٥: ٥٠ ).

( سەرەتا  دەستکەوتنی زمانی منداڵ لە فێربوونی وشەدا زۆر هێواش دەستپێدەکات و پاشان منداڵ وشەی تەواو دەردەبڕێت و یەکەم جار فێری ناوەکان دەبێت،  لە ناوەکانیشدا بۆ یەکەمجار زۆربەی ئەو ناوانەی کە گۆیان دەکات ناوی تاک بڕگەیەی دوبارە کراوە دەبێت، وەکو ( ماما، بابا، دادا،... هتد )، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی خۆی بەکاریاندەهێنێت و ئەو پێداویستیانەش ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەدەکەن زیاد دەبن، بۆیە پێویستە زمان لە گەڵیدا گەشە بکات و وشە بەکاربهێنێت ) ( محەممەد، ٢٠٠٨: ٦٠ )، واتە ( منداڵ زمان بۆ دەربڕینی خاوەنداریتی تایبەت بەخۆی یان ئەوانی دیکە بەکاردەهێنێت، بەلەبەرچاوگرتنی خواست و پێویستییە تایبەتییەکانی خۆی، زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا زمانی تەلەگرافی پێدەگوترێت، چونکە کورت و پوختە و واتای گەورەشی هەڵگرتووە ) ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٢٤ )  بۆ نمونە کاتێک دەڵێ ( ئاو )، واتە توێنیمە، ئاو دەخۆم.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک، کە ( سمیث ) ( لە ساڵی ( ١٩٢٦ ) ئەنجامی داوە درکاندنی وشە لە نێوان ساڵی یەکەم و دووەم، بە شێوەیەکی خاو ڕێژەی وشەکان زیادەکات، بەڵام لە قۆناغەکانی تر بەشێوەیەکی بەرچاو زیادەکات، بەڵام گۆکردنی ڕستە خێرایە و کاتێکی کەمی پێویستە، دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین ئەم ڕێژەیە بەپێی شوێن و ژینگەی دەوروبەری منداڵەکە کەم و زیاد دەکات ) ( حمد، ٢٠١٤: ٤٤ ) ( ژمارەی ئەو وشانەی کە لەتەمەنی یەکساڵیدا منداڵ فێری دەبێت دەتوانێت دەریانببڕێت و گۆیان بکات

دەگاتە نزیکەی ٣٠ وشە، لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵەرانی بواری زمان لەسەر ئەو ڕێژەیە کۆک نین، لە تەمەنی هەژدە مانگەشدا توانای گۆکردن و دەربڕین و دووبارەکردنەوەی زیاتر لە ٢٠ وشەی هەیە لە ئەگەری زۆر دواندنیدا ئەو ڕێژەیە بەرزتر دەبێتەوە، سەبارەت بە ژمارەی وشەکانیش ئەنجامی توێژینەوەیەک کە لە لایەن ئیلیزابیت سمیت لەسەر (٢٧٢) منداڵ ئەنجامی دراوە دەریخستووە، کە لە ماوەی شەش مانگ بۆ ساڵ و نیویک تێکڕای ئەو وشانەی کە منداڵ فێریان بووە و دەتوانێت بەکاریان بهێنێت لە سێ دانە تێپەڕ ناکات، بەڵام زۆرێک لە توێژەرەکانی تر ئاماژەیان بە نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ وشە کردووە ) ( عولا و کاکەمند، ٢٠٢١: ٥٩٣ ) هەروەها لە تەمەنی ( ٢ – ٣ ) ساڵی منداڵ بە خێراترین تەمەنی گەشەی زمانی دادەنرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی کە گەشەی زمانەکەی و توانای دەربڕینی، بەتەواوی گەشە دەکات سەرەنجی ئاخاوتنی کەسەکانی دیکە دەدات، هەوڵی دووبارەکردنەوە و لاسایکردنەوەی ئاخاوتنەکان و وشەکان دەدات ( حمد، ٢٠١٤: ٤٣ )، ( گەشە و پەرەسەندنی پەیوەندیی نێوان دەنگ و جوڵە ساواکان بە چەندین قۆناغدا تێپەڕ دەبێت و لە هەر قۆناغێکی تازەدا پەیوەندیی نێوانیان گونجاوتر و هاوڕێکتر دەبێت، بۆیە لە کۆتایی دووەم ساڵی تەمەنی ( ٢٧٢ ) وشەو لە تەمەنی چوار ساڵیدا ( ١٥٤٠ ) ژمارەی ئەو وشانەی کە منداڵی تەمەن شەش ساڵ دەیزانێت، بە چواردە هەزار مەزەندە دەکرێت، ئەم ژمارانەش لە نێوان منداڵاندا بەپێی ڕادەی جیاوازی و ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر چۆنیەتی وەرگرتنی زمان و گەشەکردنی جیاواز دەبێت، هەروەها پێداویستی و ئارەزووەکانی منداڵ بە هەمان شێوە لەژێر کاریگەری ئەو ژینگە و کۆمەڵگایەی منداڵەکەی تێدا گەورە دەبێت جیاوازدەبن ) ( مینە، ٢٠١٣: ٦٠ ) ( جا لەو وشانەی کە بەکاری دەهێنێ ( ناو ) بە پلەی یەکەم دێت، بە ڕێژەی ٢٢,٨٨٪ دواتر کردار پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی ٣٨ ,١٠٪ ئامرازەکانی دیکە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی ٣٩,١٪ کە ڕۆژانە بەکاریدەهێنن ) (دزەیی، ٢٠٢١: ١٦٥ )

## ٢/١-٨)فێربوونی زمانی دووەم:

زمانی بێگانەشی پێدەوترێت و فێربوونی زمانێک یان زیاتر دەگرێتەوە، فێرخواز دوای زمانی یەکەم فێری دەبێت، بەڵام تا چەند ژینگەی زمانە کۆمەڵایەتییەکەی، جۆری کۆزانیاری زمانی و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگ و کلتوری بۆ زمانی یەکەمی تاک برەخسێت، ئەوا زمانەکەی پاراوتر و دەوڵەمەندتر دەبێت. دەوڵەمەندی و پاراوی زمانی یەکەم هۆکارێکی باش دەبێت بۆ گرتنەبەری ستراتیژی بۆ فێربوونی زمانی دووەم ( کریم، ٢٠١٩: ٣٧ ) ( سەرچاوەی ئەو فێربوونەش بە تەواوی بۆ دوای وەرگرتنی زمانی( یەکەم ) دەگەڕێتەوە، زمانێک یان چەند زمانێکی تر فێرببێت، ئەم دیاردەیەش دەکەوێتە دوای نزیکەی تەمەنی( یانزدە بۆ دوانزدە ساڵ )، چونکە هەموو منداڵێکی ئاسایی لەم تەمەنەدا زمانی دایکی بەباشی وەرگرتووە و فێربووە ) ( عەبدولوهاب، ٢٠١٥: ٨٤ ). (

زۆربەی کات ڕێژەی توانای فێربوون لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، چونکە مێشکی فێرخوازی لێهاتوو توانایەکی زیاتر لە بەکارهێنانی زانیارییەکانی لە چاو فێرخوازی کەم توانا هەیە. بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤی تەندروست توانای ئەوەی هەیە فێری زمانی دووەم ببێت، هەروەکو چۆن فێری زمانی یەکەم بووە ) ( عبدالله، ٢٠١٥: ١١ ) ( بۆ ئەوەی بە باشی بتوانین فێری زمانی دووەم بین باشترین ڕێگەی تێکەڵاویی وگفتوگۆکردنە، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەو زمانی دووەمە بەکاردەهێنن، چونکە لە ڕێگەیەوە وشە و دەستەواژەکانی ئەو زمانە نوێیە دوبارە دەکەینەوە، ئەمەش یارمەتیدەرێکی سەرەکی دەبێت لە باشتر فێربوونی زمانی دووەم ) ( کەریم، ٢٠٢٢: ١٤١ ).

(زانایان هاوڕانین لەسەردیاریکردنی تەمەنێکی دیاریکراو لای فێرخواز لەکاتی فێربوونی زمانی دووەم، هەندێک پێیانوایە فێرکردنی زمانی بیانی واباشە لەتەمەنی منداڵیدا بێت، لەبەر ئەوەی ئامادەباشی لای منداڵ زیاترە نەک گەورە، بە پێچەوانەشەوە هەندێکی دیکە پێیانوایە فێربوونی زمانی دووەم باشترە لەتەمەنی درەنگ وەخت بێت ( دزەیی، ٢٠٢١: ١٧٢ ) زۆربەی توێژینەوەکان، کە لەم بارەیەوە ئەنجام دراون ئاماژە بەوەدەکەن کە تەمەنی ( ١١ – ١٢ ) ساڵی باشترین تەمەنە بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمانی دووەم، چونکە فێربوونی زمانی دووەم لە تەمەنێکی بچووکدا کاریگەری خراپی لەسەر زمانی دایک دەبێت، بۆیە پێویستە تا تەمەنی ( ١٠ – ١١ ) ساڵی تەنها فێری زمانی دایکی ببێت، بۆ ئەوەی بناغەی زمانی دایکی تەواو بێت و پاشان لەسەر ئەو بناغەیە زمانی تر بونیادنرێت ) ( عبدالله، ٢٠١٥: ١١ ) چونکە لەو کاتەدا منداڵ بەتەواوەتی زمانی دایکی وەرگرتوەو فێری بووە.

## ٢/١-٨-١) بارودۆخەکانی فێربوونی زمانی دووەم:

١-فێربوونی یەکەمیان فێرخواز بە شێوەیەکی خودکار لە ناو کۆمەڵگادا وەریدەگرێ، واتە پرۆسەی فێربوون لەم جۆرەدا لەهەڵبژاردنی ستراتیژدا کراوە و والا دەبێت ( حەمەدەمین، ٢٠١٧: ٦ )

٢-فێربوونی دووەمیان بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو فێرخواز لە ناو پۆل فێردەکرێ، فێرخواز و فێرکار( مامۆستا )، جۆری تاقیکردنەوە و هەڵبژاردنی ستراتیژی لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا ئەوەیە، فێربوونی زمان بەباشی بەپاراوی بەرهەم بێنێت و فێرخواز توانای تێگەشتن و درکاندنی زمانی دووەمی هەبێت، واتە فێربوون لەناو پۆلدا توانای ئەوە دەداتە فێرخواز لەو هەڵانە دوور بکەونەوە، کە لە فێربوونی زمانی دووەم بە شێوەیەکی سروشتی زۆرباوە و بەدەردەکەون، واتە هەڵە و گیروگرفتەکانی فێربوونی زمان بەشێوەیەکی سروشتی زیاترن ( عبدالله، ٢٠٠٩: ١٠٦ ).

## ٢/١-٨-٢)ستراتیژیەتی فێربوونی زمانی دووەم:

مەبەست لە ستراتیژیەتی فێربوون شێوە و جۆرەکانی هەڵسوکەوتە، کە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی فێرخواز دەبێت، بۆیە ستراتیژی فێربوونی زمان هەمیشە لەگەڵ کۆزانیاری فێرخواز و فێرکەر ( مامۆستا ) جێبەجێکار ئەزمونی نوێ و شەقڵی نوێ دەگرێتەبەر، لە پێناو خۆشەویست کردن و گرنگیدان بە پرۆسەی فێربوون ( عبدالله، ٢٠١٥: ٧ ).

(Brown) دەڵێت: ستراتیژ "رێگەیەکی دیاریکراوە بۆ لێکۆڵینەوەی گرفتێک، یان بەجێهێنانی گرنگییەک، یاخود کۆمەڵە کار و پرۆسەیەکە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، واتە نەخشەیەکی وێنەکێشراوە لە پێناو رێکخستنی زانیاری دیاریکراو و کۆنترۆڵکردنیان" ( کریم، ٢٠١٩: ٣٩ ) ئەمەش جەختکردنەوەیە لە گەیشتن بە ئامانجی فێربوون و کۆنترۆڵکردنی نەخشەی دیاریکراو لە نێوان فێرکەر و فێرخوازدا.

( ستراتیژی کارێکی تایبەتە، کە مامۆستا ئەنجامی دەدات، بەمەبەستی فێربوون بە شێوەیەکی سوک وئاسان و خێراتر و پرچێژتر پرۆسەکە بەکاردەهێنن، تا کاریگەری زیاتری هەبێت و توانای ئەوەی تێدابێت لەسەر هەڵوێستە نوێیەکان پەیرەو بکرێت، واتە ستراتیژیەتی فێربوون ئەو بۆچوونانە دەستنیشاندەکات، کە مامۆستا لەپرۆسەی فێرکردندا دەیگرێتەبەر، بەمەبەستی فێرکردن بە شێوەیەکی سوک و ئاسان بێت، ئەم جۆرە پرۆسەیەش خۆشەویستی زمانی دووەم لەلای فێرخواز دروستدەبێت ) ( عبدالله، ٢٠١٥: ٧ ).

(Suwanarak) دەڵێت: ستراتیژ ( بەجێهێنانێکی بە ئاگایی دیاریکراوە، فێرخواز لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بە مەبەستی گەیشتن بەئامانج ئەنجامی دەدات، پەیوەست بە شێوازی فێربوون و ئاستی وەرگرتنەوە، واتە چەند رەفتارێکی مەبەستدارە، فێرخواز لەکاتی فێربووندا بەکاریدەهێنێت. ئامانجی سەرەکی لە نەخشەرێگای ستراتیژ گەشتنە بە فێربوونی زمانی دووەم، واتە کەرەستەیەکی گرینگە و کاریگەرە لە ئاراستەکردنی فێرخوازدا ) ( کەریم، ٢٠١٩: ٤٠ ).

## ٢/١-٩)گرنگی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم:

لێکۆڵینەوە لەسەر ستراتیژەکانی فێربوون لێکۆڵینەوەیەکی کاریگەر و ئارەزومەندە بۆ فێرخواز. زۆر لە فێرخوازان و مامۆستایان سودمەندبوون و ستراتیژیەکانی فێربوونیان دۆزیوەتەوە.

رۆڵی بیرۆکەی ستراتیژی لە تیۆری فێربوونی زمانی دووەمدا، جەخت لەسەر دوو پرسیار دەکاتەوە:

١- ئایا چۆن فێرخواز فێری زمانی دووەم دەبێت؟

٢- ئەو هۆکارانەی فێرخواز پشتی پێدەبەستێت بەمەبەستی گەشەسەندنی تواناو گەیاندنی زمانانی چین؟

(Pavicic) دەڵێت: ( ستراتیژی فێربوون لە وشەوە بەدەردەکەوێت، فێرخواز لەسەر فێربوونی وشە و ڕێکخستنیان و بەکارهێنانیان لە دەرەوەی پۆڵدا ڕادەهێنرێت، ئەمەش وا لە فێرخواز دەکات، باوەڕی بەخۆی هەبێت و پەرە بە بەرهەمی زمانی بدات و توانای گەیاندنی هەبێت.) ( کریم، ٢٠١٩: ٤١ )، بۆ ( فێربوونی لایەنی مۆرفۆلۆجی زمانەکان بە بەراوردکردنی دوو زمان بە مەبەستی دەستنیشانکردنی لایەنە جیاوازەکانیان کە دەناسرێت بە زمانەوانیی بەرامبەری ( Contrastiv Linguistics ) ئەمەش لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی فێرخوازی زمانەکە دەبێت بەکاردەهێنرێت ) ( سەعید، ٢٠١١: ١٢ ).

زۆرێک لە لێکۆڵینەوە نوێیەکان فێربوونی زمانی دووەم گرنگی بە بابەتی فێربوون دەدەن، بۆیە دوو بیروبۆچوونی جیاواز لەم بارەیەوە هاتە ئاراوە:

( بۆچوونی یەکەم زیاتر گرنگیان بە تایبەتمەندی فێرخوازی باش و فێرخوازی ناوەند دەدا، چونکە زۆربەی کات ڕێژەی توانای فێربوون لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، مێشکی فێرخوازی لێهاتوو توانایەکی زیاتری هەیە لەبەکارهێنانی زانیارییەکان لە چاو فێرخوازی کەم توانا ) ( عبدالله، ٢٠١٥: ١١ ) ئەو ئاستەنگانەی لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا ڕووبەڕووی فێرخواز دەبنەوە. لە بۆچوونی ئەوانەوە ئەم پرسیارانە سەرهەڵدەدات:

ئایا ئەو گۆڕانکاریانەی تێکەڵ بە زمانی دووەم دەبن چین؟

ئایا چۆن فێرخواز لە کاتی پرۆسەی فێربوونی زماندا پشت بەخۆی ببەستێت؟

بۆچوونی دووەم گرنگی بە چەند ڕواڵەتێکی تر دەدات وەکو ( تەمەن، ئامادەباشی، پاڵنەر، کاریگەری شێوازی فێربوون و هۆکاری کەسایەتی ) لە فێربوونی زمانی دووەمدا ( کریم، ٢٠١٩: ٤١ ).

## ٢/١-١٠)قۆناغەکانی فێربوونی زمانی دووەم:

## ٢/١-١٠-١)قۆناغی ڕێزمان و وەرگێڕانی وشە:

بێگومان زانینی هەر زمانێک بۆ هەر قسەپێکەرێک، زانینی یاسا ڕێزمانییەکانی ئەو زمانە گرنگە، چونکە ڕێزمان هۆکارێکە بۆ ڕەوانی قسەکردن و لە کاتی نوسینیشدا یارمەتی خوێنەر دەدات بە باشی لە مەبەستەکە تێبگات، بێ ئەوەی هیچ ئاڵۆزییەکی بۆ دروستبێت، بۆیە بە ناسراوترین ڕێگا بۆ فێربوونی زمانی دووەم دادەنرێت ( عەلی، ٢٠١٤: ٢٧٣ ) هەر ( ئەم ستراتیژە وا لە فێرخواز دەکات، ڕێزمانی زمان بە مەبەستی فێربوون لەبەربکات، واتە فێرخواز بۆ فێربوونی پشت بە

لەبەرکردن و پاراستنی لە یادگەدا دەبەستێت، ئاشکرایە ئەمەش تەنیا بەشێکی بچوکە بۆ کرداری فێربوون ) ( کەریم، ٢٠١٩: ٤٢ ).

بوونی ئەم قۆناغە لە ستراتیژی ئێستای فێربوونی زمانی دووەمدا گرنگە، چونکە بەکارهێنانی وەرگێڕان لە نێوان زمانی دایکی و زمانی ئامانج ڕێگە پێدراوە. ئەمەش لە پێناوی ئەوەی، کە فێرخواز مانای وریایی وشەکان بزانێت و هەڵە لە تێگەیشتندا ڕونەدات، هەروەها پرۆسەی هەڵگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری و ئەزمونەکان و دووبارەبانکردنەوە و بەکارهێنانەوەیان ئاساندەکات.

بەمەش بەردەوام وشەی نوێ دەچێتە ناو فەرهەنگی ئاوەزی تاکەکان و پارێزراو دەبێت، لە کاتی پێویستی یان گەیاندنی مەبەستێک، لەلایەن ئەو تاکەوە دووبارە هەوڵدەدات بە شێوەیەکی جیاوازتر دایبڕێژێتەوە و بیگەیەنێت بە کەسانی بەرامبەری ) (عبدالله، ٢٠١٥: ٧ ) بوونی ئەم قۆناغە لە ستراتیژی ئێستای فێربوونی زمانی دووەمدا گرنگە، چونکە بەشێک لە ستراتیژی ڕێزمان و وەرگێڕان ڕەنگڕێژی پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم دەکات.

## ٢/١-٧-٣-٢)قۆناغی بینیین و بیستن:

هۆکاری دروستبوونی ئەم قۆناغە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی ڕێگای ڕێزمان و وەرگێڕانەوە دروستبوو، کە ئامانجە بۆ گەشەی بەهرەی بیستن و ئاخاوتن لەسەر بنەمای ئەوەی دوو بەهرەی سەرەکین بۆ فێربوون، ئەم ڕێگایە پشت دەبەستێت بە ڕاهێنان و دوبارەکردنەوە لەسەر ئەو بنەمایەی فێربوون لە سێ هۆکار وەردەگیرێت، کە بریتیین لە ( هاندان  و وەڵامدانەوە و بەهێزکردن ) ( کەریم، ٢٠١٩: ٤٣ ) هاندان کاتێک لە پرۆسەی فێربوون بەکاردەهێنرێت، کە دەتەوێت ڕەفتاری دروست بکەیت یان فێری زمانی دووەمی بکەیت.

( هۆکارەکانی فێربوون یارمەتیدەرێکی باشن، بۆ فێرخواز، ئەرکی فێربوون ئاسانتر دەکەن، لە قۆناغی بیستن و بینیندا لە فێرکردنی زمانی دووەم، چونکە ئەگەر وێنە نەبوو فێرخواز خۆی وێنەیەکی وەهمی بۆ ئەو شتە دروست دەکات، دووبارەکردنەوەی وشەکان بە زۆری، دەبێتە هۆی چەسپاندنی دەنگی وشەکە و وێنەکەی ) ( عبدالله، ٢٠١٥: ١٠٦ ).

( لە قۆناغی بیستن و بینیندا هەرچەندە فێرخواز هەستەکانی بینین و بیستن بەکاربهێنێت زانیارییەکان دووبارە بکاتەوە زیاتر فێری زمانەکە دەبێت، چونکە هەستەکانی مرۆڤ هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەدەمارەکانی مێشکەوە هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە مرۆڤ فەرمان وەردەگرێت و زانیارییە پارێزراوەکانی لە شێوەی ئاخاوتن و ڕەفتاردا دەخاتە ڕو، بۆیە کاتێک زانیارییەکانمان لە ڕێگەی هەستەکانەوە وەردەگرین مێشک هەڵدەستێ بە کرداری کۆدکردنی ئەو زانیاریانە بە هەمان ئەو شێوەیەی کە هەیەتی، بۆ نمونە کاتێک زانیاری وێنەیی وەردەگرین، ئەو کات

مێشک لەشێوەی وێنە ئەو زانیارییانە کۆد دەکات، هەروەها زانیاریی بیستن لە شێوەی دەنگ و وشە کۆد دەکات و زانیارییەکانی هەستکردنیش لە شێوەی هەست و سۆز کۆد دەکات، بۆیە هەر کات زانیارییمان بۆ دێت ئەوە مێشک بە هەمان ئەو شێوەیەی زانیارییەکانی تێدا پارێزراوە گوزارشتیان لێدەکات ) ( صالح، ٢٠٢٠: ١٤٢ ) ( هەرچەندە لەم قۆناغدا فێرخوازان بە ناچاری بەم ستراتیژە فێری زمانی دووەم دەکرێن، بەڵام زۆربەی فێرخوازانی ئێستای فێربوونی زمانی دووەم بە ویست و ئارەزوی خۆیان دەیانەوێت فێری زمانی دووەم ببن.

بنەمای بەهێزکردن، یەکێکە لەو بنەمایانەی کە فێرخواز پشتی پێدەبەستێت لە فێربوونی زمانی دووەمدا، فێرخواز لە ڕوانگەی فێربوونی زمانی دووەمەوە هەمیشە لە جموجۆڵ و بزێوی و تەکنیکی خۆتاقیکردنەوەدان، دەیانەوێت لەکاتی ئاخاوتنی زمانی دووەمدا ڕانەوەستن و لە ئاخاوتن بەردەوامبن ) ( کریم، ٢٠١٩: ٤٣ ).

## ٢/١-١٠-٣)قۆناغی ڕێزمانی گشتی:

ئەم قۆناغە لە سەردەستی چۆمسکی سەری هەڵدا، کە مەبەست لە ڕێزمانی گشتی ئەو دیاردە زمانیانە دەگرێتەوە، کە لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە، بەو واتایەی زۆربەی بابەت و کەرەسە ڕێزمانیەکان دەچنە ژێر باڵی ڕێزمانی گشتییەوە، بە بڕوای چۆمسکی ئەو کەرەستانە لە هەموو زمانەکاندا هاوبەشن ( خۆشناو، ٢٠١٤: ١٧١ ) ئەم بۆچونە وای لە چۆمسکی کرد، کە بیرۆکەی ڕێزمانی سەراپایی ( Grammar Universai ) دابهێنێت. دوای ئەوەی چۆمسکی و زاناکانی دیکەی زمانەوانی و دەرونی باوەڕییان بەوە هێنا، کە لە مێشکی مرۆڤدا ئامرازی بەدەستهێنانی زمان ( Device-LAD Language Acquisition ) هەیە، بیرۆکەی ڕێزمانی سەراپایش هاتە ئاراوە، چونکە چۆمسکی پێیوایە، کە جیاوازی لە نێوان ڕێزمانی سەراپایی و ئامرازی بەدەستهێنانی زمان (LAD )دا نییە، بەڵکو هەردوکیان دوو ڕێگای جیاوازن بۆ یەک ئامانج. ئەویش بەدەستهێنانی ئەو زمانەیە، کە مرۆڤ پێیدەئاخڤێ (ئەحمەد، ٢٠٢١: ٢٣ ) لەسەر ئەم بنەمایە فێرخواز دەتوانێت گەشە بە توانستی خۆی بدات، چۆمسکی وا دەڕوانێتە دەرپینی ئاخاوتن، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ جێگیربوونی بەهرەی ڕۆنانی زمانی بۆ فێرخواز، لەسەر بنەمای پاشخانی کۆزانیاریی زمانی یەکەم.

ئەم گەشەسەندنە نوێیە بووە هۆی دەرخستنێکی نوێ لە فێربوونی زمانی دووەمدا، لەم بارەیەوە (Coder) دەڵێت هەڵەی زمانی لەلای فێرخوازی دووەم ئاماژەیە بۆ گەشەکردنی ڕۆنانی زمانی. ئەم قۆناغە لە ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەمدا کاریگەرییەکی دیاری لەسەرفێرخوازی زمانی دووەم هەیە، چونکە چۆمسکی جەخت لەسەر کۆزانیاری زمانی یەکەم دەکاتەوە.

هەروەها لە فێربوونی زمانی دووەمدا، ئاماژە بۆ چەند جۆرێک هەڵەی وەکو ( هەڵەی ڕێکخستنی ڕێزمان ( مۆرفۆلۆجی، سینتاکس )، هەڵەی درکاندن و ڕێکخستنی درکاندن، هەڵەی تێنەگەشتن لە واتای وشە ) دەکەن ( کریم، ٢٠١٩: ٤٤ )، واتە فێربوونی فێرخواز بەندە بەڕاستکردنەوەی هەریەک لەو جۆرە هەڵە هێماییانە بۆ گەشە و پەرەسەندنی توانای فێربوونی زمانی دووەمی فێرخواز.

# بەشی دووەم:

## ٢)فەرهەنگ و دەروازە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا:

### ١/٢)فەرهەنگ و نواندنی فۆرمە مۆرفۆلۆجییەکان:

هەنگاوەکان لە فەرهەنگەوە دەستی پێکردووە. لەسەر ئەو بیروبۆچوونە هەنگاوی ناوە، کە زانیاریی مۆرفۆلۆجیش لە فەرهەنگدان. واتە سەرباری زانیارییە فۆنۆلۆجیی و سینتاکس و واتا، ئاخێوەری زمان زانیاریی مۆرفۆلۆجییانەشیان هەیە. لە لێکۆڵینەوەکەدا بۆ خستنەڕووی ئەو زانیارییە دروستە و فۆرمە مۆرفۆلۆجییەکان بەکارهێنراون، چونکە فەرهەنگ هەڵگری کۆی زانیارییە زمانییەکان، کە زانیاریی مۆرفۆلۆجیش لە فەرهەنگدان. ئاخێوەری زمان زانیاریی مۆرفۆلۆجیان هەیە. لەم بەشەدا هەوڵدراوە بۆ خستنەڕووی ئەو زانیارییانە دروستەی فۆرمە مۆرفۆلۆجییەکان بەکارهێنراوە. بۆ دروستە مۆرفۆلۆجییەکانی بەشەکانی ئاخاوتن لەسەر وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان تا هەیکەلی دروستەکە دیاریی بکرێت و لە ڕێیەوە هەوڵی تێگەشتن و فێربوونی زمان بدرێت لە ڕوانگەی زانستە پەیوەندیدارەکان بە زانستی فەرهەنگی عەقڵییەوە شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ فەرهەنگی عەقڵی و داڕشتنی وشە لەو زماندا دەخەینە ڕو( مەعرووف و عەزیز، ٢٠٢٢: ٤١ ).

### ١-١/٢) فەرهەنگی ئاوەزیی ( عەقڵی ):

فەرهەنگی ئاوەزی: دەروازەی کۆزانیاری ( مەعریفی ) زمانی مرۆڤە، کە بریتییە لە نواندنێکی زەینی زانیارییە فەرهەنگییەکان، هەموو ئاخێوەری زمانی دایک وشەی تێدا گەنجینە دەکات ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٦ ) ( فەرهەنگ جگە لەوەی، کە وەکو لیستێکی نابەرجەستەی وشەکانی زمانەکە بەکاردێت، وەک کۆگایەکی زیندو و هەمیشە نوێکراوەیە بۆ یەکە زمانییەکان و زانیاری پێویستی لەگەڵ تاکە تاکەی وشەکان هەڵگرتووە، لە پاڵ ئەوەدا زانیاری لە بارەی دانەی فەرهەنگی ( Lexical item ) بەدەستەوە دەدات، مەبەستمان لە زانیاری، پۆلی ڕێزمانی یەکە فەرهەنگییەکە و واتاکەی و چۆنیەتی گۆکردنیان ) ( قادر، ٢٠٠٩: ٣٠ )، هەروەها ( زانیاریە ( فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، ڕێزمانیی ) لە بارەی وشەکانەوە تێدایە، ئەو زانیارییانە بۆ بەکارهێنانی وشەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕێکخراو پێویستن، پرۆسەی هەڵگرتنی زانیارییەکان و چۆنییەتی پۆلکردنییان و دواجار چۆنییەتیی هێنانەوە و بەکارهێنانیان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و خێرا و وردە، کە مێشکی مرۆڤ بۆ هەر یەک لەم کارە هەستیارانە کۆمەڵێک خانەی دەماری مێشک ناوچەی جیاجیای بۆ تەرخانکروە. زمانەوانی بە ئەرکی خۆی دەزانێت ئەم ناوچانەی مێشک دیاربکات و پرۆسە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنانی کردەی قسەکردن تیایاندا ڕونبکاتەوە ) ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٥ ) ( سەرنجی زۆر لە زمانەوانەکان و ئەو کەسانەی لە بوارەکانی پەیوەندیی زمان و ئاواز، چۆنێتی هەڵکەوتن و کارکردنی ئاوازەی مرۆڤ، لەگەڵ زۆر لە پزیشکانی

نەخۆشیەکانی گوتن کراوە. هەریەکە لەمانە بەپێی بواری کارکردن و ئامانجی جیاواز لێکۆڵینەوە و پشکنینەکانیان هەوڵیانداوە پێناسەی بکەن و لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی گەڕان و هەوڵدان بۆ زانینی ئەوەی چۆن مرۆڤێکی ئاسایی توانای داکردنی ( کۆگاکردن )ی ئەو ژمارە زۆرەی وشەی هەیە ) ( ابراهیم، ٢٠١٩: ١٠ ). وەرگرتنی وشە و گەنجینەکردنی لە مێشکدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و زۆر جیاوازە. "بە شێوەیەکی گشتی کاری یادگەی مرۆڤ لە سێ پرۆسەدا خۆی دەبینێتەوە، بەکۆدکردن و گەنجینەکردن و گێڕانەوەی زانیاری "( Lexcellent, ٢٠١٩: ١٧) ( لیستکردنی وشەکان بەشێکی سەربەخۆیە لە یادگەی درێژخایەنی مرۆڤدا، کۆزانیارییەکانی ئاخێوری زمانەکە لەخۆدەگرێت، واتە هەموو ئەو یەکە فەرهەنگییە دەگرێتەوە، کە قسەکەر و گوێگر لە مێشکی خۆیاندا هەڵیان گرتووە، لەکاتی دەربڕیندا کەرەستەکان دەردەهێنرێن و لە هەریەک لە و پێکهاتانەدا، بەهۆی پەیڕەوکردنی دەستورو یاساکانەوە تاقیدەکرێنەوە و دروستەی زمانیی جیاوازیان لێبەرهەمدەهێنرێت. بەپشتبەستن بەم ڕاستییانە، چاوەڕێدەکرێت زانیاریی هەڵگیراوی نێو توخمەکان، لەڕێی یاسا فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆجییەکانەوە بەرجەستەبکرێن و بنوێنرێن ) ( سەعید، ٢٠١٩: ٧ ) ( ئەمەش لە توانستی مۆرفۆلۆجییانەی قسەپێکەرانی زمانێک لە سەلیقەی زمانییان لەبارەی دروستەی مۆرفۆلۆجییەکان و داڕشتنیاندا دەردەکەوێت، کە پێوەرە بۆ دۆزینە و گەیشتن بە وشەکان، لەگەڵ ئاماژەدان بەهەندێک زانیاریی وشەکە ) ( ئەحمەد، ٢٠٢١: ٨ ) وەک دیاریکردنی بەشە ئاخاوتنەکە ( ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەلکار، کار،...هتد ) .

## ٢-١/٢)زانیارییە مۆرفۆلۆجییەکان لە فەرهەنگدا:

زانیاریی مۆرفۆلۆجی تاک و بەکارهێنانی تاکلایەنانەی یاسا مۆرفۆلۆجییەکان لێکدراوەتەوە. بەو پێیەی ئاگایی مۆرفۆلۆجییانە، ئاگایی تاکلایەنانە تاکە لە داڕشتن و لێکداندا. ( چونکە ئاخێوەری زمانێک زانیارییەکانی پەیوەست بەڕێزمانەکەیەوە لە لایەو لە بەکاربردنی زماندا بە ئاگاییەوە بەرجەستەی دەکات، بۆیە دەبێت ئاماژەبەوە بدرێت کە ئەو زانیاریانە کەرستەیەکی خاون و لە ناو فەرهەنگی ئاوەزییدا خەزنکراون، بەوەش زانیارییەکان لە خەزنکراوە فەرهەنگییەکاندا نواندنێکی ناوەکی ( Internal Representation ) دەبێت و لە ڕێزمانیشدا نواندنێکی دەرەکی ( External Representation ) زانیارییەکانی ئاخێوەری زمان لە کەرەستە فەرهەنگییەکانی دان و لە ڕێزماندا دەخرێنەڕوو، واتە زانیارییە هەڵگیراوەکەی ناو فەرهەنگ دەبنە بنەمای فۆرمداڕشتن لە ڕێزماندا ) ( مەعرووف، ٢٠٢٠: ١٦٧ ) توێژەرانی بواری مۆرفۆلۆجی هەوڵی ئەوە دەدەن "دەزگایەکی پەسنکردن و پەسنکەرانە بۆ دەربڕیینی یاسا مۆرفۆلۆجییەکان بهێننە ئاراوە، کە ئامانجی ڕاستەوخۆ لە فۆرم و شێوەی مۆرفۆلۆجییدا لاسایکردنەوەی داڕشتەی ئاوازەیی mental representations زانیاریە زمانییەکەی قسەکەر و وێنەگرتن و نواندنی وەک خۆی" ( مەحوی، ٢٠٢١: ٥٧ ) داتاکانی ناو فەرهەنگ

له شێوەی فۆرمی نەشکاوە هەڵگیراون، واتە هەر زانیارییەکی مۆرفۆلۆجی، یان واتایی هەبێت، ئەوا لە ناوەخنی ئەو داتایانەدا هەڵگیراون/خەزنکراون. زانیارییە مۆرفۆلۆجییەکان لە تێکردەی وشەیی زمانەکانەوە وەردەگیرێن و دەبنە هۆکاری دەستەبەرکردنی ئاگایی مۆرفۆلۆجییانە بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی وشەی نوێ لەسەر بنەمای دروستە و واتا، هەڵوەشاندنەوەی فۆرمی مۆرفۆلۆجییانەی وشەیەک و تێکشکاندنی کۆتبەندە واتایی و دروستەیەکەی پەیوەندی بەو زانیارییە شاراوە و ئاشکرای ئاخێوەری زمانەوە هەیە ( مەعروف، ٢٠٢٠: ١٦٨ ) هەروەها ( مۆرفێمە فەرهەنگییەکان پۆلەڕەگەزەکانی / کاتیگۆرییەکان ( ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، پێشناو، کردار )، وەک کەرەستەیەکی فەرهەنگی لە پڕۆسەکانی لەیەکدان و لکاندندا بەشداری لە دروستکردنی وشەی نوێ ( وشەی داڕێژرا و و شەی لێکدراو )دا دەکەن، وەک مۆرفێمی سەربەخۆیش ( وشەی یەک مۆرفێمی ) لە فەرهەنگدا هەن و ناوی پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی/کاتیگۆری لێکسیکیان لێنراوە و لە فەرهەنگی زماندا تۆمارکراون. لە گەڵیشیاندا ئەو ( پێشگر و پاشگر )انە بەشداری لە دروستکردنی وشەی نوێدا دەکەن و دەبن بە مۆرفێمەکانی فەرهەنگ و ئاستی مۆرفۆلۆجی ) ( ڕەمەزان، ٢٠١٥: ١٦ ) هەموو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆجییانەن، کە گۆکردنی سینتاکسییان هەیەو چەمکەکانی ( ناسراوی، نەناسراوی، ژمارە ( تاک کۆ ) توخم / ڕەگەز، ڕێژە، ڕوکار، ... هتد ) دەگرێتەوە. ڕۆنانی مۆرفۆلۆجی پشت بە بەشەکانی ئاخاوتن دەبەستێت.

## ٢/٢)وشە:

وشە یەکێکە لە گرنگترین کەرەستەکانی زمان ، هەوڵی پاراستن و دەوڵەمەندکردنی دەدرێت، تا زمان پێش بکەوێت، هەرچەندە وشە دانەیەکی گرنگی زمانە بڵاو و ئاشنایە، تا ئێستا چەندین پێناسەی بۆکراوە، بەڵام تائێستا پێناسەیەکی وردو قوڵی تەواوی نەخراوەتەڕو.

کریستاڵ دەڵێت : "وشە بچوکترین فۆرمی ئازادی واتادارە لە زماندا بەکاردێت" ( Crystal, ٢٠٠٨: ٥٢٢) کەموکوڕی ئەم پێناسەیە لەوەدایە، کە بەسەر چەندین وشەدا جێبەجێ نابێت، چونکە هەندێ لەو دانانەی، کە لە زماندا بە وشەی دادەنێین واتای نییە، واتە واتایەکی فەرهەنگی نییە، ئەرکەکەیان تەنها بۆ دەربڕینی پەیوەندییەکی ڕێزمانییە ( محمدأمین، ٢٠١٦: ٢٠ ). وەک: ئامرازەکانی پەیوەندی ( لە، بە، بۆ، ... هتد ).

"وشە بریتییە لە زنجیرەیەک دەنگ بەسەریەکەوە پەیوەندیان هەیە و واتا دەبەخشن" ( Booij, ٢٠٠٧: ٢٨١ ) ، واتە وشە ئەو کەرەسەیەی زمانە لە فۆنێم یا چەند فۆنێمێ دروست دەکرێ، بەڵام لەم پێناسەیە گوێنەدراوەتە ئەوەی، کە وشە کەرت دەکرێت بۆ برگە. واتە دەتوانرێت پەیوەندی نێوان دەنگەکان تێکبشکێنرێت. لەسەرەتاو کۆتایەوە جیاکەرەوە هەیە ( ئەمین، ٢٠١٤ : ٣٤ ) .

"وشە بریتییە لە چەند مۆرفیمێک کە جێگۆڕی ناکەن" ( فتاح، ٢٠١١: ٩٠ ) جیاوازی لە نێوان ڕستەو وشەدا دەخاتەڕوو، چونکە ئەو کەرستانەی کە وشە پێکدێنن پێکەوە بەدوای یەکتریدا گرێ دراون، وەک ئەو کەرستانەی ڕستە پێکدێنن.

"وشە بریتییە لە بچوکترین یەکەی دروستبوونی ڕستە" ( محمد، ٢٠١٩: ٤٥ ) هەرچەندە زمانەوانان لە بارەی وشەوە، لێکۆڵینەوەی زۆریان کردووە لە گەلێک ڕووەوە لەم مەسەلەیە وردبونەتەوە و گەلێک زانا بەم کارە خەریکبوون و بەرهەمی بەنرخیان پێشکەشکردوە و ئەنجامی سەرکەوتویان بەدەستهێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەی تەواوی وشە نەکراوە و لەم بارەیەوە ڕایەکی یەکگرتووی وەها نییە، کە گشت لایەک و تایبەتیەکی ئەم بابەتەی گرتبێتەوە و هەموو زمانەکان لایەنگری بکەن ( مارف، ١٩٧٥: ٥ ) ، بەڵام لە زمانەوانیی نوێ، یان ڕێزمانی نوێ وشە یەکەیەکی لاوەکییە، چونکە لە ڕێزماندا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە هەموو وشەیەک یەکەیەکی سادە نییە و ناشکرێ بە یەکەی بنەڕەتی ڕێزمانی بمێنێتەوە، بەڵکو وشە ڕۆنانێکی ناوەخۆیە و دەکرێ کەرت بکرێت بۆ پارچەی وردتری ئاوا، کە واتا، یان ئەرکێکی ڕێزمانی هەبێ، بەمەش ئەرکی لێکۆڵینەوەی بە زانستی مۆرفۆلۆجی بەخشرا ( خدر، ٢٠١٠: ٢٨ ) بۆیە دەکرێ لەڕووی زماننناسی هاوچەرخەوە لەبارەی وشەوە بەترێت، کە وشە ئەو دانە ڕێزمانییەیە کە لە مۆرفیمێک یان زیاتر پێکدێت، جا مۆرفیمەکە هەر جۆرە مۆرفیمێک بێت.

## ٢/٢-١)داڕشتنی وشە:

زاراوەکە ئاماژە بۆ کۆی گشتی پرۆسەی گۆڕانی مۆرفۆلۆجی لە دەستوری وشەکاندا دەکات ، ئەو ڕێگایانە لێکدەداتەوە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت وشەی تازەی پێ دروستبکرێت، چونکە هیچ زمانێک لە زمانە ناتوانێت هەموو ئەو بیر و چەمکانەی دەوروبەری خۆی بە هۆی وشەی سادەوە دەرببڕێ، جگە لە زمانەدابڕاوەکان.( Trask, ٢٠٠٧: ٣٢٥)، واتە "لێکۆڵینەوە و پەسنکردنی ڕێگاکانی کارکردن و یاسابەندێتی regularity لە دروستکردنی وشەی نوێ و ئاڵۆزدا لەسەر بناغە و کەرەستە زمانیە هەبووەکانی ناو فرهەنگ بەپێی ئامانجی وشە دروستکردن دەڕوانرێتە دروستەی گەنجی وشەی زمانێک" ( مەحوی، ٢٠٢١: ٤٥٧ ) سیمایەکی گرنگ و بنەڕەتی زمانی مرۆڤە، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئاخاوتن بەردەوامیدان بە پرۆسەی پەیوەندییکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکانی ژیاندا.

هێڵکاری ژمارە٣،ئەم هێڵکاریە لە پەیوەندیەکانیدا وشەی نوێ دەخاتەڕوو:

مۆرفۆلۆجی

Inflection ڕێزمانی        وشە داڕشتن Word formation

Derivationداڕشتن        لێکدان Word families

( play, ٢٠٠٣: ١٧)

## ٢/٢-٢)ڕێگاکانی وشە داڕشتن:

زمان وەک دیاردەیەکی دانەبڕاو لە کۆمەڵ و پەیوەست پێوەی، وەک پێداویستییەکی گرنگ لەلایەن کۆمەڵ و تاکەکانییەوە بەکارهاتووە و بەکاردەهێنرێت، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئاخاوتن و بەردەوامیدان بە پڕۆسەی پەیوەندییکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ پێشهات و بوویەرە ( واقیع ) نوێیەکانی ژیاندا، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئاخێوەرانی زمان بەردەوام لە هەوڵدابوونە بۆ دروستکردن و داهێنان و ناونانی کەرەسە و دیاردە و بیری نوێ بە وشەکانی زمان، بەهۆی ئەوەی کە زمان بەردەوام لەگۆڕاندیە. بۆ پێداویستیەکانی پڕکردنەوەی زمان پەنا براوەتە بەر وشە ( داڕشتن و لێکدان ) لە یەکگرتنی دوو مۆرفیم یان زیاتر وشەی نوێ دروستدەکرێ. وشە ئاڵۆزەکان کە بە شێوەیەکی ئاسایی بە مۆرفیمەکان دروستکراون، یان لێکدراون، تا ئێستا باوترین شێوەی وشە دروستکردن لە زمانی وەسفیدا کێشانی سنورێکی ڕوونە لە نێوان مۆرفیمی وشە دروستکراوەکەدا ( Geert Booij, ٢٠١٧: ٢١٩ )، هەروەها ( وشە خاوەنی ڕۆنانێکی ناوخۆییە. لە کاتێکدا کە دێرینەکان وشەیان بە بناغەی تیۆری زمان و ڕێزمان دەژمارد، ڕۆنانکارە ئەمریکایەکان ئەو ڕاستیەیان سەلماند کە وشە کەت دەکرێ بۆ پارچەی وردتری، پارچەی وەها کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت. بەم جۆرە ڕۆنانکارەکان مۆرفۆلۆجیان کرد بە بەشێک لە زمانەوانی و ئەرکی لێکدانەوە و ڕێکخستنی مۆرفیمیان لەناو چوارچێوەی وشەدا پێ سپارد ) ( فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٧ )، کەواتە بەهۆی تەرزە مۆرفیمیەکانەوە دەتوانین فۆرمی وشەی تازە دابڕێژین. وشە دروستکردن ( وشە پێکهێنان ) ئەوە پێشنیاز دەکات ئێمە مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەی وشەکان دەکەین، ژمارەیەک لەو وشانە دەکەونە بواری دروستکردنی و ژمارەیەکیان سادەن، هەروەها ناسادەکان بۆ بچوکترین یەکەی واتایی جیابکەینەوە، ئەم یەکانە پێیان دەوترێت مۆرفیم ) (١٢ :٢٠٠٢ , Plag ) پڕۆسە مۆرفۆلۆجییەکان بریتیین لە پڕۆسەی وشەداڕشتن و لێکدان.

کەواتە وشە دروستکردن ( Word – Formation ) بریتییە "لەو لقەی زانستی زمان، کە تێیدا ئەو تەرزانە پێکدەهێنرێنەوە و پەسندەکرێن، کە بە پیرەوکردنیان دروستەی ناوەوەی وشەکانی زمان و لەم حاڵەتەدا ئەوانەی وشەکانی زمانی کوردی دروستبووە و وشەی نوێیش پێیان دروستدەکرێن" ( مەحویی، ٢٠١٠: ٤٥ ) بۆ دروستکردنی وشەی نوێ دەبێت شارەزای پرۆسەی داڕشتن و لێکدانبین ئەو دوو ڕێگەیە هۆیەکی گرنگن لە دروستکردنی وشەی داڕێژراو و لێکدراو ( مارف، ١٩٧٧، ٤٧ )، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت ئەو یەکە زمانییانەی / مۆرفیمانەی، کە لەوشەیەکدا شیدەکەینەوە لە دەربڕاوی دیکەدا/ یان لە وشەی دیکەدا بەهەمان واتا بەکارهاتبن ) ( ڕەمەزان، ٢٠١٥: ٢).

## ٢/٢-٣)داڕشتن:

داڕشتن یەکێکە لە پرۆسەکانی وشەدروستکردن. داڕشتن کردەیەکە و وشەی داڕێژراو دەرکردەکەیەتی، کە بە یارمەتی مۆرفیمەکانی داڕشتن ( Derivation Morpheme ) ( پێشگر Prefixes و ناوگر Infix و پاشگرSufixes ) لەگەڵ مۆرفیمێکی تر / وشەیەکی دیکە ( ڕەگ، قەد، بنج ) وشەیەکی نوێ بە واتایەکی نوێ دروست دەبێت. کەواتە "داڕشتن بریتییە لە فۆرماندنی وشەی نوێ بەهۆی یەکگرتنی گیرەکەکانی داڕشتن ( پێشگر وناوگر و پاشگر ) لەگەڵ وشەیەکدا یان لەگەڵ جۆرێک لە مۆرفیمە بنجە بەندەکاندا"( محمد، ٢٠١٩: ١٣٢ )، واتە لە ئەنجامی یەکگرتنی وشەیەکی سادە یان مۆرفیمێکی بنج فۆرمی وشەیەکی داڕێژراوی نوێ دروستدەبێت، ( ئاخێوەران و شارەزایانی بواری زمان توانیویانە وشەیەکی زۆر بخەنە سەر خەرمانی وشەکانی زمان، لە دروستکردنی وشەی نوێ بە زیادکردنی گیرەکەکان بۆ سەر وشەو بناغەکانی دیکە، جاری وایە لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا پۆلی ئاخاوتنی وشەکان دەگۆڕێت، یاخود لەوانەشە پۆلی ئاخاوتنی وشەکە نەگۆڕێت ) ( ئەحمەد، ٢٠١٠، ٣٣ ). بۆیە سود وەرگرتن لە گیرەکەکان، لە زۆربەی زمانەکاندا، باوترین و پڕبەرهەمترین ڕێگەیە بۆ داڕشتنی وشە. ( ئەرکی سەرەکی وشە داڕشتن ئەوەیە، کە یارمەتی بەکارهێنەرانی زمان بدات و فۆرمی وشەی نوێ بەرهەمبهێنن. یاسا مۆرفۆلۆجییەکان، یان تەرزە مۆرفۆلۆجییەکان، یان پێواژە مۆرفۆلۆجییەکان ئەو یاسابەندیانە، یان گشتگیریانە تێبینییان دەکات و کاریگەریەکەی لە زانیاریە زمانیە شاراوەو نادیارەکەیدا دەردەکەوێت، لەفۆڕم و شێوەی مۆرفۆلۆجییدا، لاسایکردنەوەی داڕشتەی ئاوەزیی زانیارییە زمانییەکەی قسەکەر و وێنەگرتن ونواندنیەتی وەک خۆی دروستە مۆرفۆلۆجییەکان مۆدێلی وشەدروستکردن پەسندبکرێن، بەهۆی ڕێسا و یاسای خستنە تەکیەکی مۆرفیمەکان، هەروەها لە کرداری دارشتنی وشەدا وشەی دارێژراو دروست دەبێت، کە گیرەکەکان دەبنە سەرەی وشەداڕێژراوەکە و تایبەتمەندییەکانی خۆیانی پێدەدەن ) ( مەحوی، ٢٠٢١: ٥٧ ).

## ٣/٢)سەرە لە مۆرفۆلۆجیدا:

سەرە ( Head ): لە هەموو وشەیەکدا هەیە، جگە لە وشە سادەکان، لە دۆزینەوەی سەرەی ڕێزمانیدا پێویستمان بە پێوەرێکی مۆرفۆلۆجی و سنتاکسی دەبێ. بەپێی ئەم پێوەرە ( سەرە ) ئەم تایبەتییانە لەخۆدەگرێت، وەک ( سەرە پلەیێکی مۆرفۆسینتاکسی هەیە و هەڵگری نیشانەیەکی ڕێزمانییە، کە بۆ هەموو فرێزەکە دەگەڕێتەوە . سەرە دەسەڵاتی بەسەر کەرەستە شوێن کەوتوەکانی خۆیەوە هەیە ) ( قادر، ٢٠٠٩: ٣١ ) کەواتە سەرە لە وشە ناسادەکاندا ( بریتییە لەو توخمە پێکهاتەی، کە جۆری کەتیگۆری پێکهاتەکە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، واتە سەرە دەسەڵاتی بەسەر کەرەستە شوێنکەوتووەکانی خۆیەوە هەیە و دەبێتە چەقی پێکهاتەکە، هەموو تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکە هەڵدەگرێت و هەموو کەرستەکانی دیکە لەدەوری خۆیدا کۆدەکاتەوە ) ( یونس، ٢٠١٣: ١٤ ) بۆنمونە: ئەگەر سەرە ناو بێت ئەوا، پێکهاتەکەش کەتەگۆری ناو هەڵدەگرێت.

**سەرەی مۆرفۆلۆجی**: سەرە لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیدا ڕۆڵێکی گرنگ لە شیکردنەوەی پێکهاتەکەدا دەگێڕێت، بۆیە لە تێڕوانینی مۆرفۆلۆجیدا ئەوە باوە، کە سەرە ڕۆڵێکی گرنگ لە داڕشتنی وشەدا بگێڕێت بە بەراوردکردنی لەگەڵ ڕۆڵی سەرە لە پێکهاتەی سینتاکسیدا.

شیکردنەوە و دیاریکردنی سەرەی مۆرفۆلۆجی بەپێی ئەم یاسایە دەبێت:

$[W]_N \longrightarrow [[$ جوان $]_{Adj} + [$ ی $\quad Af]_N$

( عەبدوڵڵا، ٢٠١٥: ٦٤ )

بە لێکدانەوەی یاسای ڕۆنانی پێکهاتەی (جوان) دەردەکەوێت، کە:

أ- وشەی (جوان) ڕەگە بنەڕەتەکەی پێکهاتەکەیە، کە ئاوەڵناوە، بەڵام سەرە نییە.
ب- گیرەکی (ی) کە چۆتە سەر ئاوەڵناوەکە وشەیەکی تازەی بە فۆرمێکی تازەوە داڕشتووە، ئەم فۆڕمە تازەیە، هەم لە واتادا تازەیە هەم لە جۆری کەتیگۆرییەکەشی تازەیە.
ت- بەم شێوەیە گیرەکەکە پێکهاتەکەی داڕشتووە، بۆیە دەبێتە سەرەی پێکهاتەکە.

## ٣/٢-١)گیرەک و سەرەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی:

سەرە لە زمانی کوردیدا لە سیاقی ئازادی وشەکان خۆیانەوە وەردەگیرێت. چونکە گیرەکەکان لە هەردوو سەری بنکەکەوە دێن، دەکرێت بەلای ڕاستدا بێن و بەلای چەپیشدا بێن، بۆیە دەکرێت پاشگرو پێشگرەکان جۆرێکبن لەسەرەی ڕێزمانی و جۆرێکیشبن لە دەسەڵاتی واتایی و دروستەیی فۆڕمە تازە دروستبووەکان و کاریگەریشیان لەسەر دەرکردە واتاییەکان هەبێت.

بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی سەرەی وشە دارێژراوەکان بەم هێڵکاریە ڕوون دەکرێتەوە :




( Selkirk , ١٩٨٢: ٢ )

بۆ دەسنیشانکردنی سەرەی هەموو وشەیەکی دارێژراو ئەم هێڵکارییە دەکرێتە پێوەر، بەپێی هێڵکارییەکە هەموو ( $X^n$ )ێک کە لە لوتکەی دایگرامەکەی گرتووە هەمان جۆری کەتیگۆری تێکڕای پێکهاتەکەیە، بەمەش ( $X^{n-١}$ ) دەبێتە سەرەی پێکهاتەکە. هەردوو لای ڕاست و چەپی سەرەکەش ئەو پێکهێنەرەی کە لەگەڵ سەرەکە ( گیرەکەکە ) کە پێکهاتەی وشە دارێژراوەکەی پێکهێناوە.

واتە وشە دارێژراوەکان لە ڕوی ئارگۆمێنتی گونجانیانەوە تەنها لە دوو ئەگەردا، یان لە دوو قاڵبدا دەردەکەون، کە دەکرێت بەم یاسایانە بخرێتەڕو:

$X^{+١}$ $Y^{٠}$ $X^{-١}$

$X^{+١}$ $X^{-١}$ $Y^{٠}$

واتە لەکاتی دروستبوونی فۆرمە تازەکە گیرەکەکان بەشداری پێکهاتەن و دارشتنی وشەی دارێژراو دەکات و دەچێتە سەر وشەیەکی سادەی واتادار لە دوو قاڵبدا دەردەکەوێت لە کاتی پێوەلکانی گیرەکەکاندا، یان گیرەکەکە بە پێشەوەی وشە سادەکەوە دەلکێت لە شێوەی مۆرفیمی پێشگر یان بە دوایەوە دەلکێت لە شێوەی مۆرفیمی پاشگر. پێکهاتەی فۆرمە تازەکە لە کۆی پێکهێنەرەکانیەوە دێت، چونکە گیرەک بە تەنها نایەت و هەمیشە لە چوارچێوەی پێکهاتەکەی دەردەکەوێت. وشە سادەکە پێکهێنەرێکی بنەڕەتییە یان تەوەرەیە، چونکە واتای بەشێکی واتای فۆرمە تازەکە لەوەوە دێت، بەڵام گیرەکەکە سەرەی وشە ناسادەکەیە، چونکە گیرەکەکە ئەم دۆخەی بە فۆرمە تازەکە داوە. بە پێی یاساکان ( $X^{+١}$ ) پێکهاتەی ( وشە ناسادەکان ) دەنووێنێت، لە شیکردنەوەی سینتاکسی وشەدا هەمیشە وشەی ناسادە ( ١+ )ە، چونکە بەسەر پێکهێنەرەکانیدا دابەشدەبێت. هەرچی وشە سادەکەیە هەمیشە ( ٠ )ە، چونکە کەرستەیەکی تاریکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی گیرەکەکە ( ١- )ە کەچی سەرەی پێکهاتەکە دەگرێت ( یونس، ٢٠١٣: ٣٣ ) بۆ نمونە :

أ- ئەگەر گیرەکەکە بە پێشی بناغەی وشەکەوە بلکێت پێی دەڵێن پێشگر:

$X^{-1}$ $Y^{0}$ ← $X^{+1}$

نا + پاک ← ناپاک

پێ + خەف ← پێخەف

هەڵ + چوون ← هەڵچوون

ب- ئەگەر گیرەکەکە بە کۆتایی بناغەی وشەکەوە بلکێت پێی دەڵێن پاشگر:

$Y^{0}$ $X^{-1}$ ← $X^{+1}$

پول + ەکە ← پولەکە

ترس + ناک ← ترسناک

شەو + گار ← شەوگار

کەواتە گیرەکە وشە دارێژەکان سەرپاکیان لە کوردیدا سەرەی وشە ئاڵۆزەکە پێکدێنن و هەرچی تایبەتمەندی خۆیانە سەری دەخەن بۆ هەموو وشەکە، واتە ئەگەر ئەمانە ناوبن، ئەوا وشە ئاڵۆزەکە دەبێتە ناو، خۆ ئەگەر ئەمانە دەلالەت لە کۆ بکەن، ئەوە خودی پێکهاتەکەش لە ڕوی ڕێزمانییەوە دەلالەت لە کۆ دەکات، سەرە بە زۆری لای چەپ دەگرن، بەڵام هەندێکیان بەلای ڕاستدا دێن، کەواتە وشە دارێژراوەکان هەمیشە بەلایەنی کەمەوە لە فۆرمێکی واتاداری سەربەخۆ و گیرەکێک پێکدێت، بەم پێیە کۆنتێکستی وشەکە ئەوە دەخاتەڕو، کە وشە دارێژراوەکی فەرهەنگییە یان ئەرکی ( گراماتیکی )یە ( فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٦٢ ).

گیرەکە ڕێزمانییەکان هەمیشە لایەنێکی ئەرکیان هەیە، بۆیە کە دەچنەسەر هەر وشەیەک ئەگەرچی تێکەڵ بە خودی وشەکە نابن، بەڵام فۆرمێکی گراماتیکی بە وشەکەدەدەن و بەمەش دەبنە سەرەیەکی ئەرکی بۆ وشەکە لەهەر جێکەوتەیەکدا بێت ( محێددین، ٢٠١٣: ٣٧ ). هەروەها منداڵ پێویستی بە فێربوونی ئەو دەروازانەیە، کە پەیڕەودەکرێن، بۆ نمونە: (خەوت) کردارەو، کە داوای بکەرێک دەکات. لە مۆدێلی PP دا ئەم جیاوازییە لە ڕیزبوونی پێکهاتەکاندا بەهۆی پارامیتەرێکی سەرەکییەوە دەردەکەوێ، پێی دەوترێ پارامیتەری ڕێزبوونی وشەکان، هەر پەرامیتەرێک دوو بەها یان باری هەیە، کە زمانەکان لەسەر بنەمای ئەو دوو بەهایە دەست بە هەڵبژاردن دەکەن. بەو پێیە لە نمونەیەکی پارامیتەری سەرە-تەواوکار، هەندێک لە زمانەکان یاسای سەرە سەرەتایە، واتە یەکەم جار سەرە دواتر تەواوکار هەڵدەبژێرن، هەندێکی تر یاسای سەرە کۆتایە، واتە یەکەمجار تەواوکار

سەرە. وەک: (ئینگلیزی و فەرەنسی سەرە سەرەتان، بەڵام یابانی و تورکی سەرە کۆتان) ئەو پارامیتەرەی کە لە زمانەکانی وەک زمانی ئینگلیزی پێکدێن، ڕێ بە جێناوی سەربەخۆی بکەر نادەن ببڕدرێ و ئەوانەی وەک ئیتاڵی بەزمانەکانی بکەری کەوت ( پەڕێن ) ناودەبرێن، ئەوانەی وەک ئینگلیزین بە زمانە بکەر ( نەکەوتەکان ) ناودەبرێن، بۆ نمونە لە کوردیدا دەوترێ: هاتم. کە لێرەدا جێناوی سەربەخۆی بکەری دراوە، ڕستەیەکی ڕێزمانییە، بەڵام لە ئینگلیزیدا (came) لەبەرامبەر ئەو ڕستەیەی سەرەوەدا، ڕستەیەکی ناڕێزمانییە و دەبێ بە شێوەی (came I) بگوترێ (رسول،٢٠١٣: ٣).

## ٤/٢)کۆتبەندەکانی سەر داڕشتنی وشە:

یاسا کۆتبەندەکان، جۆرێکی ئەو یاسایانە، کە مەرج و کۆتبەندی زیاتر لەسەر ئەو دروستانە دەوەستێت، کە لەلایەن یاساکانی فۆڕمداڕشتن (داڕشتن و ڕێزمانی) بنیاتنراون، کە هەندێ لە گیرەکەکان دەورێکی نەرێنی دەگێڕن، لەبەرهەمهێنانی وشەدا، ئەم دەورە نەرێنیەش دەبێتە هۆی کۆتبەندی مۆرفۆلۆجی ( عومەر، ٢٠١٢: ١٠٧ ) .

مۆرفیمە بەندەکان بەپێی ئەو ئەرک و ڕۆڵەی لە زماندا دەیبینن، دەربڕی چەمکن، جا ئەو چەمکەش دەشێت چەمکێکی ڕێزمانی، یاخود لێکسیکیی بێت، لە زمانی کوردیدا، مۆرفیمەبەندەکان چ وەک (پێشگر و پاشگر ) بێت بەپێی کەتیگۆرییەکانی وشە ( پۆلەکانی ئاخاوتن )هەر گروپە مۆرفیمێکی بەند تایبەتە بە بەشەئاخاوتنێک، یان زیاتر لەگەڵ بەشە ئاخاوتنێک هەڵدەکەن، ئەگەر لەگەڵ بەشە ئاخاوتنی تریشدا چەند نمونەیەک لێرەو لەوێ بەرچاو بکەوێ، مۆرفیمێکی بەند لە بەشە ئاخاوتنێکەوە پەڕیبێتەوە بۆ بەشە ئاخاوتنێکی تر، ئەوە زۆرجار لەوەیە لەبەر نەشارەزای ئاخێوەران ئەو مۆرفیمە بەندەیان لەگەڵ ئەو بناغەیە بەکارهێنابێت، یاخود بۆ ئاسانی گۆکردن و درکاندن و بەکارهێنانی ئەو مۆرفیمە بەندە لەگەڵ ئەو بناغەیە وایکردبێت، کە ئەو مۆرفیمە بەندە لەگەڵ هەندێک وشەدا هەڵدەکات کەسەر بە هەمان کەتیگۆری (بەشە ئاخاوتن ) نییە، ئەگەرنا لە بنەڕەتدا، بۆنمونە ئەو مۆرفیمە بەندانەی کە تایبەتن بە دروستکردنی ناوی داڕێژراو یا خود تایبەتن بە دروستکردنی ئاوەڵناوی داڕێژراو یان تایبەتن بەدروستکردنی کرداری داڕێژراو ئەگەر سەیرێکی ئەو سەرچاوە کوردیانە بکەین، کە باسی مۆرفیمە بەندەکانی داڕشتنیان کردووە، هەموویان کۆمەڵێک گروپە مۆرفیمیان جیاکردۆتەوە، بۆ نمونە ( هەڵ، دا، ڕۆ، بێ، پێ، تێ، لێ،...هتد ) ئەمانە تایبەتن بە کەتیگۆری کردار، واتە کردار لە بنەڕەتیەوە دەگۆڕن بە کرداری داڕێژراو یاخود چاوگێکی داڕێژراو، زیاتر پێشگرەکان لە گەڵ ئەو بناغانەدا دێن، کە کەتیگۆریەکەی کردارە، یان چاوگە بە گشتی، هەروەها پاشگریشمان هەیە، هەندیکیان تاییەتن بە کردار هەندێکیان تایبەتن بە ئاوەڵناو هەندێکیان تایبەتن بە ناو، چونکە ئێمە بەگشتی ئەم سێ کەتیگۆریەمان هەیە داڕێژراو هەرچەندە ئاوەڵکرداریشمان هەیە، بەڵام ئاوەڵکردار بەرهەمەکەی زۆر کەمە و سنورردارە، بۆیە بەرهەمی یاخود چالاکی یاخود پێزی مۆرفیمە

بەندە داڕێژەکان بەپێی پۆلەکانی ئاخاوتن دەگۆڕێت بۆ نمونە ( هەڵ )بۆچی لە هەندێک شوێندا چالاکە و لە هەندێک شوێندا چالاک نییە ( مستەفاA، ٢٠٢١: ١٧ ) ئەم چالاک بوون یاخود چالاک نەبوونی مۆرفیمە بەندەکان پەیوەستە بەم خالآنەی خوارەوە:

١- پەیوەستە بە خودی مۆرفیمە بەندەکەوە، هەرگروپێک لە مۆرفیمە بەندەکان تایبەتن بە کەتیگۆریەک یان تایبەتن بە پۆلێک لە وشە کە لە چوارچێوەی کەتیگۆریەک یان پۆلێکی ئاخاوتندا کۆکراونەتەوە، "زۆربەی گیرەکەکان بنجەکانی کاتیگۆرییە دیاریکراوەکان کۆتبەند دەکرێن" ( محمد، ٢٠١٩، ١٦١ ) واتە "هەندێک لە گیرەکەکان هەیە، کە تەنها لەگەڵ پۆلێک لە وشەکاندا هەڵدەکات و ناچێتەسەر ئەوانی دیکە" ( کەرەمی، ١٣٩٦: ٤٨ ).

٢- یەکێک لە هۆکارەکانی یان یەکێک لە کۆتبەندەکان کە پەیوەندی بە کەتیگۆری وشەکە ( بناغە) کەوە هەیە، ئەوەیە ئایا کەتیگۆریەکە کردارە ئەگەر کرداربێت بەئاسانی لەگەڵ هەندێک لە گیرەکەکان هەڵدەکات و بەکاردێ، وەک ئەوەی کە کەتیگۆریەکە ناوبێت، یان کەتیگۆریەکە ئاوەڵناوبێت،

بۆ نموونە پێشگری ( هاو) ( هاوکار، هاوڕێ، هاوخەم، هاوسەفەر، هاوژین، هاووڵاتی، هاونیشتمانی، هاوڕەگەز، ...هتد ) تایبەتە بەوەی کە ناوی داڕێژراو دروست دەکات، واتە ئاوەڵناوی داڕێژراو و کرداری داڕێژراو دروست ناکات، کەواتە ئەمە لەگەڵ ئاوەڵناو و کردار کۆتبەندی لەسەرە، چونکە لەگەڵ ئەو پۆلەڕەگەزانە بەکارنایەت ( مستەفا،B ٢٠٢١: ٢٤٦ ).

٣- یەکێکی تر لە هۆکارەکان: بریتییە لە بابەتی سیمانتیکی بۆ نمونە ( بناغە ) لە ڕوی سیمانتیکییەوە هەندێک مۆرفێم قبوڵ دەکات، هەندێک ( بناغە )ی تر مۆرفێمکی تر قبول ناکات، "بەپێی سیما واتاییەکانی وشەو لاگرەکان دەشێت بگوترێت ئەو وشانەی دروستدەکرێن، دەبێت لە ڕوی واتاوە لەگەڵ یەکتریدا بگونجێن" ( ڕەمەزان، ٢٠١٥: ١٣٥ ) بۆ نمونە بۆ دروستکردنی ناوی واتایی ( کوردایەتی )، بەڵام ناتوانرێت ( کوڕایەتی ) بەکاربێت، هۆکارەکەی چییە ؟ ئەمە پێویستی بەوەیە لەڕوی سیمانتیکییەوە بۆ واتای ئەم مۆرفێمانە بگەڕێین بۆچی هەندێک لە ( بناغە )کان وەری دەگرێ و هەندێ دیکە لە ( بناغە) کان وەری ناگرێت، کە بناغەکە لە حالەتێکدا هەر هەمان بناغەیە ( کەتیگۆریە ) کە لەخاڵی یەکەم ئاماژەمان بۆ کردووە، بەڵام دەبینین لەم خاڵەدا هەندێک مۆرفێمی بەند قبوڵ دەکات و هەندێکی دیکە قبوڵ ناکات، بۆیە ئەم قبوڵکردن و قبوڵنەکردنە لە ڕوی سیمانتیکییەوە دەبێتە کۆتبەندیەک بۆ ئەو مۆرفیمە بەندە، کە چالاک بێت، یاخود نا چالاک بێت پێویستی بە بەدواداچوونی ورد هەیە، بۆ دەرخستنی لایەنی واتای ئەو مۆرفێمانە هەیە، یان سیما واتاییەکانی ئەو مۆرفێمانە هەیە، بۆیە پێویستە ئیش لەسەر سیماواتایەکانی ئەو بناغەیش بکرێ کە مۆرفێمەکە دەچێتە سەری لەوێوە بۆت ڕون دەبێتەوە، کە لە ڕوی سیمانتیکیشەوە هەندێ کۆت و بەند دروست دەبێت،

زۆر جار هۆکارەکە بناغەکەیە یان هۆکارەکە مۆرفیمەکەیە، کە ناچێتە سەری، کە ئەمەش پەیوەستە بەلایەنی سیمانتیکییەوە ( مستەفاB، ٢٠٢١: ٢٤٧ ).

٤– "لە هەندێ باردا گیرەکەکان تەنها بەو بناغانەوە دەلکێن، کە تەرزێکی فۆنۆلۆجیانەی هەیە" ( محمد، ٢٠١٩: ١٦٢ ) بۆیە "دارشتن سیێتێک کۆتوبەندی فۆنۆتاکتیکی هەیە، کە وەک پالێوەر گۆدەکەن و تەنها ڕێگە بە هاتنەناوەوەی ئەو وشانە دەدەن، کە فۆنۆلۆجییانە فۆرمدروستن" ( سەعید، ٢٠١٩: ٣ ) ئایا بەربەستی فۆنۆلۆجی لە زمانی کوردیدا دەبێتە بەربەست؟ لە وەلامدا دەلێین بەلێ، بۆ نمونە هەندێک لە مۆرفیمە بەندەکان بێگومان ئاسانتر دەدرکێنرێن، یاخود ئاسانتر دەچنە سەر بناغەی جیاواز بۆ دروستکردن و دارشتن و ڕۆنانی وشەی دارێژراو بە هەموو کەتیگۆرییەکانیەوە، لە هەندێک مۆرفیمە بەندەکانی دیکە، بۆیە دەبینین بابەتی درکاندن، یان خۆش ئاوازی، یان خۆشهاتنەسەر زمان بوونی بابەتی لەباریەتی (فلێکسەبلێتی) لەو مۆرفیمەیدا وادەکات، کە لەباریەتی لایەنی درکاندن وادەکات، کە ئەو مۆرفیمە کەمتر کۆتبەندی لەسەربێت وەک لەمۆرفیمێک کە لە ڕوی ئاوازەوە خۆشنایەتەوە لەگەڵ هەموو وشەیەکدا، چونکە خۆمان دەزانین کە لە بابەتەکانی زماندا بابەتی ئاوازە، تا چەند ئەو مۆرفیمە چەند ئاخێوەر بەکاریدێنێت لەگەڵ ئەو بناغەیەدا، تا چەند لە ڕوی ئاوازەوە بۆ گوێی ئاخێوەر خۆش دێتە بەر گوێ و خۆش دەدرکێنرێت و ئاسان دەدرکێنرێت و وزەی کەمتر دەوێت لە ڕووی ئیکۆنۆیمکردنەوە ( ئابوریکردن )، بۆیە ئەمەش وا دەکات کە هەندێک لە مۆرفیمەکان کۆتبەندیان لەسەربێت، یاخود کۆتبەند لە ڕێگەیان بێت، یاخود هەندێکی تریان کەمتر ئەو کۆتبەندەیان لەسەربێت، ئەوە جێی سەرەنجە گۆڕانە دەنگییەکان زۆرتر لەگەڵ مۆرفیمە ڕێزمانییەکان ڕودەدات ( مستەفاB، ٢٠٢١: ٢٤٥ ).

٥- خاڵێکی تر پەیوەستە بە ڕەسەنییەتی و ناڕەسەنییەتی مۆرفیمە بەندەکانەوە، بێگومان مۆرفیمە بەندە ڕەسەنەکان واتە ئەوانەی، کە بەدرێژایی مێژوو، کە لە زمانی کوریدا هەبوون بۆ دارشتنی وشە بەکارهێنراون لەوانەیە زیاتر چالاکتربن و کەمتر کۆتبەندیان لەسەرە و وەک لەو مۆرفیمە بەندانەی، کە خوازراون، یان هاتوونەتە ناو زمانەکەوە، چونکە تایبەتمەندییە مۆفۆلۆجییەکانی بناغە، دەکرێت لە بەردەم جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجییەکاندا ببنەڕێگر، ( زۆرجار مۆرفیمە ڕەسەنەکان، جیاواز لە مۆرفیمە بیانییەکان هەڵسوکەوت دەکەن، هەندێک لە لاگر لەوانەیە تەنها بە بناغە ڕەسەنەکانەوە بلکێن، یان بە پێچەوانەوە تەنها بەو بناغانەوە بلکێن، کە سەرچاوەکانیان زمانێکی بێگانەیە ) ( ڕەمەزان، ٢٠١٥: ١٣٥ ) واتە ( هەندێ گیرەک کۆتبەند دەکرێن بە هەندێ وەچەپۆلی تایبەت لە بناغەکان. بۆ نمونە هەندێ گیرەک هەن زیاتر بەو بناغانەوە دەلکێن کە لەزمانی ترەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە، ئەمەش لەوانەیە زیاتر لەبەرئەوە بێت، کە خودی گیرەکەکەش خۆماڵی نەبێت، بۆ نمونە پاشگری پیشەی ( چی ) یەکێکە لەو پاشگرانەی خوازراوەو هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە دەبینین

ئەم مۆرفێمە بەندە کە ناوی پیشە دروستدەکات، وەک ( کارەباچی، لەبغچی، سوبغچی، لەحێمچی،...هتد )، بەڵام بەپێی پێویستی و گەشەی کۆمەڵگا لەوانەیە بە هەندێ وشەی ڕەسەنی کوردیشەوە بلکێن، وەکو ئەو مۆرفێمە بەندانە نییە، کە مۆرفێمی بەندی ڕەسەنن، بۆ نمونە پاشگری (گەر) تەنها بە وشەی ڕەسەنە کوردییەکانەوە دەلکێن، وەک: ( ئاسنگەر، مسگەر، زێڕنگەر، شانۆگەر،...هتد ) بەڵام نەک: ( کەبابگەر، لەحیمگەر،...هتد ) هەروەها مۆرفێمە بەندە ڕەسەنەکان لەڕوی تەمەنەوە تەمەنیان درێژترە لە زمانی کوردیدا، نەوەبەنەوە لە زمانی کوردیدا گوازراونەتەوە لەم ئاخێوەر بۆ ئەو ئاخێوەر، بۆیە ئەمە گرنگە زۆری تەمەن و یان ڕەسەنی و ناڕەسەنی لە مۆرفێمە بەندەکان ئەمەش وادەکات کە کۆتبەند دروست ببێت، یاخود دروست نەبێت ) ( محمد، ٢٠١٩: ١٦٣ ).

٦- خاڵێکی تر پەیوەستە بە واتای خودی مۆرفێمەکانەوە، چونکە خۆمان دەزانیین مۆرفێمەکان ڕاستە مۆرفێمە بەندەکان واتای سەربەخۆیان نییە، بەڵام هەڵگری جۆرێک لە واتان، یاخود دەرخەری جۆرێک لە واتان، بۆ نمونە مۆرفێمێکی وەکو ( ساز ) لە زمانی کوردیدا کە دەڵێی ( چەخماخساز، دەرمانساز ) یان مۆرفێمێکی وەکو ( بەند ) بۆ نمونە کە دەگوترێت ( ناڵبەند ) دەبینین ئەم مۆرفێمانە لە زمانی کوردیدا زیاتر لەسەر ئەو وشانەن کە ئیش و پیشەی کۆنیان گەیاندووە، بەڵام دەبینین بە گۆڕانی قۆناغەکە ( سەردەمەکە ) بە گۆڕانی پێداویستییەکان و هاتنە ئارای قۆناغێکی نوێ پێداویستی نوێ ئەم وشانە بەکارهێنانیان کەم بووەتەوە، دەبینین لەگەڵ کەمبوونەوەی بەکارهێنانیان ئەم وشانە چالاکی بەرهەمی ئەم مۆرفێمانەش کەمبووەتەوە. بەڵام بۆ نمونە پاشگرێکی وەکو ( وان ) چالاکە جگە لەوەی لەکۆنیشدا بەکارهاتووە بەدرێژایی ئەو وشانەی کە لە زمانی کوردیدا هەبوون دەیان وشەی داڕشتووە، ئێستا دەبینین ئەم پاشگرە چالاکە، چونکە هەم لە ئاخاوتن و هەم لە نوسیندا جارێکی تر بەکارهێنراوەتەوە، وەک ( زمانەوان، فرۆکەوان، پاکەوان، چالاکەوان، ...هتد ) بابەتی بوونی کات، بابەتی بوونی گۆڕانی پیشەکان، بوونی واتای خودی ئەو مۆرفێمە بەندە هەڵیگرتووە. ئەمەش وادەکات کە هەندێک لە مۆرفێمە بەندەکان ڕێگریان لەبەردەم هەبێت، یاخود کۆتبەندیان هەبێت یاخود نەبێت ( مستەفاB، ٢٠٢١: ٢٤٨ ) واتە بە شێوەیەکی "گشتی دەتوانین بڵێین، کە لاگرەکانی داڕشتن لایەنی واتاش لە هەڵبژاردنی ئەو بناغانەی پێیانەوە دەلکێن ڕۆڵدەبینێت" ( ئەحمەد، ٢٠١٠: ٢١ ).

## ٥/٢)بەشەکانی ئاخاوتن:

لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بە بەشەکانی ئاخاوتن بکەین، ڕۆڵیان لە فێربوونی زماندا بخەینەڕو، کاتێک لەگەڵ مۆرفیمە بەندەکان یەکدەگرن و وشەی داڕێژراو دروستدەکەن.

- ناو
- جێناو
- ئاوەڵناو
- کار
- ئاوەڵکار
- چاوگ
- ئامراز

١- ناو:

أ- بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن چەندین پێناسەی بۆکراوە وەک: "ناو ئەو وشەیەیە سەربەخۆ واتایەک دەگەیەنێت، کە بەکاتەوە نەبەستراوە" ( لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد، ٢٠١١: ١١ ) "ناوی گیاندرایک، یان بێ گیانێک یان بیرێک، یان کارێک دیاری دەکات" ( مارف، ١٩٧٩: ٩٣ ) هەموو شتێک لە دەوروبەرماندا ناوێکی هەیە، ئەمەش مەبەست لێی ناسینەوەی کەسەکە، یاخود شتەکەیە. ناو ئەو بەشەی ئاخاوتنە، کە کەتیگۆری ڕێزمانی ( ناسیاوی، نەناسیاوی، کۆ، ڕەسەن، ژمارە، دۆخ و واتای شت دەبەخشن )، واتە کۆمەڵێک مۆرفیم وەردەگرێت لە بارێکەوە بۆ بارێکەی دیکەی دەگۆڕێت ( دزەیی، ٢٠١٤: ٧٠ ) هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا هەموو ناوێکی تایبەت ( Proper noun)، جا پیتی یەکەمی ڤاوڵ، یان کۆنسنات بێت، ئەوا لە سەرتای ڕستە، یاخود لەهەر شوێنێکی ڕستەدا بێت، ئەوا بە پیتی گەورە (Capital)ی دەنوسرێت ( کریم، ٢٠١٩: ١٤٢ ) ئەمەش دەکرێت فێرخواز سودی لێ وەربگرێت لە کاتی فێربوون و ناسینی ناو لە زمانەکەدا.

ناسراوکردن کردەیەکی زمانییە "بریتییە لە ئاشکراکردنی، یان دەرخستنی ناوی گشتی لەناو پۆلەکەیدا" ( قادر، ٢٠٠٣: ٢٨ ) لە زمانی کوردیدا "مۆرفیمی سەرەکی ئەم گیرەکە ( ەکە )یە، بەڵام لە شوێن و دەوروبەری جیاوازدا مۆرفێ دیکە دەینوێنی، وەک: ەکە، یەکە، کە، ەک، یەک، ۆکە، ێکە ...هتد"( خدر، ٢٠١٠: ١٠٢ ) واتە لە زمانی کوردیدا نیشانەی ( مۆرفیمی ) ( ەکە ) و ئەلۆمۆرفەکانی بەکاردێت بۆ ناسراوکردن لە زمانی کوردیدا، بۆ نمونە: ( کوڕ + ەکە = کوڕەکە )، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا the وەک: نیشانەی ناسیاوی بەکار دێت بۆنمونە the car.

ناوی نەناسراو: ئەو ناوەیە، کە نە قسەکەر و نە گوێگر نازانێ لە بارەی کێ یان کامەیە، ناویش بەهۆی ئەم مۆرفیمە ڕێزمانیانە دەکرێن بەنەناسراو ( ێ ، ێک ، ەک، ...هتد ) تایبەتیتی ئەم مۆرفیمانە لە زمانی کوردیدا لەوەدایە، کە جگە لە نەناسراوی تاکیتی پیشاندەدات ( خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٦٠ ) وەک: ( کوڕێ، شاخێک، خوێندکارێک )،

ناو لە ڕوی ( ژمارە )وە بۆ تاک و کۆ دابەش دەبێت، ( ناوی تاک ) ئەو ناوانەن گەر تەنیا ئاماژە بەیەک کەس، یا یەک جۆر یا یەک چەمک بدات، لە زمانی کوردیدا نیشانەی جیاکەرەوەی نییە ناوی تاک وەک: ( فێرخواز، مامۆستا، ...هتد )، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا جگە لە لابردنی مۆرفیمی (S) پێویستە مۆرفیمی (Is) لە گەڵ ناوەکە بەکاربێت، چونکە واتای تاکیتی دەگەیەنێت. بۆ نمونە: ( Clever On boy **is** studying ) کاتێک لە ڕستەدا بەکاری دێت دەبێتە . واتە بەهۆی مۆرفیمی (is) ناوەکە تاکە.

ناوی کۆ: ئەو ناوانەن کە ئاماژە بۆ یەک کەس یا یەک چەمک زیاتر دەکەن ( محەمەد، ٢٠٠٨: ٩ ).

أ- بۆ نمونە: لە زمانی کوردیدا (ان) نیشانەیەکی سەرەکیە بۆ کۆکردنەوەی ناو، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفیمی (S) ڕۆڵێکی باڵای لە گۆڕینی ناو لە تاکەوە بۆ کۆ هەیە. وەک:

پەرتووک + ان = پەرتووکەکان　　　Book + s = books

پێنووس + ان = پێنووسەکان　　　Pen + s = pens

ناو لە ڕووی ( ڕەگەز)یشەوە بۆ چوار جۆر دابەشدەبێت:

- ناوی نێر: ئەو ناوەیە، کە بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردەهێنرێ، وەک: دارا، بوک، ئەسپ، یەکانە،...هتد.
- ناوی مێ: ئەو ناوانەیە، کە تەنها هەر بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێت، وەک: دایک، نازدار، ماین، مالۆس، ...هتد.
- ناوی دولایەن: ئەو ناوەیە، کە بۆ نێر و مێ بەکاردێت. وەک: مامۆستا، کەو، قوتابی، ...هتد.
- ناوی بێلایەن: ئەو ناوەیە، کە نە لە ڕەگەزی مێ یە و نە لە ڕەگەزی نێرە، وەک: ئەستێرە، خانوو، بەرد، چرا، ...هتد ( ئەمین، ٢٠١٤: ٧٨ ).

٢- جێناو:

جێناو، ( بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، لە جێی ناوی کەسێک دێت و دەبێتە جێگرەوەی ناوەکە. خاسێتی بنچینەیی جێناو ئەوەیە، کە وەک دیاردەی کەس و ژمارە و خۆیەتی و نیشانە لە پلەی یەکەمدا دێن ) ( مارف، ١٩٨٧: ١٥ ) جێناوەکان چەند جۆرێکیان هەیە، وەک: جێناوی لە ڕوی واتاوە

چەند جۆرێکی هەیە، وەک: جێناوی ( کەسی، نیشانە، خۆیی، هەیی، هاوبەش،...هتد ) لە کاتی فێربوونی زماندا، ڕوانینێکی نزیک لە مۆرفیمەکان بۆمان دەردەخاتە کە فێرخوازان وردە وردە و پێڕەوبەندانە فێریان دەبن. فێرخوازان ڕاستەوخۆ لە دۆخی نەزانینەوە ناگوازنەوە بۆ فێربوون، بەڵکو بە زنجیرەیەک قۆناغدا تێدەپەڕن.

جێناوی کەسی: بریتییە لە قسەکەر و گوێگر و نائامادە و ئەمیش دوو جۆرە:

١- جێناوی کەسی سەربەخۆ: ئەو جێناوانەن "کە دەتوانن بەسەربەخۆیی وەک مۆرفیمێکی ئازاد ( سەربەست ) لە ڕستەدا لە بری ناو یان فرێزی ناوی بەکاربێن و هەموو ئەرکەکانی ناو ببینن" ( برزۆ، ٢٠٠٩: ٧ ) لە ڕستەدا سەربەخۆن و بەهیچ کەرستەیەکی ڕستەوە نالکێن، واتە لە هەموو حاڵەتێکدا دەتوانن شوێنی ناو بگرنەوە "جێناوە کەسییەکان هەمیشە ناسراون، چونکە لەبری ناوێک بەکاردێت، کە لەڕستەکەدا ناسراوە" ( سەعید، ٢٠١١: ٢٧٤ ).

أ-جێناوە کەسییە سەربەخۆکان ئەمانەن:

| ژمارە | کەسی یەکەم | کەسی دووەم | کەسی سێیەم |
|---|---|---|---|
| تاک / | من | تو | ئەو |
| کۆ / | ئێمە | ئێوە | ئەوان |

ب-جێناوە لکاوەکان:

٢- جێناوی کەسی لکاو: جێناوی لکاو "ئەو جێناوانەن کە سەربەخۆ نایەنە وتن، هەتا نەلکێنرێن بە واژەیەکی ترەوە" ( ئەمین، ٢٠١٤: ١٠٠ ) واتە وەک وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ لەناو ڕستەدا بەکار نایەت، بەڵکو بەوشەیەکی ترەوە دەلکێنرێن "ڕۆڵ و ئەرکی جیا لە ڕستەدا دەبینن" ( سەعید، ٢٠١١: ٢٧٩ ) وەک جێناوە سەربەخۆکانیش تایبەتمەندی کەس و ژمارەیان هەیە، هەردەم دەکەونە دوای ڕەگی کار . ئەم دەستەیە ناونراوە خاوەنی، چونکە ئەرکی سەرەکی نیشاندانی خاوەنیە. وەک:

| کەس/ | یەکەم | دووەم | سێیەم | |
|---|---|---|---|---|
| تاک / | م | ت | ی | ( بردم ، بردت ، بردی ) |
| کۆ / | مان | تان | یان | ( بردمان ، برتان ، بردیان ) |

ئەم دەستەیە ناونراوە بە ( ڕێکەوتن )، چونکە بەپێی پێویستیی کارەکە ئەرکی خۆیان لە بکەری و بەرکاری ئەگۆڕن ( ڕەسوڵ، ٢٠١٥: ٢٩ ) وەک :

| کەس / | یەکەم | دووەم | سێیەم | |
|---|---|---|---|---|
| تاک / | م | ی / یت | Ø | ( هاتم ، هاتی ، هات Ø) |

کۆ / ین ن ن ( هاتین ، هاتن ، هاتن )

جێناوە لکاوەکانی ( ات ) و ( ێت ) دوو ئەلەمۆرفی هەمان مۆرفیمن بە دوو فۆنیمی جیاواز دەردەکەون. یاسای دەرکەوتنییان بەم جۆرەیە:

گەر ڕەگی داهاتووی کار بە ( ۆ ) یان ( ە ) کۆتایی هاتبێ، جێناوە لکاوەکە قاڵبی ( ات ) دەگرێتە خۆ... لەم حاڵەتەدا ( ۆ ) دەبێ بە ( و )ی کپ و ( ە ) دەتوێتەوە. وەک:

ڕۆشتن ←ڕۆ ← دەڕوات گۆڕانی ( ۆ ) بۆ ( و )

بردن ← بە ←دەبات توانەوەی ( ە )کە

لە هەموو حاڵەتەکانی دیکەدا جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کاتی داهاتوو ی کار بە ( ێت ) دەردەکەوێ ... وەک : چوون← چ ← دەچێت . ( ئەمین، ٢٠٠٩: ١٥٠ )

٣- ئاوەڵناو:

ئاوەڵناو ئەو وشەیەیە کە وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات، بۆیە کۆڕی زانیاری کورد بەم شێوەیە پێناسەی ئاوەڵناویان کردووە: ئاوەڵناو وشەیەکە (وەسفی) تێدایە و بەکاتەوە نەبەستراوە ( لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد، ٢٠١١: ٧١ ) واتە ( ئاوەڵناو ئەو بەشەی ئاخاوتنەیە، کە بەهۆیەوە دەتوانین وەسفی ئەو شتە، یان ئەو کەسەی پێبکەین، کە دەمانەوێ سیفەتێکی دیاریبکەین، ئاوەڵناو لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە بەو وشەیە دەگوترێ کە هەندێ گیرەکی ڕێزمانی و داڕشتنی دەچێتە سەر ) ( ئەحمەد، ١٩٩٠: ٩٢ ) لە کاتی فێربوونی زمانی دووەم، بە نمونە زمانی ئینگلیزی لەم ڕوانگەیەوە بەڵگەی وەرگێڕاوی ئاخێوەری زمانی یەکەم دەخەینەڕو:

| <u>واتای وشە بە کوردی</u> | <u>واتای وشە بە زمانی دووەم</u> |
| --- | --- |
| پیر + تر = پیرتر | old + er = older |
| بەرز + تر = بەرزتر | tall + er = taller |
| میهرەبان + تر = میهرەبانتر | kind + er = kinder |

بە تێگەشتن و لێکدانەوە و بەراوردکردنی داتا وەرگیراوەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم بەراورد بە داتا وەرگیراوەکانی ئاخێوەرانی زمانی یەکەم، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو لێکدانەوە و وەرگێڕانە لە جۆری پێوانەکردنی یاسای پێشەوە لە زمانە نوێیەکەدا کراوە پەسند و دروستن ( کریم، ٢٠١٩: ١٠٠).

کردار:

کردار کە چەمکی ڕودان لەخۆدەگرێت، واتە وشەیەکە ئاماژە بۆ ڕوداوێک دەکات لە کاتێکی دیاریکراودا، چەند لایەنێکی دەرخەری تایبەتی لێک دانەبڕاوی هەیە و بەکاتەگۆرییەکانی مۆرفۆلۆجی ئاماژەیی گشتی ناودەبرێن و مۆرفیمە وشەگۆرەکان ( Inflecttional morphemes ) دەیان نوێنن، کە بریتین لە: دەمکات، tense، ئەسپێکت، aspect، ڕووکار، mood ، گەردانی کار، Conjugations (قادر، ٢٠٠٣: ٦٠ ).

## ٤- چاوگ:

چاوگ وشەیەکە دەبێتە سەرچاوە بۆ دروسبوونی کار، تام و بۆی ناو دەدات، لە زمانی کوردیدا بە (ن) کۆتایی دێت، یان چاوگ ئەو وشەیەیە کە واتای کاری تێدابێت بەبێ کات، واتە چاوگ واتای کاری تێدایە کە باس لە کردەوەییێکە، بەڵام نەکەس و نە کات و ژمارەی تێدانییە و بە گشتی سەرچاوەیە بۆ کردار ( مستەفا، ٢٠١٤: ٢٥ )، چاوگی سادە "ئەو چاوگەیە کەڕیشەیەکی هەیە و کۆتایی بە یەکێ لەم پیتە پاشگرانە دێ ( ان، ین، تن، دن، وون )" ( ئەمین، ١٩١٤: ١٥٠ ) وەک:

چاوگی ( ئەلفی ) : کێڵان، ڕژان، سووتان،...هتد.

چاوگی ( یائی ) : کڕین، فڕین، بڕین،...هتد.

چاوگی ( تائی ) : نووستن، کەوتن، کەوتن،...هتد.

چاوگی ( دالی ) : بردن، خواردن، کردن،...هتد.

چاوگی ( واوی ) : بوون، چوون،...هتد.

## ٥- ئاوەڵکردار:

ئەو بەشەی ئاخاوتنە، کە وەسفی ڕودانی کردارێک دەکات، واتە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کردارەوە هەیەو کات و شوێن و چۆنیەتی ڕودان و ڕونەدان ...ی دەردەخات ( دزەیی، ٢٠١٤: ٨٠ ) ئاوەڵکردار چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە، وەک : ئاوەڵکرداری ( کاتی، شوێنی، چۆنیەتی،...هتد ).

## ٦/٢)کۆتبەندی دارشتنی بەشەکانی ئاخاوتنەکان:

### ٦/٢-١)ناو:

### ١- گیرەکە وشەدارێژەکانی ناو:

أ- ناوی پیشە: مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا، بەشداری لە دارشتنی ناوی پیشەدا دەکەن بەمەش فەرهەنگی زمان بە پیدابوونی وشەی نوێ دەوڵەمەند دەکەن ( عبدوڵلا، ٢٠١٣: ٣٤ ) وەک : مۆرفیمەکانی ( گەر، چی، ەوان، مەند، دار،...هتد ) هەندێکیان رۆڵیان لە وشەسازیدا زۆرە هەندێکیشیان دەوریان لاوازە بەهۆی ئەو کۆتوبەندیەی دێتە بەردەمیان، بۆ نمونە پاشگری ( گەر ) پاشگرێکی زۆر چالاک نییە، چونکە تەنیا دەچێتە سەر ( ناو )و واتا پیشە دەگەیەنێت، واتە بناغەکان هەموویان ناون و دەرکردەکانیشیان هەر پۆلەرەگەزی ناون، بەمەش بوونی پاشگرەکانی دیکەی وشەدارێژی ناوی خاوەن پیشە، ئەو ناوانەی فۆرمی سادە یان لێکدراون و ناوی خاوەنپیشەن، رێگرن لە دارشتن بەم پاشگرە ( ئەحمەد، ٢٠١٠: ٧٢ ) یەکێکی دیکە لەو کۆتبەندیانەی لەسەر دارشتنی وشەسازیدا توشمان دەبێت، ئەوەیە، کە هەندێک بەربەست ناهێڵێت وشەی تازە دروست ببێت ( کەرەمی، ١٣٩٦: ٤٩ ) بۆ نمونە فۆرمی ( شانۆکار ) رێگرە لە دارشتنی ( شانۆگەر )، هەروەها فۆرمی ( سۆفی ) رێگرە، لە دارشتنی وشەی ( سۆفیگەر )، چونکە وشەی سۆفی بێ ئەو پاشگرە واتا و مەبەستی خۆی دەگەیەنێت، بەڵام وەک ناوی ئەبستراکت ( شانۆگەریی ) و ( سۆفیگەریی ) هەن. هاوکات پاشگری ( گەر ) بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتادا لەگەڵ ناوی چەند کانزایەکدا هاتووە و ناوی خاوەنپیشەی گەیاندووە، بەڵام لە ئێستاداو بە تێپەربوونی کات لەگەڵ بناغەی چەند ناوێکی دیکەدا بەکاردەهێنرێت، کەناوی کانزا نین ( رەمەزان، ٢٠١٥: ١٢١ ) ئەم کۆتبەندانەی سەر پاشگری ( گەر ) وایکردووە رێژەی بەکارهێنانی لە ئاستێکی کەمدابێت.

پاشگری ( ەوان ) ئەم پاشگرە جگە لەوەی ناوی خاوەن پیشە دادەرێژێت، بەهۆی نیشانە واتاییەکانیەوە، دەکرێت جۆری دیکەی ناو دابرێژێت، واتە سنوری چالاکی بەرهەمهێنانی لە دارشتنی وشەدا زیاترە لە پاشگری ( گەر ) ، بەڵام یەکێک لەو هۆکارانەی کە بازنەی بەرهەمی بەرتەسک دەکاتەوە ( کۆتبەندی ) دەکات، ئەوەیە کە هەندێ گیرەک هەیە تەنها لەگەڵ پۆلێک لە وشەکاندا هەڵدەکات و ناچێتە سەر ئەوانی دیکە، واتە تەنیا دەچێتە سەر بناغەیەک کە ناوبێت ( کەرەمی، ١٣٩٦: ٤٨ ) بۆنمونە ( ناو + ەوان ) ( ئاشەوان، باخەوان، دارەوان، بەرخەوان،...هتد ) لەرووی واتاوە، هەرچەند نیشانە واتاییەکانی پاشگری ( ەوان ) تا رادەیەک زۆر کراوەن و رێگە بە دارشتنی زیاتر لە جۆرێک لە ناو دەدەن، هاوکات سنوری دارشتن بەم پاشگرە دیاریکراوە و پێویستی و جۆری پیشەکان لەدەرەوەی زمان ئەم سنورە دیاریدەکەن. وەک هەر یەکێکی دیکە لە پاشگرەکانی ناوی

خاوەنپیشە، بوونی پاشگرەکانی دیکە و فۆرمی سادە و لێکدراوی ناوی خاوەنپیشە لە زماندا ڕێگرە لە بەبەرهەمی ئەم پاشگرە ( ئەحمەد، ٢٠١٠: ٧٦ ) ئەم مۆرفیمە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ بناغەی ئەو وشانەدا دێت، کە لەبواری ئاژەڵداری و پیشەی کشتوکاڵیدا لەکاردایە. جیاوازی لە سیمای لاوەکیدا هەیە، بەوەی کە بەزۆری سیمای { + پیشە }، { پارێزگاری } تێدایە. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ جاریش سیمای { + ئەزمون و شارەزایی } هەڵدەگرێت ( خۆشناو، ٢٠١٦: ١٦٥ ) .

مۆرفیمی ( کەر ) یەکێکە لە مۆرفیمەکانی داڕشتنی ناوی پیشە، مۆرفیمێکی ناسادەیە و لە دووبەش پێکهاتووە { ڕەگی کرداری ( کردن ) + پاشگری / ەر /، واتە ( کە + / ەر / ⟵ / کەر / ) }، دیارە ئەمیش بە تیاچوونی یەکێک لە دوو دەنگە بزوێنە کورتەکە [ ە ] ( مستەفاB، ٢٠٢١: ١٧٨ ) لە ئێستای زمانی کوردیدا تاڕادەیەک کۆتبەندی لەسەرە، کە ئەمەش پەیوەندی بە لایەنی سیمانتیکی و تابووی گیرەکەکەوە هەیە، لەبەر ئەو تێکەڵ بوونەی ڕەگی ( کە ) لەگەڵ پاشگری ( ەر )دا دەبێتە ( کەر ) ئەم فۆرمەش هاوبێژە لەگەڵ وشەی ( کەر / گوێدرێژ )دا، کە ئەمەش کۆتبەندی دەخاتە سەر پاشگری ( کەر ) نرخی لە داڕشتنی وشەکانی زمانی کوردیدا کەم دەکەنەوە، یان بێ بایەخی دەکەن، بۆیە زۆرجار قسەکەر هەوڵدەدات کە ئەو وشانەی بەم گیرەکە ڕۆنراوە بیگۆڕێت بە وشەیەکی هاوواتای ( محمدامین، ٢٠٢٣: ٩١ ). وەک: وشەکانی ( یاریکەر: یاریزان، کارەکەر : خزمەتکار، نوێژکەر: نوێژخوێن،...هتد ).

پاشگری ( ەر ) دەچێتە سەر ڕەگی کار و ناوی پیشە دادەڕێژن، بەڵام هەندێک جار لایەنی کۆتوبەندی وادەکات بەبەرهەمی کەم بکاتەوە، بۆ نموونە ( ەر ) لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی چالاک لە ڕەگی کرداری تێپەڕ ناوی کارا ساز دەکات، کەچی دەبینین لە ڕەگی زان(زانین)ەوە ناوی ( زانەر ) ساز نەبووە، چونکە هەبوونی وشەیەکی هاوواتا وەک ( زانا ) کە بە پاشگری ( ا ) سازبووە بەربەستی سازبوونی ( زانەر ) بووە، جگە لەمە ئەو ڕەگانەی کۆتاییان بە پیتەکانی ( ر/ ڕ ) هاتووە کاتێک پاشگری ( ەر ) پێیانەوە دەلکێت دەبێتە هۆی سەخت دەربڕینیان و خۆش ئاوازیەکەیان تێکدەدات ( کەرەمی، ١٣٩٦: ٥٢ ) وەک: ( دڕەر، کڕەر، خۆرەر،...هتد ) بۆیە ئاخێوەری کورد لەم چەشنە وشەیە دەبورێت و بە جێگەیان وشەی دیکە سازدەکات وەک: ( کڕیار، بخۆر، بدڕ،...هتد )، هەروەها یەکێکی تر لە هۆکارەکان ئەو کردارەلێکدراوانەی بەشی دووەمی کردارەکانی ( کردن ، بردن ، دان )ە، مەرج نییە هەموویان ببنە ناوی کارا، ئەمەش پەیوەندیی بە پێویستیی لەدەرەوەی زمان و لایەنی واتاوە هەیە، بۆ نمونە کرداری ( شوکردن ) هەیە، بەڵام ناوی کارای ( شوکەر ) نییە، هەروەها هەندێک جار بەهۆی ئەوەی فۆڕمی دیکە، ئەو ئەرکە دەبینن، یان مەرج نییە هەموو ڕەگێک ئەم ڕۆڵەببینێت، بەهۆی بوونی پاشگرەکانی دیکەی داڕشتنی ناوی خاوەن پیشە وەک ئەو پیشانەی ناوەکەی لە کردارێکی لێکدراوەوە وەردەگیرێت ( ئەحمەد، ٢٠١٠: ٨٢ )، بۆ نمونە ( دارتاش،

سەرتاش،...هتد )، یان ئەو پیشانەی ناوەکەی لەکردارەکەوە وەرنەگیراوە، بۆ نمونە ( ئاسنگەر،مسگەر،...هتد )، چونکە ناومان هەیە بە هۆی هەندێ لە پاشگرەکان ناوی پیشە دروست دەکەن، ئەمە جگە لە ناوی خاوەنپیشە، دارِشتنی ناوەکانی تر پێویستی بەم پاشگرە نییە.

پاشگری ( چی ) مۆرفێمی گەیاندنی چەمکی پیشەیە، هەرچەندە هەندێ لە بۆچوونەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لەبنەڕەتدا، لە زمانی تورک و مەغۆلەکان وەرگیرابێت، لە ڕوی سیمانتیکییەوە زیاتر هەڵگری سیماکانی ( +پیشە، +بەردەوامی )یە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ بناغەی ناودا دەردەکەوێت و لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەکانی تردا، دەرناکەوێت ( خۆشناو، ٢٠١٦: ١٦٤ ) کە ئەمەش کۆتبەندی دروست دەکات لەسەر پاشگری ( چی ) لە بەبەرهەمی ئەم پاشگرە کەم دەکاتەوە لە دارِشتنی بەشە ئاخاوتنەکانی دیکە، هەندێک جار بوونی پاشگرەکانی دیکەی دارِشتنی ناوی خاوەنپیشە، ڕێگرێکی ڕونی بەردەم ئەم پاشگرەیە، جگە لەوەی، کە ئەم پاشگرە لەڕوی واتاوە هەموو جۆرێکی ناوی خاوەنپیشە داناڕێژێت ( ئەحمەد، ٢٠١٠: ٧٩ )، هەروەها جیاواز لە مۆرفێمە بەندە خۆماڵییەکان، تەمەنیان کەمترە، بۆیە پاشگری ( چی ) لە پاشگرەکانی تر زیاتر بەو ناوانەوە دەلکێت کە وشەی ڕەسەنی کوردی نین ( ڕەمەزان، ٢٠١٥: ١٣٤ ) بۆ نموونە دەڵێین ( کوشندە ) ناڵێین ( کوشچی ) یان ( بەخشندە ) ناڵێین ( بەخشچی ) یان ( ناڵبەند ) ناڵێین ( ناڵچی ).

**ب- ناوی واتایی ( ئەبستراکت):** لە زمانی کوردیدا پاشگرەکانی ( ەتی/ ێتی ، یەتی ، ینی ، ەیی ، ایەتی ، انە،...هتد ) ناوی واتایی ( مەعنەوی ) دروست دەکەن، ئەو جۆرە ناوانەش مانای ئەبستراکت دەبەخشن و واتای نەوعیەت و خاسیەت و بار و جۆری چالاکی تێدایە ( مارف ، ١٩٧٧: ٥٣ ) .

پاشگری ( ایەتی، یەتی ) لەکاتی بەشداریکردنیان لە دروستکردنی ناوی ئەبستراکتدا، لە ڕوی سیمانتیکییەوە هەندێک بناغە قبوڵ دەکات و هەندێک بناغەی دیکە قبوڵ ناکات، واتە کۆتبەندیان دەخاتە سەر، کە لەهەمان بەشەئاخاوتنن. بۆ نمونە: دەتوانین بڵێین ( بەڕێوەبەرایەتی/ بەڕێوەبەریەتی، کەسایەتی/ کەسیەتی )، بەڵام ناتوانین ئەم وشانە هەمان پاشگر لەگەڵ هەندێک بناغەی هەمان بەشەئاخاوتن بەکاربێنین. وەک: ( کچایەتی، پیاوایەتی، ژنایەتی،...هتد ). بۆ ئەوەی هۆکارەکەی بزانین پێویستە لە ڕوی سیمانتیکییەوە بۆ واتای ئەم مۆرفێمانە بگەڕێین بۆچی هەندێک لە بناغەکان وەریدەگرێت و هەندێک لە بناغەکان وەریناگرێت لە حاڵەتێکا هەر هەمان بناغەیە ( کەتیگۆری )ە، ( بۆیە پێویستی بە بەدواداچوونی ورد هەیە، بۆ دەرخستنی واتای ئەم مۆرفێمانە یان سیما واتایەکانی ئەو مۆرفێمەیان هەیە، هەروەها ئیش لەسەر سیماواتاییەکانی ئەو بناغەیەش بکرێ کە مۆرفێمەکە دەچێتە سەری لەوێوە بۆت ڕون دەبێتەوە، کە لەڕووی سیمانتیکییەوە هۆکارەکە بناغەکەیە یان مۆرفێمەکەیە کە مۆرفێمەکە ناچێتە سەری، جگە لەمە پاشگری ( ایەتی ) هەندێ کۆتبەندی تر دێتە

سەری، وەک بوونی ئەو ناوانەی لە بنچینەدا ئەبستراکتن، یان لە ڕوی واتاوە لە زۆر باردا دەکرێت پاشگری ( ی ) لە جیاتی ئەم پاشگرە بەکاربهێنرێت، هەروەها هەندێ جار لایەنی واتایی لە داڕشتنی هەندێک ناوی ئەبستراکت بە پاشگری ( ایەتی ) ئەلۆمۆرفەکانی ڕێگرە، جگە لەجۆری ئەو ناوانەی بەم پاشگرە دادەڕێژرێن، دیاریکراون ) ( ئەحمەد، ٢٠١٠: ٩٣ ).

پاشگری ( ی ) ( ئەم مۆرفێمە ئەلۆمۆرفێکی تری هەیە ( یی )یە، کە کۆتبەندی بۆ ئەم پاشگرە دروستدەکات، ئەویش لەگەڵ ئەو بناغانەدا دەردەکەوێت، کە کۆتایان بەدەنگی بزوێن هاتبێ، کە هەمان ئەرکی هەیە، واتە لەڕوی فۆنۆلۆجییەوە، ئەو بناغانەی کۆتایان بە فۆنێمی ( ی ) هاتووە ئەم پاشگرە وەرناگرن، یان لە هەندێک باردا بەهۆی دیاریکراویی جۆری ناوەکەوە، کە کۆتبەندی دروستدەکات، وەک قۆناغەکانی تەمەن و بارە کۆمەڵایەتییەکان ) ( خۆشناو، ٢٠١٦: ١٧٥ ) بۆ نموونە لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە، ئەو بناغانەی کۆتاییان بە فۆنێمی (ی) هاتووە ئەم پاشگرە وەرناگرێ وەک: ( ئاژاوەچی/،/ ئاژاوەچیی* ) .

پاشگرەکانی (ەیی، ینی، ندە ) دەچنە سەر ناوی سادەو ناوی واتایی دادەڕێژن، بەڵام زۆر چالاک نین ( عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ٤٣ ) ( پاشگری ( ەتی ) بەتایبەتی لەگەڵ ئەو بناغانەدا دێن کە کۆتایان بەدەنگی بزوێن دێت، چونکە مۆرفۆلۆجی بۆ هەموو پرۆسەیەکی خستنەتەکیەک دەستەبەرناکات، بەڵکو سێتێک کۆتوبەندی فۆنۆلۆجی فۆنۆتاکتیکیی هەیە، کە وەک پاڵێوەرێک کاردەکەن و تەنها ڕێگە بە هاتنەناوەوەی ئەو وشانە دەدەن، کە فۆنۆلۆجیانە فۆرمدروستن ) ( سەعید، ٢٠١٩: ٣ ) هەروەها پاشگری ( ندە ) هەندێ هۆکاری کۆتوبەند مۆرفۆلۆجی بەرپرسە لە کەم کردنەوەی چالاکی ئەم مۆرفێمە بەندە، لە زمانی کوردیدا، کە زیاتر لەگەڵ ڕەگی کاردا دێت ( محمدامین، ٢٠٢٣: ٨٧ ) وەک : ( کوشندە، دڕندە،...هتد ) .

ج- **ناوی شوێن:** کۆمەڵێک لە گیرەکەکانی زمانی کوردی، کە بەشداری لە داڕشتنی ناوی شوێندا دەکەن، وەک پاشگرێک ڕۆڵیان لە ڕۆنانی ناوی داڕێژراودا هەیە، وەک پاشگرەکانی ( گا، گە، ستان، خانە، دان، ەن، جار، ەوار، ( ڵان، ەڵان )، مان،...هتد ) بەشێوەیەکی گشتی شوێن و جێگە نیشان دەدەن ( مارف، ١٩٧٧: ٥٤ ).

( پاشگری ( ستان ) یەکێکە لە پاشگرە دێرینەکانی زمانی کوردی و دەربڕی چەمکی شوێنە، بەڵام لە ڕووی چالاکییەوە، دەتوانیین بڵێین لە ئێستای زمانی کوردیدا بەکارهێنانی لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێی زمانییدا کەمیکردووە، یاخود تا ڕادەیەک نەماوە، هاوکات یەکێک لە گرنگترین ئەو بناغانەیە، کە ئەم پاشگرە هەڵیدەبژێرێت، بە تایبەتیش ناوی میللەت، کە دەربڕی شوێن و سنوری جوگرافیای ئەو میللەتەیە ) ( مستەفاB، ٢٠٢١: ١٦٨ )، کەواتە ( هاتنی ئەم پاشگرە لەگەڵ ناوی میللەت، بەڵگەی ئەوەیە

که ئەم پاشگرە تەنها تایبەت نییە بە زمانی کوردی، بەڵام زمانی کوردی بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ سودی لەم پاشگرە وەرگرتووە، بۆ دارِشتنی ناوی شوێن، کەمبەرهەمی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆتبەندیانەی سەر ئەم پاشگرە، بۆ نمونە ئەگەر بە واتای دارِشتنی ناوی وڵات سەیری بکەین، ئەوا کەمێک لە ناوی وڵاتان بەم پاشگرە دارِێژراون، زۆربەی وڵاتان ناوی تایبەت بەخۆیان هەیە، وەک: عێراق، تورکیا، ئێران،...هتد. لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین نیشانە واتایەکانی کەم و دیاریکراون و رِێگە لە دارِشتنی ناوی شوێن بە پاشگری ( ستان ) دەگرن ) ( ئەحمەد، ٢٠١٠: ٨٧ ).

پاشگری ( ەڵان ) ( یەکێکە لە پاشگرە ناچالاکەکانی دەربرِینی چەمکی شوێن و دەرکردە و بەرهەمی ئەم پاشگرە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، هەر بۆیە لە ئێستای زمانی کوردیدا بەرهەمێکی ئەوتۆی نییە و دەتوانیین بڵێین لەبەرهەمهێنان کەوتووە، هاوکات ئەم پاشگرە دەچێتە سەر بناغەی پۆلەکانی ( ناو، ئاوەڵناو )، هەروەها لە رِوی سیمانتیکییەوە، گرنگترین سیماواتاییەکانی ( +شوێن، +حوکمی چاو، +زۆریی )یە، ئەو دیاردە کۆتبەندییەی کە چالاکی ئەم مۆرفیمەی کەم کردوەتەوە، پەیوەستە بە واتای خودی مۆرفیمەکەوە، چونکە خۆمان دەزانیین رِاستە مۆرفیمە بەندەکان واتای سەربەخۆیان نییە، بەڵام هەڵگری جۆرێک لە واتان یاخود دەرخەری جۆرێک لەواتان ) ( مستەفاB، ٢٠٢١: ١٦٩ ) بۆ نمونە ( پاشگری ( –ەڵان ) دەبینین ئەم مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا زیاتر لەسەر ئەو وشانەن کە واتای شوێنی ئیش و پیشەی کۆنیان گەیاندووە، وەک ( کوندەڵان، قامیشەڵان، کەندەڵان، زیخەڵان، سەوزەڵان، قەدەلان، رِەقەڵان،...هتد ) ، بەڵام دەبینین بە گۆرِانی قۆناغەکە ( سەردەمەکە ) و گۆرِانی پێداویستییەکان و هاتنە ئارای قۆناغێکی نوێ شوێنی نیشتەجێبوونی نوێی ئەم وشانە بەکارهێنانیان کەمەوە بووە، لەگەڵ کەمبوونەوەی بەکارهێنانیانی ئەم وشانە چالاکی بەرهەمهێنانی ئەم مۆرفیمەش کەمبووەتەوە، بەڵام لە ئێستادا پاشگری ( خانە ) یەکێکە لە پاشگرە چالاکەکانی ئەم سەردەمە چالاکە لە دارِشتنی ناوی شوێن، وەک: ( چایخانە، فرِۆکەخانە، دەرمانخانە، کتێبخانە، مەیخانە، سەربرِخانە، نەخۆشخانە، شێتخانە، مۆزەخانە، کونسوڵخانە، پۆستەخانە،...هتد )، بابەتی بوونی کات و بابەتی بوونی گۆرِانی ناوی شوێن و بوونی واتای خودی مۆرفیمە بەندەکەی هەڵگرتووە. ئەمەش وادەکات کە هەندێک لە مۆرفیمە بەندەکان رِێگریان لەبەردەم هەبێت یاخود کۆتبەندیان هەبێت ) ( عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ٥٠ ).

پاشگری ( گە، گا ) ( ئەم پاشگرە بە هەردوو فۆرِمی ( گە، گا ) دەردەکەوێت، بەڵام فۆرِمی ( گە ) چالاکترە، لەبەر ئەوەی دەتوانێت لەشوێنی ( گا )ش دەربکەوێت، بەڵام بە پێچەوانەوە، ( گا ) ناتوانێت لە شوێنی ( گە ) لە هەموو جێگایەکدا دەربکەوێت، یەکێک لە هۆکارەکانی پەیوەندی بە تابووەوە هەیە لە زماندا، چونکە فۆرِمی گیرەکی ( گا ) هاوبێژە لەگەڵ ناوی ئاژەڵی ( گا )دا، هەروەها هۆکاری ئاواز و ئاسان درکاندنی گیرەکی ( گە )ش، بۆ خۆی هۆکارێکی تری چالاکی ئەم مۆرفیمەیە، وەک

( فرۆشگە/ فرۆشگا ، نوسینگە/ نوسینگا )، هەربۆیە فۆڕمی ( گە ) لە ڕوی ئابوریکردن، جوانیدەربڕین، درکاندن و ئاوازو مۆسیقاوە زیاتر گونجاوترە لە مۆرفیمی ( گا )) ( مستەفاA، ٢٠٢١: ١٢٧ )

پاشگری ( دان ) یەکێکە لە پاشگرەکانی ناوی شوێن، کە بەشداریدەکات لە ڕۆنانی وشە، "دەچێتە سەرناوی سادەو دەبێتە شوێنی هەڵگرتنی ئەو شتە" ( عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ٤٧ )، هەروەها ( لە ئەمرۆی زمانی کوردیدا، بەیەکێک لەو مۆرفیمانە دادەنرێت، کە لەڕوی تواناوە مام ناوەندە، واتە بەرهەمی زۆری نییەو تاڕادەیەک لەبەرهەمهێنان کەوتووە ) ( خۆشناو، ٢٠١٦: ١٥٣ )، چونکە ( ئەم پاشگرە وەک هەموو پاشگرەکانی دیکەی ناوی شوێن، ناتوانێت لەگەڵ هەموو بناغەیەکدا بێت، بەڵکو تەنها دەچێتە سەرناو و ناوەکانیش ناوی بەرجەستەن. جگە لەمە لەڕوی واتاوە، سنوری بەکارهێنانی ئەم پاشگرە دیاریکراوە و ناتوانرێت لە جێی هیچ یەکێک لە پاشگرەکانی دیکەی ناوی شوێن بەکاربهێنرێت و ئەمەش وادەکات زیاتر کۆتبەند بن، چالاکیان کەمتر بێت ) ( ئەحمەد،٢٠١٠: ٨٩ ).

**ح- ناوی بچوککراوە:** هەرچەندە تاکو ئێستا پێناسەیەکی چڕوپڕ بۆ مۆرفیمی بچوککردنەوە، وەک گروپێک مۆرفیمی وشەداڕێژ نەکراوە، کە بەگشتی زۆربەی لایەنەکانی بگرێتەخۆ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ نیشاندانی تێڕوانینی زمانەوانان لە وەسفکردن و خستنەڕووی ئەم چەشنە مۆرفیمەدا، چەند پێناسەیەکمان وەرگرتووە، لەوانە:

( کەتامبا ) دەڵێت: مۆرفیمێکە، ئاماژە بۆ بچوکیی، یان نازو خۆشەویستی دەکات (سەعید،٢٠١٣: ٢٧ ).

"بە زۆری بۆ بچوککردنەوە یان گەیاندنی مانای نازداری بەکاردەهێنرێن، بەڵام هەندێکیان جگە لە واتای بچوککردنەوە، مەبەستی دیکەش دەگەیەنن" ( مارف، ١٩٧٧: ٥٦ ). گرینگترین ئەو گیرەکانەی کە ناوی بچوککراوە دروست دەکەن، لە کتێبی ( فەرهەنگی زمان و زاراوە سازی کوردی )دا، کۆمەڵێک پاشگر دەستنیشانکراوە، کە لە زمانی کوردیدا ناوی بچوککراوە دروستدەکەن، ئەوانیش بریتین لە ( لە، یل، یلە، ڵ، یلانە، ەڵە، ووڵە، یلێ، ۆڵ، وڵە، ۆڵە، کە، ەک، ک، یک، ۆک، ۆکە، وکە، وک، ولکە، ۆڵکە، یلکە، چە، یچە، ۆچە، چک، چکە، وچکە، ۆچکە، یچک، یچکە، ە....هتد ) ( عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ٥٥ ) .

پاشگری ( ە ) کە مۆرفیمی بچووککردنەوەی ناوە، ( مۆرفیمێکی چالاکەو بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر ناو بچوک دەکاتەوە، وەک ( کارە، شەوە، کەژە، شادە، لاوە....هتد )، بەڵام ئەم مۆرفیمە لەگەڵ هەندێک ناودا کۆتبەندی دروستدەکەن، چونکە گرانە وشەکان دوای کورتکردنەوەیان بەوجۆرەی هەن، بدرکێنرێن، بۆیە هەندێجار فۆڕمێکی واتادار دروستدەکەن کە هیچ پەیوەندییەکی بە ناوە بنەڕەتییەکەوە نییە، وەک ( زریان / زرە، شادان / شادە، کەژاڵ / کەژە، کارزان / کارە، شەونم / شەوە، لاوکۆ / لاوە، گەلاوێژ / گەلە....هتد )، هەروەها هەندێکجار ئەم ڕێگریە ڕەنگە بەهۆکاری ئەوە

بێت، کە بەشێک لە ناوەکان بە بزوێن کۆتاییان هاتبێت، ئەمەش دەبێتە کۆتوبەندییەک لە بەکارهێنانی پاشگری ( ە ) بەکارهێنانی پاشگرێکی تر وەک ( جۆگە*ە / جۆگەلە ، کانی*ە / کانیلە،...هتد ))

( سەعید،٢٠١٣، ٧١ ).

## ٢- گیرەکە ڕێزمانییەکانی ناو:

گیرەکی ڕێزمانی "دروستبوونی فۆرمی جیاواز لە هەمان وشەدا دەگەیەنێ، ئەرکەکانیان ئاماژەکردنە بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکان" ( فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٤٩ ) هەریەکە لەو مۆرفیمانەی دیاریکردن ( ەکە، ێک، ان ) ئەلۆمۆرفیان هەیە، ئەم گیرەکانە هەڵگری واتان و زیاتر لە نیشانەیەکی واتاییان هەیە، هەڵهێنجان و ڕێزبەندی ئەو نیشانانە پەیوەستە بەو واتایەی، کە قسەکەر دەیەوێت، بیگەیەنێت. بۆ گوێگریش ئەو زانیارییە هەڵدەهێنجێت، کە بەپێی فرە نیشانەکانی ئەو مۆرفیمە خراوەتە ڕو، ئەو بناغانەی ئەم مۆرفیمانە وەردەگرن بە ناو دادەنرێت( مەعرووف، ٢٠٢٠: ٤١ ).

( مۆرفیمە ڕێزمانییەکان لە ڕوی چالاکی بەرهەمدارییەوە بەرهەمدارن و سنورێکی نییە، بۆ دیاریکردنی ڕێژەی بەرهەم و چالاکییان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مۆرفیمەکانی بواری دیاریکردن بە تایبەتی ( ەکە ) و ئەلۆمۆرفەکانی ڕێژەی چالاکیان وەک یەک نییەو جیاوازن ) ( ئەحمەد،٢٠١٠: ١٠٤ ).

گیرەکی ( ەکە ) ( بەگشتی ئەم ئارتیکڵە واتای: دیاریکراوی ئاشکراکراو دەبەخشێت بەئەو فرێزە ناوییەی کە دەچێتە سەری، دەیکات بە فرێزێکی ناوی دیاریکراو ئەرکی (ئاماژە) یان ( ئاماژە و وەسف) دەبینێت، واتە دەتوانێت ناوەکان دیارییکات و بیانناسێنێت، کردەی ناسراوکردنی ناو کردەیەکی زمانییە، بریتییە لە ئاشکراکردنی، یان دەرخستنی ناوێکی گشتی لەناو پۆلەکەیدا، جگە لە گیرەکی ( ەکە )، لە ڕێگەی چەند فۆرمێکی فەرهەنگییەوە دەتوانێت ناوەکان دیارییکات و بیانناسێت، وەک: ( جێناوی نیشانە، دیارخەری دوای دیارخراو ) ( تۆفیق، ٢٠١٢: ١٠٥ ) ئەمەش وادەکات چالاکی گیرەکی ( ەکە ) کەم بێتەوە و کۆتبەندیان هەبێت، بۆ نمونە "گیرەکی ( ەکە ) و جێناوی نیشانە یەک ئاراستەیان هەیەو هەردووکیان ئەو ناوانەی کە دەچنەسەریان ناسراو دەکەن ( ەکە ) لە ڕێی گەردانەوەو جێناوی ئاماژەش لە ڕێی ئاماژەوە بۆیە پێکەوە نۆرە دەکەن و قەت پێکەوە کۆ نابنەوە" ( کەرەمی، ١٣٩٦: ١٣٢ ) وەک: ( پیاو<u>ەکە</u> ) ( <u>ئەم</u> پیاو<u>ەکە</u> ). جگە لەمە گیرەکی ( ەکە ) ناچێتە سەر ناوی تایبەت، ناکرێتە ناسراو، چونکە خۆی لەبنەڕەتدا ناسراوە.

ئەلۆمۆرفەکان "کاتێک ئەو وشەیەی لەبەردەستدایە وەربگیرێت و گیرەکی بۆ زیادبکەین، هەروەها لەوانەیە گۆڕانی دەنگی ( phonological change ) بەسەر وشەکە ( بنجەکە ) بێنێت، ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت، کەوا ئەلۆمۆرفی لێدەکەوێتەوە، کە یاساکانی مۆرفۆلۆجی یان یاسا مۆرفۆلۆجییەکان حوکمی دەکات" ( بابکر، ٢٠١٦: ٤ ) بۆ نمونە ئەلۆمۆرفەکان ( ەکە ) بریتیین لە ( کە، ێکە، یەکە، یەک،

ۆک، ۆکە،...هتد ) ( بەڵام ئەوان بەکارهێنانیان کەمەو سنوردارترە لە ئاست گیرەکی ( ەکە )دا و بە سەرەکیترین کەرەستە چالاکەکانی مۆرفۆسینتاکس دانراون ) ( حسێن، ٢٠٢١: ١٢٧ )، چونکە ئەو بناغانەی کە ئەم ئەلۆمۆرفانەیان لەگەڵدا دێت، ڕێژەیان کەمترە لە چاو ئەو بنکانەی کە گیرەکی ( ەکە )یان لەگەڵدا دێت، بۆ نمونە ( کە ) لەگەڵ ئەو بنکانەدا دەردەکەوێت، کە کۆتایان بەدەنگی بزوێن هاتبێت، ( یەکە ) لەگەڵ ئەو بنکانەدا دەردەکەوێت، کە کۆتاییان بە دەنگی { ۆ، ا، ێ } هاتبێ ( خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٥٤ ).

گیرەکی ( ێک ) ( لە زمانی کوردیدا جگە لە نیشانەی نەناسراوی، هەروەها تاکایەتی ( افرادیە )یش نیشان دەدا ) ( مارف، ٢٠١٤: ٢١٢ ) ( ئەلۆمۆرفەکانی نەناساندن بریتیین لە ( یەک، ەک، ێ ) ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەم ئەلۆمۆرفانە هەمان بناغەیان هەیەو هەمان ئەرکی سینتاکسی ڕادەپەڕێنن، کە ئەوەیش کردەی ئاشکراکردنی ناوە بەشێوەیەکی گشتی، کە ئەمەش کۆتبەندی دروست کردووە لە سەر بەکارهێنانی ( ێک ). جگە لەمەش یەکێکی تر لەو گرفتانەی دێتە پێش لەڕوی چەمکەوە، ئەوەیە کە ئەم مۆرفێمە هەڵگری ژمارەی تاکە لە پاڵ نەناسراویەکەیدا ) ( خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٦٤ )

گیرەکی ( ان ) ( ئەلۆمۆرفەکانی بریتین لە ( یان، ات، گەل، ەها، ...هتد ) ( ان ) بە مۆرفێمێکی چالاکی کۆکردنەوەی ( ناو ) دادەنرێت، لە زمانی کوردیدا، چونکە لەگەڵ هەموو ئەو ناوانەدا بەکاردێت کە کۆتاییان، بە نەبزوێن هاتووە ) ( عبدوڵلا، ٢٠١٣: ٩٩ )، بەڵام ( لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە گیرەکی ( ان ) توشی هەندێک کۆتبەندی دەبێتەوە، بەم چەشنە کە بۆ لکاندنی بە بناغەی گیاندارەوە بێ کێشەیە ڕاستەوخۆ بە هەموو جۆریانەوە دەلکێت، بەڵام بۆ لکانی بە بناغەی بێگیانەوە کێشەی هەیە، چونکە بە دەگمەن نەبێت ڕاستەوخۆ بە بناغەی بێگیانەوە نالکێت و کۆتبەندی دروستدەکات، بەڵکو دەبێت لە پێشدا بە نیشانەی ( ەکە ) یان جێناوی ناسراو بکرێت، پاشان گیرەکی ( ان ) دەچێتە سەریان، دەنا ڕاستەوخۆ ناچێتە سەریان ) ( کەرەمی، ١٣٩٦: ١٣٠ ) بۆنمونە : ( کتێب / کتێبان / کتێبەکان، ئەسپ / ئەسپان / ئەسپەکان ) .

پاشگری ( ەها ، یەها ) ( دیسان ڕۆڵی کۆکردنەوەی ناو دەبینێت، بەڵام بەکارهێنانی کەم و سنوردارە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆتبەندیەی لەسەریەتی لەگەڵ بناغەی ناودا، تەنها لەگەڵ ناوی ژمارەیی دێت و ڕۆڵی کۆکردنەوە دەبینێت، واتە هەمان ئەرک و هەمان شوێن دەگرێت، کە کۆتای ناوەکەیە ) ( قادر، ٢٠٠٣: ٣٦ )وەک: ( سەدەها، دەیەها، هەزارەها، ...هتد ).

پاشگرەکانی ( هات ، جات ) سەبارەت بە کەم بەرهەمی ئەم پاشگرانە "لە ڕوانگە بەبەرهەمییەوە، ئەوەی لە مۆرفۆلۆجیدا جێگەی سەرنج و تێبینیکردنە ئەوەیە، کە یاساکانی مۆرفۆلۆجی دەشێت کەم

بەبەرهەم بن، چونکە لاگر هەن، ناتوانرێت لە گەلێک لە حاڵەتەکانداو بۆ گەلێک حاڵەت بەکاربهێنرێن یان یاساکانی لکاندنیان جێبەجێبکرێن" ( مەحوی، ٢٠١٠: ٢٧٩ ) وەک: ( دێهات، میوەجات، ...هتد )

پاشگری ( ات ) ( یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گیرەکە، لەوەیە بەحوکمی ئەوەی کە مۆرفێمی سەرەکی کۆکردنەوەی ناو نییە لە زمانی کوردیدا، بۆیە دەگونجێ سەرەتا هەر لەگەڵ چەند وشەیەکی بێگانە هاتبێ و دواتر لەسەر ( پێوانە- قیاس )ی ئەم وشانە وشە کوردییەکانیش بەم فۆرمە ڕۆنابێتن بۆیە لە زمانی کوردیدا جارێکی تر دوای ناسراوکردنی ناوەکان دەتوانین دووبارە ئەو ناوانە کۆبکەینەوە کە بەم مۆرفێمە کۆکراونەتەوە ) ( مستەفاB، ٢٠٢١: ٢١٤ )

وەک: ( شوشەوات/شوشەواتەکان، دێهات/دێهاتەکان ).

## ٢-٦/٢) ئاوەڵناو:

### ١- گیرەکە وشەدارێژەکانی ئاوەڵناو:

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوی دارێژراو بە یارمەتی کۆمەڵێک لە گیرەکەکان دروستدەبێت، بەیەکێک لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی دادەندرێت، ئەو گیرەکانەی بەشداری لە دارشتنی ئاوەڵناو دەکەن، بریتین لە ( ین، ن، دار، ناک، مەند، ور، گین، ۆڵ، وەر، ۆکی، ۆڵە، ەلە، انە، یل، ی، بار، ون، کەش، کاڵ، ەکی، ەنگ، ەوار، ا، ندە، یدە،...هتد ) ( عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ٨٠ ).

پاشگری ( ن ) ( یەکێکە لەو پاشگرانەی کە بەشێوەیەکی گشتی بناغەی ناو هەڵدەبژێرێت، بۆ دارشتنی ئاوەڵناو، هەندێکجار هۆکاری سیمانتیکی بەری سازبوونی وشەی تازە دەگرێت و بەرهەمی بەرتەسک دەکاتەوە. وەک: ( ورگ/ورگن، نەوس/ نەوسن، چڵک/ چڵکن ) وەک دیارە ئەم پاشگرانە دەچنەسەر ئەو بناغانەی کە زۆربوونیان دەبێتە وەسفێکی نەرێنی بۆ خاوەنەکەی، کەواتە نابێت بچنە سەر ئەو بناغانەی کە زۆربوونی بۆ خاوەنەکەی دەبێتە وەسفێکی ئەرێنی، بۆنمونە ( شۆخ/شۆخن* ، عەقڵ/عەقڵن* ) بەم جۆرە چەشنە بەرتەسک بوونەوەی بەرهەمهێنی ( کۆتبەند )ی کە هۆکاری واتایی هەیە دەڵێن کۆتبەندی واتایی ) ( کەرەمی، ١٣٩٦: ٥٣ ) .

پاشگری ( ەکی ) ( ئەم گیرەکە لە ڕوی بەرهەمەوە سست و کەمبەرهەمە لە دروستکردنی ئاوەڵناوی دارێژراودا، لە ڕوی بناغەوە بەگشتی بەشەئاخاوتنی ناو هەڵدەبژێرێت، پاشگری ( ۆکی ) بە هەمان شێوە لە ڕوی چالاکییەوە سست و بێبەرهەمە، بەزۆری بناغەی ( ئاوەڵناو ) هەڵدەبژێرێت و ئاوەڵناو دادەڕێژێت ) ( مستەفاA، ٢٠٢١: ١٨٥ )، هەروەها پاشگری ( ایی ) لە ڕوی بناغەوە بە گشتی بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناو هەڵدەبژێرێت و ئاوەڵناو دادەڕێژێت، ( چونکە یەکێک لەو هۆکارانەی کە بازنەی بەبەرهەمهێنی کۆتبەند دەکات ئەوەیە کە هەندێ گیرەک هەیە کە بەس لەگەڵ پۆلێک لە وشەکاندا

هەڵدەکات و ناچێتە سەر ئەوانی دیکە، واتە ئەگەر بناغە سەر بە ئەو پۆلەوشەیە بێت ئەوا دەچێتەسەر ئەگەر نا ناچێت ) ( کەرەمی، ١٣٩٦: ٤٨ ) .

پاشگری ( انه ) ( یەکێکە لەو گیرەکانەی، لە داڕشتنی ئاوەڵناودا زۆر چالاک نییە، چونکە بۆ لکاندنی بە بناغەی گیاندارەوە بێکێشەیە ڕاستەوخۆ بە هەموجۆرەکانیەوە دەلکێت، ڕواڵەتی گیاندار پێشاندەدات، بەڵام بۆ لکاندنی بە بناغەی بێکیان کێشەی هەیە، چونکە بەدەگمەن بەم بناغانەوە دەلکێت ) ( مستەفاA، ٢٠٢١: ١٨٥ ).

پاشگرەکانی ( ۆڵە، ووک، ەوەر، ئۆک، گێن، کەڵە، زن ) ( جۆرێ لەو گیرەکانەن، واتایەکی پۆزێتیڤی گەیاندووە، کە زۆر چالاک نین لەداڕشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی درکاندن یان خۆش ئاوازی یان هاتنەسەر زمان بوونی بابەتی لەباریەتی ( فلێکسەبلێتی ) لەو مۆرفیمانەدا وادەکات، کە لەبارنەبوونی لایەنی درکاندنی وادەکات، کە ئەو مۆرفیمانە زیاتر کۆتوبەندیان لەسەربێت وەک لەمۆرفیمێک کە لە ڕوی ئاوازەوە خۆش دێنەوە لەگەڵ هەموو وشەکاندا، بۆنموونە ( لووسکەڵە، نەرمۆڵە، گرینۆک،...هتد ) ) ( سەعید، ٢٠١٣: ١٠٣ ).

## ٢- گیرەکە ڕێزمانییەکانی ئاوەڵناو:

ئەو مۆرفیمانەی دەلکێن بە ئاوەڵناوەوە، دروستەیەکی فرێزی دادەڕێژن، بەڵام کاکڵی واتایی وشەکە ناگۆڕن، بەوەش لە بەشەکانی تری ئاخاوتن جیادەکرێتەوە، کە پلەی بەراورد و باڵا بە هۆی گیرەکە ڕێزمانیەکانەوە کە ( تر، ترین ) وەردەگرێت ( عەلی، ٢٠١٤: ٢٠٣ ) واتە "لە گەردانکردنی ئاوەڵناودا لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە، مۆرفیمە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ( تر، ترین ) دەیاننوێنن و پەیوەندییەکی بەراوردی لە نێوان پێکهاتەکاندا بەرجەستە دەکەن" ( حسێن، ٢٠٢١: ١٣٠ ) ( بۆیە وشە لە ڕوی فۆرمەوە بە ئاوەڵناو دادەنرێ ئەگەر بتوانێت گیرەکی ڕێزمانی ( تر، ترین ) وەربگرێ" بەواتای ئەوەی هەر بنجەو زەمینە بۆ ژمارەیە گیرەکی دیاریکراو خۆش دەکات، ئەمەش کۆتبەندی دروست دەکات بۆ بەکارهێنانی لەگەڵ بەشەکانی تری ئاخاوتن ) ( فەرهادی ، ٢٠١٣: ٦ ).

## ٦/٢-٣)کردار:

## ١- گیرەکە وشەداڕێژەکانی کردار:

کردار ( لە ڕوی مرفۆلۆجییەوە بریتییە لەو کەرەسەیەی کەهەندێ گیرەکی ڕێزمانی و داڕشتن وەردەگرێ، لە زمانی کوردیدا کاری داڕێژراو بەیارمەتیی پێشگر و پاشگر پێکدێت، واتە داڕێژراو بریتییە لەو کردارەی، کە لە کردارێکی بنجی و گیرەکێکی داڕشتن یان زیاتر پێکدێت ) ( ئەحمەد، ١٩٩٠: ٩٥ ).

أ-( پێشگرەکان ) لە زمانی کوردیدا ( چەند پێشگرێک هەن، کاتێک دەچنە سەر کرداری بنجی کرداری داڕێژراو سازدەکەن، وەک پێشگرەکانی ( ڕا، هەڵ، دا، ڕۆ، وەر، ڕێ، پێ، تێ، لێ، پێدا، تێوە، پێڕا، تێڕا...هتد ) یەکێک لە کۆتبەندیانەی کە پەیوەندی بە کەتیگۆری وشەکەوە ( بناغە )کەوە هەیە، ئەوەیە کە ئایا کەتیگۆریەکە کردارە، ئەگەر کرداربێ بە ئاسانی لەگەڵ ئەم گیرەکانە هەڵدەکات و بەکاردێ، وەک ئەوەی کەتیگۆریەکە ناوبێت، یان کەتیگۆریەکە ئاوەڵناوبێت، واتە کۆتوبەندیە مۆرفۆلۆجییەکان زیاتر بەپێکهاتەی ئەو بناغەیەوە پەیوەستن، کە گیرەکەکە وەردەگرێت.

پێشگری ( ڕا ) لە ڕوی تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجییەوە، لە بنجینەدا بە ڕەگی کردارەوە دەلکێت، بە گشتی بۆ بزوتنەوەی ئاسۆیی ( افقی ) بەکاردێت، هەروەها بۆ مەبەستی تریش بەکاردێت ) ( لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد، ٢٠١١: ١٩٧ ) وەک ( ڕاگرت، ڕاپەڕی، ڕاخست، ڕامالین، ڕاوەستا، ڕاتەکاند، ڕاوەشاند،...هتد ) .

پێشگری ( هەڵ ) ( بناغەی بەشەئاخاوتنی ناوی چاوگ/ کردار، هەڵدەبژێرێت، ئەم جۆرە کارە جوڵەی تێدایە و خۆکردە لە ژێرکاریگەری بکەردایە، پاشگری ( هەڵ ) لە هەڵبژاردنی بناغەکاندا جیاکاری دەکات، واتە هەندێک لە بناغەکان وەریدەگرێ و هەندێکی دیکە لە بناغەکان وەریناگرێت، کە بناغەکە لە حاڵەتێکدا هەر هەمان بناغەیە ( کەتیگۆریە )، ئەمەش پەیوەستە بەلایەنی سیمانتیکییەوە، بۆ نمونە ئەو کردارانەی جوڵەی تێدایە بە زۆری پێشگری ( هەڵ ) وەردەگرێت، وەک ( هەڵفڕی، هەڵهات، هەڵچوو، هەڵبوو، هەڵهات، هەڵخلیسکا ، هەڵوەری ، هەڵگەڕا...هتد ) بەڵام ناچێتە سەر ئەو کردارانەی کە جوڵەی تێدا نییە، وەک ( هەڵ*مرد ، هەڵ*خنکا ، هەڵ* نوستوو،...هتد ) ) ( دزەیی، ٢٠١٤: ٨٤ ).

پێشگری ( دا ) ( یەکێکە لەو پێشگرانەی تەنها دەچێتەسەر بناغەی کردار، ئەم پێشگرە زۆر چالاک و بەبەرهەمە و گەلێک مانا دەبەخشێ و بە زۆری ڕێچکەی بزوتنەوەی لەسەرەوە بۆ خواروە نیشان دەدات، واتە زۆربەی واتاکانی ئەم پێشگرە ( بەرەو ژێرەوە ) دەگەیەنێ، گەلێ واتای تری هەیە کە لەگەڵ ئەمانە هاوبێژی دروستدەکەن، وەک ( دابەزی، داگرت، داکەند ، دانیشت، داکەوت،...هتد )، بەڵام لەگەڵ ئەو کارانە کۆتبەندی دروستدەکەن کە واتای بەرزبوونەوە دەگەیەنن، وەک ( دا* فڕین،...هتد )، هەروەها لەگەڵ ئەو کارانەش نایەت کە جوڵەیان تێدا نییە ) ( مارف، ٢٠٠٠: ٧١ )، وەک ( دا*مردن ، دا*خەوتن،...هتد ) .

پێشگری ( پێ، تێ، لێ )

پشگری ( پێ ) ئەم پێشگرە بە زۆری نیشانەی بزوتنەوەی ڕووبەران بەرە، وەک دیارخستنی هۆی ڕوودان، یان گۆڕانی حاڵ، بەڵام پێشگری ( تێ ) بەگشتی بزوتنەوەی بەرەو ناوەوە پێشاندەدات، هەرچی پێشگری ( لێ )یە نیشانەی بزوتنەوەی بەرەو کەسێک یان شتێک دەدات، ئەم پێشگرانە وەک "وشەداڕێژەر ڕۆڵ دەبینن و وەسیلەو ئامرازێکی گرنگی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردین،

به ناوی ڕووداو/چاوگ" ( مستەفاA، ٢٠٢١، ١٩٩ ) وەک: ( پێگەیاند، پێکرد، تێکەوت، تێخست، لێکەوت، لێخوڕی،...هتد ) .

هەریەک لەم پێشگرانە دەچنەسەر ئەو بناغانەی سەرچاوەکانیان کردارن، کەواتە بەرهەمداریی دەکرێت سنوورداربکرێت، بەهۆی کۆتبەندی مۆرفۆلۆجییەوە. پێشگری ( ڕۆ ) "ئەم پێشگرە لە ڕووی واتاوە دەورێکی نزیک لە دەوری پێشگری ( دا ) دەگێڕێ" ( فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٧٤ ) واتە بزوتنەوە بەرەو خوارەو ناوەوە نیشاندەدات، لە ڕوی چالاکیەوە، بەرهەمی کەمترە. وەک: ( ڕۆکرد، ڕۆچوو، ڕۆنیشت،...هتد ).

پێشگری ( وەر ) "ئەم گیرەکە بە شێوەیەکی گشتی لە ڕوی چالاکیی و بەرهەمەوە بەرهەمێکی دیاریکراوی هەیە و زۆر بەرهەمدار نییە، مانای پێچکردنەوە و گەڕانەوە و هەڵگێڕانەوە و گۆڕین و گوێزانەوە...ی تێدایە" ( مستەفاA، ٢٠٢١: ١٩٨ ) وەک: ( وەرسوڕان، وەرپێچان، وەرچەرخان، وەرکەوتن،...هتد ).

أ- ( پاشگرەکان ) "لە زمانی کوردیدا دوو پاشگر هەن، کرداری داڕێژراو دروست دەکەن" ( فەتاح، ٢٠٠٠: ٨٥ ) ئەوانیش بریتیین لە هەردوو پاشگری ( ەوە، اندن ). یەکێک لەو هۆکارانەی کە کۆتبەندی بۆ ئەم پاشگرانە دروستدەکات، ئەوەیە کە تەنها لەگەڵ بناغەی کاردا هەڵدەکات و ناچێتە سەر بەشەکانی تری ئاخاوتن.

پاشگری ( ەوە ) ئەم پاشگرە دەورێکی گەورە دەبینێ لە زمانی کوردیدا، چونکە ڕۆڵێکی گرنگ و سیمایەکی تایبەتی هەیە، لەڕووی سیمانتیکیشەوە گەلێک واتای جیاوازی هەیە، دەیان وشەی نوێ پێکدێنێ. واتا سەرەکییەکانی بریتیین لە "دووبارەبونەوە، گۆڕینی واتای وشە، گەڕانەوە، گۆڕینی چەمکی وشە..." ( مارف، ٢٠٠٠: ٨٩ ).

پاشگری ( ەوە ) بە ڕەگ و قەدی کردارەوە دەنوسێ واتای جیا دەبەخشێ:

١- مانای دووپاتی : وەک ( هاتن/ هاتنەوە )
٢- گۆڕینی دۆخ : وەک ( لە دۆخی مەرگ بۆ ژیان/ زیندو بوونەوە ، لە دۆخی شلی بۆ گازی/ بەهەڵم بوون ، گۆڕینی ڕوو/ هەڵگەڕانەوە )
٣- گۆڕینی چەمکی وشە : وەک ( خواردن/ خواردەوە )
٤- گۆڕینی واتای وشە : وەک ( بردن/ بردنەوە ) ( فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٧٧ ) .

پاشگری ( ەوە ) لە ڕووی سیمانتیکییەوە بە واتای دووبارەبوونەوە دێت، بۆیە کۆتوبەندی لەگەڵ کاری ( مرد*نەوە ) دەکات.

پاشگری ( اندن ) یەکێکە لەو مۆرفیمانەی، کە ئەرک و ڕۆڵی جیاواز دەبینێت، "یەکەم وەکو پاشگرێک ئەرکی داڕشتن دەبینێت، دووەم وەکو مۆرفیمێکی ڕێزمانی ئەرکی تێپەڕاندن دەبینێ" ( کەریم، ٢٠٠٤: ٥٥ ) لە داڕشتنی کاردا بەگشتی دوو جۆر بناغە وەردەگرێت.

پاشگری ( اندن ) ( دەچێتەسەر ناوی دەنگ، بۆنموونە لەگەڵ ناوی دەنگە سروشتییەکان کاری تێنەپەڕ دروستدەکات، وەک ( ناڵە/ ناڵاند، گرمە / گرماند، قیژە / قیژاند،...هتد )، جگە لە ناوی دەنگی سروشتی، دەچێتە سەرناوی دیکەش چاوگ و کاری تێپەڕ دروستدەکات ) ( عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ٩٥ ) وەک: ( نەخشاندن، ڕەنجاندن، گەوجاندن، نرخاندن،...هتد ) ئەم پاشگرە پاشگرێکی چالاک و بەبڕشتە لە زمانی کوردیدا، ئەوەی کۆتوبەندی بۆ دروسدەکات ئەوەیە بەزۆری دەچێتە سەر کاری تێنەپەڕ.

## أ- گیرەکە ڕێزمانییەکانی کردار:

( مەبەست لە ڕۆنانی ناوەوەی فریزی کاری پێکهاتەی کارە بەپێی ئەو مۆرفیمە جۆرا و جۆرانەی بەشداری لە داڕشتنی کارەکە دەکەن، واتە چەند لایەنێکی دەرخەری تایبەتی لێک دانەبڕاوی هەیە و بە کەتەگۆرییەکانی مۆرفۆلۆجی ئاماژەیی گشتی ناودەبرێن و مۆرفیمە وشە گۆڕەکان دەیاننوێنن، هەندێکیان دەکەونە پێش ڕەگی کارەکە وەک: پێشگرەکان، مۆرفیمی نەرێ، ئەسپێکتی بەردەوامی...هتد ) ئەو مۆرفیمانەی، کە دەکەونە دوای ڕەگی کاریش ئەمانەن ( مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردوو ( ا، وو، د، ت، ی )، مۆرفیمی نادیاری،...هتد )، کەڵەکەبوونی ئەم چەند بابەتە گەردانییە لە کرداردا بووەتە هۆی ئاڵۆزبوونی پرۆسەی گەردانی کردار ) ( محەمەئەمین، ٢٠١٥: ٥٦ ).

١- کات: چەمکی کات نیشاندەری ساتی تایبەتە لە گوتن و نوسیندا، ئاماژەیە بۆ خاڵێکی دیاریکراوی کردار یان ڕودان.

کاتی ڕێزمانی لە بنەڕەتدا دابەشی سێ بەشی سەرەکی دەبێت: کاتی ڕابردو، کاتی ڕانەبردو، کاتی داهاتوو، ئەم جیاکردنەوەیە سود بەخشە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پەیوەندی ئاڵۆزی کاتی ئاسایی و کاتی ڕودان، لە هەمان کاتدا شێوە، یان فۆرمەکانی کات، کەڕۆنانی مۆرفۆلۆجی جیاوازیان هەیە، دەشێ بۆ نیشاندانی هەندێ واتای جیاواز بەکاربێن.

زمانەوانەکان زۆرتر لەخستنەڕوی یاسای کاتدا، پشت بەبەرامبەرکردنی شێوەکانی ڕابردو ڕانەبردو دەبەستن ( قادر، ٢٠٠٣: ٦٠ ).

أ- کرداری ڕابردو: ( ئەو کردارەیە، کە پرۆتسێسی ڕوداوەکەی پێش ئاخاوتن بکەوێ، کاتی ڕابردوی زمانی کوردی مۆرفیمەکانی کات دەیاننوێنن کە بریتیین لە ( ت ، د ، ا ، ی ، وو ) لە

هەمانكاتدا ساتەوەختەكانی ڕودان، لە ڕێی ئەسپێكتەكانەوە بۆ ڕابردوی ( نزیک ، تەواو ، بەردەوام ، دور ) بەشێوەیەكی ڕێكوپێک ورد دەكرێتەوە لەبەرامبەركردنی فۆرمەكانیاندا) ( خۆشناو، ٢٠١٤: ٨٢ ).
بۆ نمونە:

| ڕەگ | مۆرفیمی كاتی ڕابردوو | نموونە |
|---|---|---|
| فرۆش | ت | فرۆشت |
| خوار | د | خوارد |
| كێڵ | ا | كێڵا |
| كڕ | ی | كڕی |
| ب | وو | بوو |

هەندێک بناغە مۆرفیمەكانی كاتی ڕابردو قبوڵ ناكات، واتە كۆتبەندیان دەخاتەسەر كە لەهەمان بەشە ئاخاوتنی كاردارن. وەک لە زۆربەی كاری بكەر نادیار، بۆنمونە ( فرۆشت/فرۆشرا، خوارد/ خورا، كڕی/كڕرا، كێڵا/كێڵرا، ...هتد ) .

( هەریەک لەم گیرەكانە كۆمەڵەڕەگێكی تایبەت هەڵدەبژێرێن و پێیانەوە دەلكێن. واتە هەریەک لەم گیرەكانە بە شێوەیەكی بەرتەسک بە كۆمەڵە ڕەگێكەوە دەلكێن كە خاوەنی تایبەتمەندیگەلێكی واچی و ڕێزمانین. كەوابوو هەركام لەم گیرەكانەی كاتی ڕابردو توشی كۆتبەندی دەبن، چونكە تەنها لەگەڵ كۆمەڵە بناغەیەكدا هەڵدەكەن، واتە ئەگەر سەیری تایبەتمەندی هەریەک لە گیرەكەكانی كاتی ڕابردو بكەین دەبینین، هەریەكێ لەم گیرەكانە تایبەتە بە بناغەیەكی دیاریكراو ناچنەسەر بناغەكانی تر. وەک:

١- گیرەكی ( ـا ) بە ئەو ڕەگانەوە دەلكێت، كە لە باری تایبەتمەندیی فۆنۆلۆجییەوە لە یەک بەشی سێ پارچە كە بزوێنی ژێرە (ێ) لە پارچەی دووەمیدا بێت و لە باری هێزی ڕێزمانییەوە تێپەڕبن.
٢- گیرەكی ( وو ) بەس دوو ڕەگ بە بناغە وەردەگرێت تایبەتمەندیی فۆنۆلۆجییەوە یەک پارچەن و لە باری هێزی ڕێزمانییشەوە تێنەپەڕن.
٣- گیرەكی ( ی ) بە زۆری بە ئەو ڕەگانەوە دەلكێ كە لەباری تایبەتمەندی فۆنۆلۆجییەوە یەک بەشن و بزوێنی ژێرەیان تێدا نییە و لە باری هێزیشەوە هەم تێپەڕ و هەم تێنەپەڕن ) ( كەرەمی، ١٣٩٦: ٩٢ ).

ب-کاتی ڕانەبردو: ( بۆ ڕوودانێکە، کە هەر ئێستا ڕوودەدات، یان دەتوانێت بۆ ڕوداوێک بێت، کە لە ئایندەدا ڕوبدات، واتە کارەکە ڕوی نەداوە، یان ئێستا ڕودەدات یان لە داهاتودا ) ( مەحوی، ٢٢١: ٦٧٤ ).

ئەسپێکت:Aspect پۆلە ڕەگەزێکی ڕێزمانیی پێکهاتەی کردارییە، ئاماژە بە وەسفی ماوەی خایاندنی ڕودانی کردار دەکات ( Finch, ٢٠٠٠: ٨٥) ئەمانەش لەچەند گیرەکێک پێک دێن، ڕۆڵیان جیاوازە لە گیرەکەکانی کاتی ڕێزمانی.

پێشگری ( دە ) ( پێش ڕەگی کاتی ڕانەبردو دێت و سەرەتای دەست پێکردن دەنوێنن، بە دوا ڕەگەکەشدا جێناوی لکاو دێت، یان پێشگری ( دە ) پێش بناغەی کاتی ڕابردوی بەردەوام دێت، بەشداری فۆرمی ڕابردوی بەردەوام دەکات، مەرجی ئەوەی ئەم گیرەکە کاتی ڕانەبردو بگەیەنێت ئەوەیە کە لەگەڵ ڕەگدا بێت و ڕەگیش هیچکام لەو گیرەکانەی کە هی کاتی ڕابردون لەگەڵیدا نەبێت. یان پێش بناغەی کاری ڕابردو دێت و بەشداری فۆرمی ڕابردوی بەردەوام دەکات ) ( مارف، ٢٠٠٠: ١٩١-٢٠٣ ).

پێشگری ( ب )، ( یەکێکە لە پێشگرەکانی کردار، ئەمیش ئەسپێکتێکەو ئاماژە بە کردار و داوای قسەکەر لە گوێگر دەکات بە جێبەجێکردنی کارێک، لە شێوەی کرداری داخوازی ) ( مستەفاA، ٢٠٢١: ١١٦ ) واتە "پێکهاتەی واتای ئەم ڕوکارە جێبەجێکردنی یان نواندنی هەڵوێستێک لەگوێگر/خوێنەر دەخوازێت" ( قادر، ٢٠٠٣: ٧٠ ) ( یەکێک لە ڕێگەگرتن ( کۆتبەندی ) لە چالاکی پێشگری ( ب ) ئەوەیە، تەنها دەچێتەسەر ڕەگی سادە، نابێت لە یەک برگە زیاتر بێت، کەواتە پێکهاتەی فۆنۆلۆجی ڕێگرە لە بڵاوبوونەوەی چالاکی ئەم ئەسپێکتە ) ( محمدامین، ٢٠٢٣: ٨٦ ) بۆ نمونە: ( بکوژ، بکرە، برۆ، بشۆ،...هتد ) .

مۆرفیمەکانی نەکردن: "لە کوردیدا چەند نیشانەیەک هەن بۆ گۆڕینی، کردارێکی ئەرێ بۆ نەرێ" ( ڕەسول، ٢٠١٤: ٢٢ )، هەروەها ( دەرکەوتنی هەر یەک لەم نیشانانە، بەندە بە سروشتی کردار و کاتەکەی، مۆرفیمی ناکردن هەمیشە وەک پێشگر بە ڕەگی کردارەوە دەلکێ تەنها لەگەڵ کاتی ڕابردوی بەردەوامدا نەبێ پێش ئەسپێکتی ( دە )ی بەردەوامی دەکەوێ ) ( ئەمین، ٢٠١٦: ٥٠ ) .

مۆرفیمەکانی ناکردن بریتین: لە ( نە، نا، مە، نی )

١- پێشگری ( نە ) مۆرفیمێکی چالاکە:

أ- لەگەڵ کرداری ڕابردوی تێپەڕ، بکەردیار و بکەر نادیار.

ب-کاری ڕابردوی تێنەپەڕ، بکەردیار.

ت-کاری ڕانەبردوی تێپەڕ بکەردیار و بکەرنادیار، تێنەپەڕ بکەردیار.

٢- پێشگری ( نا ) تەنها دەچێتەسەر ڕانەبردوی تێپەڕی بکەردیار و نادیار.
٣- پێشگری ( نی ) ئەرکی خستنەڕوی نەبوونی کاری هەبوون، کاری بوونی کاتی ئێستا.
٤- پێشگری ( مه ) بۆ ناکردنی کاری داخوازی بەکار دێت ( قادر، ٢٠٠٣: ٧٣ ).

گیرەکانی ( نا، نی، نە، مە ) ( زیاتر ئەو بناغانە هەڵەدەبژێرن کە خۆیان واتای نەرێنیان نییە، بۆیە دەوەستنە سەر واتای ئەو بناغەیەی کە گیرەکەکەی پێوە دەلکێت ) ( محمد، ٢٠١٩: ١٦٣ )، واتە کۆتوبەندە واتاییەکان ڕێگرە لە چالاکی مۆرفیمەکانی نەرێکردن، چونکە مۆرفیمەکانی نەرێکردن بەردەوام لەگەڵ وشەی ئەرێنیدا دێن ( محمدامین، ٢٠٢٣: ٨٦ ) .

## ٧/٢)ڕۆڵی واتا لە داڕشتنی وشەدا:

واتاسازی بەشێکی سەرەکییە لە زانستی وشەو لە گشت ئەو مەسەلە و کێشانە دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەندییان بە مانای وشەوە هەیە، واتە لەو بابەت و کەرستانە دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەندییان بە واتای وشەکەوە هەیە ( مارف، ٢٠٠٤: ٣٩١ ). وەک: مۆرفیمە بەندە ڕێزمانی و ناڕێزمانییەکان لە چوارچێوەی وشەدا.

( واتای فەرهەنگی لەگەڵ سێ لقی سەرەکی زمانەوانیی هاوچەرخ تێکەڵە: واتاسازی، وشەسازی، فەرهەنگسازی. زمانەوانی هاوچەرخ دەیەوێت، بابەت و شەن و کەوی هەریەک لەم زانستانە دیاریبکات ، کە هەموویان نوێن. بگرە لە قۆناغی دەڵەمەیی دان و لە هەوڵی پەتیکردنی تیۆرەکانیان دان، بەتایبەتیش وشەکاری و فەرهەنگسازی ) ( عوسمان، ٢٠٢١: ١٢٣ ) واتا بە هۆیەکی سەرەکی دادەنرێ بۆ لەیەکترگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا، ئوڵمان دەڵێت واتا "بریتییە لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی نێوان وشە و هێمابۆکراو" ( عەلی، ٢٠١١: ٢٨ )، واتە پیوەندی نێوان وشە و واتاکەی پەیوەندییەکی وێناکردنی هۆشەکییە. ( لەبەر ئەوەی واتاسازی یەکەمجار و پێش هەموو شتێک بایەخ و گرنگی بە توخمە فەرهەنگییەکانی زمان دەدات ، بۆیە ئەو بۆچوونە بۆ واتاسازی نزیک دەبێتەوە لە هەندێ لایەنەکانی زانستی وشە ( یەکەکانی وشە ) واتە لە لێکۆڵینەوەی بنەماکان و ڕێگاکانی فەرهەنگی . ئەمەش بە تەکنیکی ئامادەکردن ناسراوە بۆ دەستنیشانکردنی فەرهەنگەکانی زمان ) ( کلۆد و ریمۆ، ٢٠٠٦: ١٣ ) یەکەمین پێکهاتەی سیمانتیکی هەر زمانێک بریتییە لە فەرهەنگی ئەو زمانە، زانیاری سیمانتیکی نیشانەی سیمانتیکی، کە هەر جیاکارییەکی چەمکیی کەرەستە فەرهەنگیەکان لەو حاڵەتەدا، کە وەک بەشەکانی ئاخاوتن وەردەگیرێن دەنوێنێت. یان چەمکی گشتی و هاوبەشەکانی نێوان وشەکان دەستنیشاندەکات ( عومەر، ٢٠١٢: ١٠٧ ) لە زمانی کوردیدا مۆرفیمە بەندەکان ، ڕۆڵدەگێرن لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی. هەروەها بەپێی ئەو چەمک و واتایانەی کە لەهەر گروپێکدا دەیگەیەنن ، پۆلین بکەین ، کەچەمک و واتایان کۆیان دەکاتەوە، ( حمد، ٢٠١٤: ١٠٠ )

( ئەم مۆرفیمانە ئیشیان داڕشتن یاخود ڕۆنانی وشەیە، زیادبوونی واتای مۆرفیمی وشە داڕێژە، بۆ زیادکردنی واتای وشەی نوێ لەزماندا، هەروەها دەربڕینی وشەیەک بەچەند واتایەکی جیاواز، واتە مۆرفیمە وشە داڕێژەکان کارکردنیان لە چوارچێوەی یەکەی واتایی فەرهەنگیدا واتە واتای وشەی نوێ بەرهەم دێنێت ) ( ئیبراهیم، ٢٠١٤: ٦٠ ).

( سیمانتیک لە گشت زمانەکاندا کاردەکاتەسەر جێبەجێکردنی پرۆسەکانی وشەداڕشتن، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا پرۆسەی وشە داڕشتنی وشەی لێکدراو، لە:

Adjective+ P.P ( V-ed)

دەرکردەکە ئاوەڵناوێکی لێکدراوە، پرۆسەکە کاتێک ڕێگەی پێدەدرێت، کە ئەو ڕەگەی /ed/ بۆزیاددەکرێت، خاوەنێتی جێگیرە، یان (خاوەنێتی ڕەسەن)بێت، ئەم بناغەیە، کە ناوە دەبێتە سەرو تەواوکەرێکی بۆزیاددەکرێت، بۆ نمونە:

Green-roofed

لە زۆر باردا، واتای لاگر بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕێگرە لەبەردەم پرۆسەی وشەداڕشتن، چونکە دەبینین هەندێک پێکهاتە (بناغە+لاگر) هیچ واتایەک نادات، بۆ نمونە ئەم داڕشتنە لە زمانی ئەڵمانیدا بێواتایە، کاتێک پاشگری ناوی مێ /in/ دەخرێتە سەرناوی /Baum/–/درەخت/، چونکە دەزانین، کە درەخت لە ڕووی ڕەگەزەوە جیانەکراوەتەوە.

بەگشتی دەتوانین بڵێیین، کە لاگرە ڕێزمانییەکان و لایەنی واتاش لە هەڵبژاردنی ئەو بناغانەی پێیانەوە دەلکێن، ڕۆڵدەبینێت ) ( ئەحمد، ٢٠١٠: ٢٠ )

## ٨/٢)ڕۆڵی مۆرفۆلۆجی لە گۆڕینی واتای وشەدا:

یەکەی واتایی بریتییە لە دیاریکردنی یەکەی واتادار لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا، زمانەوانان تاڕادەیەکی زۆر لەسەر دیاریکردنی بچوکترین یەکەی واتایی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا هاوڕان و ڕێکەوتوون، کە مۆرفیم بچوکترین یەکەی واتادارە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا، بلۆمفیلد بەم شێوەیە پێناسەی کردووە و دەڵێت، مۆرفیم بچوکترین فۆرمی ئازادە ( محەمەد، ٢٠١٦: ١٤ ) ( مۆرفیمەکان هەڵگری زانیاریی مۆرفۆلۆجیین، بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەش لە لایەن ئاخێوەرەوە بەپێ یاسا دیاریکراو و پێڕەوبەندانەیە، لەمەشەوە توانستی مۆرفۆلۆجی قسەپێکەرانی زمانێک لە سەلیقەی زمانییان لەبارەی دروستەی مۆرفۆلۆجییەکان و دروستداڕشتنیاندا دەردەکەوێت ) ( سەعید، ٢٠١٩: ١٦ ).

( ڕێزمانی بەرهەمهێنان، گوزارشتە لە داهێنانی یاسا-جلەوگیری زمان، لە بواری بەبەرهەمیدا، توانست یارمەتیی قسەپێکەرانی زمان دەدات بۆ دروست – دارشتنی وشەکانی زمان، داهێنانی مۆرفۆلۆجییانە، ئەدگارێکی پرۆسەی مۆرفۆلۆجییەکانە، کە رێگە بە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ دەدات، زۆرکات لە زماندا دەبینین، یەکێک لە یاساکانی ئەم پێرەوە یاساکانی وشە دارشتنە، ئەوە دەخاتەڕوو، کە قسەپێکەرانی زمانێک پەیوەستنین، سەرجەم وشەکانی زمانەکەیان لەبەربێت، کە دەیزانن، توانستیان ئەو ئەدگارەی تێدایە، کەتەحەکوم بکات بە یاساکانەوە بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ و لەیەکدانەوەی واتای وشە نوێیەکان یان نەبیستراوەکان، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ) ( ئەحمەد، ٢٠١٠: ٦ )، واتە مۆرفۆلۆجی بنیاتی وشەی ناسادەی تێدا دەنرێت، "هەرچەندە واتای وشە لە ڕەگدا کۆدەبێتەوە، بەڵام هیچ زمانێک ناتوانێت تەنها بە ڕەگ مەبەستەکانی خۆی بپێکێت" ( مارف، ١٩٧٧: ٣١ )، زمان بۆ ئەو مەبەستە پەنادەباتە بەر هاوکاری گیرەکەکان بۆ دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر لە وشە، کە هەڵگری واتا و مەبەستی تازەن، واتە زمان بۆ ئەم مەبەستە گیرەک بۆ بنیاتنانی وشە بەکاردێنێت، کە واتا و مەبەستی تازەیان تێدا کۆدەبێتەوە، بۆنمونە پاشگرەکان ڕۆڵی زیاتر لە گۆڕینی واتای وشەدا لە کاتی دروستکردنی وشەی نوێدا دەگێڕێت. بۆ نمونە:

## ١- ڕۆڵی پاشگری ( -ساز ) لە دارشتن و گۆڕینی واتای وشەدا :

ئەم مۆرفیمە، لە سازکردنی ناوی پیشە لە زمانی کوردیدا، ڕۆڵی لە زەنگینکردنی گەنجی وشەکانی زمان و پڕکردنەوەی پێداویستی ئاخێوەری کورد زماندا هەیە، هەروەها پاشگری بەندی ( ساز ) لە ڕووی کەتیگۆرییەوە بناغەی جیاواز هەڵدەبژێرێت و وشەی نوێ دادەرێژێت ( مستەفاA، ٢٠٢١: ١٥٦ ) هەروەها ( بە یەکێک دادەنرێت لەو مۆرفیمانەی، کە بەپڕاوپڕی چەمکی پیشە دەگەیەنێت. دەچێتەسەر هەر بنکەیەک واتای دروستکردنی ئەو شتە دەدات. لەبەرئەوەی لەزمانی کوردیدا وەکو ڕەگ بەکارناهێنرێت و بووەتە گیرەک، بۆیە ئەندامێکە لەم بوارەدا ) ( خۆشناو، ٢٠١٦: ١٦٦ ) ئەم پاشگرە چەندین وشەی فەرهەنگی دادەڕێژێت. وەک: ( ددانساز، ڕەخنەساز، چەخماخساز، دەرمانساز، واتاساز، چاکساز، بیناساز، فەرهەنگسازی، پەیکەرساز،...هتد ) .

هەریەکێک لەم وشانە ئەگەر لە ڕوی واتاییەوە شیبکەینەوە دەبینین بە زیادکردنی پاشگری ( ساز ) وشەی نوێ بە واتای نوێ دادەڕێژرێت. وەک :

ددان + / -ساز ⟵ ددانساز

- ددان: بەواتای ئەو ئەندامە دێت کە لە دەمی گیانلەبەراندایە بۆ هاڕین و جوینی خواردن بەکاری دەهێنێت.

- ددانساز: ناوی پیشەیەکە، بۆ کەسێک بەکاردێت کە پیشەی دروستکردنی ددانە، پێویستە شارەزای لەم کارەدا هەبێت.

## ٢- ڕۆڵی پاشگری ( دار ) لە داڕشتن و گۆڕینی واتای وشەدا:

ئەم پاشگرە لە هەردوو دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردیدا بەکاردێت، یەکێکە لە مۆرفیمە فەرهەنگیەکان کە بۆ سازکردنی ناوی پیشە بەکاردێت، هەڵگری واتای خاوەنێتیی و هەبوون دەدات ( عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ٣٧ ). بۆ نمونە ( بەهرەدار، ئاژەڵدار، پارەدار، دوکاندار، مەڕدار،...هتد )

بەهرە +/-دار ⟵ بەهرەدار

- بەهرە: تایبەتمەندییەکە لە زۆربەی مرۆڤەکاندا هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز، مەرج نییە هەموو کەسێک پەرە بە بەهرەی خۆی بدات .
- بەهرەدار: واتای خاوەندارێتیی دەبەخشێت، ئەو کەسەیە کە تایبەتمەندییەکی هەیە و خستوویەتییەڕو .

## ٣- ڕۆڵی پاشگری ( یار ) لە داڕشتن و گۆڕینی واتای وشەدا :

جۆرێکە لەو مۆرفیمانەی، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چەمکی پیشە نیشاندەدات. بەزۆریش دەچێتەسەر ڕەگی کرداری ڕابردوو و ئێستا و ناوی چاوگ ( اسم الصدر )ەوە دەلکێت و ناوی داڕێژراو دروستدەکات ( مارف، ٢٠١٤: ١٣٦ ) وەک: ( فرۆشیار، جوتیار، پەرستیار،...هتد ).

جووت+ /-یار ⟵ جوتیار

- جووت: بە واتای ناوی ئەو کارە دەهات، کە لە کۆندا ئێستر، یان گا بەکاردەهێنرا، بۆ کێڵانی زەوی، بەڵام ئێستا مەکینە بەکاردەهێنرێت.
- جوتیار: ناوی پیشەیەکی کشتوکاڵییە، بە واتای کەسێک دێت کەساڵانە کاری جوتیاری بکات.

## بەشی سێیەم

## فێربوون و وەرگرتنی زمان لە نێوان هەڵە و فۆڕمە دروستەکاندا

### ٣/ ١) سەرەتا:

شیکردنەوەی ئەو هەڵانەی، کە فێرخواز دەیکات، چ لە کاتی وەرگرتنی وشەکە، چ لە گێڕانەوەی وشەکە، تاکو ئێستا لە کوردی گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، ئەوەش بەشێکە لە لایەنی ئاستی وشەسازی لە وەرگرتنی زماندا (زمانی یەکەم و زمانی بیانی)دا، گەلێ هۆکار لەخۆدەگرێ، و بەسەر ئاستەکانی دابەش دەبێ، بە گوتەیەکی دیکە فێرخوازان لە تێگەیشتن و دەربڕیندا هەڵەدەکەن، ئەم دیاردەیەش دیاردەیەکی سایکۆ ـ زمانییە، و پەیوەندیی بە ئاستی ڕۆشنبیریی کەسەکانەوە نییە، هێندەی دیاردەیەکی زۆرباوە و هەموو کەسێک توشی دێت، کرۆکی دیاردەکەش خۆی لە دەرکردنی (وشە ، دەستەواژە و ڕستە)ی ناواتادار یاخود نەگونجاو لەگەڵ شوێنی گۆکردنی ئاخاوتنەکەدا دەبینێتەوە (مەحموود، ٢٠١٢: ١٧٢)، نمونەی هەڵەی تێگەیشتن کاتێکە، کە فێرخوازێک ڕستەی:

ـ قاچم بشۆم.

وەک ڕستەی

ـ قاچم بچۆم.

بە هەڵە وەردەگرێت و دووبارەدەکاتەوە، ئەوەش بەهۆی دووبارەبوونەوەی فۆنیمێکە [چ] بە بەردەوامی، یاخود بەهۆی بێتوانایی لە جیاکردنەوەی دەنگەکانی /چ/ و /ش/. هەرچەندە هەڵەکانی تێگەیشتن گرنگییەکی کەمیان پێدراوە، چونکە وەک (Corder, ١٩٧٤: ١٢٥) ئاماژەی پێ کردووە، کە دەتوانرێت تێگەیشتن بە شێوەیەکی گشتی تاقیبکرێتەوە، بەڵام زۆر ئەستەمە هۆکاری شکستەکانی تێگەیشتن بۆ زانیارییەکی ناتەواوی فێرخواز لەسەر خەسڵەتێکی ڕستەسازیی تایبەت لە قسەیەک، کە فێرخواز بە هەڵە لێی تێگەیشتووە دیارییبکرێت، بۆیە لە ڕاستیدا جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان تێگەیشتن و دەربڕین لە لێکدانەوەی زاراوەدا هەیە، لەم بەشەدا بەپێی سەرنجی سەرەکی لە توێژینەوەی فێربوونی زمانی دووەمدا، ئێمە سەرنجمان لەسەر هەڵەکانی دەربڕین دەبێت.

### ٣/ ٢) هەڵەکردن لە نێوان وەرگرتن و فێربوونی زماندا:

لە بنەڕەتدا، لە هەڵەکردندا تەنیا فێرخوازانی زمانی دووەم نین، کە هەڵە دەکەن، بەڵکو ئەو منداڵانەشی فێری زمانی خۆیان دەبن (زمانی دایک) هەڵەدەکەن، بە تایبەت کاتێک گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان لە دەستوربەدەر دەبن، و چەشنە فۆڕمێکی ناباوی تێنەگەیەنراو دروستدەکەن، ئەو

کاتەش گۆڕانەکان ئاسایی نابن، و دەبنە هۆکاری چەشنێکی جیاواز لە گۆڕانکاری، کە پێیاندەگوترێت: هەڵەی زمانی ( مەحموود، ٢٠١٢: ١٦٩)، لە نمونەی وەک:

ـ تێملیکچوو

لەبری:

ـ لێمتێکچوو

دیارە ئەوەش بە هۆی ئەوەی سەگمێنتێکی دەربڕاوەکە لە جێگەی بنەڕەتی خۆیەوە نەماوە و پەڕیوەتە جێگایەکی دیکە، دیارە ئەم هەڵانە وەک ئەوەی ئاماژەی بۆ کراوە لە فێربوونی زمانی دووەمیشدا ڕودەدەن، هەر لەم ڕوانگەیەوە (ڕۆبەرت لادۆ) لەو پەرتوکەیدا، کە بە ناونیشانی (Lingustic Across Culture) لە سالی (١٩٥٧)دا نووسیویەتی، نمونەگەلێکی زۆری لەو هەڵانە هێنانەوەتەوە، کە لە دەرئەنجامی کاریگەریی زمانی یەکەم بەسەر زمانی دووەمدا سەرهەڵدەدەن، کە نووسەر پێیوایە ئەو هەڵانەی لە کاتی فێربوونی زمانێکی بیانیدا دێنەئاراوە، بێگومان لە زمانی یەکەمەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەڵەکانیش پتر لە نەگونجانی پێکهاتەکانەوە پەیدادەبن (بڕوانە: خۆشناو، ٢٠١٦: ٣٧)، یاخود وەک ئەوەی (Bloom:١٩٧٥ ) باسیدەکات، کە فێرخوازانی زمانی بیانی بە بەردەوامی وتەی وەک ئەمانەی خوارەوە دەردەبڕن:

*I goes see Auntie May. (I went to see Auntie May.)

* من دەچێت بۆ لای پورە مەی. (چووم بۆ لای پورە مەی)

*Eating ice-cream ( I want eat an ice-cream)

* خواردنی ئایسکرێم ( دەمەوێت ئایسکرێم بخۆم)

*no writing in book (Don’t write in the book)

* نوسین لەسەر پەرتووک نییە (هیچ شتێک مەنوسە لەسەر پەرتوکەکە)

هەروەها، تەنانەت ئاخێوەرانی ڕەسەنی پێگەیشتوویش هەندێک جار هەڵەدەکەن، کە ئەم چەشنە هەڵەیە خۆی لە گۆڕینەوەی دروستەی دەنگی و سینتاکسیدا دەبینێتەوە، بۆ نمونە لە ڕستەیەکی وەک ئەمەی خوارەوەدا فرێزەکان جێگۆڕکێیان کردووە، و واتای دەربڕاوەکەیان گۆڕیوە، بە جۆرێک لەم دەربڕاوەدا بە ئاسانی واتای ڕاستەقینە نابینرێتەوە (meaningless):

ـ باخی ئاوەکە دەدات (ئاوی باخەکە دەدات) (مەحموود، ٢٠١٢: ١٧٢)

ڕەنگە هەندێک جار ئەم هەڵەکردنە لە مۆرفیمێکی ڕێزمانی بێت وەک لە:

ـ * باوکم لە شاری گلۆسێستێر دەژین. (باوکم لە شاری گلۆسێستێر دەژی.)

- One boy is studying. (  One boy studying. )
- Two girls are playing football
- (Two girl are playing football. ) یان  (Two girls  playing football. )

بەڵام ڕەنگە ڕاستبێت، کە بڵێین ئەم 'هەڵانە' بە گشتی وەک هەڵە بە هەمان مانای ئەوانەی کە لە لایەن فێرخوازانی زمانی دووەمەوە دەکرێن بیریان لێناکرێتەوە. لە کاتێکدا هەڵەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم بە گشتی وەک 'فۆرمی نەخوازراو' سەیردەکرێن (George :١٩٧٢ )، 'هەڵەکانی' منداڵان وەک 'فۆرمی گەشەسەندن' و هەڵەی قسەکەرانی تەمەن گەورە وەک 'لە دەم دەرچوون' سەیردەکرێن، چونکە بەشێک لە زمانەوانان و زانایان پێیانوایە، کە ((هەڵەکردن، وەکو پەنجەرەیەک وایە، کە دەتوانرێت بە هۆیەوە تێبینی کرداری فێربوون لە فێربووانی زمانی دووەمدا بکرێت، ئەوانە گرنگی بە فێرخواز دەدەن و پەیوەست نابن بە شیکردنەوەی زمانییەوە، بەڵکو ئەو کردارانەی لە مێشکی فێرخوازدا بۆ فێربوون ڕوودەدەن بە گرنگییەوە وەریاندەگرن و لێیان دەڕوانن، و وەکو گواستنەوەی کۆزانیاریی تیۆری بۆ کۆ زانیاریی پراکتیکی سەیریان دەکەن)) (فەرەج و کەریم، ٢٠٢١: ٣)

## ٣/ ٣) شیکاری هەڵەکان:

لێکۆڵینەوە لە هەڵەکان، یاخود شیکارکردنیان بە ڕێگەی شیکاریی هەڵەکان ئەنجامدەدرێت. لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا، شیکاریی هەڵەکان جێگەی شیکاریی بەراوردکاری CAی گرتەوە، کە هەوڵیدەدا پێشبینیی ئەو هەڵانە بکات، کە فێرخوازان ئەنجامیاندەدەن بە دەستنیشانکردنی جیاوازییە زمانەوانییەکانی زمانی دایک و زمانی ئامانج، چونکە ئەو کەسانەی کە زمانەکان فێری خەڵکی دەکەن، تا ڕادەیەک شارەزاییان هەیە دەربارەی لایەنەکانی لێکچوون و جیاوازیی نێوان زمانی بنەڕەتی فێرخوازان (زمانی دایک) و ئەو زمانە بێگانەیەی کە خوازیاری فێربوونین، جگە لەمەش هەست بەو کاریگەرییە فراوانە دەکەن، کە زمانی یەکەم بەسەر زمانی دووەمەوە هەیەتی (خۆشناو، ٢٠١٦: ٣٦)، هەروەها جگە لەمانە بنەڕەتی گریمانەی شیکاریی بەراوردکاری ئەوەبوو، کە هەڵەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەنجامی دەستێوەردان ڕوویانداوە کاتێک فێرخوازەکە 'خووەکانی' زمانی دایکی گواستەوە بۆ زمانی دووەم، و پێیانوابوو دەستێوەردان هەرکاتێک ڕوبدات کە 'خووەکان'ی زمانی ڕەسەن جیاوازبن لە خووەکانی زمانی ئامانج. لەمەی پێشووەوە دەردەکەوێت، کە شیکاریی بەراوردکاری جێگەی خۆی بە شیکاریی هەڵەکاندا، بە واتای ئەوەی شیکاریی هەڵەکان بووەتە جێگرەوەی، چونکە ئەم گریمانەیە کەوتە بەر ئالنگاری، ئەمە لە کاتێکدا کە شیکاریی بەراوردکاری تەنیا سەیری زمانی دایکی فێرخواز و زمانی ئامانجی دەکرد (واتە زمانە تەواو پێکهاتووەکان)، شیکاریی هەڵەکان میتۆدۆلۆژییەکی بۆ

لێکۆڵینەوە لە زمانی فێرخواز دابینکرد. هەر لەبەر ئەم هۆکارە شیکاریی هەڵەکان خاڵێکی دەستپێکی گونجاوە بۆ کۆڵینەوە لە زمانی فێرخواز و فێربوونی زمانی دووەم. بۆ نموونە دەست نیشانکردنی هەڵەکان لە مۆرفیمە بەندەکان. وەک:

زمانی ئاخێوەر زمانی یەکەم:

| | |
|---|---|
| ١- بچوک – بچوکتر | Small + er = Smaller |
| ٢- نزیک - نزیکتر | Near + er = Nearer |
| ٣- زیرەک – زیرەکتر | Clever + er = Cleverer |

زمانی فێرخواز زمانی دووەم:

١- difficult + er = difficulter
٢- expensive + er = expensiver
٣- beautiful + er = beautifuler
٤- Good + er = gooder
٥- Bad + er = bader

بێگومان شیکاریی هەڵەکان گەشەسەندنێکی نوێ نەبوو. شیکاریی هەڵەکانی فێرخواز لەمێژە بەشێک بووە لە فێربوونی زمان، بۆ نمونە (French :١٩٤٩) باسێکی گشتگیر لە هەڵە باوەکانی فێرخوازان دەکات، هەروەها (Lee ١٩٥٧) ڕاپۆرتێک لەسەر شیکارییەک کە نزیکەی ٢٠٠٠هەڵە لە کارە نوسراوەکانی فێرخوازانی چیکۆسلۆڤاکیادا دەدات، کە 'بەپەلە پۆلبەندکرابوون' هەڵەکانیش بریتیبوون لە (خاڵبەندیی هەڵە، هەڵەبەکارهێنان یان پەڕاندنی ئامرازەکان، هەڵەی ڕێنوس، بونیادی ڕێزمانیی نائینگلیزی و هەڵەبەکارهێنانی دەمەکانی کار)، هەروەها ئاماژەی بەوە داوە، کە شیکارییەکی لەو شێوەیە مامۆستا دەخاتە دۆخێکی باشترەوە بۆ ئەوەی بڕیاربدات، کە کاتەکانی وانەوتنەوە چۆن بەسەر بەرێت'. بەڵام ئەم جۆرە شیکارییە نەریتییانە هەم میتۆدۆلۆژییەکی توندوتۆڵ و هەم چوارچێوەیەکی تیۆرییان نەبوو بۆ ڕونکردنەوەی ئەو ڕۆڵەی کە هەڵەکان لە پێواژۆی فێربوونی زمانی دووەمدا دەیگێڕن. تا ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردو شیکاریی هەڵە نەبووە بەشێکی دانپێدانراو لە زمانەوانیی کارپێکراودا، گەشەسەندنێک کە زۆر قەرزاری کارەکانی کۆردێر بوو (بۆ کۆمەڵێک لە توێژینەوەکانی کۆردێر، بڕوانە Corder :١٩٨١a).

لە وتارێکی سەرەتایی و گرنگدا، کۆردێر لە ساڵی ١٩٦٧ سەبارەت بە کەڵک و سودی هەڵەکان ئاماژەی بەوە کردووە، کە هەڵەکان دەتوانن لە سێ لایەنەوە گرنگ بن، کە ئەم لایەنانە بریتین لە: یەکەم: زانیاری بە مامۆستا بدەن سەبارەت بەوەی فێرخواز چەندە فێربووە، دووەم: بەڵگە بۆ توێژەر دابینبکەن، کە فێرخواز چۆن زمان فێردەبێت، سێیەم: هەڵەکان وەک ئامێرێک کاردەکەن، کە فێرخواز بە هۆیانەوە یاساکانی زمانی ئامانج دەدۆزێتەوە. لە کاتێکدا لایەنی یەکەم

ڕەنگدانەوەی ڕۆڵی نەریتیی شیکاریی هەڵەکانیەتی، لایەنی دووەم ڕۆڵێکی نوێ دەخاتەڕو، کە جێگەی سەرنجی سەرەکییە بۆ توێژەری زمانی دووەم، چونکە دەتوانێت ڕۆشنایی بخاتە سەر لایەنی سێیەم، کە بریتییە لە پێواژۆی فێربوونی زمانی دووەم.

## ٣/ ٤)قۆناغەکانی شیکاری هەڵەکان:

کۆردێر لە ساڵی (١٩٧٤)دا ئەم قۆناغ و هەنگاوانەی خوارەوە لە توێژینەوەکانی شیکاریی هەڵەکان پێشنیازدەکات:

١. کۆکردنەوەی نموونەیەک لە زمانی فێرخواز
٢. دەستنیشانکردنی هەڵەکان
٣. پەسنکردنی هەڵەکان
٤. ڕونکردنەوەی هەڵەکان
٥. هەڵسەنگاندنی هەڵەکان.

بەڵام زۆرێک لە توێژینەوەکان هەنگاوی پێنجەم لەخۆناگرن، لە ڕاستیشدا هەڵسەنگاندنی هەڵەکانی فێرخواز بەگشتی وەک پرسێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بە شێوازی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بابەتەکە خۆی. توێژینەوەکانی هەڵسەنگاندنی هەڵەکان لەم بەشەدا لەبەرچاوگیراوە، چونکە نوێنەرایەتیی یەکێک لەو ڕێگەیانە دەکەن، کە لەڕێگەیانەوە شیکاریی هەڵەکان لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا پەرەی سەندووە.

لەم بەشە باس لەو ڕێکارانە دەکرێت کە لە هەر یەکێک لەم هەنگاوانەدا بەشدارن. بەم کارە، هەندێک لەو لێکۆڵینەوانە دەپشکنین کە لە ساڵانی حەفتاکان ئەنجامدراون، و لە شوێنی گونجاودا، کێشە میتۆدۆلۆژییەکانیش دەپشکنین. پاشان ڕەخنەیەکی گشتی لە شیکاریی هەڵەکان دەخەینە ڕوو. لەکۆتاییدا سەیری هەندێک لێکۆڵینەوەی نوێتر دەکات کە سودیان لە تەکنیکەکانی شیکاریی هەڵەکان وەرگرتووە.

## ٣/ ٤-١) شیکردنەوەی نمونەیەک لە زمانی فێرخواز:

ئێمە هەوڵدەدەین، کە ئەو قۆناغ و هەنگاوانە بەپێی مۆدەلەکەی کوردێر شیبکەینەوە، خاڵی دەستپێکیش لە شیکاریی هەڵەکاندا بڕیاردانە لەسەر ئەوەی کە چ نمونەیەکی زمانی فێرخواز بۆ شیکاری بەکاربهێنرێت و چۆن ئەم نمونانە کۆبکرێتەوە.

لە سەرەتادا دەبێت، ئەوە بڵێین: دەتوانین سێ جۆری فراوانی  شیکاریی هەڵەکان بەپێی قەبارەی نمونەکە دەستنیشانبکەین. نمونەیەکی گەورە بریتییە لە کۆکردنەوەی چەندین نمونەی بەکارهێنانی زمان لە ژمارەیەکی زۆر لە فێرخوازان بە مەبەستی کۆکردنەوەی لیستێکی گشتگیر لە هەڵەکان، کە نوێنەرایەتیی تەواوی دانیشتووان دەکات. نمونەیەکی دیاریکراو لە یەک نمونەی بەکارهێنانی زمان، کە لە ژمارەیەکی سنوردار لە فێرخوازان کۆکراوەتەوە، لەکاتێکدا نمونەیەکی پلانبۆدانەنراو تەنیا یەک نمونەی بەکارهێنانی زمان لەخۆدەگرێت کە لەلایەن یەک فێرخوازەوە دەربڕدراوە. بەڕونی شیکاریی هەڵەکان لەسەر بنەمای نمونەیەکی گەورە کارێکی سەرەکییە و سەیر نییە، کە زۆربەی  شیکارییە بڵاوکراوەکانی هەڵە نمونەی تایبەت یان پلان بۆ دانەنراویان بەکارهێناوە.

دەکرێت ئەو هەڵانەی کە فێرخوازان ئەنجامیان دەدەن لە ژێر کاریگەری چەندین هۆکاری جۆراوجۆردا بن. بۆ نمونە، لەوانەیە لە قسەکردندا هەڵەبکەن، بەڵام لە نوسیندا نا، لە ئەنجامی بارودۆخی جیاوازی لێکدانەوەوە. هەندێک فێرخواز لە فێربوونی زمانی دایکیاندا هەڵەیەکی دیاریکراو دەکەن لەکاتێکدا هەندێکی دیکە بە زمانێکی دیکەوە نایکەن. ئەمەیش ئاماژەیە بۆ گرنگیی کۆکردنەوەی نمونەی باش-پێناسەکراوی زمانی فێرخواز بۆ ئەوەی بتوانرێت لێدوانی ڕون بدرێت سەبارەت بەوەی فێرخوازان چ جۆرە هەڵەیەک بەرهەمدەهێنن و لە چ بارودۆخێکدا. خشتەی ٢. ١ هەندێک لەو هۆکارانە دەخاتە ڕوو کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن بۆ دڵنیابوون لەم بابەتە. بەداخەوە زۆرێک لە توێژینەوەکانی  شیکاریی هەڵەکان ئەوەندە گرنگییان بەم هۆکارانە نەداوە، لە ئەنجامدا لێکدانەوەیان قورسە و نزیک لە ئەستەمە دووبارەبکرێنەوە. خشتەی ٢. ١ تەواوکراوە؛ ئەو هۆکارانەی کە دەتوانن گۆڕانکاری لە بەرهەمی فێرخوازدا بکەن زۆرن، ڕەنگە بێکۆتا بن.

| **فاکتەرەکان** | **وردەکاری** |
|---|---|
| **یەکەم: زمان** | |
| ناوەند | دەربڕینەکانی فێرخواز دەشێت زارەکی یان نووسین بێت. |
| شێوە | دەربڕینەکانی فێرخواز دەشێت لەشێوەی گفتوگۆ، وانە، وتار، نامە بێت. |
| ناوەڕۆک | بیرۆکەی سەرەکیی فێرخواز لە بارەی گەیاندنەوەیە |

| | |
|---|---|
| **دووەم: فێرخواز** | |
| ئاست | سەرەتایی، ناوەندی، یان پێشکەوتوو |
| زمانی دایک | زمانی دایکی فێرخواز |
| ئەزمونی فێربوونی زمان | ئەمە لەوانەیە لە پۆلدا یان سروشتی بێت، یاخود تێکەڵەیەک لە هەردووکیان |

خشتەی ٢. ١: ئەو فاکتەرانەی دەبێت لەبەرچاوبگیرێن لەکاتی کۆکردنەوەی نمونەی زمانی فێرخواز

هەروەها پێویستە بڕیاربدرێت سەبارەت بە شێوازی کۆکردنەوەی نمونەکان. جیاوازییەکی گرنگ ئەوەیە کە ئایا زمانی فێرخواز ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانی سروشتی و خۆبەخۆی زمانە، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان وەرگیراوە. بە گشتی نمونەی سروشتی باشترە، بەڵام کەموکوڕییەک ئەوەیە کە فێرخوازان زۆرجار داتای خۆبەخۆی زۆر بەرهەمناهێنن، ئەمەیش وای کردووە کۆردێر لەساڵی (١٩٧٣) کەیسەکە بۆ داتا وەرگیراوەکان ڕونبکاتەوە. بەڵام نابێت هەڵهێنجان لەگەڵ تاقیکردنەوە تێکەڵبکرێت، کە پەیوەندیی بە پێوانەکردنی زانیاریی فێرخوازەوە هەیە بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندن نەک پەسنکردنی توانست، لەم ڕووەشەوە کۆردێر دوو جۆر لە هەڵهێنجان دەستنیشاندەکات، ئەوانیش هەڵهێنجانی کلینیکی، کە بریتییە لە هاندانی زانیاریدەر بۆ بەرهەمهێنانی داتا بە هەر جۆرێک بێت، بۆ نمونە، لە ڕێگەی چاوپێکەوتنێکی گشتی یان لە ڕێگەی داواکردن لە فێرخوازان بۆ نوسینی دەقێک. شێوازە تاقیکارییەکان بریتین لە بەکارهێنانی کەرەستەی تایبەت بە دەرهێنانی داتاکان کە ئەو تایبەتمەندییە زمانەوانییانەیان تێدایە کە توێژەر دەیەوێت لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات. نمونەی کەرەستەیەکی هەڵهێنجانی لەم چەشنە بریتییە لە پێوەری ڕستەسازی جوتزمانی (BSM) (بڕوانە Burt، Dulay، و Hernandez :١٩٧٣). ئەمەیش پێکهاتبوو لە زنجیرەیەک وێنە کە بۆ هەڵهێنجانی خەسڵەتگەلێکی تایبەت داڕێژرابوو و داوا لە فێرخوازەکان دەکرا پەسنی ئەو خەسڵەتانە بکەن. نووسەران باس لەوە دەکەن ئەو زمانەی لە ئەنجامدا دێتە ئاراوە ڕەنگدانەوەی قسەکردنی سروشتییە. شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئەنجامە بەدەستهێنراوەکان هەبێت، لە ئەنجامی پێواژۆی دەربڕینی جیاواز کە بە شێوەیەکی گشتی تێیدا بەشدارن. (لۆکۆکۆ) لەساڵی (١٩٧٦) جیاوازیی لە ژمارە و جۆری هەڵەکانی لە نمونەکانی زمانی فێرخوازدا دۆزییەوە کە بە ڕێگەی نووسینی ئازاد،

وەرگێڕان، و هۆنینەوەی وێنەیی کۆکراونەتەوە، بۆ نمونە سەیر نییە، کە ئەو هەڵانەی ڕەنگدانەوەی کاریگەریی زمانی دایکن لە ئەرکی وەرگێڕاندا زیاتر باوبوون.

پرسێکی دیکە ئەوەیە کە ئایا نمونەکانی زمانی فێرخواز بە شێوەی کۆڵینەوە لە تاکی جیاواز و لە یەک کاتدا یان بە شێوەی کۆڵینەوە لە چەند تاکێکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن (واتە لە چەند کاتێکی یەک لەدوای یەکدا بەدرێژایی ماوەیەکی دیاریکراو) کۆدەکرێنەوە. زۆربەی شیکاریی هەڵەکان بە شێوەی کۆڵینەوە لە تاکی جیاوازبوون، بەم شێوەیە بەوردی دیاریکردنی هەڵە جیاوازەکان، کە فێرخوازان لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەسەندنیاندا بەرهەمیان دەهێنن ئەستەمە.

## ٣/ ٤-٢) دەستنیشانکردنی هەڵەکان:

کاتێک داتا و گوررزەیەکی تەواو لە زمانی فێرخواز کۆکرایەوە، دەبێت هەڵەکانی نێویان دەستنیشانبکرێت، لەگەڵ دانانی ڕێکارێکی پێویست بۆ ناسینەوەی هەریەکێکیان، ئەگەرچی بە بڕوای زۆرینەی توێژەران هەڵە زمانییەکان ناتوانرێت بە شێوەیەکی تەواو پڕاوپڕانە دیاریبکرێن، ئەمەش بە هۆی ئەوەی پێواژۆی بەرهەمهێنان لە تێگەیشتن گرانترە، هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە چەندین پێواژۆی یاریدەدەر تێکەڵ بە کردەی بەرهەمهێنانەوە دەبن ( Griffin & Ferrira, ٢٠٠٦: ٢١)، بۆیە بە گشتی دەشێت هەڵە وەک لادانێک لە نمونەکانی زمانی ئامانج پێناسەبکرێت، بەڵام ئەم پێناسەیە کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێت، لەوانە: یەکەم: پرسیارێک هەیە، کە کام جۆری زمانی ئامانج دەبێت، کە وەک فۆرم کاربکات، بە تایبەت لەو شوێنانەی کە فێرخوازانی پۆل لە بابەتەکەدان، بریتییە لە هەڵبژاردنی شێوەزاری نوسراوی ستاندارد وەک فۆرم. بێگومان ئەمە لە بنەڕەتدا هەڵەیە ئەگەر ئامانج پەسنکردنی دەربڕینی زارەکیی فێرخوازان بێت. هەروەها هەمیشە ناتوانرێت جۆری قسەکردنی ستاندارد وەک فۆرم وەربگیرێت. هەندێک لە فێرخوازان بەرکەوتەی جۆرەکانی زمان دەبن کە جیاوازن لە زاراوەی ستاندارد. بۆ نمونە ئەم دەربڕاوە بە بەراورد لەگەڵ نۆرمەکانی نوسراوی ستانداردی کوردی گوتراوە:

* ئەمن لە بیرمە جاران منداڵیان نەدەبرد لۆ کوتاندن.

بەم شێوازە هەڵەیە، بەڵام دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ فۆرمەکانی شێوەزاری ناوچەیی دەربڕینێکی لەم شێوەیە بە ڕاست هەژماربکرێت.

پرسیاری دووەم پەیوەندیی بە جیاکردنەوەی نێوان هەڵەی بنەڕەتی و هەڵەی کاتییەوە هەیە (Corder : ١٩٦٧). هەڵەیەکی بنەڕەتی (بەم مانا تەکنیکییە) کاتێک ڕوودەدات کە لادانەکە لە ئەنجامی کەمی زانیارییەوە سەرهەڵبدات. واتە لە ئەنجامی نەبوونی کۆزانینەوە ڕودەدات هەڵەی کاتییش کاتێک ڕودەدات فێرخوازان لە بەکارهێنانی توانستەکانیاندا شکستبهێنن. واتە دەرئەنجامی

کێشەکانی لێکدانەوەیە، کە ڕێگری لە فێرخوازان دەکات لە دەستیان بە زانیارییەکانیان لەسەر یاسایەکی زمانی ئامانج بگات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بکەونە سەر هەندێک یاسای جێگرەوە و ناستاندارد، کە بەئاسانی دەستیان پێیان دەگات. کەواتە هەڵە کاتییەکان دیاردەی ئەداکردنن و بێگومان خەسڵەتی ئاسایی ئاخاوتنی ئاخێوەری ڕەسەنن، کە ڕەنگدانەوەی شکستەکانی لێکدانەوەن کە لە ئەنجامی پلانە کێبڕکێکارەکان، سنورداریی یادگە و نەبوونی دەربڕینی ئۆتۆماتیکیی سەرهەڵدەدەن، لەم ڕووەوە کۆردێر دەڵێت، کە دەبێت شیکاریی هەڵەکان سنورداربێت بە کۆڵینەوە لە هەڵە بنەڕەتییەکان (واتە هەڵە کاتییەکان لە شیکارییەکەدا نەهێڵرێن). بەڵام جگە کێشەکانی ناسینەوە، کە ئەم جیاکارییە دەیانوروژێنێت، هەروەها گریمانە دەکات، کە توانستی زمان جێگیرە نەک گۆڕاو. بەم شێوەیە، ئەگەر فێرخوازان هەندێک جار فۆرمێکی دروستی زمانی ئامانج و هەندێک جاریش فۆرمێکی نادروست و بێگانە بە زمانی ئامانج بەکاربهێنن، مەرج نییە بڵێین فێرخواز فۆرمی زمانی ئامانج دەزانێت و بەکارهێنانی فۆرمی بێگانە بە زمانی ئامانج نیشانەیە بۆ هەڵە. لەوانەیە زانیاریی فێرخواز لەسەر فۆرمی زمانی ئامانج تەنها بەشێک بێت؛ لەوانەیە فێرخواز هەموو ئەو دەوروبەرانە فێرنەبووبێت، کە دەکرێت فۆرمەکەی تێدا بەکاربهێنرێت. بۆ نمونە، ڕەنگە فێرخوازێک هیچ کێشەیەکی نەبێت لە بەکارهێنانی فۆرمی زمانی ئامانج لە هەندێک چوارچێوەی زمانەوانیدا:

–My sisters are older than me.

– خوشکەکانم لە من گەورەترن.

بەڵام هەڵەیەک لە ئەوانی تردا دەکەن:

– My three sister are older than me.

– سێ خوشکەکەم لە من گەورەترن.

لەم قۆناغە سەرەتاییەدا، لێکۆڵینەوە لە هەڵەکانی فێرخواز تا ڕادەیەکی زۆر کێشەی گۆڕانکاریی لە زمانی فێرخوازدا پشتگوێخست.

پرسیاری سێیەم پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە ئایا هەڵەکە ئاشکرایە یان نهێنی (Corder : ١٩٧١a). هەڵەیەکی ئاشکرا ئاسانە بۆ دەستنیشانکردن، چونکە لادانێکی ڕون لە فۆرمدا هەیە، وەک کاتێک فێرخوازێک دەڵێت:

I runned all the way.

– بەدرێژایی ڕێگەکە ڕامکرد.

هەڵەیەکی شاراوە لەو وتانەدا ڕوودەدات کە لە ڕوکەشدا بە باشی پێکهاتووە، بەڵام بەو مانایە نییە کە فێرخواز مەبەستی بووە، هەڵەکەش لە هەڵئاوسانی واتایی و بەکارهێنانی دەربڕاوی زیادەوە سەرچاوەی گرتووە، یاخود کاتێک دەگوترێت:

– وەستێنرا .

بە ڕواڵەت ڕێزمانییە تا ئەو کاتەی ڕون دەبێتەوە کە کلیتکی 'سفر' ئاماژەیە بۆ 'با'، و ئاشکرایە 'با'ش بە کەس ناوەستێندرێت.

پرسیاری چوارەمیش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئایا شیکارییەکە دەبێت تەنیا لادان لە فۆرمی دروست بپشکنێت، یان هەروەها لادان لە گونجاوییش بپشکنێت. یەکەمیان یاساکانی بەکارهێنان لەخۆدەگرێت و لە دوو نمونەی سەرەوەدا وێناکراوە. دووەمیان یاساکانی بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە. بۆ نمونە، فێرخوازێک کە کەسێکی نامۆ بانگهێشت دەکات بە گوتنی:

* دەمەوێت، ئەم کارەم بۆ بکەیت.

سەرکەوتوو بووە لە بەکارهێنانی ڕێزمانەکە بە دروستی، بەڵام نەیتوانیوە بە شێوەیەکی گونجاو، واتە لە کات و شوێنی گونجاو و بەشێوازێکی گونجاو بەرانبەر کەسێکی نامۆ، بەکاریبهێنێت، چونکە هەڵەی پراگماتیکی ئەنجامداوە، و گرنگی بە 'پێشێلنەکردنی یاسا ڕێزمانییەکان' داوە بەڵام خراپ بەکارهێنانەکەی پشتگوێخستووە (Corder, ١٩٧٤: ١٢٥)، بەڵام لەم دواییانەدا گرنگی بە دووەمیان دراوە (Thomas : ١٩٨٣).

ئەم جیاکارییە جۆراوجۆرانە ئاماژەن بۆ ئەو جۆرە کێشانەی کە شیکارەکان لە ناسینەوەی هەڵەکاندا ڕووبەڕویان دەبنەوە. بۆ زاڵبوون بەسەریاندا، (Corder ١٩٧٤: ١٩٧١a) ڕێکارێکی ورد بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەکان پێشنیاردەکات، کە لە وێنەی ٢. ١دا نیشاندراوە. ئەم ڕێکارە دان بە گرنگی 'لێکدانەوە'دا دەنێت و سێ جۆر جیادەکاتەوە: ئاسایی، پشتپێبەستراو و پەسند/ ماقوڵ. لێکدانەوەیەکی ئاسایی کاتێک ڕوودەدات کە شیکار بتوانێت لەسەر بنەمای یاساکانی زمانی ئامانج مانایەک بۆ قسەکردنێک دابنێت. لەم جۆرە دۆخانەدا، گوتەکە 'بە ڕواڵەت هەڵە نییە'، هەرچەندە ڕەنگە هێشتا تەنها 'بە ڕێکەوت' ڕاست بێت. لێکدانەوەی پشتپێبەستراو بریتییە لە داواکردن لە فێرخواز (ئەگەر بەردەست بێت)، کە بڵێت مانای گوتنەکە چییە و بەم کارە، بونیادنانەوەیەکی پشتپێبەستراو ئەنجامبدات'. دەتوانرێت لێکدانەوەیەکی پەسندیش بە ئاماژەدان بەو دەوروبەرەی کە گوتەکە تێیدا بەرهەمهاتووە یان بە وەرگێڕانی ڕستەکە بە شێوەیەکی ڕستەیی بۆ زمانی دایکی فێرخواز بەدەستبهێنرێتەوە.

### ٣/ ٤-٣)پەسنکردنی هەڵەکان:

به گشتی زۆرینەی زمانەوانان گۆڕان له بارەی ئەوەوە، که "هیچ ئاخاوتنێک له بارێکی نمونەییدا ناتوانرێت پێوانەبکرێت و هۆکاری جۆراوجۆری تاکگەرایانە و کۆمەڵایەتی کاریان لێدەکەن" (مەحموود، ٢٠١٢: ١٧٥) بۆیە پەسنکردنی هەڵەکانی فێرخواز بریتییە له بەراوردکردنی دەربڕینە کەسییەکانی فێرخواز لەگەڵ بنیاتنانەوەی ئەو دەربڕینانە بە زمانی ئامانج، که ئەمەش پێویستی بە گرنگیدان بە تایبەتمەندییە ڕوکەشییەکانی گوتەکانی فێرخوازان هەیە (واتە لەم قۆناغەدا هەوڵنادەین سەرچاوەی هەڵەکان دەستنیشانبکەین). هەندێک له توێژەران هەستیان بە پێویستیی هێشتنەوەی جیاوازییەکی ڕوون له نێوان پەسنکردن و ڕونکردنەوەی هەڵەکاندا کردووە. بۆ نموونە (Burt ،Dulay، و Krashen : ١٩٨٢)، پێویستیی پۆلێنکردنی پەسنکارانەی هەڵەکان دەخەنەڕو، که تەنیا جەخت له بارەی تایبەتمەندییە بەرچاوەکان و ڕوکارەکانی هەڵەکان دەکەنەوە، وەک بنەمایەک بۆ ڕونکردنەوەکانی دواتر.

ڕەنگە سادەترین جۆری پۆلێنکردنی پەسنکارانە ئەو جۆرە بێت که لەسەر بنەمای پۆلە زمانەوانییەکان دامەزراوە. ئەم جۆرە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ شیکاریی چاولێکەری/ تەقلیدیی هەڵەکانەوە هەیە که بۆ مەبەستی فێرکردن ئەنجامدراوە، چونکە دەتوانرێت پۆلە زمانەوانییەکان هەڵبژێردرێن بۆ ئەوەی له نزیکەوە بگونجێن لەگەڵ ئەوانەی که له مەنهەجە بونیادییەکان و پەرتوکەکانی خوێندنی زماندا دەبینرێن. دەتوانین نمونەیەک له پەرتوکی The Gooficon: A Repair Manual for Englishی بێرت و کیپارسکی بدۆزینەوە. ئەمەیش کۆمەڵێک پۆلی گشتیی زمانەوانی دەستنیشاندەکات (بۆ نمونە ئێسکەپەیکەری فرێزەکانی زمانی ئینگلیزی، کارە یاریدەدەرەکان، ڕستەی بکەر نادیار، وشە لێکدراوەکان و تەواوکەری ڕستە). پاشان هەر پۆلێکی گشتی دابەشدەکرێت بۆ لقەپۆلی زیاتر. (Politzer و Ramirez :١٩٧٣) بە پۆلگەلێکی گشتیتر دەست پێدەکەن: مۆرفۆلۆژی، ڕستەسازی و وشەکاری. ئەم جۆرە پۆلێنکردنانە ڕێگە بە هەم پەسنی وردی هەڵە تایبەتەکان دەدەن و هەم بۆ ژماردنی کۆمەڵەیەکی تەواو له هەڵەکان.

هەر سەبارەت بە پەسنکردنی هەڵەکان، ئەوا ساڵانی شەستەکان کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی بەخۆیەوە بینیوە، که پەسنی جۆرە جیاوازەکانی هەڵەی زمانەوانییان پێشکەشکرد، که لەلایەن فێرخوازانەوە دەکرێن. (Richards: ١٩٧١b)، له توێژینەوەیەکیدا که بۆ ئاڵنگاری ئەو باوەڕە بەرفراوانە ئەنجامیدابوو، که هەڵەکانی فێرخواز دەرەنجامی دەستێوەردانی زمانی دایکن، پۆلێنکردنێکی پۆلە جیاوازەکانی هەڵەی زمانەوانیی بە پشتبەستن بە ژمارەیەک لێکۆڵینەوەی پێشو پێشکەشکرد. ڕیچاردز هەڵەی ئەو فێرخوازانەی که زمانی دایکیان بریتیبوون له (ژاپۆنی، چینی،

بۆرمایی، فەرەنسی، چیکی، پۆڵەندی، تاگالۆگ، ماوری، ماڵتی، و زمانە سەرەکییەکانی هیندستان و ڕۆژئاوای ئەفریقا) تاقیکردەوە و جۆرە جیاوازەکانی هەڵەی پەیوەست بە دەربڕین و دابەشکردنی گرووپەکانی کردار، پریپۆزیشنەکان، ئامرازەکان و بەکارهێنانی پرسیارەکان، بەڵام هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ ژماردن و دیاریکردنی هەڵەکان. هەروەها نازانین تا چەند پۆلە زمانەوانییەکانی هۆکاری هەموو ئەو هەڵانە بوون کە لێیانی کۆڵیەوە. (Duskova :١٩٦٩) -یەکێک لەو توێژینەوانەی کە (ڕیچاردز) سودی لێ وەرگرتووە- لەم ڕووەوە باشترە. ئەو بە گشتی ١٠٠٧ هەڵەی لە نووسراوەکانی ٥٠ فێرخوازی (چیکی)، کە فێری زمانی ئینگلیزی دەبوون دەستنیشانکردووە، خۆیان خوێندکاری خوێندنی باڵا بوون و زانستیان دەخوێند. دوسکۆڤا ٧٦٥ 'هەڵەی دووبارەبووی سیستەمی' و ٢٥١ 'هەڵەی کە یەک جار کرابوون' دۆزییەوە. زۆرترین هەڵە لە ئامرازەکاندا کراوە کە (٢٦٠) دانە بووە، دواتر هەڵە لە وشەدا (٢٣٣) و مۆرفۆلۆژی (١٨٠). بە بەراورد لەگەڵ ئەمانە، تەنیا ٥٤ هەڵە لە ڕستەسازیدا و ٣١ هەڵە لە ڕیزبەندی وشەکاندا هەبووە. بەڵام (دوسکۆڤا) ئاماژەی بەوە دا، کە مەرج نییە ڕێژەی دووبارەبوونەوەی هەڵەکان ڕەنگدانەوەی ئاستی ئەو سەختییە بێت کە فێرخوازان لەگەڵ خەسڵەتە زمانەوانییە جیاوازەکاندا تووشی بوون، چونکە هەندێک خەسڵەت (وەک ئامرازەکان) زیاتر لە هەندێکی دیکە (بۆ نمونە، هاوەڵکار) هەوڵی بۆ دراوە. (دوسکۆڤا) هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە هەرچەندە کێشەیەکی کەمی هەبووە لە تەرخانکردنی هەڵە بۆ پۆلە زمانەوانییە گشتیەکانی وەک ڕێزبەندی وشەکان'، بەڵام زۆرجار زۆر قورس بووە پۆلێنکردنیان بە وردی بۆ لقەپۆلەکان.

ئەم توێژینەوانە لەسەر تاکی جیاواز کرابوون. ئەوەی جێگەی سەرنجی زیاترە بۆ توێژینەوەکانی SLA توێژینەوە درێژخایەنەکانی هەڵەکانی فێرخوازانن، کە لەسەر یەک کۆمەڵە فێرخواز کراون، چونکە ئەمانە دەتوانن دەریبخەن، کە لە چ بوارێکدا هەڵەکانی زمان بە تێپەڕبوونی کات بەردەوام دەبن. لێکۆڵینەوەکانی چامۆت (١٩٧٨؛ ١٩٧٩) سەبارەت بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی لەلایەن کوڕێکی دوو زمانەی فەرەنسی ـ ئیسپانییەوە لەم ڕووەوە سەرنجڕاکێشە. (چامۆت) بۆی دەرکەوت کە بوارە سەرەکییەکانی کێشەی زمانەوانی بریتین لە پەڕاندنی پێکهێنەکان، فۆرمی کردارەکان، پێکهاتنی ڕستە، ئامرازەکان و پریپۆزیشنەکان. لە هەندێک لەوانەدا (بۆ نمونە، پەڕاندنی پێکهێنەکان) ژمارەی هەڵەکان لە ماوەی ٤٤ مانگدا بە شێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە، لە کاتێکدا لە هەندێکی تردا (بۆ نمونە، داڕشتنی پرسیار) بەرەوپێشچوونێکی کەم بەدیکراوە. بەڵام لە هەموو بوارەکاندا، بەرزی و نزمییەکی بەرچاو لە ڕێژەی دووبارەبوونەوەی هەڵەکاندا بە درێژایی ماوەکە هەبوو. توێژینەوەکەی (چامۆت) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە ڕەنگە زەحمەت بێت پەسنێکی جێگەی ڕەزامەندی بۆ گەشەسەندنی

زمانی دووەمی فێرخوازان بدرێت بە ژماردن و دیاریکردنی جۆری ئەو هەلانەی ئەنجامیان دەدەن.

جێگرەوەیەک بۆ پۆلێنکردنی زمانەوانی هەڵەکان بریتییە لە بەکارهێنانی پۆلێنکردنی ستراتیژی ڕوکار، ئەمەش 'تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕێگایانەی کە پێکهاتەکانی ڕوکاریان پێ دەگۆڕدرێن' (Dulay, Burt, and Krashen,١٩٨٢: ١٥٠ ) بە یارمەتی کارەکانی وەکو پەڕاندن، زیادکردن و ڕێکخستن. لە خشتەی ٢.٢دا بەشێک لە کۆی پۆلێنکردن لەگەڵ نموونەی پۆلەکان خراونەتەڕو. هەریەک لە (دولەی، بێرت و کراشن) دەڵێن: ڕێبازێکی لەو جۆرە هیوابەخشە، چونکە ئاماژەیەک بۆ ئەو پێواژۆ هۆشەکییانە دەکات، کە بنەمای بنیاتنانەوەی فێرخوازە بۆ زمانی دووەم. بەڵام ئەمە گوماناوییە، چونکە پێشگریمانە دەکات، کە فێرخوازان لەسەر پێکهاتە ڕووکەشەکانی زمانی ئامانج کاربکەن نەک پێکهاتەی تایبەتی خۆیان دروستبکەن. ئەگەر پۆلێنکردنی ستراتیژی ڕووکار نمایندەی پێواژۆی دەرونی نەکات، ئەوە ڕون نییە، کە چ بەهایەکی هەیە. ڕەنگە ئەمە هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی کە بۆچی هەوڵی کەم هەبووە بۆ پەسنکردنی هەڵەکانی فێرخواز بە بەکارهێنانی پۆلێنکردنی لەو شێوەیە.

| پۆل | وردەکاری | نموونە |
|---|---|---|
| پەڕاندن | نەبوونی یەکەیەک لە ڕستەیەکدا کە دەبێت هەبێت. | She sleeping.<br>One boy studing.<br>Tow boys playing football.<br>ئەو دەخەوێت. (لێرەدا دەبێت کاری یاریدەدەری 'is' یان "are" لە ڕستەکەندا هەبێت). |
| زیادکردن | بوونی یەکەیەک لە ڕستەیەکدا کە نابێت هەبێت. | We did**n't** **went** there.<br>ئێمە نەچووین بۆ ئەوێ. (لێرەدا کاری 'went' پێویست ناکات هەبێت چونکە 'did' لە ڕستەکەدا هەیە بۆیە تەنها دەمی ڕانەبردووی 'go' بەسە).<br>Teacher, May I do**n't** play **not**?<br>Do**n't** you go to **not** travel? |
| هەڵەداڕشتن | بەکارهێنانی هەڵەی فۆرمی مۆرفیم یان بونیادی ڕستە. | The dog ated the chicken.<br>سەگەکە مریشکەکەی خوارد. (لێرەدا پاشگری '-d' بەکارهێندراوە کە پێویست |

| | | |
|---|---|---|
| | | ناکات چونکە کاری 'ate' خۆی فۆرمێکی ڕابردوی شازی کاری 'eat'ە). |
| هەڵەی ڕیزبەندی | دانانی هەڵەی مۆرفیمێک یان چەند مۆرفیمێک لە ڕستەیەکدا. | What daddy is doing?<br>باوکم دەکات چی؟ (لێرەدا دەبێت کاری یاریدەدەری 'is' لەدوای وشەی پرسی 'what'ەوە بێت نەک لەدوای بکەرەوە). |

خشتەی ۲. ۲: پۆلێنکردنی ستراتیژی ڕوکاری هەڵەکان (پۆل و نمونەکان لە (Dulay، Burt، و Krashen :١٩٨٢)ەوە وەرگیراون).

هەرچەندە پۆلێنکردنی ستراتیژی زمانەوانی و ڕوکاریی هەڵەکان ڕەنگە بۆ فێرکردن سودیان هەبێت، بۆ نمونە، بە نیشاندانی ئەوەی کە کام هەڵە زۆرترینە، و هەربۆیە، پێویستی بە زۆرترین سەرنجدان هەیە، بەڵام بە گشتی ڕوناکییەکی کەم دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن فێرخوازان فێری زمانی دووەم دەبن. بنەمایەکەی کۆردێر (١٩٧٤) بۆ پەسنکردنی هەڵەکان لەم ڕووەوە هیوابەخشترە. سێ جۆر هەڵە بەپێی ڕادەی سیستەماتیکییان جیادەکاتەوە:

١. هەڵەی پێش ناسینی سیستەمەکان کاتێک ڕودەدات کە فێرخواز ئاگاداری بوونی یاسایەکی دیاریکراو نەبێت لە زمانی ئامانجدا. ئەم هەڵانە هەڕەمەکین.

٢. هەڵەی سیستەماتیکی کاتێک ڕودەدات، کە فێرخواز یاسایەکی دۆزیبێتەوە بەڵام یاسایەکی هەڵەیە.

٣. هەڵەکانی دوای سیستەماتیکی کاتێک ڕودەدەن، کە فێرخواز یاسا دروستەکانی زمانی ئامانج بزانێت، بەڵام بە شێوەیەکی نارێک بەکاریاندەهێنێت (واتە هەڵەدەکات).

بۆ ئەوەی ئەم جۆرە هەڵە جیاوازانە دەستنیشانبکرێن، پێویستە چاوپێکەوتن لەگەڵ فێرخوازدا بکرێت. بەم شێوەیە هەڵەی جۆری (١) کاتێک ڕودەدات کە فێرخواز نەتوانێت هیچ ڕونکردنەوەیەک لە بارەی ئەوەوە بدات، کە بۆچی فۆرمێکی دیاریکراوی هەڵبژاردووە، جۆری (٢) کاتێک ڕوودەدات کە فێرخواز ناتوانێت هەڵەکان ڕاستبکاتەوە، بەڵام بتوانێت ئەو یاسایەی بە هەڵە بەکاریهێناوە ڕونبکاتەوە، و جۆری (٣) کاتێک ڕودەدات کە فێرخواز بتوانێت یاسای زمانی ئامانج ڕون بکاتەوە کە بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاردەهێنرێت. بۆیە پۆلێنکردنێکی لەو جۆرە پێویستی بەوەیە، کە توێژەر دەستی بە فێرخوازان بگات و فێرخوازان توانای ئەوەیان هەبێت کە ڕونکردنەوە بۆ ڕەفتارەکانیان لە زمانی دووەمیاندا پێشکەشبکەن. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ڕەنگە کارێکی قورس بێت، یاخود وەک ئەوەی (ماکی) تێبینی کردووە، کە ((زۆربەی زۆری کارە پەسنییەکانی بەردەست تا هەنوکە نامانگەیەننە مەبەست، چونکە کەموکورتن و ڕواڵەتئامێزن، بگرە

گومڕامان دەکەن لەوەی ئامانج بپێکین، چونکە ئەم کارانە لە باشترین حاڵەتی خۆیاندا پشت بە بەرانبەرکردن دەبەستن، وەکو پرۆسەیەک، کە لە نێوان دوو زماندا هەیە)) (خۆشناو، ٢٠١٦، ٤٣).

## ٣/ ٤-٤) ڕونکردنەوەی هەڵەکان:

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەتوانرێت هەڵەکان دەستنیشانبکرێن و پەسنبکرێن، هەنگاوی داهاتوو بریتییە لە هەوڵدان بۆ ڕونکردنەوەیان، ڕونکردنەوەش پەیوەندیی بە دیاریکردنی سەرچاوەی هەڵەکەوە هەیە، واتە ڕونکردنەوەی ئەوەی بۆچی ئەم هەڵەیە کراوە. ئەم قۆناغە گرنگترین قۆناغە بۆ توێژینەوەی SLA (فێربوونی زمانی دووەم) چونکە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو پێواژۆیانەی بەرپرسیارن لە فێربوونی زمانی دووەم لەخۆدەگرێت.

## ٣ / ٤-٥) هۆکارەکانی ڕوودانی هەڵەکان:

وەک (Taylor :١٩٨٦) ئاماژەی پێدەکات، سەرچاوەی هەڵە ڕەنگە دەرون-زمانەوانی، کۆمەڵایەتی،-زمانەوانی، مەعریفی بێت، یان لەوانەیە لە بونیادی ئاخاوتندا بێت. سەرچاوە دەرون-زمانەوانییەکان پەیوەندییان بە سروشتی سیستەمی کۆزانینی زمانی دووەم و ئەو سەختییانەی فێرخوازان لە بەکارهێنانی ئەم کۆزانینە لە دەربڕیندا ڕووبەڕویان دەبنەوە. سەرچاوە کۆمەڵایەتی-زمانەوانیەکان بابەتگەلێکی وەک توانای فێرخوازان لەخۆدەگرن بۆ ڕێکخستنی زمانەکەیان بەپێی زەمینەی کۆمەڵایەتی. سەرچاوە مەعریفییەکان پەیوەندییان بە نەبوونی کۆزانینی دونیایی فێرخوازانەوە هەیە، لە کاتێکدا سەرچاوە گوتەییەکان کێشەکانی ڕێکخستنی زانیارییەکان بۆ دەقێکی یەکگرتوو دەگرێتەوە. بەڵام بەگشتی توێژینەوەکانی SLA (فێربوونی زمانی دووەم) تەنیا سەرنجی یەکەمیان داوە. (Abbott, ١٩٨٠: ١٢٤)، بە گشتی لە گرنگترین ئەو ڕونکردنەوانەشی بۆ چۆنیەتیی دروستبوونی هەڵەی زمانی کراوە، خۆیان لەم بۆچوونانەدا بەرجەستە دەکەن: ( مەحموود، ٢٠١٢: ١٧٤)

- ڕونکردنەوەی فرۆیدیانە: فرۆید ئەم بارە بۆ هۆکارە سایکۆ - داینامیکییەکان دەگێڕێتەوە، هەروەها پێیوایە لە کردەی پێکداچوونی بیرەکاندا دەردەکەوێت یاخود ڕەنگە لە کاتی بەنیازبوونی جێبەجێکردنی دوو پێواژۆی لێکچوو ڕوبدات، وەک کردن و نەکردنی کردەکە [بۆ نمونە: چوون و نەچوون، خۆشی و ناخۆشی، چاکە و خراپە ...تاد.]، لێرەوە ئەم کێبڕکێیە لە نەستدا ڕودەدەن و دواتر بۆ هەست دەگوێزرێنەوە و لەوێدا ڕەنگدەدەنەوە.

هەروەها فرۆید پێیوایە، کاتێک قسەکەرەکان لە یەک کاتدا زیاتر لە بیرێک لە هزریاندایە تووشی ئەم حاڵەتە دەبن و ڕەنگە هەندێکجار هەڵەی دەنگێک بێت، بۆ نمونە:

- له شکستەکانی ژیانی پەرلەمانیمدا، کە هەڵبژێررام بۆ پەرلەمان (لە بنەڕەتدا قسەکەر دەیەوێت بڵێت: هەڵنەبژێرراوە)

لەم ڕستەیەدا دەشێت تەنیا هەڵەکردن لە نەدرکاندنی سەگمێنتی [نە]دا ڕوویدابێت، بەڵام بەپێی لێکدانەوەکەی فرۆید کەسی قسەکەر زۆر حەزی بە هاتنەدی هەڵبژاردنەکە بووبێت، بۆیە ئەم بیرۆکەیە دەردەکەوێت و سەردەردەهێنێت و لە دەربڕینەکەیدا دەیدرکێنێت.

- ڕونکردنەوەی زانستی زمانی دەرونی: ئەمان جەخت لە بارەی میکانیزمەکانی زمان دەکەنەوە بە تایبەت لە کاتی تێگەیشتندا و گرنگی بە هاندەرە نەستییەکان نادەن، بەم پێیە هەڵەکردن لە توانا و جێبەجێکردنە زمانەوانییەکاندا دەبینێتەوە، کە ڕەنگە پێواژۆ خودکارەکان/ ئۆتۆماتیکییەکان بە شێوەیەکی گونجاو کاریان نەکردبێت بۆیە هەڵەکردنەکە ڕودەدات.

| هەڵەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| توانست (هەڵەی بنەڕەیی) | | | ئەدا (هەڵەی کاتی) | |
| تێکەڵکردنی زمانی دایک و زمانی دووەم | هەڵەی ناوخۆی زمان (وەک زێدەگشتاندن و توانستی گەشەسەندن) | ناباو | کێشەی لێکدانەوە | ستراتیژییەکانی پەیام گەیاندن |

هەروەها خشتەی ٢.٢یش سەرچاوە دەرونی زمانەوانییە جیاوازەکان نیشاندەدات کە دەبێت باسیان لێ بکرێت.

## ٣/ ٤-٥)جیاوازیی نێوان هەڵەکان:

جیاوازیی نێوان 'هەڵە بنەڕیتییەکان' و 'هەڵە کاتییەکان'، کە پێشتر باسکراوە سەبارەت بە قۆناغی ناسینەوەی شیکاریی هەڵەکان، هەروەها پەیوەندیدارە لە ڕونکردنەوەی لادانەکان کە وابەستەیی ئەم دوو هەنگاوە لە شیکاریی هەڵەکاندا نیشاندەدەن. ڕەنگە هەر لادانێک لە فۆرمەکانی زمانی ئامانج ڕەنگدانەوەی کێشەیەک بێت لە ئەدا یان لە توانست." ناسینی دوو جۆری جیاوازی هەڵەی ئەداکردن شتێکی یارمەتیدەرە: ئەوانەی کە لە ئەنجامی لێکدانەوەی کێشەکانی جۆرە جیاوازەکانەوە سەرچاوەدەگرن، و ئەوانەی کە دەرەنجامی ستراتیژییەکانی وەک درێژدادڕی و داڕشتنەوەن، کە فێرخواز بەکاریاندەهێنێت بۆ زاڵبوون بەسەر کەمی کۆزانیندا، ئەمانەی دووەمیان

به ستراتیژییەکانی پەیام گەیاندن ناسراون. وەک پێشتر بینیمان، ئەوە هەڵەکانی توانستە (هەڵەی بنەڕەتی)، کە بە ناوەندی لێکۆڵینەوە لە فێربوونی زمانی دووەم دادەنرێن.

ژمارەیەک سەرچاوە یان هۆکاری جیاوازی هەڵەی توانست دەستنیشانکراون. ڕیچاردز (b١٩٧١) سێ لەوانە جیا دەکاتەوە:

١. هەڵەکانی دەستێوەردانی زمانی دایک لە ئەنجامی 'بەکارهێنانی توخمەکانی زمانێک لەکاتی ئاخاوتن بە زمانێکی تر' ڕوودەدەن. نمونەیەک لەوانەیە کاتێک بێت کە فێرخوازێکی کورد بە زمانی عەرەبی کە زمانی دووەمێتی دەڵێت *الی السوق یذهب' 'بۆ بازاڕ دەچێت' چونکە ڕستەی هاوتا بە زمانی عەرەبی 'یذهب الی السوق' ە.

یان ئاخێوەری زمانی یەکەم دەڵێت:

من نامەکە دەنووسم. I write the letter.

بەڵام فێرخوازی زمانی دووەم دەڵێت:

I the letter write .

یان لە ڕستەی ( کچەکە زیرەکە )

لەم نمونەیەدا ( ناو (کچ) + نیشانەی ( مۆرفیمی) ناسراوی (ەکە) + ئاوەڵناوی (زیرەک) بە ڕاست و دروستی هاتووە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا زمانەکە بە پێچەوانەوەیە، چونکە نیشانەی (مۆرفیمی) ناسراوی (The) + ناو + کردار(is) + ئاوەڵناو بەدواییەکتردادێن ( کریم، ٢٠١٩: ١٢٣ )، وەکو نمونەی :

کچەکە زیرەکە. The gile is.

٢. هەڵەکانی ناو زمان ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە گشتییەکانی فێربوونی یاساکانن وەک گشتاندنی هەڵە، جێبەجێکردنی ناتەواوی یاساکان و فێرنەبوونی ئەو دۆخانەی یاساکانیان تێدا جێبەجێ دەکرێن'. بۆ نمونە: لەکاتی زیادکردنی مۆرفیمی (S)کۆ لە زمانی ئینگلیزیدا.

ئاخێوەری زمانی یەکەم:

Box + es = boxes
Fez + es = fezzes

فێرخوازی زمانی دووەم:

Box + s = boxs
Fez + s = fezs

٣. هەڵەی گەشەسەندن کاتێک ڕوودەدات کە فێرخواز هەوڵدەدات گریمانەگەلێک سەبارەت بە زمانی ئامانج لەسەر بنەمای ئەزمونێکی سنوردار بنیاتبنێت.

لەگەڵ ئەوەیشدا، (Schachter و Celce-Murcia :١٩٧٧) جیاوازیی نێوان هەڵەکانی ناو زمانەکە خۆی و گەشەسەندن بە کارێکی "کونجکۆلانە" دەزانن و زۆربەی توێژەران بە شێوەیەکی گشتی

جیاوازییان کردووە لەنێوان ئەو هەڵانەی بە هۆی زمانی یەکەمەوە دەکرێن (پۆلی یەکەمی ڕیچاردز) و هەڵەی ناو زمانی ئامانج خۆی، کەواتە دەکرێت ئەو هەڵانەی بەهۆی زمانی یەکەمەوە دەکرێن زیاتر دابەشبکرێن. بۆ نمونە، (Lott: ١٩٨٣) سێ جۆر جیادەکاتەوە:

١. " لێکچوونی زۆر" کاتێک ڕوودەدات کە فێرخوازەکە بە خراپی یەکەیەکی زمان بەکاردەهێنێت لەبەر ئەوەی تایبەتمەندیی هاوبەشی لەگەڵ یەکەیەکی لە زمانی دایکدا زۆرە (بۆ نمونە، فێرخوازانی ئیتاڵی کە فێری ئینگلیزی دەبن وشەی 'Process' 'پێواژۆ' بە مانای 'دادگاییکردن' بەکاردەهێنن چونکە لە ئیتاڵیدا 'processo' واتە 'دادگایی')، یاخود لە زمانی کوردیدا کاتێک (فڕاندن) بە مانای (ڕفاندن) بەکاردەهێنرێت.

٢. "گواستنەوەی بونیاد" کاتێک دەردەکەوێت کە فێرخوازەکە هەندێک خەسڵەتی زمانی دایک بەکاردەهێنێت (فۆنۆلۆژی، فەرهەنگی، ڕێزمانی، یان پراگماتیکی) لەجیاتی خەسڵەتەکانی زمانی ئامانج. ئەمە ئەو شتەیە کە بە گشتی بە "گواستنەوە" ناسراوە.

أ- دیاردەی فۆنۆلۆجی زمان: بە جۆرێکی هەڵەی فێربوونی فێرخوازی دووەم هەژماردەکرێت و دەچێتەوە سەر کاریگەری زمانی یەکەم لەسەر زمانی دووەم، وەکو پیتی (th) لە زمانی ئینگلیزی بە دەنگی [ ذ ]دەخوێندرێتەوە و دەدرکێنرێت، بەڵام فێرخوازی کورد کاتێک ئەم دەنگە دەخوێنێتەوە ئەوا بە [ ز]دەیدرکێنێت وەک: وشەی (the)،یان لە وشەی (thank) بە [ث] لە زمانی ئینگلیزی دەدرکێنرێت، بەڵام لەلای زۆربەی فێرخوازانی کورد لەکاتی درکاندندا دەگۆڕێت بۆ دەنگی[ س ].

ب- دیاردەی فەرهەنگی زمان: جۆری ئەم هەڵەیە وەرگێڕانی نادروستە لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم، یان بەکارهێنانی وشەیە بەرانبەر بە وشەیەک کە هاوواتانین، واتە فێرخواز وشەیەک هەڵدەبژێرێت و بەکاریدەهێنێت، بەرانبەر وشەیەک لەگەڵ واتای مەبەستدا هاوواتانین.

بۆنمونە: ئازاد وەکو شێرە. Azad is as like as lion.

ج-دیاردەی ڕێزمانییەکانی زمان: لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا هەندێک لەم ستراتیژیانە بۆ فێرخواز سود بەخشە بۆ ڕێکخستنی ڕاستی یاسایی ڕێزمانی زمانی دووەم، بەڵام هەندێکی تر سوود بەخشنین و توانایی جێبەجێکردنیان نییە. ( کریم، ٢٠١٩: ٨٧-٩٩) بۆ نمونە:

ئەو نەخێر هەرگیز ئۆتومبێلی لێنەخوڕیوە. She has not never driven car.

٣. "هەڵەی نێوان زمانەکان/ هەڵەی ناوخۆی زمان" کاتێک ڕوودەدات کە جیاوازییەکی دیاریکراو بوونی نەبێت لە زمانی دایک (بۆ نمونە، بەکارهێنانی 'make' 'دروستکردن' لەجیاتی 'do' 'کردن' لەلایەن فێرخوازە ئیتاڵییەکانەوە چونکە جیاوازی 'make/do' لە زمانی ئیتاڵیدا بوونی نییە)، وەک

ئەوەی لە زمانی کوردیشدا دەربڕاوی (دکتۆرە)ی وەرگیراوی زمانی عەرەبی بۆ خانمە دکتۆرەکان بەکاردەهێنرێت، چونکە لە زمانی کوردیدا جیاوازیی توخمی نەماوە.
ئەمە پۆلی سێهەمە کە بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە کێشەکان لە دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا هەڵەیەک بەهۆی زمانی دایکەوەیە یان هەڵەی ناوخۆی زمانە.

## ٣/ ٤-٥)جۆرەکانی هەڵەی ناوخۆی زمان:

هەروەها زۆرجار هەڵەکانی ناوخۆی زمان زیاتر دابەشدەکرێن، لەم ڕووەشەوە ڕیچاردز (١٩٧١b) ئەم جۆرانەی خوارەوە جیادەکاتەوە:
١. هەڵەی زێدەگشتاندن کاتێک دەکرێت، کە فێرخوازەکە بونیادێکی ناسروشتی دروستدەکات لەسەر بنەمای بونیادەکانی تر لە زمانی ئامانجدا. بە شێوەیەکی گشتی دروستکردنی یەک پێکهاتەی لادەر لەخۆدەگرێت لە جیاتی دوو پێکهاتەی زمانی ئامانج (بۆ نمونە، 'He can sings' 'ئەو دەتوانێت گۆرانی بڵێت" لە کاتێکدا زمانی ئینگلیزی ڕێگە بە 'He can sing' (بەبێ 's'ی کەسی سێهەمی تاک چونکە 'can' بەکارهێندراوە) 'ئەو دەتوانێت گۆرانی بڵێت' و 'He Sings' 'ئەو گۆرانی دەڵێت').
٢. پشتگوێخستنی سنوری یاساکان ئەوەیە کە لە شوێنی هەڵەدا یاساکان جێبەجێدەکەن. نموونەیەک ئەوەیە 'He made me to rest' 'ئەو وای لێ کردم پشودان" لە ڕێگەی درێژکردنەوەی ئەو تەرزەی لەگەڵ زۆربەی کردارەکاندا هەن کە تەواوکەری 'infinitive' 'بەرانبەرەکەی لە کوردیدا چاوگە' وەردەگرن (بۆ نمونە، 'He asked/wanted/invited me to go'."ئەو داوای کرد/ویستی/بانگهێشتی کردم بۆ ڕۆیشتن").
٣. بەکارنەهێنانی تەواوەتیی یاساکان دەبێتە هۆی شکستهێنان لە گەشەپێدانی بونیادێکی ڕێکوپێک. بەم شێوەیە فێرخوازانی ئینگلیزی وەک زمانی دووەم تێبینیکراون کە ڕێکخستنی وشەی ڕاگەیاندن لە پرسیارەکاندا (بۆ نمونە، 'You like to sing?' 'حەزدەکەیت گۆرانی بڵێیت؟) لەجیاتی ڕێکخستنی وشەکان بۆ دەربڕینی پرسیار (بۆ نمونە، 'Do you like to sing?' 'ئایا حەز دەکەیت گۆرانی بڵێیت؟' ئەم جۆرە هەڵەیەی ناو زمان هاوتای ئەوەیە کە زۆرجار بە 'هەڵە لە گەشەسەندنی زمانی دووەمدا' ناودەبرێت (Richards a:١٩٧١).
٤. گریمانەکردنی چەمکە هەڵەکان (واتە فێرخوازەکە بەتەواوی تێناگات) کاتێک ڕودەدات کە فێرخوازەکە بە تەواوی لە جیاوازیی نێوان یەکە ڕێزمانییەکانی زمانی ئامانج تێنەگەیشتبێت- بۆ نمونە، بەکارهێنانی کاری یاریدەدەری 'was' وەک نیشانەیەک بۆ دەمی ڕابردو وەک لە ڕستەی 'One day it was happened' 'ئەو ڕۆژە ڕویدا' (هەڵەکە لێرەدا بریتییە لەوەی کە کاری

سەرەکی هەبوو، کاری یاریدەدەر بەم شێوەیەی لێرەدا بەکارهاتووە، کە پێویست ناکات بەکاربهێندرێت).

جیاکردنەوەی گواستنەوە و هەڵەی زمانی ناوخۆی زمان ئاسان نییە، و تەنانەت زەحمەتترە بۆ ناسینەوەی جۆرە جیاوازەکانی هەڵەی ناو زمان، کە ڕیچاردز دەینوسێت، لە هەوڵێکدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناسینەوەی سەرچاوەکانی هەڵە، (دولەی و بێرت b ١٩٧٤) ئەو هەڵانەیان پۆلێنکردووە، و دواتر لە سێ پۆلدا کۆیان کردوونەتەوە:

١. گەشەسەندن (ئەو هەڵانەن کە بە هەمان شێوەی هەڵەی فێربوونی زمانی دایکن).

٢. دەستێوەردانی زمانی دایک (ئەو هەڵانەی کە ڕەنگدانەوەی زمانی دایکن).

٣. بێوێنە (ئەو هەڵانەی کە هیچ کام لە دووانەکەی سەرەوە نین)

لێکۆڵینەوەکانی (دولەی و بێرت) زۆر جار ڕەخنەیان لێ گیراوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە پۆلێنکردنێکی باوەڕپێکراوی هەڵەکان لە ڕوی ئەم پۆلانەوە هێشتا ڕێی تێناچێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، لەوانەیە باس لەوە بکرێت کە بە بەکارهێنانی هەڵەکانی فێربوونی زمانی دایک وەک هێڵی بنچینەیی، ئەوان لانیکەم ڕێکارێکی کارپێکردن بۆ دیاریکردنی ئەوەی کام هەڵانە هەڵەی ناوخۆیین دابیندەکەن.

لە لایەکی دیکەوە هەندێک لە زمانەوانان پێیانوایە، کە ئاساییە سەرچاوەیەکی گشتیی دیکەی هەڵەکان جیابکرێتەوە، کە بە هەڵەی هاندراو ناویانبردووە، ئەویش کاتێک ڕوودەدات، کە فێرخوازەکان بەهۆی سروشتی ئەو ڕێنماییانەی وەریانگرتووە، هەڵەدەکەن، لەم ڕووەوە (Stenson: ١٩٧٤) چەند نمونەیەکی ئەم هەڵانە لە ئاخاوتنی فێرخوازانی تونسی لە پۆلدا، کە ئینگلیزیان دەخوێند پێشکەشدەکات، چونکە زۆرجار بەهەڵە ڕونکردنەوەی بابەتە ڕێزمانییەکان لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵەی بنەڕەتی (بۆ نمونە، بەکارهێنانی 'any' 'هەر' بە مانای 'هیچ' لەلایەن فێرخوازانەوە چونکە پێیان گوترابوو کە "هەر" مانایەکی نەرێنی هەیە). ئەو ڕاهێنانانەی بەبێ ڕەچاوکردنی مانا ئەنجامدەدرێن دەتوانن ببنە هۆی هەڵە. (سڤارتڤیکی b١٩٧٣) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە زیادەڕەوی لەوانەیە یەکێک بێت لە هۆکارەکانی ئەوەی کە فێرخوازانی سویدی کە فێری ئینگلیزی دەبوون وەک زمانی دووەم تەواوکەری چاوگی بەکاردەهێنن (بۆ نمونە، " He proposed her to stay 'ئەو پێشنیاری کرد بۆ مانەوە'). (ستێنسۆن)یش دەڵێت ئەم هەڵانە سیستماتیک نین، بۆیە ڕەنگدانەوەی توانست نین. لەگەڵ ئەوەیشدا، لەوانەیە حاڵەت هەبێت کاتێک فێرخوازەکان یاسای هەڵە فێردەبن، کە لە ڕێنمایی هەڵەوە سەرچاوەیان گرتووە و لەو حاڵەتانەدا هەڵەکان ڕەنگدانەوەی توانستی فێرخوازەکان دەبن. ڕێنمایی لەوانەیە سەرچاوەیەک بێت کە (دولەی و بێرت) پێی دەڵێن هەڵەی بێوێنە.

ژمارەیەک لە کارە ئەزمونییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا تیشکیان خستە سەر دیاریکردنی ئەوەی، کە چەندێک لە کۆی هەڵەکان لە کۆمەڵەیەکی تەواو هەڵەی دەستێوەردانی زمانی دایکن و چەندیشیان ناوخۆی زمان. ئەمە ئەو شتەیە کە هاندەری توێژینەوەکانی وەک (ڕیچاردز A١٩٧١) و (دولەی و بێرت b١٩٧٤) بوو. ئەو کێشەیەی کە ئەم توێژەرانە چارەسەریان کرد ئەوە بوو کە بانگەشەکانی ڕەفتارگەرایەک بوو، کە فێربوونی زمانی دووەمی بە دروستکردنی خو ڕونکردەوە، و دەرونگەرایەک، کە فێربوونی زمانی دووەمی لەڕێگەی بونیادنانی داهێنەرانەوە ڕوندەکردەوە. بەپێی ڕونکردنەوەکانی ڕەفتارگەراکان، هەڵەکان وەک ئەنجامی گواستنەوەی نەرێنی یاسا و خووەکانی زمانی دایک دەبینرێن. بەپێی ڕونکردنەوەی دەرونگەراکان، پێشبینیدەکرا کە هەڵەکان هاوشێوەی ئەوانە بن کە لە فێربوونی زمانی دایکدا دۆزراونەتەوە، چونکە فێرخوازەکان چالاکانە ڕێزمانی زمانی دووەم دروستدەکەن کاتێک بەرەو پێش دەچن (واتە هەڵەکان ناوخۆیین نەک دەستێوەردانی زمانی دایک). ئەم بابەتە لە سەرەتای کارکردن لە فێربوونی زمانی دووەمدا بەڕێوەچوو، بەڵام پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت دواتر توێژەران ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە پەیوەندیی نێوان هەڵسوکەوت و هەڵەکان بەهۆی زمانی دایکەوە لە لایەکەوە و بیرکردنەوە و هەڵەی ناوخۆیی لە لایەکی ترەوە سادە و چەواشەکارە. ئێستا گواستنەوەی خووەکانی زمانی دایک خۆی لە خۆیدا وەک پێواژۆیەکی دەرونی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

دەرئەنجامی ئەم ڕوانکردنەوانەی پێشو دەمانگەیەننە ئەو ڕاستییەی، کە یەکێک لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی توێژینەوەکان کێشەی پۆلێنکردنی هەڵەیە. وەک (فلیک) دەڵێت: "دیاریکردنی هەڵەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو پۆلانەی وەک دەستێوەردانی زمانی دایک، زێدەگشتاندن، یان لێڵیی واتایی تا ڕادەیەکی زۆر هەڕەمەکی بووە، لەژێر لایەنگری تاکەکەسی و ڕوانگەی توێژەرەکەدایە" بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش، (فلیک) پێشنیاری بەکارهێنانی شیکردنەوەی فاکتەری کرد. ئەمە پێواژۆیەکی ئامارییە کە شێوازەکانی پەیوەندی بەکاردەهێنێت، کە لەنێوان نمرەکاندا هەیە لەسەر گۆڕاوە جیاوازەکان، بۆ دیاریکردنی فاکتەرە بنچینەییەکان. فلیک ئاماژە بەوە دەکات کە بەکارهێنانی سەرەتایی ئەم پێواژۆیە بۆ ناسینەوەی کۆمەڵە هەڵەیەک کە لە ٢٠ فێرخوازی پێگەیشتووی ئیسپانی بۆ ئینگلیزی وەک زمانی دووەم لەڕێگەی ئەرکی وەرگێڕانی زارەکییەوە وەرگیراون. پێنج فاکتەر لە شیکردنەوەکەدا دەرکەوتن:

١. دەستێوەردانی زمانی دایک ٣٤٪ لە سەدا سی و چوار جیاوازییەکە پێکدەهێنێت لە نمرە دیاریکراوەکان بۆ هەر فێرخوازێک.

٢. ئەدا (واتە کۆسپەکانی لێکدانەوە) بۆ٢٣٪ لە سەدا بیست و سێ .

٣. سادەکردنەوەی وشە ڕێزمانییەکان، وەک پەڕاندن، بۆ١٧٪ لە سەدا حەڤدە.

٤. زێدەگشتاندن بۆ ١٨٪ لە سەدا شازدە.
٥. هەڵە لە بەکارهێنانی جێناوەکاندا (بۆ نمونە، هەڵبژاردنی جیاوێکی هەڵە) بۆ ١١٪ لە یازدە لە سەدا.

لێکۆڵینەوەکەی (فلیک) هەوڵێکی سەرنجڕاکێشە بۆ ڕونکردنەوەی هەڵەکان بە شێوەیەکی وردتر، بەڵام جێی ژمارەیەک ڕەخنەیە. بۆ نمونە، ئەو پێنج پۆلەی کە دۆزراونەتەوە لە جانتایەکی زۆر تێکەڵ دەچن: لە کاتێکدا هەندێکیان سروشتێکی ڕۆشنکەرەوەیان هەیە، هەندێکی تریان زیاتر پەسنکارانەن، ئاستەمە ئەنجامی هەوڵەکان بۆ ڕونکردنەوەی هەڵەکان لە زمانی فێرخوازدا دروستبکرێت، بەڵام ئەمانەی خوارەوە هەندێک لە ئەنجامە سەرەکییەکانن:

١. لە هەندێک حاڵەتدا، و بگرە دەشێت لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ژمارەیەکی زۆر لەو هەڵانەی کە فێرخوازەکان دەیانکەن لە بنچینەدا هەڵەی ناوخۆییبن نەک دەستێوەردانی زمانی دایک. لەگەڵ ئەوەیشدا، ڕێژەی وردی جۆرەکانی هەڵە بە شێوەیەکی بەرچاو لە توێژینەوەیەکەوە بۆ توێژینەوەیەکی تر جیاوازە.

٢. بەگوێرەی (Taylor :١٩٧٥) فێرخوازەکان لە ئاستی سەرەتاییدا هەڵەی گواستنەوەی بونیادەکانی زمانی دایکیان زیاترە لەو فێرخوازانەی لە ئاستی ناوەند یان پێشکەوتوودان، بە پێچەوانەوە، تایلۆر بۆی دەرکەوت فێرخوازەکان لە ئاستێکی مامناوەند یان پێشکەوتوودا زیاتر هەڵەی ناوخۆی زمان بەرهەمدەهێن (بۆ نمونە، زێدەگشتاندن) لەو فێرخوازانەی لە ئاستی سەرەتاییدان. لەگەڵ ئەوەیشدا توێژەرانی دیکە (بۆ نمونە، Kellerman :١٩٨٣) بەرەنگاری ئەو بۆچوونە بوونەتەوە، کە دەستێوەردانی زمانی دایک لە سەرەتادا بەربڵاوتر بێت.

٣. ڕێژەی دەستێوەردانی زمانی دایک و هەڵەی ناوخۆی زمانی دووەم دەگۆڕێت بەپێی ئەو ئەرکەی کە بۆ هەڵگۆزینی نمونەی زمانی فێرخواز بەکاردێت. بەم شێوەیە، ئەرکەکانی وەرگێڕان دەبنە هۆی هەڵەی دەستێوەردانی زمانی دایکی زیاتر لەو ئەرکانەی کە داوای نوسین و ئاخاوتنی ئازاد دەکەن (Lococo: ١٩٧٦).

٤. هەڵەی دەستێوەردانی زمانی دایک باوترە لە ئاستی فۆنۆلۆژی و فەرهەنگیدا وەک لە ئاستی ڕێزمانی، هەروەها هەندێک لە بوارەکانی فێربوونی ڕێزمان ئەگەری ئەوەیان هەیە زیاتر کاریگەرییان لەسەر هەبێت لە لایەن زمانی دایکی فێرخوازانەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تردا. (Grauberg: ١٩٧١) بۆی دەرکەوت، کە دەستێوەردانی زمانی دایک لە سەدا ٢٥٪ی هەڵە فەرهەنگییەکانی لە لایەن ئەو فێرخوازە پێگەیشتووە ئەڵمانییانەی فێری ئینگلیزی دەبوون وەک زمانی دووەم کراوە، هەروەها لە سەدا ١٠٪ی هەڵە ڕستەسازییەکان بووە و هیچ هەڵەیەکی مۆرفۆلۆژییان نییە.

٥. هەڵەی دەستێوەردانی زمانی دایک باوترە لە فێرخوازانی پێگەیشتوودا وەک لە فێرخوازانی منداڵ، بۆ نمونە، (١٩٧٧: White) ئەوەی بۆ دەرکەوت کە لە سەدا ٢١٪ی ئەو هەڵانەی لە لایەن فێرخوازانی پێگەیشتووی ئیسپانییەوە کە فێری ئینگلیزی دەبوون ئەنجامدراون دەستێوەردانی زمانی دایک بوون. (وایت) هەمان کەرەستەی بەکارهێنا بۆ کۆکردنەوەی داتا وەک لە لێکۆڵینەوەی (دولەی و بێرت b١٩٧٤) لەسەر منداڵانی ئیسپانی کە ئاماژەیان پێکراوە لەسەرەوە، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕاستەوخۆ بەراورددەکرێت بەوەی (وایت).

٦. دەشێت هەڵەکان زیاتر لە یەک سەرچاوەیان هەبێت. بۆ نمونە، هەڵەی 'no + verb error' 'نا + کار (وەک لە 'No look my card' 'نا سەیرکردنی کارتەکەم') جیهانییە، کە پێشنیازی ڕوونکردنەوەیەکی ناوخۆی زمانەکە دەکات، بەڵام تێبینیکراوە فێرخوازە ئیسپانییەکانی ئینگلیزی وەک زمانی دووەم ئەم هەڵەیە زیاتر و بۆ ماوەیەکی درێژتر ئەنجامدەدەن، ئەمەیش پێشنیازی ئەوە دەکات، کە شێوازی زمانی دایک بۆ دەربڕینە نەرێییەکان (no + verb) کاریگەری هەیە.

جارێکی دیکە، گرنگە ئەوە بزانین کە چەمکی دەستێوەردانی زمانی دایک کە زۆرێک لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی شیکاریی هەڵەکان لەسەری دامەزراون، سادە بووە. دەستێوەردانی زمانی دایک، لە ڕاستیدا، چەمکێکی زۆر ئاڵۆزە کە بە باشترین شێوە لە ڕوی مۆدێلی مەعریفییەوە دەتوانین لێی تێبگەین نەک مۆدێلی ڕەفتارگەراکان بۆ فێربوون.

## ٣/ ٤-٦)هەڵسەنگاندنی هەڵەکان:

لە کاتێکدا هەموو قۆناغەکانی پێشوتری شیکاریی هەڵەکان تاقیکردنەوەی هەڵەکانیان لەخۆگرتووە لە ڕوانگەی ئەو فێرخوازەوە کە دەیانکات، بۆیە هەڵسەنگاندنی هەڵەکان ڕەچاوکردنی کاریگەریی هەڵەکان دەگرێتەوە لەسەر توێژەرەکە. ئەم کاریگەرییە دەتوانرێت پێوانەبکرێت یان لە ڕووی تێگەیشتنی توێژەرەکەوە لە مەبەستی فێرخوازەکە یان لە ڕوی وەڵامی سۆزەکیی توێژەرەکە بۆ هەڵەکان، بە شێوەیەکی گشتیش لێکۆڵینەوەکانی هەڵسەنگاندنی هەڵە لە کۆتاییەکانی حەفتاکان و هەشتاکاندا بڵاوبوونەوە، و دیزاینکردنی توێژینەوەی هەڵسەنگاندنی هەڵەکانیش بریتییە لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە توێژەرەکان یان دادوەرەکان کێن، داوای چ هەڵەیەکیان لێدەکرێت، تا حوکمیان بدەن و چۆن داوایان لێدەکرێت حوکمیان بدەن. دادوەرەکان دەتوانن جیاوازبن بەپێی ئەوەی، کە ئایا ئاخێوەری ڕەسەنن (NS) یان ئاخێوەری بێگانەن (NNS)، هەروەها بەپێی ئەوەی کە ئایا ئەوان "شارەزان" (واتە مامۆستای زمان) یان "نا-شارەزا"ن. ئەو هەڵانەی داوایان لێکراوە بۆ حوکمدان لە لایەنە فەرهەنگییەکانی زمانەوە، خەسڵەتە ڕێزمانییە جیاوازەکان و ڕێنوس دەگرنەوە. ئەو ئامرازانەی کە بەکاردێن بۆ بڕیاردان بە چەند شێوەیەک

جیاوازن. له زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەمانە بریتین لە لیستگەلێکی ڕستە، کە لە دەوروبەردا دەرهێندراون، و یەک یان چەند هەڵەیەکیان تێدایە. ئەم ڕستانە بە زۆری لە نمونە ڕاستەقینەکانی زمانی فێرخوازەوە وەردەگیرێن (بە شێوەیەکی سەرەکی نوسراوەکان)، بەڵام هەندێکجار دادەهێنرێن. لە هەندێک لێکۆڵینەوەدا، ڕستەکان لە دەوروبەرێکدان، کە دەکرێت هەڵەکان بە زارەکی پێشکەشبکرێن، بەڵام بەگشتی بە نوسین پێشکەشدەکرێن، لەم ڕووەوە لەوانەیە داوا لە دادوەرەکان بکرێت، کە هەڵسەنگاندن بۆ "تێگەیشتن لەو ڕستانەی کە هەڵەکانیان تێدایە، بکەن وەک "جدیبوون" یان "سروشتیبوون" هەڵەکان، یان تا چ ئاستێک ناسروشتین. هەندێکجاریش لەوانەیە داوایان لێبکرێت، کە هەڵەکان ڕاستبکەنەوە و هۆکاری ئەوە بدەن، کە بۆچی هەندێک هەڵە بە کێشە دادەنرێت، هەروەها لە هەندێک لێکۆڵینەوەشدا، تێگەیشتن لە ڕستە هەڵەکان تاقیدەکرێتەوە.

بە گشتی لە لێکۆڵینەوەکانی هەڵسەنگاندنی هەڵەکاندا سێ پرسیاری سەرەکی دەکرێن، کە بریتین لە: ١. ئایا هەندێک هەڵە لەوانی تر زیاتر کێشەیان هەیە؟ ٢. ئایا جیاوازی لە هەڵسەنگاندنی ئاخێوەری ڕەسەن و ئاخێوەری بێگانەدا هەیە؟ ٣. دادوەرەکان چ پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵەکانی فێرخواز بەکاردەهێنن؟ ئێمە بە کورتی لێکۆڵینەوە لە ئەنجامە سەرەکییەکان دەکەین لەسەر هەر یەکێک لەم بابەتانە.

ئەو دادوەرانەی ئاخێوەری ڕەسەنن هەڵە فەرهەنگییەکان بە جدیتر لە هەڵە ڕێزمانییەکان دەزانن (بۆ نمونە، Burt :١٩٨٠;Tomiyana:١٩٧٥ Khalil :١٩٨٥)، هەروەها ئەوانە دەیانەوێت هەڵە ڕێزمانییە جیهانییەکان بەوە حوکمبدەن، کە ئەگەری دەستێوەردان لە تێگەیشتن لە هەڵە ناوخۆییەکان زیاترە، هەرچەندە وەک سانتۆس (١٩٨٧) ئاماژەی پێکردووە، لەم خاڵەدا ئەنجامی ناکۆک بەدەستهێندراوە. بێرت هەڵە جیهانییەکان بەو هەڵانە پێناسەدەکات، کە بە گشتی کار لە ڕێکخستنی ڕستە دەکەنەوە، بۆ نمونە، هەڵەی ڕێکخستنی وشە، هەڵە بەکارهێنان یان بە هەڵە دانانی ئامرازە لێکدەرەکانی ڕستە، و زێدەگشتاندنی ڕستەسازی. هەڵە ناوخۆییەکان ئەو هەڵانەن، کە کاریگەرییان لەسەر تاکە یەکەیەک لە ڕستەیەکدا هەیە (بۆ نمونە، هەڵەکان لە مۆرفۆلۆژی یان وشەی ڕێزمانیدا). هەروەها لەوانەیە دادوەرەکانی NS (ئاخێوەری ڕەسەن) لەلایەن فاکتەرەکانی دەربڕینی ناسروشتییەوە کاریان تێبکرێت. لێکۆڵینەوەکەی (سانتۆس)، بۆ نموونە، هەندێک بایەخ دەبەخشێت بەو بیرۆکەیەی، کە هەڵەکانی گۆڕینی فۆرمە زەقەکان بۆ فۆرمە نازەقەکان (بۆ نمونە، 'an book' بۆ 'a book') بە توندی حوکم دەدرێن بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەڵانەی کە تێیاندا فۆرمە نازەقەکان شوێنی فۆرمە زەقەکان دەگرنەوە (بۆ نمونە، 'a apple' بۆ 'an apple'). هەروەها دادوەرە ئاخێوەرە ڕەسەنەکان بە لایانەوە ئاسانترە مامەڵە لەگەڵ زیادکردن بکەن وەک لە پەڕاندن یان هەڵبژاردنی هەڵە (Tomiana: ١٩٨٠). بەڵام پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت، کە

دەکرێت گۆڕانکارییەکی گەورە هەبێت لە حوکمی ئاخێوەرانی ڕەسەندا. بەم شێوەیە ڤان مایەر و لۆرێنز (١٩٨٤) بۆیان دەرکەوت کە هەندێک لە ئەندامانی ئەکادیمی دەیانەوێت هەموو هەڵەکان وەک هەڵەیەکی جددی ببینن (واتە هەڵە هەر هەڵەیە). هەروەها هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی هەرەمی هەڵەکان بەگوێرەی کاریگەرییەکانیان لەسەر تێگەیشتن سەرکەوتوو نەبوون.

## ٣/ ٥) جۆرەکانی گەشەسەندن: ڕیزبەندی و زنجیرەی فێربوونی زمانی دووەم:

### ٣/ ٥-١) سەرەتا:

لە بابەتی پاری پێشودا تیشک خرایە سەر شیکاریی هەڵەکان، و لەم ڕووەوە چەندین کێشەی تیۆری و میتۆدۆلۆژی لەگەڵ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەدا دەستنیشانکرا، بە تایبەتی، تێبینی ئەوە کراوە کە شیکردنەوەی هەڵەکان وێنەیەکی تەواوی ئەوە پێشکەشناکات، کە چۆن فێرخوازان زمانی دووەم فێردەبن، چونکە زمانی فێرخوازان وەک کۆکراوەیەک لە هەڵەکان پەسندەکات، بۆیە توێژەران پێویستیان بە ڕەچاوکردنی تەواوی زمانی فێرخوازان هەیە، بۆ ئەوەی سیستەمی یاساکان یان ئەو زمانە دووڕەگە ئاشکرابکەن، کە فێرخوازان لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەسەندندا دروستیدەکەن، خاڵی گرنگی ئەم دەستپێشخەرییەش ڕونکردنەوەی ئەوەیە، کە چۆن فێربوونی زمان بە تێپەڕبوونی کات گەشەدەکات.

یەکێک لە بەهێزترین بیرۆکەکان، کە لەم کارەدا دەردەکەوێت ئەوەیە، کە فێربوونی زمانی دووەم بە شێوەیەکی بەردەوام و سیستەماتیکی بەردەوامدەبێت، لەم پارەشدا لێکۆڵینەوە لەو بەڵگە پەسنکارانانە دەکەین، کە پشتگیری لە بوونی جۆری ئاسایی گەشەسەندن لە فێربوونی زمانی دووەمدا دەکەن، بە واتا لەم پارە و بابەتەکانیدا جیاوازی لە نێوان بیرۆکەی ڕیزبەندییەک و زنجیرەیەکی فێربوون دەکرێت. پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە: ئایا فێرخوازان دەتوانن فێری هەندێک خەسڵەتی زمانی ئامانج پێش هەندێکی دیکە ببن؟ ئەمە پرسیارێکە دەربارەی ڕیزبەندیی فێربوون، چونکە منداڵ لە قۆناغەکانی فێربوونی زماندا بەم شێوەیە فێری بەشەکانی ئاخاوتن دەبێت، بە شێوەیەک لە سەرەتادا فێری ناو دەبێت، و بەکاریدەهێنێت، دواتر کردار و ئاوەڵناو جێناوەکان ... پاشان ئامرازەکان فێردەبێت، و بەکاریاندەهێنێت (النحاس، ١٩٧٩: ٢٤). پرسیاری دووەم و تەواو جیاواز ئەوەیە "چۆن فێرخوازان خەسڵەتێکی تایبەتی زمانی ئامانج فێردەبن؟" بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە لێکۆڵینەوە لە هەندێک تایبەتمەندیی دیاریکراو بکەین (وەک نەرێکردن) بەوردی و بە باشترین شێوە و بە تێپەڕبوونی کات، بۆ ئەوەی نیشانی بدەین، کە چۆن فێرخوازەکان بەرە بەرە دەگەنە زمانی ئامانج. خستنەڕوی ئەوەی کە فێرخوازەکان بە قۆناغ گەلێکدا تێدەپەڕن لەسەر ڕێیان بۆ فێربوونی یاسایەکی زمانی ئامانج، بەڵگەمان لەسەر زنجیرەیەکی فێربوون دەداتێ، و جۆری گەشەسەندن وەک زاراوەیەک بۆ یاسا و ڕێسا

گشتییەکانی فێربوونی زماندا بەکاردەهێنین. بەم شێوەیە، بیرۆکەکانی ڕیزبەندی و زنجیرەیش دەگرێتەوە.

بەم شێوەیەخاڵی دەستپێکی ئەم پارە باس لەو ڕێگە سەرەکییانە دەکات، کە بۆ کۆڵینەوە لەجۆرەکانی گەشەسەندن لە فێربوونی زماندا بەکاردەهێنرێن. ئەو لێکۆڵینەوە کورتە لەسەر جۆرەکانی گەشەسەندن لە زمانی دایک باسدەکرێت، ڕێگە بۆ ڕوونکردنەوەیەکی وردتری فێربوونی زمانی دووەم خۆشدەکات.

## ٣/ ٥-٢) ڕێگەکانی کۆڵینەوە لە جۆرەکانی گەشەسەندن:

چەند ڕێگەیەکی جیاواز هەیە، کە توێژەران دەتوانن دەستبکەن بە هەوڵدان بۆ دیاریکردنی جۆری گەشەسەندن، یەکێک لە ڕێگەکان ئەوەیە، کە بزانیت ئایا هەڵەکانی فێرخوازان بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن. هەندێک بەڵگە هەیە بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە ئەمە ڕودەدات، بەڵام وەک لە بابەتەکانی پاری پێشوودا دەرکەوت، شیکاریی هەڵەکان لە پێشکەشکردنی بەڵگەی ڕون و تەواو لەسەر جۆری گەشەسەندن سەرکەوتوونەبووە، بەمەش ڕێگەی دووەم بریتی دەبێت لە پشکنینی نمونەیی زمانی فێرخوازەکان، کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کۆکراونەتەوە بۆ ئەوەی دیاریبکرێت کەی خەسڵەتە زمانەوانییە دیاریکراوەکان دەردەکەون. بەپێی ئەم ڕێگەیە، "فێربوون" بە "یەکەم دەرکەوتن" پێناسەدەکرێت. بە شێوەیەکی بەرفراوان لە توێژینەوەی فێربوونی زمانی دایکدا بەکارهاتووە ( Walse: ١٩٨٥) بەڵام لە توێژینەوەی فێربوونی زمانی دووەمدا کەمتر باوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، ژمارەیەک لە توێژەرانی زمانی دووەم (بۆ نمونە، Becarton ١٩٨١
و pienman :١٩٨٤) پێشنیازی بەکارهێنانی دەرکەوتنیان کردووە، وەک پێوەری فێربوون لە توێژینەوەی فێربوونی زمانی دووەمدا.

یەکێک لە ڕێگە باوەکان بۆ ناسینەوە و پەسنکردنی جۆرەکانی گەشەسەندن شیکردنەوەی دۆخی ناچارییە. ئەمە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە لایەن توێژەرانی فێربوونی زمانی دووەمەوە بەکارهاتووە، و بە ڕونی لە (Brown:١٩٧٣)دا باسکراوە. ڕێکارە بنەڕەتییەکە بەم شێوەیەیە: یەکەم: نمونەی فێربوونی سروشتی کۆدەکرێتەوە، دووەم: دۆخی ناچاری بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندییەکانی زمانی ئامانج لە داتاکاندا دیاریکراوە. لە ماوەی بەکارهێنانی زمانی دووەمدا فێرخوازەکان دەربڕاوگەلێک دەردەبڕن، کە دۆخی ناچاری بۆ بەکارهێنانی خەسڵەتگەلێکی دیاریکراوی زمانی ئامانج دروستدەکەن، هەرچەندە لەوانەیە هەمیشە ئەو خەسڵەتانەیان بۆ نەیەت. بەم شێوەیە، ئەگەر فێرخوازێک بڵێت: 'My sister visited us yesterday' "خوشکەکەم دوێنێ سەردانی کردین" یان 'My father arrive yesterday' 'باوکم لە دوێنێ دێت،" دۆخی ناچاری بۆ

بەکارهێنانی ڕابردو لە هەردوو ڕستەکەدا دروستکراوە. سێیەم: ڕێژەی بەکارهێنانی وردی خەسڵەتەکە دواتر بە دیاریکردنی ئەوەی ئایا تایبەتمەندییەکە لە هەموو ئەو دەوروبەرانەدا بەکارهێندراوە دەخەمڵێندرێت، کە پێویستە تێیاندا بەکاربهێندرێت. دواتر دەتوانرێت ئاستی وردی دیاریبکرێت، بۆ ئەوەی پێناسەیەکی کرداری پێشکەشبکرێت، ئەمەش تا بزانین ئایا فێرخواز خەسڵەتێک فێربووە یان نا. بە شێوەیەکی ئاسایی، ئاستەکە لە ٨٠٪ بۆ ٩٠٪ دانراوە، کە کەمترە لە ١٠٠٪، بۆ ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە تەنانەت ئاخێوەرانی ڕەسەنی پێگەیشتوو لەوانەیە ورديی تەواوەتی بەدەستنەهێنن. (Brown :١٩٧٣) پێی وایە فێرخواز کاتێک فێری خەسڵەتێک دەبێت کە ئاستەکەی ٩٠٪ بێت لە سێ خاڵی یەک لە دوای یەکی کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا، ئەمەیش زۆر توندە.

یەکێک لە کێشەکانی شیکردنەوەی دۆخی ناچاری ئەوەیە، کە هیچ حسابێک بۆ ئەو حاڵەتانە ناکات، کە فێرخواز خەسڵەتێک لە دەوروبەرێکدا بەکاردەهێنێت، کە خۆی لە خۆیدا لە زمانی ئامانجدا ناچاری نییە. بۆ نمونە، ئەو فێرخوازەی کە دەڵێت ' studied last night and now I understood better' 'دوێنێ شەو خوێندومە و ئێستا باشتر تێگەیشتم" لێرەدا زێدەگشتناندنی بۆ دەمی ڕابردو بە بەکارهێنانی لە شوێنێکدا کە پێویستە دەمی ڕانەبردوی تێدا بەکاربهێندرێت کردووە. بە ڕونی فێربوونی خەسڵەتێک وەک ڕابردو واتە فێرببێت، نەک تەنیا کەی بەکاریبهێنێت، بەڵکو چ کاتێکیش نابێت بەکاریبهێنێت. بۆ ڕەچاوکردنی بەکارهێنانی زیاد لە پێویست، هەروەها خراپ بەکارهێنانی، ژمارەیەک لە توێژەران (بۆ نمونە، Pica:١٩٨٣) پێشنیازی پێواژۆیەکی کردووە، کە بە شیکردنەوەی بەکارهێنانی هاوشێوەی ئاخێوەری ڕەسەن ناسراوە. پیکا (١٩٨٤) نیشانیداوە، کە جیاوازیی بەرچاو لە خەمڵاندنەکانی توانای فێرخوازان سەرچاوە دەگرن بەپێی ئەوەی ئایا دۆخی ناچاری یان شیکردنەوەی بەکارهێنانی هاوشێوەی ئاخێوەری ڕەسەن بەکاردەهێندرێت.

هەردوو دۆخی ناچاری و شیکردنەوەی بەکارهێنانی هاوشێوەی ئاخێوەری ڕەسەن لەسەر بنەمای زمانی ئامانجن، واتە وەک شیکاریی هەڵەکان، هەوڵدەدەن زمانی فێرخواز و زمانی ئامانج بەراوردبکەن، لەم ڕووەشەوە (Bley-Vroman: ١٩٨٣) ئە و مەترسییانە ئاشکرادەکات، کە پێیان دەڵێت: "هەڵەی بەراوردکاری" مەترسییە سەرەکییەکە ئەوەیە، کە ئەو ڕاستییە پشتگوێدەخرێت، کە فێرخوازان سیستەمی یاسای تایبەت بە خۆیان دروستدەکەن لە ماوەی فێربوونی زمانی دووەمدا. ناتوانرێت شیکردنەوە لەسەر بنەمای زمانی ئامانج بۆ پەسنکردنی ئەم سیستەمانە بەکاربهێنرێت، چونکە تەنیا زانیاری دەربارەی ئەوەی تا چ ڕادەیەک زمانی فێرخوازەکە لە زمانی ئامانجەوە نزیکە پێشکەشدەکەن، یەکێک لە ڕێگەکانی زاڵبوون بەسەر ئەم ڕەخنەیەدا، کە هەندێک لە توێژەران بەکاریدەهێنن (بۆ نمونە، Caden: ١٩٧٥)، بریتییە لە لیستەکردنی ئامێرە زمانەوانییە

جۆراوجۆرەکان، کە فێرخوازان بۆ دەربڕینی بونیادێکی ڕێزمانیی دیاریکراو (وەک نەرێکردن) بەکاریاندەهێنن، و دواتر بۆ هەژمارکردنی ئەو ڕێژەیەی، کە هەر ئامێرێک لە خاڵە جیاوازەکانی گەشەسەندنی فێرخوازەکاندا بەکاردێت، ئەم ڕێگەیە ناوێکی ناسراوی باوی نییە، بەڵام دەکرێت پێی بگوترێت: 'شیکردنەوەی ڕادەی دووبارەبوونەوە'. ئەمە دەتوانێت "جیاوازیی ستونی" لە پەرەسەندنی فێرخوازاندا نیشانبدات (بۆ نمونە چۆن ئامێرە جیاوازەکان لە قۆناغە جیاوازەکاندا دەردەکەون)، وەک یەکێک لە باشترین ڕێگەکان بۆ پشکنینی زنجیرەکانی بەرەوپێشچوون خزمەتدەکات.

بەم شێوەیە دەتوانرێت، توێژینەوە لەسەر بوونی جۆرەکانی گەشەسەندن لە بوارە جیاوازەکانی زماندا، زمانەوانی (فۆنۆلۆژی، فەرهەنگی، ڕێزمانی، واتاسازی)، و ئەرکی بکرێت. ئەم بەشە کەم تا زۆر بە تایبەتی مامەڵە لەگەڵ فێربوونی سیستەمە ڕێزمانییەکان دەکات، چونکە ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو جەختکردنەوە گشتییەیە لە بارەی ڕێزمانەوە لە توێژینەوەکانی فێربوونی زمانی دووەم و وەک بەڵگەی سەرەکی بۆ بنیاتنانی بیردۆز سودی لێدەبیندرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، سەرنجێکی کەم بە لایەنە فۆنۆلۆژی و فەرهەنگییەکانی زمانی فێرخواز دەدەین.

## ٣/ ٦)جۆرەکانی گەشەسەندن لە فێربوونی زمانی دایکدا:

کۆڵینەوە لە جۆرەکانی گەشەسەندن لە توێژینەوەکانی فێربوونی زمانی دایکدا، خاڵی دەستپێکی باشە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر جۆرەکانی گەشەسەندنی زمانی دووەم لەبەر دوو هۆکار. ١: توێژەرانی زمانی دووەم ڕێوشوێنی بەسودی میتۆدۆلۆژیان لەمەوە دەستکەوتووە بۆ کۆڵینەوە لە جۆرەکانی گەشەسەندنی زمانی فێرخواز. ٢: زنجیرە و ڕیزبەندییەکانی فێربوونی زمانی دایک هێڵێکی بنچینەیی بۆ ڕەچاوکردنی زنجیرە و ڕیزبەندییەکانی فێربوونی زمانی دووەم دابیندەکەن. یەکێک لە پرسیارە گرنگەکان ئەوەیە، کە ئایا جۆرەکانی هەردوو جۆرەکەی فێربوون هەمان شتن یان جیاوازن. کاری سەرەتایی لەسەر فێربوونی زمانی دایک لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە توێژینەوەی ورد لەسەر تاکە فێرخوازەکان لەسەر بنەمای ئەو گوتانەی دەریان بڕیون پێکهاتبوو (بۆ نمونە Slobin McNeill ;١٩٧٠ :Brown :١٩٧٣)، توێژینەوە کورتخایەنەکان لەسەر ژمارەیەکی گەورەتری فێرخوازان (بۆ نمونە Villiers and de Villiers: ١٩٧٠)، و هەندێک توێژینەوەی ئەزموونی دەربارەی دەربڕینی منداڵان و تێگەیشتن لە تایبەتمەندییە زمانەوانییە دیاریکراوەکان (Chomsk،Berkto١٩٨٥: ١٩٦٩). ئەم لێکۆڵینەوە سەرەتاییانە، کە هەوڵیاندا شێوازی گشتیی گەشەی زمانی منداڵان دیاریبکەن، دەستیان بەوە کرد، کە (Atkinson: ١٩٨٦) بە نەریتی SHARP لە توێژینەوەی فێربوونی زمانی دایکدا (واتە

توێژینەوەی ئەزمونی لەسەر فێربوونی زمانی دایک) ئاماژەی پێکردووە. ئەم نەریتە تا ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان بەردەوامبوو، کە بووە هۆی دروستبوونی توێژینەوەیەکی گەورە لە مەودایەکی زۆر لە زمانەکاندا.

پرۆژە بەرچاوەکانی ئەم دواییانە بریتین لە لێکۆڵینەوەکەی بریستۆڵ بە ناوی "زمان لەماڵەوە و لە قوتابخانە" (Wells: ١٩٨٥) کە توێژینەوەیەکی درێژخایەنبوو لەسەر زیاتر لە ٦٠ منداڵ، هەروەها پرۆژەیەکی گەورەی زمانەوانی، کە لە لایەن سلۆبینەوە دەستپێکرد (بڕوانە (Slobin: a١٩٨٥). بێگومان لەم ماوەیەدا گۆڕانکاری لە سەرنجدان هەبووە، بەڵام لەم نەریتەدا توێژەران بە شێوەیەکی بەرچاو بەردەوامبوون لە شوێنکەوتنی ڕێبازی توێژینەوە و پاشان بیردۆز و سەرنجیان لەسەر پەسنکردنی زمانی منداڵان بوو، وەک بنەمایەک بۆ بنیاتنانی بیردۆز، هەروەها نەریتێکی جێگرەوەش، کە لەلایەن ئاکینسنەوە بە (FLAT)ئاماژەی پێکراوە (بیردۆزەکانی فێربوونی زمانی دایک First Language Acquisition Theories)، لە هەشتاکاندا گەشەی کرد. ئەمە لە لێکۆڵینەوەی ئەزمونی دوور دەکەوێتەوە، و لەجیاتی ئەوە هەوڵدەدات لێکۆڵینەوە لە فێربوونی زمانی دایک بکات لە ڕوانگەی بیردۆزی فێربوون و ڕێزمانی جیهانییەوە.

یەکێک لە ئەنجامە بەربڵاوەکان لە توێژینەوەی فێربوونی زمانی دایکدا ئەوەیە، کە منداڵان وا دەردەکەون پەیڕەوی تەرزێکی زۆر باشی گەشەسەندن دەکەن، ئەم شێوازە لە چۆنێتیی فێربوونی هەموو سیستەمە زمانەوانییەکاندا دیارە، بەڵام منداڵان بە شێوەیەکی ئاسایی بە یەک وشە دەست پێدەکەن، کە وەک هۆلۆفرەیسیس (Holophrasis) کاردەکەن (واتە دەربڕینی تەواوی مەبەستیان لە ڕێگەی یەک وشەوە، بۆ نمونە کە دەڵێت 'ئەوە' واتە 'ئەوەم بدەرێ'). ئەوان هەنگاو بە هەنگاو قسەکانیان درێژدەکەنەوە، بە قۆناغەکاندا تێدەپەڕن کاتێک زۆربەی قسەکانیان لە دوو وشەی یەکەم پێکدێت، پاشان سێ و چوار وشە. لە هەمان کاتدا، بە شێوەیەکی پێڕەوبەندانە یاسای جۆراوجۆری ڕستەسازی و مۆرفۆلۆژیی زمانەکە فێردەبن.

یەکێک لە کاریگەرترین لێکۆڵینەوەکان لەسەر فێربوونی زمانی دایک لێکۆڵینەوەی هارڤاردە، هەروەها (Brown: ١٩٧٣)یش بەڵگەی لەسەر ڕیزبەندییەکی جێگیری فێربوونی خەسڵەتە مۆرفۆلۆژییە جیاوازەکانی زمانی ئینگلیزی لە سێ منداڵدا دۆزییەوە، و هەمان ڕیزبەندی لە لێکۆڵینەوە کورتخایەنەکەی دێ ڤیلییەس و دێ ڤیلییەس (١٩٧٣) لەسەر ٢٠ منداڵ بەدیکرا. خشتەی ١.٣ ئەم ڕیزبەندییە دەخاتەڕوو. هەروەها لە لایەکی دیکەشەوەفێربوونی مۆرفیمەکان قۆناغ بە قۆناغە. بۆ نمونە، فێربوونی فۆرمەکانی دەمی ڕابردو لە زمانی ئینگلیزیدا قۆناغێکی سەرەتایی لەخۆدەگرێت، کە تێیدا بەکارهێنانی کەم یان هیچ بەکارهێنانێکیان نییە، بە دوایدا بەکارهێنانی نارێکی هەندێک فۆرمی شاز، پاشان بەکارهێنانی شێوەی ئاسایی بە بەکارهێنانی 'ed-' کە زیاد لە

پێویست گشتگیر دەکرێت، و بۆ کارە شازەکانیش بەکاردەهێندرێت، پاشان لە کۆتاییدا بەکارهێنانی ڕێکوپێکی فۆرمی ئاسایی و شاز دێتەئاراوە.

نمونەی ڕونی زنجیرەی گەشەسەندن لە فێربوونی زمانی دایکدا ئەوانەن کە لە فێربوونی نەرێکردن و ڕستەی پرسیاریی زمانی ئینگلیزیدا دەدۆزرێنەوە. بۆ نمونە، کلیما و بێلوگی (١٩٦٦) سێ قۆناغیان بۆ فێربوونی نەرێکردن دیاریکرد، کە لە خشتەی ٢.٣ کورتکراونەتەوە. بلوم (١٩٧٠) بەڵگەیەکی دۆزییەوە لەسەر فێربوونی پێڕەوبەندانەی ئەرکە واتاییەکانی دەربڕینە نەرێیەکان. ئەو منداڵانەی کە توێژینەوەی لەسەر کردوون، یەکەم جار"No" "نا" و "not" "نە یان نا"یان بەکارهێنا بۆ ئاماژەکردن بە نەبوون (بۆ نمونە، "No cookies" "نا بسکیت")، پاشان بۆ ئاماژەکردن بە ڕەتکردنەوەی پێشکەشکردنێک یان پێشنیارێک (بۆ نمونە، "No Car" "نا ئۆتۆمبێل " "I don't want the car" = "من ئۆتۆمبێلەکەم ناوێت") و لە کۆتاییدا بۆ نکوڵیکردن. یاسا و ڕێسای هاوشێوە ڕون و ئاشکرایە لە فێربوونی لایەنە ڕوکەشی و واتاییەکانی لێکۆڵینەوە ئینگلیزییەکاندا (بڕوانە Klima and Bellugi :١٩٦٦ و Cazden :١٩٧٢).

| مۆرفیم | نمونە |
|---|---|
| ١- ڕانەبردوی بەردەوام 'ing-' 'نیشانەی ڕانەبردوی بەردەوام' | He is sitting down.<br>ئەو ئێستا دادەنیشێت. |
| ٢- پرێپۆزیشنی 'in' 'لەناو' | The mouse is in the box.<br>مشکەکە لەناو کارتۆنەکەدایە. |
| ٣- پرێپۆزیشنی 'on' 'لەسەر' | The book is on the table.<br>پەرتوکەکە لەسەر مێزەکەیە. |
| ٤- 's'ی نیشانەی کۆ | The dogs ran away.<br>سەگەکە هەڵهات. |
| ٥- کاری ڕابردوی شاز | The boy went home.<br>کوڕەکە ڕۆیشتەوە ماڵەوە. |

| | |
|---|---|
| The girls’s dog is big.<br>سەگی کچەکە گەورەیە. | ٦- 's''ی خاوەندارێتی |
| Are they boys or girls?<br>ئەوان کوڕن یان کچن؟ | ٧- کاری ناسەرەکیی کورتنەکراوە 'be' بەرانبەرەکەی لە کوردیدا بریتییە لە کارە ناتەواوەکانی (ە، و، بوو)' |
| He has a book.<br>ئەو پەرتوکێکی هەیە. | ٨- نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی: 'a' نیشانەی نەناسراوی' و 'the' نیشانەی ناسراوی' |
| He jumped the stream.<br>ئەو بازی دایە ناو جۆگەکە. | ٩- کاری ڕابردوی ئاسایی بە بەکارهێنانی پاشگری '-ed' |
| She runs very fast.<br>ئەو زۆر بەخێرایی ڕادەکات. | ١٠- 's'ی کەسی سێهەمی تاکی ئاسایی |
| Does the dog bark?<br>سەگەکە دەوەڕێنێت؟ | ١١- کەسی سێهەمی شاز: 'has/does' |
| Is he running?<br>ئایا ئەو ڕادەکات؟ | ١٢- کاری یاریدەدەری کورتنەکراوە 'be' |
| That’s a spaniel.<br>ئەوە سەگی ئیسپانییە. | ١٣- کاری ناسەرەکیی کورتکراوە 'be' |
| They’re running very slowly.<br>ئەوان زۆر بەهێواشی ڕادەکەن. | ١٤- کاری یاریدەدەری کورتکراوە 'be' |

خشتەی ٣. ١: ڕیزبەندیی فێربوونی زمانی دایک لە مۆرفیمەکانی زمانی ئینگلیزیدا (بە کورتکردنەوەوە وەرگیراوە لە (Clark و Clark, ١٩٧٧: ٣٤٥)

| نمونە | وردەکاری | قۆناغ |
|---|---|---|
| Wear mitten no.<br>لەبەرکردن دەستکێش نا.<br>Not a teddy bear.<br>نا ورچی بووکەڵە. | دەربڕینە نەرێیەکان لە ڕەگێکی ڕستە پێکدێن (واتە مەبەستێکی ئەریێ) کە یان لە پێشیەوە یان لە پاشیەوە ئامرازێکی نەرێکردن هەیە. | ١ |
| There no squirrels.<br>هیچ سمۆرەیەک نا.<br>You can’t dance.<br>تۆ ناتوانیت سەمابکەیت. | لەم قۆناغەدا ئامرازەکانی نەرێکردن دەخرێنە ناو گرێ ئەرێیەکانەوە. لەم قۆناغەدا ئامرازەکانی نەرێکردن بریتین لە 'don’t' و 'can’t' کە وەک دەربڕینی یەک پارچە و جێگیر بەکاردەهێندرێن. | ٢ |
| I don’t have a book.<br>من پەرتووکم نییە.<br>Paul can’t have one.<br>نایدەم بە پاول.<br>I not crying.<br>من نا گریان.<br>No one didn’t come.<br>هیچ کەس نەهات. (لێرەدا لەگەڵ ئامرازی نەرێکردنی 'no'دا 'didn’t' بەکارهێندراوە کە ئەمەیش لە ئینگلیزیدا هەڵەیە. | لەم قۆناغەدا ئیتر هەمیشە ئامرازەکانی نەرێکردن لە گرێ ئەرێیەکاندا بەکاردەهێندرێن. فێرخواز ئیدی فێری یاسای 'کاری یاریدەدەر + ئامرازی نەرێکردنی 'not" بووە و هەروەها 'don’t' و 'can’t' شیدەکەنەوە بۆ پێکهێنەکانیان و وەک یەک پارچە تەماشایان ناکەن. بەڵام هێشتا هەندێک هەڵە ڕوودەدەن (بۆ نمونە، کاری ناسەرەکیی 'be' لە دەربڕینی نەرێدا دەپەڕێندرێت و جوتنەرێکردن ڕوودەدات 'واتە بەکارهێنانی دوو ئامرازی نەرێکردن'). | ٣ |

خشتەی ٣. ٢: فێربوونی زمانی دایک لە نەرێکردن لە زمانی ئینگلیزیدا (نمونەکان لە Klima و Bellugi :١٩٦٦ وەرگیراون)

ئەم یاسا و ڕێسایانە لە گەشەسەندنی ڕێزمانیدا بەرهەمی ئەرکی فێربوونن، کە منداڵەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، و لەم ڕوشەوە (Clark و Clark :١٩٧٧) ئەم ئەرکە بەم شێوەیە پەسندەکەن: "لە سەرەتاوە منداڵان ڕووبەڕووی دوو کێشەی گشتی دەبنەوە، کە لە دەستپێکدا پێویستە چۆنێتیی ڕێکخستنی بیرۆکەکانیان و زانیارییە گشتییەکانیان بزانن لەسەر مەبەستەکانیان...دووەم: پێویستە چۆنێتیی گەیاندنی پەیامەکان و زانیاریی بابەتی بدۆزنەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی مەبەستەکانیان لە قسەکانیاندا (Clark, ١٩٧٧: ٢٩٦)

ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە هەردوو ئەرکی ڕێکخستن و گەیاندنی مەبەست پێکەوە دەڕۆن، ئەم بانگەشەیەش پشتگیریدەکرێت بەو ڕاستییەی ڕێکخستنەکان، هەروەها ڕون و ئاشکران لەو ڕێگەیەدا کە فێرخواز ئەرکە پراگماتیکی و دەقییە جیاوازەکانی زمانی ئامانج فێردەبێت. بەم شێوەیە، بۆ نمونە، کلارک ئەوە ڕون دەکاتەوە کە چۆن منداڵان لە سەرەتادا فێری بیانوگرتن و داواکاری دەبن و دواتر توانای دەربڕینی ڕێنماییەکانیان (بۆ نمونە، داواکردن، فەرمانکردن، قەدەغەکردن و ڕێگەپێدان). دەربڕینەکان (بۆ نمونە، سوپاسکردن) پەرە پێدەدەن و ڕاگەیاندنەکان دواتر دەردەکەون. بەم جۆرە ڕونکردنەوەیەکی تەواو بۆ ڕێگەی گەشەسەندن، دەبێت باس لەوە بکات، کە چۆن منداڵان تایبەتمەندییە فەرمی و کرداری و واتاییەکانی زمانێک فێردەبن. نمونەیەکی باشی ئەم ڕونکردنەوەیە ئەوەیە کە لەلایەن وێڵز (١٩٨٦)ەوە پێشکەشکراوە و لە خشتەی ٣.٣ دا کورتکراوەتەوە. بەڵام گرنگە دان بەوەدا بنێین، کە لەگەڵ ئەوەی هەندێک قۆناغی فێربوون دەتوانرێت دیاریبکرێت، بەڵام گەشەسەندن لە ڕاستیدا بەردەوامە. منداڵان بە شێوەیەکی ئاسایی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بازنادەن، بەڵکو هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێش دەچن لەگەڵ ئەو ئەنجامەی کە جۆری "نوێ" و "کۆن"ی بەکارهێنانی زمان لە هەر خاڵێکدا شان بە شانی یەکتر هەن.

هەروەها گرنگە دان بەو جیاوازییەی نێوان فێرخوازاندا بنێین، کە لە فێربوونی زمانی دایکدا هەیە، ئەمە لە ڕێژەی فێربووندا زۆر ڕونە، هەروەها هەندێک لە منداڵان بە خێراییەکی زۆرەوە زمانی دایک وەردەگرێت، ئەمە لە کاتێکدا هەندێکی تر زۆر لەسەرخۆتر دەڕۆن، لەم ڕوانگەیەوە وێڵز (١٩٨٦) تێبینی ئەوە دەکات، کە جیاوازیی نێوان زۆرترین و کەمترین منداڵی پێشکەوتوو کاتێک تەمەنیان سێ ساڵ و نیو بوو، یەکسانە بە نزیکەی (٣٦) مانگ، ئەمەیش جیاوازییەکی گەورەیە، لەبەر ئەم هۆکارە ناتوانرێت لە ڕوی تەمەنەوە باس لە زنجیرەی گەشەسەندن بکرێت، بەڵام جیاوازییە تاکەکەسییەکان زیاترن، چونکە ئەوان گرنگی بەو ستراتیژییە گشتییە دەدەن کە منداڵان بەدوایدا دەگەڕێن، بۆ نمونە، هەرچەندە زۆرێک لە منداڵان ستراتیژی شیکردنەوە بەکاردەهێنن و بەڵگەی پێشکەوتنی گەشەسەندن نیشاندەدەن، کە لەسەرەوە باسکراوە، بەڵام منداڵانی دیکە ستراتیژی گێستاڵت بەکاردەهێنن، واتە بە شێوەیەکی ئاسایی بێدەنگ دەمێننەوە بۆ ماوەیەکی درێژتر پێش ئەوەی ڕستەی تەواو بەرهەمبهێنن کاتێک بۆ یەکەم جار دەست بە قسەکردن دەکەن (Peters: ١٩٧٧)، هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە هەموو منداڵان یەکەی شینەکراوە بەکاردەهێنن (دەربڕینە جێگیرەکان)، بەڵام هەندێکیان زۆر زیاتر پشتیان پێ دەبەستن لەوانی تر، لەم ڕووەشەوە (Nelson: ١٩٨٣)یش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر فێربوونی زمانی دایک هەیە، کە هەوڵیداوە ئەو هۆکارانەی بەرپرسن لە جیاوازیی نێوان فێرخوازان دیاریبکات، و

ئەو گۆڕاوانەشی لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە کراوە بریتین لە ڕەگەز، زیرەکی، کەسایەتی و شێوازی فێربوون، پاشخانی کۆمەڵایەتی، و ئەزمونی کارلێکی زمانەوانی (Wells :b١٩٨٦).

پشتبەست بە ڕونکردنەوەکانی پێشوو، ئەم خشتەیە جۆری ئەو گۆڕاوانە دەخاتەڕو، کە جیاوازیی فێربوون لای فێرخوازاندا دێنێتەئاراوە:

| قۆناغ | چالاکی | واتا | فۆرم |
|---|---|---|---|
| ١ | لە سەرەتاوە سێ چالاکی بەدیدەکرێن: ١) داواکردنی گرنگی پێدان، ٢) نیاز دەربڕین، و ٣) دەربڕینی خواست؛ دواتر ٢ چالاکیی دیکە دێنە کایەوە: ٤) وتە و ٥) داواکاری. | ئاسایی منداڵ لە سەرەتاوە ناو لە شتەکان دەنێت؛ دواتر پەیوەندیی نێوان واتاکان کە پەیوەستن بە شوێنەوە دەردەکەون. | دەربڕینەکانی سەرەتا زۆر سنووردارن لەڕووی فۆرمەوە. دەربڕینەکانیان پێکدێن لە 'کاراکان' 'operator' (وەک 'there' 'ئەوێ'، 'look' 'سەیربکە'، 'more' 'زیاتر'، 'all gone' 'هەمووی ڕۆیشت') یان 'کارا + بەرکار' (وەک 'There Mark' 'ئەوێ مارک'. |
| ٢ | پرسیارەکان دێنە کایەوە: لە سەرەتاوە 'where' 'کوێ' و 'what' 'چی' و 'yes/no' 'بەڵێ/نەخێر'. | منداڵ تەواو خووی گرتووە بە ناونان و جیاکردنەوەی شتەکان. گۆڕانی شوێن و خەسڵەتی سادە (وەک 'hot' 'گەرم' و 'big' 'گەورە' لەم قۆناغەدا دەردەکەون. | پرسیارەکانیان کاری یاریدەدەریان تێدا نییە – لە پرسیاری بەڵێ/نەخێردا بەرزکردنەوەی دەنگ بەکاردەهێنن. دوو بونیادی پێکهێن دێنە کایەوە (وەک کار + بەرکار و بکەر + بەرکار/تەواوکەر). هەروەها فرێزی ناویی دوو-وشەیی دەردەکەون (وەک ئامراز + بکەر و پرێپۆزیشن + ناو). |
| ٣ | پرسیارەکان جێگیرتر بوون و داواکاریی ئاڵۆزتر دێنە ئاراوە. | گۆڕان لە دۆخدا دەردەبڕن (وەک 'You dry hands' 'تۆ دەست وشک') هەروەها گۆڕانی دۆخی دەروونییش (وەک 'listen' 'گوێگرتن' و 'know' 'زانین')، دەربڕینی دەمە جیاوازەکان جگە لە ڕانەبردوو، کاتی ڕوودانی کارێک، و کارێکی بەردەوام. | پرسیارەکان هێشتا بە بەرزکردنەوەی دەنگ دەردەبڕدرێن؛ بە بونیادی سێ وشەییەوە (بکەر + کار + بەرکار) و فرێزی ناویی سێ وشەیی (وەک پرێپۆزیشن + ئامراز + ناو). |
| ٤ | دەربڕینی تەواوەتیی نەرێ و پرسیار دێتە ئاراوە. چەند چالاکییەکی نوێ دەردەکەون: ١) داواکردنی مۆڵەت، ٢) داواکاریی ناڕاستەوخۆ، ٣) ڕوونکردنەوە، ٤) داواکردنی ڕوونکردنەوە (بۆ نموونە بە گوتنی 'why' 'بۆچی'). | چەندین جۆری واتای نوێ دەردەکەون کە پەیوەستن بە داهاتوو، توانا، و مۆڵەت. تەواوکەری کارە دەروونییەکان (وەک 'I know that you are there' 'دەزانم کە لەوێیت') گونجاندنی فرێزە ناوییەکان (وەک 'Where's the pen that papa gave me' 'ئەو پێنووسە لەکوێیە کە باوکم پێمی دا') دەردەکەون. | کارە یاریدەدەرەکان لەگەڵ بونیادی گرێیەکاندا دەگونجێن، 'Do' زووتر دەردەکەوێت، پاشان 'Can'، ئینجا 'will'. فێری بنەمای سادەکردنەوەی پرسەکان دەبن (واتە گرێیەکی ڕێزمانی دەخزێندرێتە ناو بونیادی دانەیەکی تر). |
| ٥ | چالاکیی نوێی تر دێنە ئاراوە: ١) گوتەی گریمانەیی. ٢) هەڕەشە، و ٣) داڕشتنەوە (واتە پیشاندانی ڕێگەیەکی تر بۆ کردنی کارێک). | کات و دەمەکان زیاتر جیادەکرێنەوە: ئاماژەدان بە کاتی دیاریکراو (وەک 'before dinner' 'پێش نانی ئێوارە') و جیاوازیکردن لەنێوان شێوازی کردنی کارەکاندا (خوو، دووبارەبووەوە، و سەرەتایی). | لەکۆتاییدا منداڵ جیاوازیی نێوان وشەکانی پرسی (wh-) (واتە what، where، how، هتد) فێردەبێت (واتە ئێستا هەڵگێڕانەوەی شوێنی بکەر و کار بەتەواوی فێربووە). جۆری جیاوازی ڕستەی دوو گرێیی بەکاردەهێنێت. گەشەسەندنی چەندین جۆر کەرەستەی هاوڕێک (وەک پێشخستنی 'do'، بەکارهێنانی جێناو لەجیاتیی ناو، و لابردنی وشەی ناپێویست. |

خشتەی ٣. ٣: دەرخستەیەکی گشتی بۆ گەشەسەندنی ئینگلیزی وەک زمانی دایک (بەپێی Wells ١٩٨٦a).

## ٣/ ٧)فێربوون و وەرگرتنی زمانی دایک لە نێوان بۆچوونی ڕەفتارگەراکان و دەرونزانەکاندا:

ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەزمونییەکان لەسەر فێربوونی زمانی دایک بۆ هەڵسەنگاندنی پێگەگەلێکی تیۆریی جیاواز بەکارهێندراون، هەرچەندە لەم بابەتەدا سەرنجی ئێمە لەسەر پەسنکردنی جۆرەکانی گەشەسەندنە لە فێربوونی زماندا، تێگەیشتن لە سروشتی ئەم پێگانە لە چوارچێوەیەکی فراواندا شتێکی بەسودە، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە لە توێژینەوەکانی فێربوونی زمانی دووەم (SLA)دا ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە. مشتومڕی هەرە گرنگ لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەم لەسەر بانگەشەکانی ڕەفتارگەراکان و دەرونگەراکان بوو. بەبڕوای ڕەفتارگەراکان، منداڵ لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی وتەکانی دایک وباوکیانەوە فێری زمانی دایکبوون، هەروەها لە ڕێگەی ئەو فیدباکە ئەرێنی و نەرێنییانەی لە بەرانبەر ئەم هەوڵانەیدا پێیدەدرێت، بەم شێوەیە، فێربوونی زمانی دایک بە هۆکارەکانی چواردەور دیاریدەکرا، بەڵام ئەم مۆدێلە لەگەڵ حەقیقەتە ئەزمونییەکاندا یەکناگرێتەوە، بۆ نمونە، منداڵ فیدباکێکی زۆر کەم لەسەر دروستی وتەکانی وەردەگرێت، بگرە هەندێکیان تەواو دەستکردی خۆیەتی و لاساییکردنەوە نین، لەڕاستیدا ئەم مۆدێلە ڕەفتارگەراییە لەسەر بنەمای کۆڵینەوە لە منداڵان بەرەو پێش نەبرابوو، بەڵکو لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئاژەڵان لە تاقیگەکاندا ئەنجامدرابوو. لە هەمان کاتدا، مۆدێلی دەرونگەراکان ئەمانەی لای خوارەوە لەخۆدەگرێت (Ellis، ١٩٨٥a، ٤٤):

١- زمان توانستێکی تایبەت بە مرۆڤە.

٢- زمان توانستێکی سەربەخۆیە لە دەرونی مرۆڤدا (بە دەربڕینێکی تر، لە میکانیزمە هۆشەکییە گشتییەکانی جیایە، کە لە گەشەسەندنی هزری بەرپرسن).

٣- دیاریکەری سەرەکیی فێربوونی زمانی یەکەم 'ئامێری فێربوونی زمان' لە منداڵدا، کە بۆماوەییانە هەڵیگرتووەتەوە، و کۆمەڵەیەکی لە بنەما گشتییەکانی زمان پێدەبەخشێت، کە دەتوانێت لە دۆزینەوەی یاساکانی ئەو زمانەی فێریدەبێت بەکاریبهێنێت.

٤- زانیاریی وەرگیراو شتێکی پێویستە بۆ خستنەگەڕی پێواژۆی فێربوونی زمان، کە لەڕێگەیەوە ئامێری فێربوونی زمان یاساکانی زمانی ئامانج دەدۆزێتەوە.

ئەم مۆدێلە تا ڕادەیەکی زۆر بە کارەکانی چۆمسکییەوە بەستراوەتەوە (بۆ نمونە پەرتوکەکانی لە ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٨٠a) لە زمانەوانیدا، هەروەها (Lenneberg ١٩٦٧) لەسەر پێشمەرجە بایۆلۆجییەکانی زمان، بەڵام چۆنێتیی کارکردنی 'ئامێری فێربوونی زمان' بابەتێکە جێی مشتومڕە. هەندێک لە توێژەرانی فێربوونی زمانی دایک (بۆ نمونە، McNeill ١٩٦٦) دەڵێن/ منداڵان گریمانەی تایبەت بە خۆیان دەربارەی یاساکانی زمانی ئامانج دادەڕێژن، و پاشان ئەم گریمانانە تاقیدەکەنەوە لە بەرانبەر زانیارییە وەرگیراوەکانیان، و بەپێی ئەو زانیارییانە

گریمانەکانیان پەرەپێدەدەن، هەروەها توێژەرانی دیکەش (بۆ نمونە، Braine ١٩٧١) بەرانبەر ئەم دیدگەیە وەستاونەتەوە بەو بیانووەی تاقیکردنەوەی گریمانە لە لایەن منداڵەوە شتێکی زۆر ناکارایە، و بەس نییە، بۆیە ئەمان دەیانەوێت لە ڕوی ڕێکارەکانی دۆزینەوەوە ڕونیبکەنەوە، کە بۆ پشکنینی زانیاریی وەرگیراو و پاشان زەخیرەکردنی خەسڵەتە دیارەکان بەکاردەهێندرێت.

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی باسەکەمان تا ئێستا لەسەر مشتومڕی نێوان ڕەفتارگەرا و دەروونگەراکان بووە، سەرنجێکی زۆریشمان خستووەتە سەر جۆرێکی تر لە مۆدێل: ئەویش مۆدێلی لێکدانەوەی هۆشەکییە، کە لایەنگرانی ئەم مۆدێلە (بۆ نمونە، Sinclair-de-Zwart ١٩٧٣) لەگەڵ دەرونگەراکاندا هاوڕان، کە دەبێت منداڵ سود لە کۆزانینی زگماکی وەربگرێت، بەڵام لە بارەی سرووشتی ئەم کۆزانینانەوە هاوڕانین، ئەمە لە کاتێکدا دەرونگەراکان پێیانوایە ئەم کۆزانینانە لە شێوەی توانستێکی تایبەتی زماندایە، دەرونناسە هۆشەکییەکانیش دەڵێن: کۆزانینەکانی زمان لە میکانیزمێکی گشتیی فێربوون پێکدێن، کە لە سەرجەم شێوەکانی گەشەسەندنی هۆشەکی، نەک تەنها گەشەسەندنی زمان بەرپرسن. هەروەها ئاماژە بە ڕەچەڵەکی نازمانەوانیی فێربوونی زمان دەدەن (بە دەربڕینێکی دیکە، قۆناغی جوڵە-هەستەوەری، کە پێش قسەکردن دەکەوێت لە منداڵاندا)، و ئاماژەیش بە گەشەسەندنی هاوکاتی کۆزانینە زمانەوانی و هۆشەکییەکانیش دەکەن.

## ٣/ ٨)قۆناغەکانی گەشەسەندن لە فێربوونی زمانی دووەمدا:

قۆناغەکانی سەرەتای فێربوونی زمانی دووەم لە بارودۆخی سروشتیدا بە (ماوەی بێدەنگی)، بەکارهێنانی (دەربڕینی جێگیر (بۆ نمونە، ئیدیۆم))، هەروەها بە (سادەکردنەوەی بونیادی و واتایی) جیادەکرێنەوە، بە گوتەیەکی دیکە دەکرێت ئەم قۆناغانە بەم شێوەیە بخرێنەڕو:

### ٣/ ٨-١)ماوەی بێدەنگی:

منداڵان لە وەرگرتنی زمانی دایکدا، بۆ ماوەیەکی دووروردرێژ گوێ بۆ خەڵکی ڕادەگرن، کە قسەیان بۆ دەکەن پێش ئەوەی وشەکانی خۆیان بەرهەمبهێنن، ئەم ماوەیەش لە بێدەنگی پێویستە، چونکە دەبێت منداڵەکە تێبگات زمان چییە و بۆچی باشە، هەروەها لە فێربوونی زمانی دووەمیشدا، ماوەی بێدەنگی تەنیا هەڵبژاردەیەکە، چونکە فێرخواز پێشەکی دەزانێت زمان چییە و بۆچی بەکاردەهێندرێت، لەبەر ئەوەی پێشتر زمانی دایک فێربووە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا زۆر فێرخواز، بەتایبەتی منداڵ، پەنا دەبەنە بەر ماوەی بێدەنگی. بۆ نمونە، (Itoh و Hatch :١٩٧٨)

ڕونیدەکەنەوە چۆن سوبێکتەکەیان، تاکاهیرۆ، کە کوڕێکی تەمەن دوو ساڵ و نیوی ژاپۆنی بوو، لە سێ مانگی یەکەمدا ڕەتیدەکردەوە لە دایەنگەیەکی ئەمریکیدا بە ئینگلیزی قسەبکات، هەروەها لەماڵەوە بۆ توێژەرەکەیشی بە هەمان شێوە بە ئینگلیزی قسەی نەدەکرد. (Hakuta :١٩٧٦) بە هەمان شێوە باس لە سەختیی بەدەستهێنانی هەر زانیارییەک دەکات لە سوبێکتەکەی، ئوگویسو، کە کچێکی تەمەن ٥ساڵانی ژاپۆنی بوو، لە سێ مانگی یەکەمدا، بەڵام دوای ئەوە ئینگلیزییەکەی چەکەرەی کرد. هەروەها (Saville-Troike :١٩٨٨`)یش دەڵێت: لەو نۆ منداڵەی فێری ئینگلیزی دەبوون وەک زمانی دووەم و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکردن، شەشیان پەنایان بردە بەر ماوەی بێدەنگی، لێکۆڵینەوەکەی (Hanania و Gradman)ش لە ساڵی ١٩٧٧ لەسەر فاتمە، کە کچێکی ١٩ساڵانی سعودی بوو، و لە ئەمریکا فێری ئینگلیزی دەبوو، دەریدەخات کە هەندێک پێگەیشتوویش لە فێربوونی زماندا ماوەی بێدەنگی بەکاردەهێنن.

بە دڵنیاییەوە هەموو فێرخوازەکان بە ماوەی بێدەنگیدا تێناپەڕن، هەروەک لە توێژینەوەکەی (Saville-Troike)دا دیارە، زۆرێک لە فێرخوازان، بە تایبەتی فێرخوازانی ناو پۆلەکان، زۆریان لێدەکرێت لە سەرەتاوە قسەبکەن. بەڵام تەنانەت ئەگەر زۆریشیان لێنەکرێت، هەندێک فێرخواز خۆیان هەوڵی قسەکردن دەدەن. پاول، کە کوڕێکی ٥ ساڵانی تایوانی بوو و لە لایەن (Huang و Hatch ١٩٧٨)ەوە توێژینەوەی لە بارەوە دەکرا، بە نزیکەیی ڕاستەوخۆ بە ئینگلیزی قسەیکردووە، هەرچەندە زۆربەی وتەکانی سەرەتای تەنیا لاساییکردنەوە بوون. لێکۆڵینەوەکان لەسەر 'فێرخوازە باشەکانی زمان' دەریدەخەن، کە زۆرێک لە فێرخوازە پێگەیشتووەکان (کە ٨٢ لە سەدی پێگەیشتووان دەکات لە توێژینەوەیەکی Naiman و هاوکارانی ١٩٧٨) ڕایانگەیاندووە، کە هەر لە سەرەتاوە بە قسەکردن دەستیان پێکردووە، هەرچەندە (Gibbons :١٩٨٥) پێداچوونەوەی بۆ ئەو بەڵگانە کرد لەسەر ماوەی بێدەنگی لە منداڵ و پێگەیشتودا خرابوونەڕو، و بە نیوەچڵ لە قەڵەمیدان، هەروەها (گیبۆنس)یش لە توێژینەوەکەی خۆیدا، کە لەسەر ٤٧ منداڵی فێرخوازی ئینگلیزی وەک زمانی دووەم لە قوتابخانەی سیدنیی بنەڕەتی کردبووی، بۆی دەرکەوت جیاوازییەکی زۆر لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر هەیە و ماوەی بێدەنگییش بە تێکڕا تەنیا دوو هەفتەیە. هەروەها شایانی باسە لە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەدا کە (Krashen) وەک بەڵگە لەسەر ماوەی بێدەنگی ئاماژەیان بۆ دەکات، فێرخوازەکان بەتەواوی بێدەنگ نین، بەڵکو لە سەرەتاوە هەندێک دەربڕینی جێگیریان بەکارهێناوە.

لێرەدا ئەو پرسیارەی دێتەئاراوە، کە بریتییە لەوەی بۆچی هەندێک فێرخواز ماوەی بێدەنگی بەکاردەهێنن و هەندێکی تریش بەکاریناهێنن، لەم بارەشەوە (Saville-Troike, ١٩٨٨: ٥٦٨ دەڵێت: بۆی هەیە هۆکارەکە جیاوازییەکانی نێوان ئاڕاستەی کۆمەڵایەتی و هۆشەکیی فێرخوازان بێت، هەروەها دوو جۆری فێرخواز جیادەکاتەوە، و ناویان لێدەنێت (فێرخوازی ئاڕاستە-دەرەکی)

و (فێرخوازی ئاڕاستە-ناوەکی)، کە جۆری یەکەمیان وەک ئەرکێکی نێو تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی فێری زمان دەبن و سەرنجیان لەسەر ئەو پەیامەیە، کە دەیانەوێت بیگەیەنن، لە کاتێکدا جۆری دووەمیان وەک ئەرکێکی تاکەکەسی فێری زمان دەبن و سەرنجیان لەسەر یاسا و ڕێساکانی زمانە.

لەسەر ئەوەی سودی ماوەی بێدەنگی چییە لە فێربوونی زماندا، هەندێک ڕاجیایی هەیە، لە نێویاندا (Krashen :١٩٨٢) پێیوایە سودی ماوەی بێدەنگی بریتییە لەوەی هەلێک بۆ فێرخواز دەڕەخسێنێت، تا لەڕێگەی گوێگرتنەوە توانستی فێربوونی زمانەکە پەیدابکات، بەپێی ئەم بۆچوونەش، توانای ئاخاوتن بە شێوەیەکی سروشتی دوای بەدەستهێنانی توانستی پێویست لە ڕێگەی گوێگرتنەوە دێتەکایەوە، بەڵام (Itoh و Hatch :١٩٨٢) بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە، و بەو ماوەی بێدەنگییەی تاکاهیرۆ دەڵێن 'قۆناغی ڕەتکردنەوە'، کە تێیدا خۆی لە فێربوونی ئینگلیزی لادەدا، هەروەها (Krashen :١٩٨٢)یش ئاماژە بە (Rodriguez :١٩٨٢) دەکات، کە دەڵێت: کاتێک فێری ئینگلیزی بوو، کە لە ماڵەوە لەگەڵ دایک و باوکی بە ئینگلیزی قسەی دەکرد، و (Gibbons :١٩٨٥)یش گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ماوەی بێدەنگی لە سەرەتادا ماوەیەکە لە تێنەگەیشتن و سودێکی کەمی هەیە یان هەر هیچ سودێک بە پێواژۆی فێربوون ناگەیەنێت، ئەگەر درێژیش بکرێتەوە، دەشێت ببێتە هۆی تەک دانە دواوەی دەرونی لە فێرخوازدا.

بەم شێوەیە یەک ئەگەر هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی هەلی خۆئامادەکردن بۆ فێرخواز دەڕەخسێنێت، تاوەکو دواتر لەگەڵ کەسانی دیکەدا زمانی دووەمی بەکاربهێنێت، ئەویش لە ڕێگەی (ئاخاوتنی تایبەت)ەوە، کە لە ماوەی بێدەنگیدا مومارەسەی دەکەن. لە توێژینەوەکەیاندا لەسەر ئەو منداڵانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، کە فێری زمانی دووەم دەبوون، (Saville-Troike) ئاخاوتنی بێدەنگ بەو ئاخاوتنە پێناسەدەکەن، کە بە دەنگێکی زۆر نزم مومارەسەدەکرێت تا کەس گوێی لێنەبێت و چاوەڕێی وەڵامیش لە کەس ناکرێت.

### ٣/ ٨-٢) ماوەی دەربڕینی جێگیر:

دەربڕینی جێگیر بریتییە لە "کۆمەڵێک دەربڕین، کە فێرخواز وەک گشتێک فێریان دەبێت و لەوە زیاتر شیناکرێنەوە و لە شوێنگەلێکی تایبەتدا بەکاردەهێندرێن" (Lyons, ١٩٦٨: ١٧٧)، بە گوتەیەکی دیکە ئەم ماوەیە بریتییە لە هەوڵدانی قسەکەر بۆ خستنە تەک یەک و لێکدانی کەرەستە زمانییەکان، لە ڕێی جێبەجێکردنی یاساکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسەوە بەسەر دانە دەنگی و فەرهەنگی و سینتاکسییەکانی زمانێکی دیاریکراو، بە ئامانجی دروستکردن و بەرهەمهێنانی فۆرمی واتادار و دروستەی ڕێزمانی (کەریم، ٢٠٢٢: ٧)، هەر یەک لە (Hakuta

(١٩٧٦) و (Krashen و Scarcella :١٩٧٨) 'ڕۆتین' و 'جۆر' جیادەکەنەوە، ڕۆتینەکان ئەو وتانەن، کە وەک فریزی جێگیر لەبەریان دەکەن (بۆ نمونە، 'I don’t know' 'من نازانم')، هەرچی جۆرەکانە ئەو وتانەن، کە تەنیا بەشەکییانە شیناکرێنەوە و بواری بەکارهێنانی جیاوازیان هەیە (بۆ نموونە، '?______ Can I have a' 'دەتوانیت ______کم پێ بدەیت؟'). لە (Ellis :١٩٨٤b)دا منیش ئاماژەم بەوە داوە، کە دەشێت دەربڕینی جێگیر دەقی تەواو بگرێتەوە، وەک زنجیرەیەک لە سڵاوکردن، کە فێرخواز دەتوانێت لەبەریانبکات، چونکە جێگیر و چاوەڕوانکراون لە کاتی ئاخاوتندا.

دەکرێت لە ئاخاوتنی قسەپێکەرانی ڕەسەنی هەر زمانێکەوە دەربڕینی جێگیر ببیستین، لەم ڕوانگەیەوەیە، کە 'فریزی فەرهەنگی' دەناسێنن (فریزی فەرهەنگی بریتییە لە دیاردەگەلێکی فەرهەنگیی فرەوشە کە دەکەوێتە نێوان دوو جەمسەرە دێرینەکەی فەرهەنگ و ڕستەسازی)، و دەڵێن بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە فریز لەناو قسەپێکەرانی ڕەسەن زمانەکانەوە باوە، ئەمەیش ڕەنگدانەوەی بە کلێشەکردنی ڕەفتاری زمانییە، هەروەها ( Ptawley:١٩٨٣وSyder)یش پێیانوایە توانای جڵەوکردنی زمان وەک قسەپێکەرێکی ڕەسەن تەنیا لە ڕێگەی فێربوونی سیستەمێک لە یاسا و ڕێساوە بۆ دروستکردنی ژمارەیەکی بێکۆتا لە ڕستە بەدەسناهێندرێت، بەڵکو 'لەبەرکردنی زنجیرە وشەی یەک لەدوای یەک' و 'کورتە ڕستە'یش گرنگیی خۆیان هەیە. هەروەها دەڵێن "دەشێت ژمارەی ئەو گرێ و ڕستانەی قسەپێکەرێکی ڕەسەنی پێگەیشتوو لەبەریکردون بە هەزاران بن" (Ptawley, ١٩٨٣: ٢٥وSyder ).

پاولی و سایدەر پێیان وایە ئەرکی فێرخواز بریتییە لە دۆزینەوەی وردی ئەو جێگۆڕکێیانەی دەشێت لە ڕەگی ڕستەدا بکرێت. ئەمەیش دیدگەیەکە لە بارەی فێربوونەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی مۆدێلەکانی سەردەمە لەسەر بەکارهێنانی زمان، هەروەک 'لێکدانەوەی دابەشبوونی هاوتا' دەربڕینە جێگیرەکان بەردەوام کۆزانینی کۆمەڵایەتیی هاوبەش لەناو جڤاتێکی دیاریکراودا بەرجەستەدەکەن، هەروەها (Coulmas, ١٩٨١: ٤) دەڵێت "دەربڕینە جێگیرەکان بۆ بەڕێکردنی بارودۆخەکانی ڕۆژانە بنەڕەتین". یارمەتی قسەکەر دەدەن لە کات و شوێنی دروستدا قسەی دروست بکەن. هەروەها خاوەنی چالاکییەکی دەروون-زمانەوانییشن لە ئاخاوتندا، هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە دەرکەوتووە دەربڕینە جێگیرەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا زۆر باون، بە تایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتادا، هەروەها لە ئاخاوتنی گشت فێرخوازاندا دەردەکەون بێ گوێدانە تەمەنیان.

کەواتە هیچ جێی سەرسوڕمان نییە ببینین فێرخوازان هەندێکجار دەربڕینی جێگیر بەکاربهێنن، کە بە شێوازی تایبەت بە خۆیان فێریانبوون. بۆ نمونە، بە هەمان شێوەی ئاخێوەرە ڕەسەنەکان و بۆ هەمان مەبەست بەکاریانناهێنن. (Huebner :١٩٨٠) ڕونکردنەوەیەکی تێروتەسەل

پێشکەشدەکات لەسەر چۆنێتیی بەکارهێنانی دوو دەربڕینی جێگیر لەلایەن ئەو فێرخوازە پێگەیشتووە ڤێتنامییەوەی توێژینەوەی لەسەر دەکرد، ئەو دوو دەربڕینەیش بریتیبوون لە 'what d'you' = 'waduyu' هەروەها 'is a' = 'isa'. لای ئەم فێرخوازە، لە سەرەتاوە 'waduyu'ی بە گشتی وەک وشەیەکی پرس بەکاریدەهێنا. لەکاتێکدا لەنێوان ئاخێوەرە ڕەسەنەکانی ئینگلیزیدا، چەند جۆرێک وشەی پرس هەن وەک ('what – چی'، 'how – چۆن'، 'why – بۆچی'، 'when – کەی'). بە تێپەڕبوونی کات، فێرخوازەکە وردە وردە لەجیاتی 'waduyu' ئەم وشانەی بەکارهێنا. هەرچی وشەی 'Isa' بوو، وەک نیشاندەر بابەت بەکاریدەهێنا، بەڵام تەنها کاتێک بەکاریدەهێنا کە بابەتەکە کەسێک یان تەنێک نەبووایە و هەروەها هاوشێوەی بابەتی ڕستەی پێشوو نەبووایە. بە کورتی و کوردی مەبەستی (هۆیبنەر) لێرەدا بریتییە لەوەی دەشێت فێربوونی ئەرکەکانی دەربڕینی جێگیر پێواژۆیەکی قابیل بە پەرەسەندن بێت.

## ٣/ ٨-٣) سادەکردنەوەی بونیادی و واتایی:

به بەراورد لەگەڵ دەربڕینی جێگیر، وتە داهێنەرانەکانی فێرخواز لە سەرەتاوە ناتەواو و کورتکراوەن و تەنها لە یەک یان دوو وشە پێکدێن و وشە ڕێزمانییەکان و سەرەکییەکانی ناو ڕستەیشیان تێدا نییە. (Hanania و Gradman: ١٩٧٧) ئەم نمونانەی خوارەوە پێشکەشدەکەن کە لەلایەن فێرخوازە پێگەیشتووەکەیان، فاتیمەوە دەربڕدراون:

( Library پەرتووکخانە – He is in the library = (ئەو لە پەرتووکخانەکەیە

( Clean floorزەویی خاوێن – Give me something for cleaning floors = (شتێکم بدەرێ بۆ پاککردنەوەی زەوی

( Come backبگەڕێوە – He is coming back = (ئەو دەگەڕێتەوە

لە پەرتووکی (Ellis a١٩٨٤)دا، بەڵگەی زیاتر لە بارەی ئاخاوتنی سادەکراوەی لە ئاخاوتنی سێ منداڵدا دەدۆزرێتەوە کە فێری ئینگلیزی دەبوون:

Me noمن شین نا blue – I don't have a blue crayon = (من بۆیەی شینم پێ نییە)

Eating at school خواردن لە قوتابخانە – She eats meat at school = (ئەو گۆشت لە قوتابخانە دەخوات.)

بەم شێوەیە، بۆمان دەردەکەوێت ئاخاوتنی لەم جۆرە لە قسەکردنی پلان بۆ دانەنراوی فێرخوازی منداڵ و گەورەیشدا زۆر باوە.

ئەم وتانە، کە زۆر هاوشێوەن لەگەڵ ئەو وتانەی لە زمانە پیجینەکاندا (ئەو زمانانەی لەڕوی ڕێزمانییەوە سادەکراونەتەوە) دۆزرانەوە، دەریدەخەن هەم سادەکردنەوەی بونیادی و هەم

واتاییش ڕودەدەن. سادەکردنەوەی بونیادی ئاشکرایە لە لابردنی وشە ڕێزمانییەکاندا وەک کاری یاریدەدەر، ئامرازەکان، و مۆرفیمە لکاوەکانی وەک (s)ی کۆ و (ed)ی کاری ڕابردو. هەرچی سادەکردنەوەی واتاییە بریتییە لە لابردنی وشە سەرەکییەکانی ڕستە، وەک ناو، کار، هاوەڵناو، و هاوەڵکار، کە لە ئاخاوتنی ئاخێوەرە ڕەسەنەکاندا بەدیاردەکەون (بڕوانە Ellis: ١٩٨٢)، بە نمونە کاتێک منداڵێکی کورد دەڵێت:

ـ دایە حەم ... . [واتە دایە نان یا ئەو خواردنە دەخۆم]

بەم شێوەیە دەشێت هەر یەک لە سادەکردنەوەی بونیادی واتایی بەهۆی ئەوەوە بەکاربهێندرێن کە فێرخواز جارێ فۆرمە زمانەوانییە پێویستەکان فێرنەبووە یان ئەوەتا لەکاتی دەربڕینی وتەکانیاندا دەستی پێیاننا‌گات، بە دەربڕینێکی دیکە، دەشێت ڕەنگدەرەوەی پێواژۆیەکانی فێربوونی زمان یان دەربڕینی زمان بن.

## ٣/ ٩) فێربوونی مۆرفیمەکان: ڕیزبەندی و زنجیرە:

هەروەک پێشتریش باسمان کرد، ڕێی تێدەچێت لە ڕوانگەی ڕیزبەندیی فێربوونی خەسڵەتەکان و زنجیرەی قۆناغە دیارەکانی فێربوونی تاکە خەسڵەتێکەوە بڕوانینە فێربوون، ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی توێژینەوەکانی پێشو سەرنجیان لە بارەی ڕیزبەندیی فێربوون بووە، بەڵام توێژینەوەکانی دواتر زیاتر و زیاتر گرنگییان بە زنجیرە داوە، بە جۆرێک منداڵ لە دوای تەمەنی چوار ساڵییەوە لە واتای خوازراو دەگات، لە تەمەنی (٦ ـ ١٢) ساڵی توانستی پراگماتیکی گەشەدەکات، و گاڵتەپێکردن بەکاردەهێنێت، چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا توانای ئەوەی هەیە لە لێکەوتە پلەیییەکان بگات (زوفری، ٢٠١٨: ١٧٧).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە لە وەرگرتن و فێرکردنی زماندا وشە ئەرکییەکان یان مۆرفیمەکان دەکەونە دوای وشە فەرهەنگییەکانەوە، بە واتا منداڵ یا گەورە لە فێربوون و فێرکردنی زماندا وشە فەرهەنگییەکان لە وشە ئەرکییەکان زوتر فێردەبێت، هەر بۆیە منداڵ لە قۆناغی سەرەتای گەشەکردنیدا، لە هەندێک کاتەکانی ئاخاوتندا وشە ئەرکییەکان گۆناکات (محمدامین، ٢٠١٦: ٢٥)،

بە نموونە:

- بەعەکە دەخوات.

لە بری ڕستە و دەربڕاوی:

- بەعەکە من دەخوات/ بەعەکە دەمخوات.

–ناخۆشۆم.

لەبری ڕستەی دەربڕاوی:

– خۆم ناشۆم.

## ١-٩/٣) توێژینەوەکانی مۆرفیم:

لە سالآنی حەفتاکاندا، ژمارەیەک توێژینەوە، کە بە توێژینەوەکانی مۆرفیم ئاماژەیان بۆ دەکرێت، ئەنجامدران بۆ کۆڵینەوە لە ڕیزبەندیی فێربوونی وشە ڕێزمانییەکان ( Grammatical Functors) وەک ئامرازەکان، و خەسڵەتەکانی شکانەوەیش وەک (s)ی کۆ، ئەم توێژینەوانە لە لایەن توێژینەوەی هاوشێوەوە، کە لە بارەی فێربوونی زمانی دایکەوە ئەنجامدرابوون هاندراون، کە ئەم توێژینەوانە بە تایبەتی بە شوێن یەکلاییکردنەوەی ئەوەدا دەگەڕان، کە ئایا ڕیزبەندییەکی نەگۆڕ لە فێربوونی زماندا هەیە، وەک ئەوەی لە فێربوونی زمانی دایکدا هەیە.

لە توێژینەوەکاندا شرۆڤەی دۆخی ناچاری (Obligatory Occasion Analysis) بەکارهێنراوە بۆ دیاریکردنی وردیی فێرخوازانی زمانی دووەم لە بەکارهێنانی مۆرفیمەکاندا. لە توێژینەوەکان لەسەر تاکی جیاواز، ڕیزبەندییەکی وردی خەملێندرا لەگەڵ ڕیزبەندیی فێربووندا بەراوردکران لەلایەن هەندێک توێژەرەوە لەبەر ئەوەی تا مۆرفیمەکان بە وردەییەکی زیاترەوە بەکاربهێندرێن، دیارە فێرخوازەکە زوتر فێریان بووە.

لە دوو توێژینەوەدا هەریەکە لە (Dulay و Burt ١٩٧٣؛ c١٩٧٤) لێکۆڵینەوەیان لەسەر مندالآنی چینی و ئیسپانی کرد، و زانیاریی ئاخاوتنی سروشتییان دەستکەوت، ئەویش لەڕێگەی پێوانی ڕستەسازیی جووتزمانزانی (Bilingual Syntax Measure BSM)، بە جۆرێک بۆیان دەرکەوت ڕیزبەندیی فێربوونی دەستەیەک مۆرفیمی ئینگلیزی هەروەک خۆی بوو بێ گوێدانە زمانی دایکی فێرخوازەکە، یان ئەو میتۆدەی بەکاریهێناوە بۆ فێربوونی مۆرفیمەکان، هەریەکە لە (Baily، Madden، و Krashen :١٩٧٤) ئەم توێژینەوانەیان لەسەر پێگەیشتووان دووبارەکردەوەتەو، و ئەمانیش بە هەمان شێوە (BSM)یان بەکارهێنا. ئەمان ڕیزبەندییەکی فێربوونیان بەدیکرد کە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی ئەو ڕیزبەندییە بوو، کە (دولەی و بێرت) بەدییان کرد، هەروەها (Larson-Freeman :b١٩٧٦) ئەم توێژینەوانەی بۆ دوو ساڵ درێژکردەوە، بە جۆرێک یەکەمجار چەند فێرخوازێکی هێنا بە چەند زمانێکی جیاوازی دایکەوە (وەک عەرەبی، ئیسپانی، ژاپۆنی، و فارسی)، و دواتر پێنج ئەرکی پێدان و لەڕێگەیانەوە زانیاریی کۆکردەوە: یەکەم: (BSM)، دووەم: تاقیکردنەوەی دووبارەکردنەوەی ڕستە لەڕێگەی وێنەوە، سێیەم: ئەرکی گوێگرتن و تێگەیشتن، چوارەم: تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنی وشەی دروست، و

پێنجەم: تاقیکردنەوەیەکی نوسینەکی لە ڕێگەی پڕکردنەوەی بۆشاییەوە. بەم شێوەیە بۆی دەرکەوت زمانی دایکی فێرخوازەکان جیاوازییەکی کەمی لەو ڕیزبەندییانەی فێربووندا دروستکرد کە دەستی کەوتبوون. هەرچەندە هەندێک جیاوازی لە ڕیزبەندیی ئەرکەکاندا هەبوون. دیارترینیشیان جیاوازیی نێوان ئەرکەکانی ئاخاوتن/ لاساییکردنەوە و خوێندنەوە/ نوسیندا بوو. هەندێک مۆرفیم (بۆ نمونە، (S)ی کۆ و (S)ی کەسی سێیەمی تاک) چوونە سەرەوەی ڕیزبەندیی فێربوون لە ئەرکەکانی خوێندنەوە و نووسیندا. بەم شێوەیە ئەگەری ئەوە هەیە، کە ڕیزبەندیی جیاواز لە زمانی زارەکی و نوسینەکیی فێرخواز بوونی هەبێت. لە ڕوی دەربڕینەوە، ئەم دۆزینەوەیە سەر بە کێشە نییە، چونکە ئاخاوتن و نوسین بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵ-زمانەوانی و دەروون-زمانەوانییەوە کاریان تێدەکرێت. بەڵام کاتێک کێشە دروستدەکات، کە ئامانجمان دیاریکردنی یەک ڕیزبەندیی نەگۆڕی فێربوون بێت، کە لە بەکارهێنانی ئاسایی زمان جیاواز بێت. هەرچەندە (Krashen، Butler، Birnbaum، و Robertson :١٩٧٨) بۆیان دەرکەوتووە ئەو وردییەی فێربوون کە لە زانیارییە نوسینەکییەکانەوە دەستیان کەوتووە تا ڕادەیەکی زۆر هاوپەیوەند بووە لەگەڵ ئەو وردییەی (دولەی و بێرت) لە زانیارییە زارەکییەکاندا دۆزیبوویانەوە، کە بە گشتی لەم توێژینەوەیەدا دوو ئەرکی نوسین بەکارهێندرابوون: یەکێکیان داوای خێرا نوسینی دەکرد و ئەوی دیکەیان داوای نوسینێکی ورد و تێروتەسەلی دەکرد، بەڵام هیچ کامیان داوای سەرنجدانیان لە یەکە جیاوازەکانی زمان نەکرد، وەک ئەوەی لارسۆن-فریمان لە ئەرکی نوسیندا داوای کردبوو، بەڵام جیاوازیی نێوان نوسینی ئازاد و نوسینی ورد کاری نەکردە سەر ڕیزبەندیی مۆرفیمەکان. ئەم توێژینەوانە لە خشتەی ٤.٣دا پوختەکراونەتەوە، و ئەمانەش تەنیا ژمارەیەکی کەم لەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە لەسەر مۆرفیم کراون.

| توێژینەوە | بابەت | کۆکردنەوەی زانیاری | دۆزینەوەکان | دەرەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|
| Dulay & Burt ١٩٧٣ | سێ دەستەی جیاوازی فێرخوازانی ٦-٨ ساڵان کە زمانی دایکیان ئیسپانییە؛ کۆی گشتییان دەکاتە ١٥١ فێرخواز. | زانیاریی زارەکی لەڕێگەی پێوانی ڕستەسازیی جووتزمانی (BSM) | ١) ٨٥٪ی هەڵەکان هەڵەی گەشەسەندن بوون.<br>٢) ڕیزبەندیی فێربوون لە هەرسێ دەستەکەدا زۆر چوونیەک بوون، بەڵام لە ڕیزبەندیی فێربوونی زمانی یەکەم جیاواز بوون. لەم توێژینەوەیەدا ٨ مۆرفیم لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا. | ١) دەشێت ڕیزبەندییەکی جیهانی یان سرووشتی بوونی هەبێت کە لەڕێگەیانەوە منداڵان فێری مۆرفیمەکان دەبن. |
| Dulay & Burt ١٩٧٤b | ٦٠ منداڵی ئیسپانی؛<br>٥٥ منداڵی چینی؛<br>هەردوو دەستەکە ٦-٨ ساڵان بوون. | زانیاریی زارەکی لەڕێگەی پێوانی ڕستەسازیی جووتزمانی (BSM) | ١) بەشێوەیەکی بنەڕەتی ڕیزبەندیی فێربوون بۆ هەردوو دەستەکە هەمان شت بوون. لەم توێژینەوەیەدا ١١ مۆرفیم لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا.<br>٢) ئەو ڕیزبەندییانەی لە میتۆدی جیاوازی نمرەدانانەوە بەدەستهێندرابوون هەر هەمان شت بوو. | ١) زمانی دایکی فێرخوازی منداڵ کارناکاتە سەر ڕیزبەندیی فێربوونی زمانی دووەم.<br>٢) میکانیزمە هۆشەکییە جیهانییەکان بناغەی بنیادنانی زمانی دووەمە لای منداڵ. |
| Bailey, Madden, & Krashen ١٩٧٤ | ٧٣ فێرخوازی پێگەیشتووی تەمەن ١٧-٥٥ ساڵان؛ وەک ئیسپانی و نائیسپانی جیاکرابوونەوە؛ ئەندامی ٨ پۆلی فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دووەم بوون. | زانیاریی زارەکی لەڕێگەی پێوانی ڕستەسازیی جووتزمانی (BSM) | ١) ڕیزبەندیی فێربوون بۆ فێرخوازە ئیسپانی و نائیسپانییەکان زۆر لێک دەچوون.<br>٢) ڕیزبەندیی فێربوون لە پێگەیشتوواندا زۆر لەوانەی ( Dulay و Burt ١٩٧٣) دەچوون تەنها یەک دەستەیان نەبێت.<br>٣) ڕیزبەندیی فێربوون لە پێگەیشتوواندا جیاواز بوو لە ڕیزبەندیی فێربوونی زمانی دایک. | ١) پێگەیشتووان ستراتیژیی هاوبەش بەکاردەهێنن بۆ فێربوونی زمانی دووەم بێ گەڕانەوە بۆ زمانی دایک.<br>٢) پێگەیشتووان زانیاریی زمانەوانی بەڕێگەی هاوشێوە لەگەڵ منداڵاندا لێکدەدەنەوە.<br>٣) کاریگەرترین ڕێنمایی ئەوەیە کە بەدوای ڕیزبەندیی سەختیدا دێت. |
| Larsen-Freeman ١٩٧٦b | ٢٤ فێرخوازی پێگەیشتوو (زمانی دایکیان عەرەبی، ژاپۆنی، فارسی، و ئیسپانی بوون)؛ و لە زانکۆی میشیگن ئینگلیزیان دەخوێند. | دەستەیەک لە ٥ تاقیکردنەوەی جیاوازی خوێندنەوە، نووسین، گوێگرتن، ئاخاوتن، و لاساییکردنەوە. | ١) زمانی دایک کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر فێربوونی مۆرفیمەکان نەبوو.<br>٢) جیاوازی لە ڕێزبەندیی مۆرفیمەکاندا لە ئەرکی جیاوازدا هەن، بەڵام ڕیزبەندیی ئەرکەکانی دەربڕین (وەک ئاخاوتن و لاساییکردنەوە) لەگەڵ ڕیزبەندییەکەی دولەی و بێرتدا هاوشێوەن.<br>٣) ڕیزبەندیی وردی پەیوەستە بە ڕیزبەندیی چەندێتیی دەربڕینی مۆرفیمەکانەوە. | ١) ڕیزبەندییەکی ستانداردی مۆرفیم بۆ ئەرکەکانی دەربڕین هەیە.<br>٢) چەندێتیی دەربڕینی مۆرفیمەکان لە ئەرکی ئاخاوتندا ڕەنگدانەوەی ڕوودانی ڕاستەقینەیانن لە ئاخاوتنی سرووشتیدا. دووبارەکردنەوە لە ئاخاوتنی ئاخێوەرانی ڕەسەندا دیاریکەری ڕێزبەندییەکانی وردیین. |
| Krashen, Butler, Birnbaum, & Robertson ١٩٧٨ | ٧٠ خوێندکاری پێگەیشتوو بە ٤ زمانی دایکی جیاوازەوە؛ لە زانکۆی کالیفۆرنیای باشوور. | هۆنینەوەی ئازادانەی زمان، لەگەڵ ١) کاتی دیاریکراو؛ ٢) بەبێ کاتی دیاریکراو و بواری ڕاستکردنەوە. | ١) ڕیزبەندیی فێربوون بۆ نووسینی خێرا بە هەمان شێوەی نووسینی بەوریاییەوە بوو.<br>٢) ئەو ڕیزبەندییەی لە هەردوو ئەرکەکەدا بەدەستهێندران زۆر چوونیەک بوو لەگەڵ ئەوانەی توێژینەوەکەی بەیلی و مادن و کراشن. | ١) سەرنجی خوێندکارەکان لەسەر گەیاندنی پەیام بوو لە هەردوو ئەرکەکیان، بۆیە ڕیزبەندییەکی سرووشتی بەدەستهێندرا.<br>٢) ئەو پێواژۆیانەی لە فێربوونی زمانی دووەمدا هەن بریتین لە زارەکی و نووسینیش. |

خشتەی ٣. ٤: پوختەیەک لە گرنگترین توێژینەوەکانی مۆرفیم (لە Ellis ١٩٨٥a: وەرگیراوە)

یەکێک لە کێشەکانی ڕیزبەندییەکان ئەوەیە کە جیاوازیی وردیی نێوان مۆرفیمە جۆراوجۆرەکان. بەم شێوەیە، هەر مۆرفیمێک کە تەنها ١٪ لە سەد لە مۆرفیمێکی دیکە نزمترە (واتە فێرخواز درەنگتر فێریان دەبێت)، هەمان پلەی مۆرفیمێکی دەبێت، کە ٣٠٪ لە سەدی لەوەی پێشوو نزمترە، لە پێناو زاڵبوونیش بەسەر ئەم کێشەیەدا، (Dulay و Burt :١٩٧٥) و دوای ئەوانیش (Krashen :١٩٧٧) پێشنیازی دەستەکردنی مۆرفیمەکانیان کرد، هەروەها ئەوەیشیان گوتووە، کە هەر دەستەیەک قۆناغێکی گەشەسەندنی هەیە لەو ڕووەوە، کە فێرخوازان لە هەمان کاتدا فێری مۆرفیمەکانی ناویان ببوون. شێوەی ٣.١ ڕیزبەندییە سروشتییەکەی کراشن بۆ فێربوونی مۆرفیمەکان پیشاندەدات.

ئەو وێنەیەی لەم توێژینەوانەوە دێتەئاراوە بریتییە لە وێنەی ڕیزبەندییەکەی ستانداردی فێربوون کە بەتەواوی نەگۆڕ نییە، بەڵام زۆر لێکەوە نزیکن بێ گوێدانە پاشخانی زمانیی فێرخوازە هاوتەمەنەکان، هەروەها بێ گوێدانە ئەوەی ئایا نێوەندەکە زارەکییە یان نوسینەکی؟ تەنیا کاتێک ڕیزبەندییەکی جیاواز دێتەئاراوە، کە فێرخوازان بتوانن سەرنج بخەنە سەر ڕوکەشی ئاخاوتنەکانیان نەک واتا، ئەمەش وەک ئەوەی (Krashen, ١٩٧٧: ١٤٨) باسیدەکات، هەر کاتێک زانیارییەکان ڕەنگدەرەوەی سەرنجدان بوون لەسەر واتا، ئەوا لێکچوونێکی بەرچاو لەنێوان سەرجەم توێژینەوەکاندا هەیە.

دواتر ژمارەیەک توێژینەوەی دیکە لەسەر تاکی جیاواز ئەنجامدراون، کە چەند زمانێکی تریشی گرتەوە جیا لە ئینگلیزی (بۆ نمونە، توێژینەوەکەی Van Naerssen :١٩٨٠ لەسەر ئیسپانی وەک زمانی دووەم)، هەروەها یەکێک لە باشترین توێژینەوەکانیش بریتییە لە توێژینەوەکەی (Pica :١٩٨٣) لەسەر ڕیزبەندییەکانی مۆرفیم بە هێنانی سێ دەستە لە فێرخوازان، یەکێکیان بە سروشتی ئاخاوتن و نوسینیان ئەنجامدەدا، یەکێکیان ڕێنماییکرابوون، و دەستەیەکیشیان تێکەڵەیەک بوو لە دووانەکەی دیکە، بەڵام لێرەدا بەسادەیی باسی ئەوە دەکەین پیکا (کە وریا بوو بانگەشەی بۆ تەنیا یەک ڕیزبەندیی وردکرد) هەمان ڕیزبەندیی سروشتیی دۆزییەوە تەنانەت کاتێک دەیڕوانییە زێدەبەکارهێنانی مۆرفیمەکان لە لایەن فێرخوازانەوە لە میانەی تۆمارکردنی نمرەکاندا (بە دەربڕینێکی تر، سودی لە شیکاریی بەکارهێنانی شێوە ئاخێوەری ڕەسەن بینیوە لە جیاتی پێوانی ڕستەسازیی جوتزمانزانی (BSM)). ئەمە گرنگە چونکە یارمەتیدەرە لە بەگژداچوونەوەی یەکێک لەو ڕەخنە سەرەکییانەی ئاڕاستەی توێژینەوەکانی مۆرفیم کراون، ئەویش بریتییە لەوەی توێژینەوەکان بیریان لە بەکارهێنانی هەڵەی مۆرفیمەکان لە دەوروبەری ئاساییدا (نەک ناچاری) نەکردووەتەوە.




شێوەی ١ .٣ ڕیزبەندیی پێشنیازکراو بۆ فێربوونی زمانی دووەم (Krashen :١٩٧٧)

توێژینەوەکانی مۆرفیم لەسەر هەمان کۆمەڵە تاک کەمترن، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی (Rosansky :١٩٧٦) پشکنینی بۆ ڕیزبەندیی فێربوونی هەمان ئەو مۆرفیمانە کرد، کە (دولەی بێرت) لێیانیان بۆ ماوەی ١٠ مانگ کۆڵیبووەوە لە ئاخاوتنی (جۆرنج)دا، کە فێرخوازێکی ئیسپانی بوو و فێری ئینگلیزی دەبوو، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕۆسانسکی گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە ڕیزبەندیی فێربوونی ئەم فێرخوازە لەگەڵ ئەو ڕیزبەندییە سرووشتییەدا یەکینەگرتەوە، کە لە دەستەگەلێک لە فێرخوازاندا بەدیکرابوو، هەروەها کاتێک شیکاریی لەسەر چەند تاکێکی جیاواز کرد، ئەویش بە بەکارهێنانی زانیاریگەلێک، کە لە چەند کاتێکی جیاوازدا دەستیکەوتبوون، چەند ڕیزبەندییەکی جۆراوجۆری دۆزییەوە، هەروەها (Hakuta :١٩٧٤) لەماوەی چەند مانگێکدا زانیاریی زارەکیی لە کچێکی پێنج ساڵانی ژاپۆنییەوە کۆکردەوە، بەناوی (ئوگویسو)، ئەویش ئەو ڕیزبەندیی فێربوونەی دۆزییەوە، لەگەڵ ڕیزبەندییەکەی (دولەی و بێرتدا) پێکنەهاتنەوە، بە واتا هاوشێوەنەبوون، بۆ نموونە، ئامرازەکان، کە پلەیەکی بەرزیان لە ڕیزبەندییەکانی وردیی فێربووندا هەیە، لە (ئوگویسودا) پلەیان لە ڕیزبەندیی فێربووندا نزمتر بوو، هەروەها توێژینەوەکەی (Schmidt :١٩٨٣) لەسەر (ویس)، کە وێنەکێشێکی ژاپۆنی بوو لە هاوای دەژیا، بە هەمان شێوە نەسازیی لە ڕیزبەندیی فێربوونی تاکە جیاوازەکاندا دۆزییەوە (بە شێوەیەک نیشانەی کۆ، ئامرازەکان، و ڕابردوی ئاسایی پلەی نزمتریان هەبوو). بەم شێوەیە ڕونکردنەوەیەک، کە ڕێی تێدەچێت بۆ ئەم جیاوازییانە لە ئەنجامی توێژینەوەکانی سەر تاکی جیاواز و هەمان کۆمەڵە تاک

بریتییە لەوەی ئەنجامەکانی ئەوەی دووەمیان سەر لێتێکدەربوون، چونکە هەندێکجار ئاستەکانی وردی بە بەکارهێنانی کەمتر لە دە دۆخی ناچاری خەملێندرابوون، ئەمەیش خاڵێکە کە (Krashen :۱۹۷۷) جەختی لەبارەوە کردووەتەوە، وێڕای ئەمانەیش، جیاوازییەکان هەندێک گومان دەخەنە سەر یەکسانکردنی وردیی تاکە جیاوازەکان لەگەڵ ڕیزبەندییەکانی فێربوون.

توێژینەوەکانی مۆرفیم ڕوبەڕوی ڕەخنەگەلێکی توند بوونەوە سەرەڕای ئەو گومانانەی لەسەر بەکارهێنانی ڕیزبەندیی وردی وەک بناغەی تاوتوێکردنی فێربوون هەبوون (بڕوانە Hatch :d۱۹۷۸ و a۱۹۸۳:۱؛ Long و Sato :۱۹۸٤)، یەکێک لە گومانەکانیش بریتییە لەوەی میتۆدی نمرەدانان لەسەر مۆرفیمەکان هەڵە بەکارهێنان لەبەرچاودەگرێت، بەڵام هەروەک بینیمان، توێژینەوەکەی (Pica :۱۹۸۳) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە تەنانەت کاتێکیش دەڕوانینە زێدەبەکارهێنان، هیچ کارناکاتە سەر ڕیزبەندییەکە، هەروەها یەکێکی تر لە ڕەخنەکانی بریتییە لەوەی بەکارهێنانی ئاماری پلەی ڕیزبەندییەکان جیاوازییە ماناداراەکان دەشارێتەوە، بەڵام دەستەکردنەکەی کراشن بۆ 'ڕیزبەندییەکی سروشتی' (بڕوانە شێوەی ۳. ۱)، تا ڕادەیەک توانیویەتی ئەو ڕەخنەیە پووچەڵبکاتەوە، جێگەی ئاماژەپێدانە ڕەخنەی دیکە لەسەری ئەوەیە کە توێژینەوەکە ژمارەیەکی کەم لە مۆرفیمەکانی بەکارهێناوە، و مۆرفیمەکان تێکەڵەیەکی هەڕەمەکین لە خەسڵەتگەلی ئێجگار جیاواز (بۆ نمونە، فێربوونی ئامرازەکان و (S)ی کەسی سێیەمی تاک دوو ئەرکی زۆر جیاواز لە فێرخواز داوادەکەن، یەکێکیان یەکەی واتاسازی لەخۆدەگرێت و ئەوی تریشیان بەتەواوی خەسڵەتێکی ڕوکەشییە)، و هەروەها ڕەخنەگران پێیانوایە توێژینەوەکە پاڵنەری تیۆریی پێوە دیار نییە. بەگشتی ئەم ڕەخنانە دانیان پێدانراوە، بەم شێوەیەش توێژینەوەکانی مۆرفیم وەستێنران و بەردەوامنەبوون.

ئەمە لە کاتێکدا بەپێچەوانەی ڕەخنەکانەوە، بە ڕای ئێمە توێژینەوەگەلێکی زیاد لە پێویست ئەنجامدراون بە میتۆدی ورد و بەشی پێویست لە دەستکەوتی گشتی و یەکگرتوو دەخەنەڕو و پێویست بە سەرنج خستنە سەر شتە وردەکان ناکات، و ئەنجامگیرییەکی لەم شێوەیە زیاد لە پێویست چاکەکارانەیە، چونکە نەیتوانیوە باس لە گرنگترین کۆسپی سەر ڕێی ئەم توێژینەوانە، ئەویش وێناکردنی فێربوون لەڕوی ئەوەی (Rutherford :۱۹۸۸) پێی دەڵێت 'کیانی کەڵەکەبوو'، بە دەربڕینێکی دیکە، فێربوونی یەکە ڕێزمانییەکان، هەر یەکەو لە کاتی خۆیدا. نەگونجاویی ئەم دیدگەیە کاتێک ڕوندەبێتەوە کە لە نزیکەوە دەڕوانینە چۆنێتیی فێربوونی تاک تاکی مۆرفیمەکان لە لایەن فێرخوازانەوە.

## ٢-٩/٣)فێربوونی مۆرفیمەکان: جێناو

ڕوانینێکی نزیک لە مۆرفیمەکان بۆمان دەردەخات، کە فێرخوازان وردە وردە و پێڕەوبەندانە فێریاندەبن، چونکە فێرخوازان ڕاستەوخۆ لە دۆخی نەزانینەوە ناگوازرێنەوە بۆ فێربوون، بەڵکو بە زنجیرەیەک قۆناغدا تێدەپەڕن، لەم پێناوەشدا لێرەدا تەنیا باس لە یەک خەسڵەتی ڕێزمانی دەکەین، ئەویش جێناوە، بە پشتبەستن بەو توێژینەوانەی لە چەند زمانێکی جیاوازدا لە فێربوونی ئەم خەسڵەتەیان کۆڵیوەتەوە.

لە سیستەمی جێناوەکانی زماندا، ژمارەیەک جیاکاریی واتاسازی هەیە، کە دەبێت بیاندۆزینەوە، بۆ نمونە، ئینگلیزی ئەمانە جیادەکاتەوە: ڕەگەز (وەک 'he' 'ئەو' بۆ نێر و 'she' 'ئەو' بۆ مێ)، کەس (وەک 'I' 'من' و 'you' 'تۆ')، تاک و کۆ (وەک 'he' 'ئەو' و 'they' 'ئەوان')، و هەروەها حاڵەت (وەک 'I' 'من' وەک بکەر و 'me' 'من' وەک بەرکار). هێشتا دەشێت جیاکاریی زیاتر لە نێوان جێناوە کەسییەکان و جێناوەکانی خاوەنداریێتیدا بکرێت (بۆ نمونە، 'him/her' 'ئەو' وەک بەرکار بۆ نێر و مێ، و 'his/her' 'هی ئەو' جێناوی خاوەنداریێتی بۆ نێر و مێ)، هەروەها دەبێت فێرخوازان فێرببن، کەی دەکرێت جێناوەکان لاببرێن و کەییش دەبێت بەکاربهێنرێن، جێی سەرسوڕمان نییە، کە جێناوەکان فێرخواز ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەک دەکەنەوە، کە تەنیا بە تێپەڕبوونی کات دەتوانن بەسەریدا زاڵببن، لەم بارەشەوە هەریەکە لە (Felix و Hahn :١٩٨٥) تێبینییان کردووە، کە گشت توێژینەوەکانی سەر فێربوونی سروشتی بەڵگە لەسەر لابردنی بەردەوامی جێناوەکان و زێدەگشتاندنی جێناوە کەسییەکان لە قۆناغەکانی سەرەتادا دەخەنەڕو، ئەمەیش لە سەرجەم ئەو زمانانەی توێژینەوەیان لەبارەوە کراوە ئاشکرایە.

لە ئینگلیزیدا، وێڕای ئەوەی زمانێکە بەکارهێنانی جێناو تێیدا لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا ناچارییە، هێشتا فێرخوازان لە سەرەتاوە وتەکانیان بەبێ جێناو دەردەبڕن.

) Kicking شەق تێهەڵدان – He kicked me = (ئەو شەقی تێهەڵدام

(Felix و Hahn :١٩٨٥) دەڵێن: مادام وایە فێرخوازان پێڕەوبەندانە فێری خەسڵەتە واتاسازییە هەمەجۆرەکان دەبن، و پێشنیازی ڕیزبەندییەکی کاتی دەکەن، چونکە فێرخوازان بە جیاکردنەوەی یەک خەسڵەت دەست پێدەکەن، و ئاسایی بە جیاکردنەوەی کەسەکان دەستپێدەکەن. لەم قۆناغەدا، لەوانەیە تەنها کەسی یەکەم لە سەرجەم کەسەکانی دیکە جیابکەنەوە. بۆیە 'I' 'من' وەک بکەر یان 'me' 'من' وەک بەرکار، یان هەردووکیان بێ جیاوازی بۆ کەسی یەکەم بەکاردەهێندرێن، لەکاتێکدا تەنها یەک جێناو (وەک 'you' 'تۆ/ئێوە' یان 'he' 'ئەو' بۆ نێر) بۆ سەرجەم کەسەکانی دیکە بەکاردەهێندرێت. پاشان جێناوەکان بەپێی تاک و کۆ جیادەکەنەوە.

دوای ئەمەیش نۆرەی جێناوەکانی کەسی سێیەم دێت، بەڵام بەبێ جیاکردنەوەی ڕەگەز، واتە جیاکردنەوەی ڕەگەز کۆتا شتە کە فێری دەبن.

سەبارەت بەم ڕیزبەندییە زنجیرەیەکی هاوشێوەی فێربوون لە فێرخوازانی فەڕەنسیدا، کە فێری ئینگلیزی دەبن بەدیدەکرێت (بڕوانە خشتەی ٣. ٥)، ئەمەش هەریەکە لە (Butterworth و Hatch :١٩٧٨) لە کاتی کۆڵینەوە لە نمونەکەی بەردەستیان (ڕیکاردۆ)، کە فێرخوازێکی تازەپێگەیشتووبوو فێری ئینگلیزی دەبوو، جۆرەکانی گۆڕینی جێناوەکان و زێدەگشتاندنیان ڕوندەکەنەوە، کە لەم پێواژۆی فێربوونەوە سەرچاوەدەگرن. کاتێک لە سەرەتاوە دەستیان کرد بە کۆڵینەوە لە (ڕیکاردۆ)، هەردوو جێناوی 'me' و 'I'ی وەک جێناوی بکەر بەکاردەهێنا. هەروەها نەیدەتوانی جێناوی کەسی و جێناوی خاوەندارێتی لێکجیابکاتەوە و هەڵەی لەم شێوەیەی خوارەوەی دەکرد:

(You girlfriend تۆ خۆشەویست – Your girlfriend = خۆشەویستەکەی تۆ)

(He car ئەو ئۆتۆمبێل – His car = ئۆتۆمبێلەکەی ئەو)

| قۆناغ | وردەکاری | نموونە |
|---|---|---|
| ١ | بەکارهێنانی ئامرازی ناساندن لە شوێنی جێناوەکانی خاوەندارێتی | She reads the book<br>ئەو پەرتوکەکە دەخوێنێتەوە. |
| ٢ | بەکارهێنانی یەک جێناوی خاوەندارێتی بۆ هەموو کەس و ڕەگەز و تاک و کۆ | She reads your book<br>ئەو پەرتوکەکەی تۆ دەخوێنێتەوە (لەجیاتی ئەو پەرتوکەکەی خۆی دەخوێنێتەوە) |
| ٣ | بەکارهێنانی یەک جێناوی خاوەندارێتیی کەسی سێهەم بۆ هەموو کەس و ڕەگەز و تاک و کۆ | She reads his book<br>ئەو پەرتوکەکەی ئەو دەخوێنێتەوە (لەجیاتی she reads her book) |
| ٤ | بەکارهێنانی جێناوەکانی خاوەندارێتی لەگەڵ ناوە دروستەکاندا بەڵام هێشتا هەڵەکردن لە ناوی مرۆڤەکاندا | She reads her book to his brother<br>ئەو پەرتوکەکەی بۆ براکەی ('his' بەکارهێندراوە بۆ نێر لە کاتێکدا دەبێت 'her' بۆ مێ بەکاربهێندرێت) |
| ٥ | لەکۆتاییدا بەکارهێنانی دروستی جێناوەکانی خاوەندارێتی لەگەڵ گشت ناوەکاندا | She reads her book to her brother<br>ئەو پەرتووکەکەی بۆ براکەی دەخوێنێتەوە |

خشتەی ٣. ٥: فێربوونی جێناوەکانی خاوەندارێتی لەلایەن فێرخوازانی فەرەنسییەوە کە فێری ئینگلیزی دەبوون (خشتەکە پشتبەستووە بە زانیارییەکانی (Lightbown و Spada :١٩٩٠)

(ڕیکاردۆ) جێناوەکانی 'he' و 'she'ی بەکەمی بەکاردەهێنا، بە جۆرێک دوای سەرنجدان بۆیان دەرکەوت، کە لەجیاتی ئەو جێناوە ناوی بەکاردەهێنا، لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بێت بە لایەوە ئاسانتربووە. کە هەر ناوەکان دووبارەبکاتەوە لەجیاتی ئەوەی بە جێناوێک جێیبگرێتەوە، هەروەها جێناوەکانی 'we' 'ئێمە'، 'it' 'ئەو' بۆ ئاژەڵ یان بێگیان، و 'they' 'ئەوان'یشی بەکارنەدەهێنا و بۆ هەموویان جێناوی 'he'ی بەکاردەهێنا.

بەڵگەی زیاتر لەسەر پێڕەوبەندبوونی گەشەسەندن لە فێربوونی جێناوەکاندا لە توێژینەوەیەکی (Gundel و Tarone :١٩٨٣)دا بەدیاردەکەون. ئەم توێژینەوەیە لە پێنج فێرخوازی پێگەیشتووی دەکۆڵییەوە، کە فێری ئینگلیزی دەبوون (سێ دانەیان ئیسپانی بوون و دووانیشیان چینی)، کە زانیارییەکانیان لە سەرچاوەگەلێکی هەمەجۆرەوە بەدەستهێنا (وەک گفتوگۆی تۆمارکراو، ئەرکی پەسنکردنی وێنەیەک و تۆمارکردنی، و دوو جۆر ئەرکی هەڵسەنگاندنی ڕێزمان)، لە هەمان کاتدا شرۆڤەیەکی ئەو زانیارییانە دەخاتەڕو، کە لە فێرخوازانی پۆلی یەکەمەوە وەرگیرابوون، کە فێری فەرەنسی دەبوون، وەک زمانی دووەم لە پرۆگرامێکی ڕۆچوون لە زمانی فەڕەنسیدا. سەرنجی سەرەکیی توێژینەوەکە لەسەر پەڕاندنی جێناوەکانی بەرکار لە دەوروبەرێکدا، کە بەکارهێنانی ئەم جێناوانە ناچارین: بۆ نمونە، 'He didn’t take' 'ئەو ______ی وەرنەگرت'.

لە فێرخوازە چینییەکاندا، بەکارنەهێنانی جێناوەکانی بەرکار هۆکارەکەی زمانەکەی خۆیانە، چونکە لە چینیدا جێناوەکانی بەرکار ناچاری نین، بەڵام هێشتا فێرخوازە ئیسپانییەکان لە کاتی فێربوونی ئینگلیزیدا و فێرخوازە ئینگلیزەکانیش لە کاتی فێربوونی فەڕەنسیدا زیاتر هەڵەی لەم چەشنەیان دەکرد بە بەراورد لەگەڵ فێرخوازە چینییەکاندا، ئەمە لە کاتێکدا بەکارهێنانی جێناوی بەرکار لە زمانی ئیسپانی و ئینگلیزیدا ناچارین، لەم ڕووەوە (گوندێل و تارۆن) پێشنیازی ئەوە دەکەن ئەم فێرخوازانە گریمانەیەک دروستدەکەن، کە جێناوە بەرکارەکانی زمانی ئامانج بە هەمان شێوەی زمانی یەکەمیان بەکاردەهێندرێن، بەڵام کاتێک بۆیان دەردەکەوێت وانییە، و جیاوازییان هەیە، سەردەکێشن بۆ دانانی گریمانەیەکی دیکە، ئەمجارەیان پێیانوایە زمانی ئامانج بە هیچ شێوەیەک جێناوی بەرکاری نییە، بەڵام کاتێک زمانی ئامانج دووبارە ئەم گریمانەیەیش بەدرۆدەخاتەوە، فێرخوازەکان واز لەم گریمانەیەیش دەهێنن و گریمانەیەکی دیکە دەکەن و دەگەنە ئەو ئەنجامەی زمانی ئامانجیش جێناوی بەرکاریان هەیە، بەڵام بە هەمان شێوەی زمانی دایکیان بەرکارناهێندرێن، بەم شێوەیە بۆ جارێکی دیکە بەڵگەمان لەسەر فێربوونی پێڕەوبەندانەی خەسڵەتێکی دیاریکراو دەستکەوت، کە لەم حاڵەتەدا فێربوونی جێناوەکانی بەرکاربوو.

# ئەنجامەکان

پوختەی ئەنجامە ئەم نامەیە، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:

١) هەر پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگی پۆلێک مۆرفیمی بەند وەردەگرن و هەر ئەو پۆلە مۆرفیمە بەندانە دەتوانن لەگەڵ ئەو پۆلە ڕەگەزەدا فەرهەنگیانە دەربکەون.

٢) مۆرفیمە بەندەکان چەندین پۆل و گروپ پێکدەهێنن هەر پۆل و گروپێک لەمانە دەچنە سەر پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگیی دیاریکراو، ناتوانن لەگەڵ پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگی تردا دەربکەون.

٣) بەشێوەیەکی گشتی بناغەی وشەکان، کۆتبەندی دەخەنەسەر مۆرفیمە بەندەکان گروپێکی دیاریکراویان دەتوانن لەگەڵ بناغەکاندا دەربکەون، ئەم دەرکەوتن و دەرنەکەوتنەش پەیوەستە بەلایەنی سیمانتیکییەوە.

٤) مۆرفیمە ڕەسەنەکان زیاتر دەچنە سەر بناغەی ئەو وشانەی، کە وشەی ڕەسەنی کوردین، بەڵام مۆرفیمە ناڕەسەنەکان کەمتر ئەو بناغانە هەڵدەبژێرن.

٥) هەموو زمانێک ئامێر و ئامرازی پێوەندیکردنی نێوان بەکارهێنەرانیەتی بۆ ئەم پێناوەش، زمانەکان پێویستییان بە پێرەوێکی ڕێکوپێک و پراوپرە، پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە پێڕەوی سەرەکی زمان خۆی لە پێواژۆی تێگەیشتن و بەرهەمهێنان لە دانە فەرهەنگییەکان، لەگەڵ سنوری چالاکیی بەرهەمهێنانی بێ سنوری ڕستەکانی زماندا دەبینێتەوە بە تایبەت بە هۆی مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکانەوە.

٦) پەیوەست بە پێواژۆیەکانی مۆرفۆلۆژییەوە، هەڵەکردن لە زماندا دیاردەیەکی سەرانسەری و گشتگیرە، بە واتا لە هەموو زمانەکاندا دەبینرێتەوە، کرۆکی دیاردەکەش خۆی لە دەرکردنی وشە و دەستەواژەی ناواتادار یاخود نەگونجاودا دەبینێتەوە، هەروەها هەموو تاکێک توشی هەڵە دەبێتەوە، بەم پێیەش ئەم دیاردەیە نمونەیە بۆ مێشکی ئاسایی نەک نیشانەبێت بۆ نەخۆشی.

٧) زۆرینەی توێژینەوە و بۆچوونەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە هەڵە زمانییەکان ناتوانرێت بە شێوەیەکی تەواو پراوپڕانە دیاریبکرێن، هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە ئەم دیاردەیە پێوەندیی ئاستی ڕۆشنبیری و لێهاتویی کەسەکانەوە نییە، بەڵکو هەموو کەسێک توشی دەبێت.

٨) لە پێناو جێبەجێبوونی پێواژۆیەکی فێربوون و وەرگرتنی زماندا بە سەرکەوتووانە چەندین میکانیزم بەگەڕدەخرێن، تاوەکو ئەم میکانیزمانە لە کەمکردنەوەی گرفتەکاندا یاریدەدەربن، و تاکەکان لە هەڵەکردنی زمانیدا بەردەوامنەبن، یاخو کەمیان بکەنەوە، یاخود شوێنی گرفت و هەڵەکان بە مەبەستی چاککردن و ڕاستکردنەوەیان دەستنیشانبکەن.

٩) پێواژۆی گواستنەوەی کاریگەریی فێرخوازان بە بونیاتی زمانە بنەڕەتییەکەیانەوە لە کاتی فێربوونی زمانێکی بیانیدا لە لای بەشێک لە زمانەوانەکان بنەمایەکە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو شێواز و لایەنەی، کە فێرخوازەکان پێیەوە کاریگەردەبن، تەنانەت هەندێک لە زمانەوانان هێندە مکوڕن

لەسەر باوەڕەکەیان، کە پێیانوایە ئەو هەڵە و سەخییانەی لە کاتی فێربوونی زمانێکی بیانیدا دێنەڕێ هەموویان لە زمانی یەکەمەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام لە بەرانبەردا بەشێک لە زمانەوانان دژ بەو باوەڕە وەستاونەتەوە، و پێیانوایە ئەو ڕایەی کە دەڵێت: هەڵەکانی فێرخواز بۆ بونیاتی زمانە بنەڕەتییەکە دەگەڕێتەوە، بۆچوونێکی پوچەڵە.

# سەرچاوەکان


١- **به زمانی کوردی:**

- ابراهیم، شیلان ڕحیم ( ٢٠١٩ )، نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، نامەی دکتۆرا.
- ئەمین، وریا عومەر ( ٢٠١٦ )، ڕێزمانی کاری زمانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- ئەمین، وریا عمر ( ٢٠١١ )، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- ئەمین، وریا عمر ( ٢٠٠٩ )، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم هەولێر.
- ئەمین، نووری عەلی ( ٢٠١٤ )، ڕێزمانی کوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی هیڤی، هەولێر.
- ئەحمەد، نەرمین عومەر ( ٢٠١٠ ) بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆجیی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- ئەحمەد، کەوسەر عەزیز ( ١٩٩٠ )، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
- ئەحمەد، بڕوا ڕەسول ( ٢٠٢١ )، گەنجینەکردنی زانیاری لە فەرهەنگی عەقڵیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی ڕاپەڕین.
- ئەحمەد، بڕوا ڕەسول ( ٢٠١١ )، دۆخ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.
- ئەحمەد و مجید، سیروان سەمین و ارام رشید ( ٢٠٢٠ )، کاریگەری سینتاکس لە فێربوونی زمانی دووهەمدا، گۆڤاری زانکۆی تکریت (Language studies ).
- ئیبراهیم، بەشدار محەمەد ( ٢٠١٤ ) واتاسازیی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- یونس، سەمیرە تۆفیق ( ٢٠١٣ )، سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.
- ناوخۆش، سەلام ( ٢٠٠٥ )، پوختەیەک دەربارەی زمانناسی ( مێژووی بونیادگەری چۆمسکی )، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا ( ٢٠٢٠ )، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.
- مەعروف و عەزیز، عەبدولجەبار مستەفا و بورهان ئەحمەد ( ٢٠٢٢ ) نواندنی واتایی لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.
- مەحوی، محەمەد ( ٢٠٢١ )، مۆفۆلۆیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان – مۆرفۆلۆژی کوردیی، بەرگی یەکهەم و دوهەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

- مەحوی، محەمەد ( ٢٠١٠ ) مۆرفۆلۆجی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان – مۆرفۆلۆجیی کوردیی، بەرگی یەکهەم – زانکۆی سلێمانی.
- مەحموود، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، فاکەڵتیی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
- مینە، جەمال حەسەن ( ٢٠١٣ )، توانست و چالاکی زمانی لای منداڵی کورد، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.
- مستەفاB، ڕەزا مستەفا ( ٢٠٢١ )، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لە بارەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیی زمانی کوردییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- مستەفاA، ڕەزا مستەفا ( ٢٠٢١ )، پۆلینکردنی مۆرفێمە بەندەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- مستەفا، شادیە ساڵح (٢٠١٤ )، هەندێک لایەنی ڕێزمانی فەرهەنگی - ئەرکی لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.
- محەمەدئەمین، یوسف نوری ( ٢٠١٥ )، ڕستەی لێکدراو لەزمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- محەمەد، شادان حەمەئەمین ( ٢٠١٦ )، پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆرفێمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- محەمەد، ڕۆکان عبدوڵا ( ٢٠٠٨ )، مۆرفێمەکانی کۆ لە زمانی کوردیدا، ماستەر، زانکۆی بغدا.
- محەممەد، دانا تەحسن ( ٢٠٠٨ )، نەخۆشی زمانگرتن لە نێو منداڵانی کورددا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.
- محێددین، بازیان یونس ( ٢٠١٣ )، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس ، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- محمدامین، سروە جعفر ( ٢٠٢٣ )، کۆتکردنی چالاکی گیرەک لە داڕشتنی وشەی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
- محمدامین، امیر محمد (٢٠١٦)، وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپخانە نارین، هەولێر.
- محمد، دارا حمید ( ٢٠١٤ )، هەندێ لایەن لە تیۆرییەکانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج.
- محمد، دارا حمید ( ٢٠١٢ )، شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- محمد، حاتم ولیا ( ٢٠١٩ )، مۆرفۆلۆجیی، چاپی یەکەم.

- مارف، ئەوڕەحمانی حاجی (٢٠٠٠ )، وشەسازی (کردار )، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- مارف، ئەوڕەحمانی حاجی ( ٢٠١٤ )، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم ( مۆرفۆلۆجی ) بەشی یەکەم- ناو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- مارف، ئەوڕەحمانی حاجی ( ٢٠٠٤ )، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی ( کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی )، سلێمانی .
- مارف، ئەوڕەحمانی حاجی ( ١٩٨٧ )، ڕێزمانی کوردی ( وشەسازی ) جێناو، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، بەغدا.
- مارف، ئەورەحمانی حاجی ( ١٩٧٩ )، ڕێزمانی کوردی مۆرفۆلۆژی ناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
- مارف، ئەوڕەحمانی حاجی ( ١٩٧٧ )، وشە ڕۆنان لە زمانی کوریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- مارف، ئەوڕحمانی حاجی ( ١٩٧٥ )، وشەی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد ( ٢٠١١ )، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- کەرەمی، سەعید ( ١٣٩٦ )، وشەناسیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، زانستگای کوردستان، ئێران.
- کەریم، کۆسار مەحمود (٢٠٢٢)، سایکۆلۆژیای بەرهەمهێنان و فێربوونی زمان، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار.
- کەریم، عومەر مەحمود ( ٢٠٠٤ )، کاری تێپەڕو تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدا – زانکۆی بەغدا.
- کلۆد جێرمان و ریمۆ لۆبلان ( ٢٠٠٦ )، واتاسازی، وەرگێڕانی یوسف شەریف سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- کریم، ئاسۆ عبدالرحمن ( ٢٠١٩ )، ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- کریستال، دیڤید ( ٢٠٢٠ )، کورتەیەک لە مێژووی زمان، وەرگێڕانی سەربەست جیهاد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف ( ٢٠١٥ )، سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ، چاپی دووهەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

- قادر، ئەبوبەکر عومەر ( ٢٠٠٣ )، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- قادر، صباح ڕشید ( ٢٠٠٩ )، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسڵات و بەستنەوە ( GB ) لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- قادر، صباح ڕشید ( ٢٠٠٩ ) تیۆری مۆرفیم و هەندێ دیاردەی مۆرفۆلۆجیی کوردی، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین، ژ ٤٢.
- قادر، صباح رشید ( ٢٠٠٠ )، هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- قادر، رەمەزان حەمەدەمین ( ٢٠٢٠ )، تیۆرەکانی فێربوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی سایە، سلێمانی.
- فەرەج، شاخەوان جەلال حاجی و کریم، ئاسۆ عبدالرحمن (٢٠٢١)، دابڕانی توانستی پراگماتیکییانە لە فێربوونی زمانی دووەمدا (فێربوونی زمانی کوردی بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەرگی (٢٥)، ژمارە (٣)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوللا ( ٢٠١٣ )، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوللا ( ٢٠٠٨ )، ڕستە و پاش ڕستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- فەتاح و قادر، محەمەد معروف و سەباح رشید ( ٢٠٠٦ )، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، دەزگای بڵاوکردنەوەی بەشی ڕوناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
- فتاح، محمد معروف ( ٢٠١١ )، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاچی هاشم، هەولێر.
- عەلی، تاڵیب حوسێن(٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- عەلی، تاڵیب حوسێن ( ٢٠١١ )، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- عەلی، بەکر عومەر ( ٢٠١٤ )، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- عەبدولوەهاب، عەدنان عەبدوڵلا ( ٢٠١٥ )، وەرگرتنی زمان لای منداڵ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- عەبدڵلا، ڕۆژان نوری ( ٢٠١٣ )، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

- عولا و کاکەمەد، فەرمان حەسەن و کاروان کاکەبرا ( ٢٠٢١ )، پەیوەندیی نێوان دەنگ و جووڵە و ئاماژە جەستەییەکان لە ماوەی فێربوونی زمان، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، ژمارە٢.
- عوسمان، عەلی حەمەد ( ٢٠٢١ )، ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا، چاپی یەکەم.
- عزیز و عزیز، عمر ابراهیم و عزالدین احمد ( ٢٠٢١ )، تیۆرەکانی فێربوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی فێربوون، هەولێر.
- عبدوڵڵا، نیسار فەتاح ( ٢٠١٥ )، دیاردە مۆرفۆلۆجیەکان لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.
- عبدالله، دڵنیا نوری ( ٢٠١٥ )، ستراتیژیەتی فێربوونی زمانی دووەم ( خوێندنی بنەڕەتی بە نموونە )، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.
- عارف، ئەڤین سامی ( ٢٠١١ )، کاریگەری باری دەروونی لەسەر زمانی قسەکردن، ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.
- طیب، شهاب شێخ ( ٢٠١٤ )، دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- صالح، دەرون عبدالرحمن ( ٢٠٢٠ )، ڕۆڵی زمان لە ئاراستەکردنی لایەنی دەرونیی تاکدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیڤان،سلێمانی.
- شطناوی، عبدالکریم محمد ( ٢٠١١ )، گەشەکردنی زمانی منداڵ، وەرگێڕانی ئازاد ئەمین باخەوان، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.
- سەعید، یوسف شەریف ( ٢٠١١ )، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- سەعید، سازان زاهیر ( ٢٠١٩ )، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- سەعید، سازان زاهیر ( ٢٠١٣ )، پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- ڕەمەزان، هێمن سەلاحەدین ( ٢٠١٥ )، پرۆسەو یاساکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- ڕەسوڵ، عەبدوڵلا حوسێن ( ٢٠١٥ )، چەند باسێکی وردی زمانەوانی _ کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- ڕەسوڵ، عبدوڵلا حوسێن ( ٢٠١٤ )، مۆرفیمە ڕێزمانەکانی کار، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- رسول، صلاح حوێز ( ٢٠١٣ )، پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا، لەڕوانگەی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە وبچوکترین پرۆگرامدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.
- دزەیی، عبدوالواحید موشیر ( ٢٠٢١ )، زمانەوانی دەروونی، چاپی دووەم، هەولێر.

- دزەیی، عبدالواحید موشیر ( ٢٠١٤ )، ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەلێر.
- دزەیی، عبدالواحید موشیر ( ٢٠١٣ )، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.
- دزەیی، عبدالواحد مشیر ( ٢٠١٥ )، ڕێزمان و واتا، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٦)، زمانەوانیی کارەکی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوللا ( ٢٠١٦ )، زمانەوانیی کارەکی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- خۆشناو، نەریمان عبدوڵڵا ( ٢٠١٤ )، ڕستەسازی، چای دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- خۆشناو، شێروان حسێن ( ٢٠١٦ )، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- خدر، حەیدەر حاجی (٢٠١٠ )، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلێنی مۆرفۆلۆجییانەی زمانەوانەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدن.
- حەمەکەریم، نەریمان حەسەن ( ٢٠١٥ )، دروستەی سیمانتیک لە زمانی کوردیدا، ماستەر، سلێمانی.
- حەمەدەمین، بەختیار نوری ( ٢٠١٧ )، کاریگەریی ڕستەسازیی کوردی لەسەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.
- حەمید، هێرش کەریم ( ٢٠١٥ )، بەراوردێکی مۆرفۆفۆنیمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- حمد، یارا قادر ( ٢٠١٤ )، گیرو گرفتەکانی گوتن وچارەسەرکردنیان، نامەی دکتورا، سلێمانی.
- حسەین، شیلان عومەر ( ٢٠١٢ )، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- حسەین، شیلان عومەر ( ٢٠١١ )، پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- حسێن، شیلان عمر( ٢٠٢١ )، زانستی زمانی کارەکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد.
- تۆفیق، لیمۆ محمود ( ٢٠١٢ ) دەربڕینی چەمکی دیاریکردن و ئاشکرا نەکردنی ناو لە کوردی و چەند زمانێکی هاوگروپی خۆی و دوو لێوەی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- برزۆ، ئومێد بەرزان ( ٢٠٠٩ )، ڕێزمانی جێناو لەشێوەزاری خانەقینیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

- باخەوان، ئازاد ئەمین، ( ٢٠٢١ ) مۆرفیمەکانی ( ٥ ) لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، کەرکوک.
- بابکر، صالح عبدالله ( ٢٠١٦ )، ڕێبازی مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگی لە شیکردنەوەی گیرەکەکانی زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر.

**به زمانی عەرەبی:**

- النوايسة و القطاونة، أديب عبدالله و أيمان طه ( ٢٠١٠ ) النمو اللغوى والمعرفى للطفل، مكتبه المجتمع العربى للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان.
- النحاس، مصطفى (١٩٧٩)، دراسات فى الادوات النحوية، الطبعة الاولى، الربيعان للنشر والتوزيع، الكويت.
- عطية، نوال محمد ( ١٩٩٥ ) علم النفس اللغوى، ش التحرير الدقى القاهرة ، ط٣.
- العزيز و اسعد، احمد نايل و احمد عبدالطيف ( ٢٠٠٩ )، النمو اللغوى و اضطرابات النطق و الكلام، عالم الكتب الحديث- جدار للكتاب العالمى،ط١.
- العتوم، عدنان يوسف ( ٢٠٠٤ ) علم نفس المعرفى، النظرية والتطبيق، دار المسيره للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
- عبدالبارى، ماهر شعبان ( ٢٠١١ ) تعليم المفردات اللغويه، دار المسير للنشر والتوزيع الگبعه الاولى، عمان.
- زوفرى، ساندرين (٢٠١٨)، اكتساب التداولية من منظور احتماعي، ترجمة: سعد بن محمد قحطاني، جامعة الملك سعود.
- خليل، حلمى ( ١٩٨٧ ) اللغه و الطفل ( دراسه فى ضوء علم اللغه النفسى )، دار المعريفه، الجاميعه اسكندريه ط١.

**زمانی ئینگلیزی:**


- Abbou, G. ١٩٨٠. 'Toward a more rigorous analysis of foreign language errors'. International Re١•١ewo( Applied Lmgimttt٥ ١٨: ١٢١-٣٤.
- Chomsky, N ( ٢٠٠٧ ) Universal Grammar, ٣ edition, England Blackwell publishing.
- Clark, H. and E. Clark. ١٩٧٧. Psychology and Language: an lntroduct١٠n to Psycholmgu,st,cs.
- Corder, S. P. ١٩٧٤. 'Error analysts' in Allen and Corder (eds.) ١٩٧٤.
- Corder,S. P. ١٩٧١k. 'Smneg١e ofcommumcat١on'. AFmLa ١٣. Also in Corder ١٩٨١a.
- Coulmas, F. (ed.). ١٩٨١. Com•ersatlonal Routmes: Exploratmns in Standardized Communica- tion Situations and Prepatterned Speech. The Hague: Mouton.
- David Crystal ( ٢٠٠٨ ) A Dictionary of linguistics and Phonetics Sixth Edition, Blackwell Pub.
- David crystal (١٩٩٢), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages , First published U.S.A .
- Dulay, H., M. Burt, and S. Krashen. ١٩٨٢. Language Two. New York: Oxford University Press.
- Ellis, R. ١٩٨٥a. Understanding Second Language Acquisition. Oxford: Oxford Universiry Pre١> .
- Fromkin and Rodman, ( ٢٠١٤ ) An introduction to Language, edition. International Edition.
- Geert Booij, ( ٢٠١٧ ), The Grammar of Words – An Introduction to Linguistic Morphology, Second Edition, Oxford University press.
- Geoffrey Finch ( ٢٠٠٠), Linguistic Terms And Concepts, Macmillan Education UK.
- Griffin ،Z. M . & Ferrira ،V. S. (٢٠٠٦).Properties of spoken language production. Handbook of psycholinguistics. (N .٢١-٥٩). London, Elsevier.
- Jerome Bruner ( ١٩٨٣ ) Childs talk learning to language, Oxford University press.
- Joaquin A. Dominguez ( ١٩٩١ ) , The role of morphology in the process of language acquisition and learning, Universidad autonoma de Barcelona.
- John C.L. Ingram (٢٠٠٧) , Neurolinguistics An introduction to spoken language processing and its disorders, united kingdom at university press, Cambridge.
- Katamba and Stonham , ( ٢٠٠٦ ) Morphology ,Second edition, palgrafe macmillan.
- Krashen, S. ١٩٧٧. 'Some issues relating to the Monitor Model' in H. Brown et al. (eds.) ١٩٧٧.
- Leonard Bloomfield ( ١٩٣٣ ), Language , Henry Holt , new York.

- Lexcellent, Christion, ( ٢٠١٩ ), human memory and material memory, springer, Switzerland.
- Lngo play, ( ٢٠٠٣ ), Word- Formation in English, University press, New York , London.
- Lyons, J. ١٩٦٨. Introduction to Theoretical Lmgu,stics. Cambridge: Cambridge University Press.
- Mark Aronoff and Kirsten Fudeman ( ٢٠١١ ) , What is morphology , second Edition, Wiley Blackwell.
- Martin Haspelmath ( ٢٠١٠) Understanding Morphology, second Edition , Londmn.
- McCarthy A. C ( ٢٠٠٢ ) An lntroduction to English Morphology, Edinburg University press.
- Norman Stageberg, N . C. ( ١٩٨١) An Introductory English Grammar , ٤th published, Holt Rinehart and Winston, U.S.A.
- Plag, I ( ٢٠٠٢) Word- formation in English, Cambridge University Press.
- Ptawley, A. and F. Syder. I ٩٨٣. 'Two puzzles for linguistic theory: nauvelike selection and nac-ivelike tluency' in R١chuds and Schmidt (t>ds.) ١٩٨٣.
- Saville-Troike, M. ] ٩٨٨. 'Pnvate speech• evidence for second language learning strategies durmg the "silent period" '. Journal o(Chsld Language ١٥; ٥٦٧-٩٠.
- Selkirk, O .E. (١٩٨٢ ) The syntax of words, The Mit press, London.
- Stenson, B. ١٩٧٤. 'Induced errors' m Schumann and Stenson (eds.) ١٩٧٤.
- Tomiyana, M. ١٩٨٠, 'Grammancal errors and commumcanon breakdown'. TESOL Quarter!)'
- Trask R. L. , ( ٢٠٠٧ ), Language and Linguistics – The Key Concept , Second Edition, Routledge, London.

ملخص

تعد هذه الدراسة التي تحمل عنوان "دور علم الصرف في عملية اكتساب اللغة وتعلمها" من المواضيع المهمة في علم اللغة، وذلك لتسهيل ممارسة تعلم اللغة من حيث المستويات اللغة. وفي هذا الصدد فإن هذا البحث هو محاولة للتعرف على العمليات الصرفية للغة الكوردية والتعرف على الأخطاء اللغوية في تعلم اللغة.

بالإضافة إلى الملخص والنتائج والمراجع، تتكون هذه الدراسة من ثلاثة فصول رئيسية:-

الفصل الأول بعنوان "المفاهيم الأساسية والمبادئ النظرية"، يناقش مستويات اللغة والمفاهيم والمصطلحات الصرفية وأهمية علم الصرف في تعلم اللغة، وكذلك قدرة الإنسان على أخذ وتعلم اللغتين الأولى والثانية، إلى جانب مراحل تطور لغة الطفل، ومراحل اكتساب اللغة الثانية واستراتيجيات تعلم اللغة الثانية.

والفصل الثاني بعنوان المعجم والمدخلات المعجمية في اللغة الكردية، يصف المفردات اللغوية والمعلومات اللغوية الصرفية في المعجم وطرق تهجئة الكلمات، وكذلك معوقات كتابة الكلمات، وأجزاء الكلام المتعلقة بالقيود، مشيرا إلى دور المورفيمات في تغيير معنى الكلمات.

أما الفصل الثالث فعنوانه "تعلم اللغة وأكتسابها بين الأخطاء والأشكال الصحيحة" يناقش الأخطاء بين أكتساب اللغات وتعلمها وتحليل الأخطاء، وكذلك مناقشة أسباب الأخطاء والاختلافات بين الأخطاء، مع أنواع تطور تعلم اللغة الثانية، وكذلك مراحل تطور اللغة الثانية، وكذلك تبسيط بنية الدلالية لتعلم رتبة و تسلسل الزيادات الصرفية.

# Abstract

This study, titled "The Role of Morphology in the Process of Language Acquisition and Learning", is an important topic in linguistics, in order to facilitate the practice of language learning in terms of language levels. In this regard, this research is an attempt to identify the morphological processes of the Kurdish language and to identify linguistic errors in language learning.

In addition to the summary, findings and references, this study consists of three main chapters- :

The first chapter, entitled "Basic Concepts and Theoretical Principles", discusses language levels, morphological concepts and terminology, the importance of morphology in language learning, as well as the human ability to take and learn the first and second languages, as well as the stages of child language development, the stages of second language acquisition and strategies for learning the second language.

The second chapter, entitled Lexicon and Lexical entries in the Kurdish Language, describes the vocabulary, morphological linguistic information in the

lexicon, the methods of spelling words, as well as the obstacles to writing words, and the parts of speech related to restrictions, pointing to the role of morphemes in changing the meaning of words.

The third chapter, entitled "Language Learning and Acquisition between Errors and Correct Forms", discusses errors between language acquisition and learning and error analysis, as well as discussing the causes of errors and که

differences between errors, with the types of development of second language learning, as well as the stages of second language development, as well as simplifying the semantic structure of learning the order and sequence of morphemes.